# شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا

نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا

## نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم

**ئەحمەد قەرەنی**



ناوی کتێب: شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا – نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم
نووسینی: ئەحمەد قەرەنی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٧٥٣
هەڵەگری: فەرهاد ئەکبەری + تریسکە ئەحمەد
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٧
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٥٨١ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

## پێشەکی

شیعری فێرکردن وەک جۆرێکی سەرەکیی شیعر، لە سەدەی (٨ پ . ز) لە ئەدەبی یۆنانیدا سەری هەڵداوە و، لە ڕێگەی شاکارەکانی (هیزیۆد)ەوە ڕێچکەیەکی شیعری تایبەت بەفێرکردن دامەزرا و، بنەماکانیشی بوونەتە سەرمەشق و ڕێپێشاندەری ئەم هونەرە لە ئەدەبی زۆربەی گەلانی تردا، بەڵام لە ئەدەبی کوردیدا تاکو ئێستا بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدراوە و، لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆی لەسەر نەکراوە و، ئەو دەقە شیعرییانەی دەکەونە نێو بازنەی ئەم هونەرەوە وەکو چەمکێکی لێڵ لە نێوان نەزم و شیعردا پێناسە دەکرێن. لە ئەدەبی نەتەوەکانی موسڵماندا ئەوەی شیعر لە نەزم جودا دەکاتەوە ناوەرۆک و شێوازن و، تەنیا لە کێش و سەروادا یەکدی دەگرنەوە. بەڵام لە توێژینەوە ئەدەبییە کوردییەکاندا شیعری فێرکردن هەندێک جار وەکو شیعر و هەندێک جار وەکو نەزم و هەندێک جاریش وەکو تێکەڵاوییەکی ئاوێتەیی دادەنرێت کە ژانرێکە لە هەردووکیان پێک دێت. ئەمەش خۆی لە خۆیدا کێشەیەکە و پێویستە یەکلا بکرێتەوە، بۆیە لەم کتێبەدا هەوڵ دراوە هۆیەکانی ئەم تەم و مژاوییە بخرێنە ڕوو.

لە مێژووی ئەدەبی هەموو میللەتاندا، قۆناغێکی زێرین هەبووە کە شیعری فێرکردنی تێدا گەشەی کردووە و، لە پێشەوەی هەموو چالاکییە هزری و ئەفراندنە ستاتیکییەکانی بووە. لەبەر گرنگی ئەم لایەنە ناسکە و لە پێناو سەلماندنی بۆچوونەکەمان، ئەزموونی چەندین میللەتی دوور و نزیک لەم بارەوە دەستنیشان کراون، کە هەر یەکێکیان لەگەڵ قۆناغی ڕێنیسانسییان هاوتەریب بووە. مەبەستی سەرەکیش لە هێنانەوەی نموونە زیندووەکان و ئەزموونە دەوڵەمەندەکانیان ئەوەیە کە گرنگی شیعری فێرکردن ڕوون بکرێتەوە و، جێگەی لە نێو جۆرە شیعرییەکانی دیکەدا شرۆڤە بکرێت و، دواتر لە نێو ئەو هەموو ئەزموونە شیعرییانەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا جەخت لەسەر ئەزموونی میللەتی کورد بکرێت کە نیوەی یەکەمی سەدەی



بیستەم بەسەردەمی گەشەکردنی شیعری فێرکردن لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا دادەنرێت.

بۆ سەلماندنی پێگە و تایبەتمەندییە هونەرییەکانی ئەم جۆرە شیعرە، کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەزانستەوە هەیە پشت بەدوو میتۆدی کارکردن بەستراوە:

– یەکەمیان، میتۆدی مێژووییە کە لەبەر ڕۆشنایی ڕێبازە ئەدەبییەکانەوە وەکو کلاسیزم، ڕۆمانسیزم، ڕیالیزم، فۆرمالیستەکان... لە شیعری فێرکردن دەکۆڵێتەوە.

– دووەمیان، میتۆدی شیکارییە کە بەپێی تیۆرییە ئەدەبییەکان (تیۆری لاساییکردنەوە، تیۆری دەربڕین، تیۆری ئەفراندن، تیۆری ڕەنگدانەوە، تیۆری جۆرەکانی ئەدەبی) شیعری فێرکردن هەڵدەسەنگێنرێت و هەوڵ دەدات لایەنە تەم و مژاوییەکانی ڕوون بکاتەوە.

ناوەڕۆکی ئەم کتێبە لە پێشەکی و دەروازە و سێ بەش و ئەنجامی لێکۆڵینەوە و پێشنیازێک پێک هاتووە:

لە دەروازەدا باس لە لێڵی زاراوە و چەمکی شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا کراوە و وەک سەرەتایەکە بۆ چوونە ناو باسەکە.

لە بەشی یەکەمدا باسی چەمک و سەرەتا و تایبەتمەندییەکانی شیعری فێرکردن کراوە و، ئەم بەشە لە سێ باس پێک هاتووە:

باسی یەکەم: لە چەمک و تایبەتمەندییەکانی شیعری فێرکردن دەکۆڵێتەوە و، جیاوازییەکانی نێوان شیعری فێرکردن و مەنزوومە ڕوون دەکاتەوە.

لە باسی دووەمدا سەرەتای مێژووی شیعری فێرکردن و پێگەی لە ئەدەبی گەلاندا خراوەتە ڕوو.

لە باسی سێیەمیشدا باسی شیعری فێرکردن لە نێوان ئەدەب و زانستدا دەکات.

لە بەشی دووەمدا باسی گەشەکردنی شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا دەکات و، ئەم بەشە لە سێ باس پێک هاتووە:

باسی یەکەم، بارودۆخی کوردستان لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و

ڕۆشنبیری شی دەکاتەوە و باس لە گرنگیی کەڵەکەبوونی دەقەکانی شیعری فێرکردن لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا دەکات.

باسی دووەمیش تایبەتە بەهۆکارەکانی گەشەکردنی شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا (١٨٩٨–١٩٥٠).

باسی سێیەم – تایبەتە بەدیاردەی پەیدابوونی شاعیرە فێرکارەکان لە ئەدەبی کوردیدا.

بەشی سێیەم – تایبەتە بەلایەنەکانی شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا، ئەویش چوار لایەن دەگرێتەوە (ڕەوشتی، مێژوویی، زانستی و خستنە ڕووی زانیارییەکان، پەروەردەی منداڵ).

ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەش بەچەند خاڵێک باس کراوە و لە کۆتاییدا پێشنیازێک خراوەتە ڕوو.

## دەروازە

هەموو پێکهاتەکانی گەردوون لە ژێرەوە پەیوەندییان پێکەوە هەیە و بەرێکوپێکی گونجاون، بەڵام لە سەرەوە هەندێک جار ئینسان بەدەستی ئەنقەست تێکیان دەدات و سیماکانیشیان دەشێوێنێت، لەم بارەوە شارل بۆدلێر دەڵێت: "ئەندێشەی شاعیران گەورەترین و زانستیترین بەهرەیە کە لەم گونجانە گەردوونییە تێ دەگات"[١] بۆیە هەمیشە هەوڵ دەدەن کە ئەو هاوسەنگی و ڕێکخستنەی لە ژێرەوەدا هەیە لە جیهانی سەرەوەشدا ڕەنگ بداتەوە و بەئەندێشەیەکی گەییو و فراوانەوە ئەو حاڵەتانەی کە دەبووایە هەبن لە نێو بەرهەمەکانیاندا دروست بکەنەوە. لێرەدا ئاستی شاعیر و ئەرکی شیعر دەردەکەوێت. ئەگەر جیهانە هونەرییە دروستکراوەکەی شاعیر لە ناخییەوە هەڵقووڵا بێت و تەنیا لە نێو سۆز و هەستەکانیدا ڕەنگ بداتەوە، ئەوە لە ڕووی هونەری شیعرەوە (لیریکی)یە، بەڵام ئەگەر هەڵقووڵانی ناخی چەند کەسایەتییەک بێت کە شاعیر دروستیان دەکات، ئەوە شیعری (درامی)یە و[٢]، ئەگەر هەڵقووڵانی ناخی میللەتێک بێت کە شاعیر ڕێکی دەخات ئەوە شیعری (داستانی)یە، بەڵام ئەگەر شیعر لە بنەڕەتدا لە ناخی شاعیرەوە هەڵنەقووڵا بێت بەڵکو هزرێک بێت یان پلانێک بێت کە شاعیر لە ڕێگەی شیعرەوە دەیەوێت بگەیەنێتە بەرانبەر چ بۆ ڕێنمایی و ئامۆژگاریکردن و چ لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیرییەکەی بێت، ئەوە دەبێتە شیعری فێرکردن، ئەم پۆلێنکردنەش لە کۆنەوە لە لایەن یۆنانییەکانەوە دەستنیشان کراوە و[٣]، دواتر لە نێو تیۆری جۆرەکانی ئەدەبدا جێگیر بوو[٤] و

١- بڕوانە: الشعر والتجربة، ارشيبال مكلش، ت: سلمى الخضراء الجيوسي، منشورات دار اليقظة العربية، بيروت ١٩٦٣،ص٨١ .

٢- الادب وفنونه، د. عزالدين اسماعيل، ط٦، مطبعة السعادة، القاهرة ١٩٧٦، ص١٤٨- ١٤٩ .

٣- الادب وفنونه، د. محمد مندور، ط٤، مطابع المنطقة الصناعية الرابعة، القاهرة ٢٠٠٦، ص٢٧.

٤- في نظرية الادب، د. شكري عزيز ماضي، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت٢٠٠٥، ص٨٦



زاراوە پێوانەییەکانیان پێناسە کراون و چەمک و ئەرکەکانی هەر یەکێکیان شی کراونەتەوە[٥]. هەرچەندە جۆرەکانی شیعر لە ئەدەبی میللەتێکەوە بۆ میللەتێکی تر جیاوازییان هەیە و، تەنانەت لە خودی ئەدەبی هەر میللەتێکیشدا لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر کەم و زیادی تێ دەکەوێت، بەڵام شیعری فێرکردن خاڵێکی هاوبەشە لە نێوان هەموو میللەتان و لە مێژووی ئەدەبی هەر یەکێکیاندا قۆناغێکی زێڕینی ئەم ژانرە بەدی دەکرێت کە وەکو هۆکارێکی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و ڕابەرێکی ڕێنماییکردنی ڕەوشتی لە نێو خەڵکدا بەکار هاتووە.

لە ئەدەبی کوردیشدا چەمکی شیعری فێرکردن زۆر درەنگ پێناسە کراوە و وەکو زاراوەش هێشتا جێگیر نەبووە هەرچەندە پێشتر چەندین دەقی شیعری هەبوونە کە خەسڵەت و سیماکانی شیعری فێرکردنیان پێوە دیاربووە[٦]، بەڵام ناولێنان و شیکردنەوەیان بەم شێوەیەی ئێستا نەبووە. کوردیش وەکو نەتەوە ئیسلامییەکانی تر شیعرە فێرکارییەکانی بەنەزم ناوزەد کردووە. نەزمیش بەمانای کرداری هۆنینەوەی شیعر دێت و هەڵبەتە کردار و بەرهەمی کار دوو شتی جودان، مەلای جزیری (١٥٦٧-١٦٤٠) یەکەم شاعیری کورد بووە کە ئەم جیاوازییەی دەستنیشان کردووە:

گەر لۆلۆئی مەنثور ژ نەزمێ تو دخوازی
وەر شیعرێ مەلێ بین تە ب شیرازی چ حاجەت[٧]

لێرەدا نەزم کرداری هۆنینەوەیە کە دەرەنجامەکەی شیعرە، دواتر ئەحمەدی خانی (١٦٥٠-١٧٠٧) وشەی (ڤێک ئێخستن) بۆ کردارەکەی (نەزم) بەکار هێناوە :

ژ پاش حەمد و صەلەواتان
ئەڤ چەند کەلیمە ژ لوغاتان

٥- المعجم الادبي، جبور عبدالنور، دار العلم للملايين، بيروت ١٩٧٩، ص١٤٨- ١٤٩.

٦- بڕوانە: نووبهارا سەیدایێ مەزن ئەحمەدی خانی خڕڤەکرن و لدۆرچۆن و تویژاندنا صادق بەهائەدین ئامێدی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٩، ل١٩.

٧- دیوانا مەلایی جزیری، بەرهەڤکرنا تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ، هەولێر ٢٠٠٥، ص٩٤.

ڤێک ئێخستن ئەحمەدی خانی
ناڤێ نووبهارا بچووکان لێ دانی[٨]

وشەی شیعریش لە لای خانی هەمان ڕامان و دەرئەنجامی (ڤێک ئێخستن – نەزم) دەدات:

علم و هونەر و کەمال و ئیزعان
شعر و غەزەل و کتاب و دیوان[٩]

یان:

ئاڤا ڕوویێ شاعری نەڕێژن
گەر مومکنە ئێکە قەنج ببێژن[١٠]

بەڵام ئەوەی پتر لە لێکۆڵینەوەکەمانەوە نزیکە ئەم دێرە شیعرەی (خانی)یە:

ئەڤ قەول هەمی دکرنە ئەشعار
ئەڤ پوول هەمی دبوونە دینار[١١]

لێرەدا داهێنەرێک بتوانێت بیر و بۆچوونە ئاساییەکانی خەڵک بەشیعر دابڕێژێتەوە ئەوە زۆر لە هونەری شیعری فێرکردن نزیک دەبێتەوە و خانی ئەنجامی داوە و، لە نێو بەرهەمەکانیدا سەلماندوویەتی کە شاعیرێکی فێرکار و دەرسدارێکی میللییە و توانیویەتی قەناعەت بەخوێنەرانی بێنێت – لەو سەردەمەوە و تاکو ئێستاش – کە کێشەی گەلەکەیان کێشەیەکی ڕەوایە و ئەرکی سەرشانیان پاراستنی یەکێتیی نەتەوەیی و دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە.

دواتریش زاراوەکانی (نظم، ناظم، مەنظومە) بەڕوونی لە نێو ئەدەبی کوردیدا بەکار هاتوون، حاجی قادری کۆیی (١٨١٦–١٨٩٧) دەڵێت:

---

٨– نووبهارا سەیدایێ مەزن ئەحمەدی خانی، ل٢٨– ٢٩.

٩– مەم و زین، ئەحمەدی خانی، بەرهەڤکرنا تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ، هەولێر ٢٠٠٥، ل٩٤.

١٠– سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢.

١١– مەم و زین، ئەحمەدی خانی، ل٧٠.



لە کوردان غەیری حاجی و شێخی خانی
ئەساسی نەظمی کوردی دانەناوە[١٢]

لە ڕۆژنامەی کوردستان لاپەڕە (٤)ی ژمارە ٣ی ساڵی (١٨٩٨)دا لە بارەی ئەحمەدی خانی نووسیوە:

"ساڵا هەزار و صەد و پنجیدە جزیری ئەحمەدی خانی کتێبەک منظوم نڤیسییە ناڤی ڤێ کتێبی کریە مەم و زین... "[١٣]

لە ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی)دا گۆشەیەکی ئەدەبی هەبووە کە شوکریلفەزلی سەرپەرشتیی دەکرد[١٤]، چەند جارێک شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی بڵاو کردووەتەوە و وەکو مەنزوومە مامەڵەی لەگەڵ کردوون، بۆ نموونە لە ژمارە (٢٤)یدا دەڵێت: تەماشای ئەم مەنزوومەیە بکەن چەند تەنقیدکارانە و ئیجتیماعیانەیە:

تا یەک نەکەون قەبیلی ئەکراد
هەروا دەبنە خەرابە ئاباد[١٥]

هەر لە هەمان ژمارەدا پارچە شیعرێکی تری حاجی قادری بڵاو کردووەتەوە و بەم شێوەیە مەبەستەکانی ڕوون دەکاتەوە: "ئەگەر کوردێکی عاقڵ بەدیقەت تەماشای ئەم دوو مەنزوومەی حاجی قادر بکا هیچ وەختێک لە... "[١٦]

ئەمەی سەرەوە باسی شیعری حاجی قادر بوو کە هەمیشە بە (نظم) لە قەڵەم دراوە، بەڵام کاتێک نووسەری ئامادەکاری ئەم گۆشەیە دێتە سەر شاعیرانی تری

---

١٢– دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، چاپکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان ١٩٨٦، ل١٠٧.

١٣– ( کوردستان)ی دایک، ئامادەکردن و پێشەکی مەحموود زامدار، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ١٩٩٨، ل٢٣.

١٤– مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، د. مارف خەزنەدار، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٥، ل٤٠٠.

١٥– تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٨، ل١٨٨.

١٦– تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، ل ١٩٠.

کورد، کاری داهێنانیان بە (نظم) وەسف ناکات. بۆ نموونە لە ژمارە (٢١)دا لە بارەی مستەفا بەگی ساحێبقران (کوردی ١٨١٢-١٨٥٠) دەڵێت: "ئەم شاعیرە لە هەموویان زیاتر کوردانە و مەحزوونانە شیعر ئەڵێ..." [١٧] لە ژمارە (٢٠)یشدا کە باسی شاعیرانی کورد دەکات: "... لە هەموو شێوەکاندا شیعری تەڕ و خۆش بێژراوە..."[١٨].

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە لە ڕۆژنامەی "تێگەیشتنی ڕاستی"دا جیاوازی لە نێوان شیعر و نظم کراوە و، ئەگەر وردتر سەیر بکەین، ئەوە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە زاراوەی " شیعر " تەنیا شیعری لیریکی دەگرێتەوە و زاراوەی نظم بۆ شیعری داستانی و شیعری فێرکردن دانراوە. گرنگیی ئەم جیاوازییەش لەوەدا دەردەکەوێت کە سەرەتایەکە بۆ پەیدابوونی بیروڕا لە بارەی شیعری فێرکردنەوە لە ئەدەبی کوردیدا، بەڵام ئەم بۆچوونە پەرەی نەسەند و تا وەختێکی درەنگتریش هەر لە هەمان چوارچێوەی بیرکردنەوەدا مایەوە. حوسێن حوزنی کاتێک باسی عەبدوڵڵا بەگی میسباح دیوان (ئەدەب) دەکات بەم شێوەیە زاراوەکانی شیعر و نظم بەکار دێنێت:"... ئەدەب لە شیعر و نەظمدا..."[١٩] لە ژمارەکانی ٢، ٣، ٤، ٥، ٦ گۆڤاری کوردستان ١٩١٩-١٩٢٠، داخۆیانییەک بۆ دەرچوونی چوار کتێب بڵاو دەکاتەوە کە سێیان بە(منظومە) دادەنێت، چونکە لە بارەی زانیاریی ئاینی و زانستی و ڕەوشتییەوە هۆنراونەتەوە:

| | |
|---|---|
| عەقیدا مەلا خەلیلی سعێرتی | منظوم علم حال و علم أخلاق |
| عەقیدا مەلا احمد خانی | منظوم علم حال و علم أخلاق |
| عەقیدا کوردان، عبدالرحیم افندی | منظوم علم حال و علم أخلاق[٢٠] |

١٧- سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٤.

١٨- سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٩.

١٩- ئەدەبیات و ئاساری ئودەبای کورد، ح.ح، گ ڕووناکی، ژ٦، هەولێر ١٢ شوبات ١٩٣٦، ل٣.

٢٠- گۆڤاری " کوردستان"، ئەستەمبوڵ ١٩١٩- ١٩٢٠، د. فەرهاد پیرباڵ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر ١٩٩٨، ل (٤٢، ٥٢، ٦٦، ٨٠، ٩٨) (ناوی کتێبەکان بەڕێنووسی گۆڤارەکە نووسراونەتەوە).



شێخ نووری شێخ ساڵح، پێگەی نەزم لە نێو ئەدەبدا بەگشتی دەستنیشان دەکات: "ئاساری ئەدەبییە بەئیعتیباری شەکل دوو قیسم جیا ئەکرێتەوە: ١- نەزم . ٢- نەسر . نەزم بەئەو تەرزی بەیانە ئەڵێن کە مەوزەیەن بێ بەوەزن و قافیە.."[٢١] لەو ماوەیەدا جیاوازی لە نێوان نەزم و شیعر نەدەکرا و وەکو دوو زاراوەی تەواوکەری یەکدی بەکار دەهاتن و ئەو وتارانەی لە بارەی هونەری شیعرەوە بڵاو دەکرانەوە، جەختیان لەسەر جۆرەکانی شیعر نەدەکرد و زیاتر لە ڕووی فۆرمەوە پۆلێن دەکران و بەپێی مەبەستەوە هەڵدەسەنگێنران.

سیاپۆش کە نازناوی ئیبراهیم ئەحمەدە[٢٢] لە ڕۆژنامەی (ژیان)دا ژمارە ٣٣٥ - ٢٥ ئۆغستۆس ١٩٣٢ بەم شێوەیە شیعر پێناسە دەکات: "شیعر: وێنەیێکی ژیانە... مەنزوومەیەکی درێژە سەرچاوەیێکە تا ئەبەد جوانی و حیکمەتی لێ هەڵئەقوڵێ...."[٢٣]

ڕەفیق حیلمی لە بارەی دڵدار (١٩١٨- ١٩٤٨) دەڵێت: "لە لایەن بیری قووڵ و خەیاڵی وردەوە ئێستەیش دڵدار گەلێ لە ژوور ئەو شاعیرانەوەیە کە هەندێ وشەی ڕەق و تەعبیری ساردی وا ئەهۆننەوە و ئەیکەن بە(نظم) کە بەدیمەن و بیستن، شیرین و ڕەنگین، بەڵام لە مانا و حەقیقەتا پووچ و بێ کەڵکن"[٢٤].

عەلائەدین سەجادی هەوڵی یەکلاییکردنەوەی ئەو جیاوازییەی داوە کە لە نێوان شیعر و نەزمدا هەیە و، بۆ هەر یەکێکیان زاراوەیەکی کوردی دادەنێت و بەم شێوەیە شیی دەکاتەوە: "لە زمانی کوردیدا ئەو شتەی لە زمانی عەرەبیدا پێی ئەڵێن "شیعر" من لام وایە لە کوردیدا " هۆنراو " ە ئەوەش کە پێی ئەڵێن " نظم " "هەڵبەستە"[٢٥].

٢١- ئەدەبیاتی کوردی، نووری، ڕۆژنامەی ژیان، سلێمانی، ژمارە (٢٧) لە ٥ - ٨- ١٩٢٦.

٢٢- ڕۆژنامەی ژیان، چوارەم بەرگ بەشی یەکەم، ئامادەکردنی ڕەفیق ساڵح، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٥، ل٢٣.

٢٣- شاعیرەکانمان، سیاپۆش، ڕۆژنامەی ژیان، ژ ٣٣٥ (سلێمانی) ٢٥ ئۆغستۆس ١٩٣٢، ل٢.

٢٤- شعر و ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی دووەم، ڕەفیق حلمی، چاپخانەی فێرکردنی باڵا، هەولێر ١٩٨٨، ل١١.

٢٥- هۆنراوە و پەخشان، عەلائەدین سەجادی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم - بەشی یەکەم، بەغدا ١٩٧٣، ل٢١٣

لەوانەیە مەبەستی نووسەر خۆ ڕزگارکردن بێت لە بەکارهێنانی وشە عەرەبییەکان کە وەکو زاراوەیەکی ئەدەبی هاتوونەتە نێو زمانی کوردییەوە، وەستایانە لە بنەتاری زاراوە شوێنگرەکانی کۆڵیوەتەوە، چونکە " هۆنراو " و " هەڵبەست " گوزارشت لە دوو کرداری هونەری دەکەن و هونەرەکانیان وەکو چالاکییەکی ژیری دادەنێت و، بەپێی کاریگەری و بەستنەوەیان بە دەوروبەرەوە دوو زاراوەی پێوانەییی بۆ دوو چەمکی هەرە گرنگی ئەدەبی کوردی دارشتووە. بەڵام لابردنی زاراوە پەسەندکراوەکان کارێکی ئاسان نییە، هەرچەندە پاساوەکەی ئەوە بووە " جا کە هۆنراو دانا بۆ شیعر ئەبێ ئەو هۆنراوە هونەرێکی تێدا هەبێت، هونەرەکەش بریتییە لەو هەست و هەژانەی کە تێیدایە، ئەگەر هەست و هەژانەکە نەبوو با لە ڕواڵەتیشا ڕێکوپێک بێ بەڵام لە ڕاستیدا ئەو هۆنراوە نییە کە مەبەستە، کە ئەمە نەبوو ئەبێ بەهەڵبەست"[٢٦]. ئەمە یەکێک لە فراوانترین و قووڵترین بۆچوونەکانە کە تا ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی بیستەم نووسرابێت، هەرچەندە بیروڕای تریش هەبوونە کە ئەم بۆچوونەیان پێ پەسەند نەبووە، بۆ نموونە د. کامل حەسەن بەسیر دەڵێت: "دەبێ بەهۆی ڕێبازی وەرگرتنەوە زاراوەی (شاعیر)ی عەرەبی وەربگرین و هەوڵی دۆزینەوەی بەرامبەرەکەی بەکوردییەکی پەتی ئەدەین و بەرامبەر زاراوەی (النظم)ی عەرەبی زاراوەی هۆنراو بەکار بهێنین. لەجیاتی زاراوەی (الشعر)ی عەرەبی وشەی هەڵبەست ساز بکەین"[٢٧].

ئەم بۆچوونە دەقاودەق پێچەوانەی بۆچوونی عەلائەدین سەجادییە کە هەردووکیان لە ڕووی پراکتیکەوە سەر ناگرن و کێشەی زاراوەی " شیعر " و " نەزم " پتر ئاڵۆز دەبێت کاتێ هەندێک نووسەر زاراوەی (هۆنراو) بۆ نەزم پەسەند دەکەن و زاراوەی "شیعر" وەکو خۆی دەهێڵنەوە و بەپێویست نازانن زاراوەیەکی کوردی بۆ بدۆزرێتەوە و پاساوەکەشیان ئەوەیە کە " لە ئەدەب و وێژەی نەتەوەکانی ئیسلامدا، ئەوەی (شیعر) لە (نەظم) جودا دەکاتەوە ناوەرۆک و شێوازن، ئەگینا هەردوو بابەتەکانیان

٢٦- هۆنراوە و پەخشان، عەلائەدین سەجادی، ل٢١٤.

٢٧- زاراوەی کوردی – لێکۆڵینەوە هەڵسەنگاندن، د. کامل حەسەن بەسیر، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی ١٩٧٩، ل١٤٠.



کێش و قافیەیان هەیە... کەواتە هەموو شیعرێک هۆنراوە، بەڵام هەموو هۆنراوێک شیعر نییە.."[٢٨] بەپێی بۆچوونەکانی سەرەوە جیاوازی لە نێوان شیعر و نەزمدا هەیە و، ئەو جیاوازییەش ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بەشیعری فێرکردنەوە هەیە کە ئەویش تا ئێستا وەکو چەمکێکی ئەدەبی بەتەواوەتی ڕوون نەکراوەتەوە و چەندین بیروڕای جودا لە بارەی پێکهاتە و ئەرک و تایبەتمەندییە هونەرییەکانی خراونەتە ڕوو، لە ساڵی (١٩٧٣)دا د. کامل حەسەن بەسیر گوتارێکی بەناوونیشانی (هەڵبەستی زانیاری لە هۆنراوەی کوردیدا لە کوێوە بۆ کوێ) بڵاو کردووەتەوە و، لە ناوەڕۆکەکەیدا دیارە، کە مەبەستی نووسەر شیعری فێرکردن بووە و لە بارەی شوێن و پێگەی لە ئەدەبدا، دەڵێت: "هۆنراوەی زانیاری لە سەرنجی زانستی ڕەخنەوە، هەمیشە بەهەڵقووڵاوی جیهانی هونەر تەماشا ناکرێ"[٢٩]، دواتر لە بارەی هۆنراوەی زانیاری لە ئەدەبی کوردیدا دەڵێت: "هۆنراوەی زانیاری لە بەهەشتی وێژەی کوردیدا درەختێکی سەوز و ڕاستەقینەیە چونکە لەمێژەوە لە ژیانی نەتەوەییی کورددا ڕەگی داکوتاوە"[٣٠].

د. شوکریە ڕەسووڵ ئەم بۆچوونە ڕاست دەکاتەوە و هەر بەناوی شیعری فێرکردنەوە بابەتێک تەرخان دەکات و بەپێی بۆچوونە جیهانییەکان مێژووی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی شیعری فێرکردن شی دەکاتەوە و دواتر بەئەدەبی منداڵانەوەی دەبەستێتەوە و قۆناغەکانیشی پۆلێن دەکات[٣١]. نووسەرە کوردەکانی دوای ئەویش هەمان ڕێچکە دەگرنە بەر و لە نێو ئەدەبی منداڵاندا باس لە شیعری فێرکردن دەکەن و بابەتەکە پتر جێگیر دەکەن و نموونەی زۆرتریش دەستنیشان دەکەن لەوانە د. فازیل مەجید مەحموود لایەنی پەروەردەیی لە شیعری فێرکردندا

٢٨- نەوبەهاری خانی و (ئەحمەدی) شێخ مارفی نۆدێ، عەلی فەتاح دزەیی، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر ١٩٨٥، ل٦.

٢٩- وێژەی کوردی و ڕەخنەسازی، پرۆفیسور کامل حەسەن بەسیر، چاپخانەی ( دار الجاحظ)، بەغدا ١٩٩٠ ل٢٤.

٣٠- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦.

٣١- ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، د، شوکریە ڕەسووڵ، چاپخانەی فێرکردنی باڵا، هەولێر ١٩٨٩، ل١٠٦- ١١٩.

شی دەکاتەوە و لە پەڕاوێزێکیشدا ئاماژە بەوە دەکات کە " شیعری فێرکرن مەرج نییە تەنیا بۆ منداڵ بێت هەندێ جار بۆ گەورەش دەنووسرێت وەک «ألفیە بن مالک»"[٣٢].

(حەمەکەریم هەورامی)یش زاراوەی شیعری فێرکردن بەکار دێنێت و، وەکو هونەرێکی شیعری پێناسەی دەکات کە " بۆ فێرکردنی شتێ بەکار هاتووە نەک بۆ هەست و سۆز بزواندن و تاودانی ویژدان"[٣٣]، دواتر پێشنیاز دەکات کە بەهۆنراوەی فێرکردن ناوزەد بکرێت نەک شیعری فێرکردن. دیارە ئەویش لەو باوەڕەدایە کە هۆنراو بۆ نەزم بەکار دێت و ئەم جۆرە دەقانە نەزمن نەک شیعر.

زۆربەی ئەو نووسینانەی کە لە دوای هەشتاکان لە بارەی شیعری فێرکردنەوە بڵاو کراونەتەوە ئاسۆیەکی فراوانتریان هەیە جگە لە دوو لایەنی گرنگ:

١- شیعری فێرکردن بەئەدەبی منداڵان بەستراوەتەوە، هەرچەندە بەپێی بارودۆخی پاشکەوتوویی کوردستان و ڕێژەی زۆری نەخوێندەواری، هێشتا بوارێکی فراوانی بۆ بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی شیعری فێرکردن ماوەتەوە.

٢- مەرج نییە هەر شیعرێک بۆ منداڵان بنووسرێت شیعری فێرکردن بێت، چونکە لە ئەدەبی منداڵاندا هەموو جۆرەکانی شیعر هەیە (شیعری چیرۆکی، شیعری نواندن، شیعری لیریکی، شیعری فێرکردن) ، بەڵام ئەوەی پتر باوە شیعری لیریکییە کە پێی دەڵێن گۆرانی منداڵان و شیعری فێرکردنە، ئەمانەش دوو هونەری شیعریی جیاوازن.

ئەمە و جگە لە بۆچوونە هونەرییەکانی سەرەوە، کێشەی زاراوەسازی کە لە شیعری کوردیدا تەشەنەی کردووە شیعری فێرکردنیشی گرتووەتەوە و، تا ئێستاش ڕێککەوتنێک لەسەر زاراوەیەکی یەکگرتوو بۆ ئەم ژانرە نەکراوە کە لە ئەدەبی کوردیدا جێگیر ببێت، ئەمەش کێشەیەکی گەورەیە لە سەرجەم لایەنەکانی ئەدەبی

٣٢- شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا، د. فازل مەجید مەحموود، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٤، ل٩٢.

٣٣- ئەدەبی منداڵانی کورد - لێکۆڵینەوە.. مێژووی سەرهەڵدان، بەرگی یەکەم، حەمە کەریم هەورامی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەلێر ٢٠٠٥، ل ١٥٨.





کوردیدا، بۆ نموونە ئەم پەیڤانە بەکار دێن (شیعری فێرکردن، هۆنراوەی فێرکردن، شیعری دیداکتیک، شیعری زانیاری، شیعری پەروەردەیی، شیعری فێرکاری، نەزم....) هەرچەندە دیداکتیک زاراوەیەکی جیهانییە و لە فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەبیی زۆربەی میللەتاندا بەکار دێت، بەڵام لە ئەدەبی کوردیدا وەکو پەیڤەکی فەرهەنگی و لە سنوورێکی تەسکدا بەکار دێت، تەنانەت لەم دواییەدا کۆڕی زانیاریی کوردستان کتێبێکی دەرکردووە و لەم کتێبەدا سێ فەرهەنگ کۆ کراوەتەوە بۆ زاراوەی ئەدەبی (کوردی - عەرەبی - ئینگلیزی). ئەوەی ڕاستی بێت بۆ (عەرەبی، ئینگلیزی) فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبییە بەڵام بۆ کوردی فەرهەنگی وشەی ئەدەبییە و بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەی سەرەوەش ئەم نموونەی خوارەوە دێنینەوە، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بەلێکۆڵینەوەکەمانەوە هەیە:

بۆ ئینگلیزی: Didactic poetry

بۆ عەرەبی: الشعر التعليمي

بۆ کوردی: شیعری فێرکردن، پەروەردەیی، شیعری فێرکاری، شیعری فێربوون، هۆزانا فێرکرنێ[٣٤].

بەپێی زانستی زاراوەسازی کە پەیوەندیی بەچەند زانستێکی تری زمانەوە هەیە وەکو (سیمانتیک، مۆرفۆلۆژی، لێکسیکۆلۆژی) و سوود لە یەکتر وەردەگرن، تەنیا یەک وشە لە ڕووی مانا و فۆرمەوە لە بواری ئەو زانستەدا بۆ هەر چەمکێک دەستنیشان دەکرێت و دەبێتە زاراوەیەکی پەسەندکراو و لە لایەن پسپۆڕ و ناپسپۆڕانی ئەو بوارە پەیڕەو دەکرێت و ئیدی گریمانەی هەڵبژاردنی وشە فەرهەنگییەکان قەبووڵ ناکات.

لێرەوە لە دەروازەی نەچەسپاندنی زاراوەیەکی یەکگرتوو و، لێڵی چەمکەکەیەوە دەرگەیەکی زانستی - هونەری بۆ شیعری فێرکردن دەخەینە سەرپشت.

٣٤- زاراوەی ئەدەبی - کوردی - عەرەبی - ئینگلیزی، ئامادەکردنی لیژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاری کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٦ ل، ٦٩.

# بەشی یەکەم

## چەمک و سەرەتا و تایبەتمەندییەکانی
## شیعری فێرکردن

## باسی یەکەم

### چەمک و تایبەتمەندییەکانی شیعری فێرکردن

شیعری فێرکردن وەکو زاراوە لە دوو وشە پێک هاتووە، کە ڕاستەوخۆ پاچڤەکردنی زاراوەی ئینگلیزی (Didactic Poetry)[1] یان زاراوە فەرەنسییەکەی (Poesie di-dactique)[2]یە. ئەوانیش وەکو گەلێک ئەدەبی دیکە، لە بنەڕەتدا، لە وشەی گریکی (Didaktiko's) یان وەرگرتووە کە بەمانای فێرکردن یانیش گواستنەوەی زانیارییەکان دێت.[3]

بەڵام لە ڕووی فەرهەنگی زمانییەوە: وشەی شیعر – Poetry (ناو)ە، هەر لە کۆنەوە وەکو هۆکارێکی فێرکردن بەکار هاتووە، کە زانیاری لە بارەی ڕەوشت و ئاین و کشتوکاڵ و مێژوو... هتد. تێدا بەرجەستە دەبێت، چونکە هەموو ئەو لایانانەی، کە دەبووایە فێر بکرێن یانیش پێویست بوون بۆ فێربوون لە پرسیارکردن و، داواکردن و، ئامۆژگاریکردن یان خەباتکردن.... گشتیان لە ڕێگەی ڕیتم و یەکێتیی سەروای شیعری فێرکردنەوە ڕێک دەخران، ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی بەهۆی شیعرەوە نەبووبێت.[4] وشەی (فێرکردن – Didactic)یش ئاوەڵناوە بەو مانایە دێت کە (پلاندانانێکە بۆ ئەوەی خەڵک فێری شتێک بکات، بۆ نموونە وانەیەکی ڕەوشتی)[5].

١- المصطلح في الادب الغربي، د. ناصر الحاني، منشورات دار المكتبة العصرية، بيروت ١٩٦٨، ص٢٩.

٢- المعجم الادبي، جبور عبدالنور، ص١٥٠.

٣- معجم المصطلحات الادب، إنكليزي – فرنسي – عربي، مجدي وهبة، منشورات مكتبة لبنان، بيروت ١٩٧٤، ص١١٢. هەروەها بڕوانە: مقدمة في النقد الادبي، د. علي جواد الطاهر، ط٢، مطبعة سلمى الفنية، بغداد ١٩٨٣، ص١٠٧.

4- Cassel's Encyclopdia of literature, S.H.Steinberg Cassell, London 1953, P. 152.

5- Oxford Advanced Learer's Dictionary of Current English, A.S.Hornby, 2003, P.374.



هەروەها بەمانای (ڕێنماییکردن)یش دێت کە ئاماژە بەو کارە ئەدەبییانە دەکات، کە گوزارش لە لقێک یان کۆمەڵە لقێکی مەعریفی دەکەن، بۆ ئەوەی بنەما ڕەوشت و، ئاینی و، ڕێچکە فەلسەفییەکان تێیاندا بەرجەستە بن[6]. بەمانایەکی دیکە دەتوانین بڵێین کە کارە ئەدەبییەکان هۆکارێکی گەیاندن بوونە لە نێوان ئەو لقە مەعریفییانە و خەڵکدا، تەنانەت ئەگەر چەند ئامانجێکی دیکەشیان هەبووبێت، بەڵام (مەبەستی سەرەکی فێرکردنی وانەیەک بووە)[7] چونکە هەر کارێکی ئەدەبی کە فەرمان و داخوازییەک پیشان بدات، دەکرێت بۆ فێرکردن بێت و شیعری فێرکردنیش، هەر لە سەرەتاوە، جۆرێک لەم بابەتە بووە.[8]

بەڵام لە ڕووی زاراوەسازی پێوانەییەوە:

شیعر، زاراوەیەکی ئەدەبییە و گوزارش لە هونەرێک دەکات کە دەربڕینێکی ستاتیکی هەڵچوونەکانی ئینسانە.

فێرکردن، زاراوەیەکی سایکۆلۆژییە و گوزارش لە (ڕەنجکێشانی کەسانێک دەکات کە لە کرداری فێربووندا یارمەتیی کەسانێکی دیکە دەدات).[9] بەم پێیە زاراوەی شیعریی فێرکردن پێکهاتەیەکی ئاوێتەییە لە نێوان ئەدەب و زانستدا و بەیەکێک لە دوا ئەڵقە یەکلاییکردنەوەکانیان دەژمێردرێت کە ڕێگا خۆش دەکات بۆ ئەوەی هەر یەکێکیان چەند لایەنێکی ئەبستۆمۆلۆژی جیا جیا بگرێتەوە و بەپێی پسپۆڕییە تایبەتییەکانیشیان بۆ چەندین ڕشتە و بەشی دیکە پۆلین بکرێنەوە، بۆیە شیعری فێرکردن لە ئەدەبی هەر میللەتێکدا، لەو کاتە گەشە دەکات کە بووژاندنەوەیەکی ڕۆشنبیری – ئەدەبی – زانستی لە ئارادا بێت و، ڕێبەر و داهێنەرەکانیان هەوڵی گۆڕانکاری دەدەن، بۆ ئەوەی لە قۆناغێکی پاشکەوتووی وەهمییەوە بەرەو قۆناغێکی پێشکەوتووی جووڵاو هەنگاو بنێن و لە نێو ئەم ژانەدا دەرباز بن. شیعری فێرکردن هەردوو ئەرکی زانستی و ئەدەبی دەبینێت. هەرچەندە لە نێوان کارە زانستی و کارە

6- A Glossary of Literaey Terms, M.H.Abrams, 1999, P.65.

7- A Handbook to Literature, William Harmon, New Jeresy 2003, P.151.

8- A Dictionary of Literary Terms, J A. Cuddon, Penguin Book, 1997, P.191.

٩- اصول علم النفس، د. عزت احمد راجح، مطبعة اشبيلية، بغداد، ب.ت، ص٢٦١.

ئەدەبییەکاندا جیاوازی هەیە، بەڵام هەردووکیان لە شیعری فێرکردندا یەکدی دەگرنەوە و بۆیە شاعیرانیش هەوڵ دەدەن زانیارییەک بدەن یان چێژ و قەناعەتێک دروست بکەن و، لە کۆتاییدا مەبەستەکەش ڕێنماییکردنە یان چێژ وەرگرتن و قەناعەت پێ کردنە. زانایە ئاینییەکانیش لە نووسینەکانیاندا هەردوو جۆریان بەکار هێناوە.(١٠) لێرەدا هەموو هزرە گەیەنراوە ئەدەبییەکان، یان هەر کارێکی دەستنیشانکراو کە پشت بەبۆچوونەکانی نووسەر نابەستێت و باس لە شتێکی زانراو دەکات کە بەئاسانی خوێنەر و ڕەخنەگر دەتوانن ئەنجامەکانی دەربێنن، ئەوە فێرکردنە. بەگشتی هەر نووسەرێک ویستی ڕێنماییەکان بدات ئەوە بەرهەمەکەی فێرکردنە(١١).

زاراوەی شیعری فێرکردن لە نێو ئەدەبیاتی گەلانی ڕۆژهەڵاتیشدا، ماوەیەکە جێگیر بووە و، وەکو زاراوەیەکی پێوانەیی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بەتایبەتی لەو لێکۆڵینەوە و نووسینانەدا، کە هونەرەکانی شیعر بەپێی ڕێبازە ئەدەبییە ئەوروپییەکان دابەش دەکرێت، بۆ نموونە لە ئەدەبی عەرەبیدا (شعر تعليمي)(١٢) و لە ئەدەبی فارسیشدا هەر بە (شعر تعلیمی)(١٣) و لە کوردیدا بە(شیعری فێرکردن)(١٤) ناو دەبرێت.

هەرچەندە لە ئەدەبی کوردیدا، هێشتا، ئەم زاراوەیە بەتەواوەتی نەچەسپیوە، ئەویش کەوتووەتە نێو کێشەی زاراوە پێوانەییەکانی ئەدەبی کوردیدا (لە دەروازەی ئەم نامەیەدا کێشەکە شی کراوەتەوە). بەگشتی ئەم زاراوەیە لە نێو هەموو زمانەکاندا جێگای خۆی کردووەتەوە و بەپێی شێوازی دارشتنەوەیان فۆرمی خۆی وەرگرتووە، کە هەمان مانا دەدات و گوزارش لە جۆرێکی شیعر دەکات، بۆیە لە ڕووی چەمکەوە هیچ تەم و مژاوێک دروست ناکات، بەڵکو هاوئاهەنگییەکی هاوبەش لە نێوانیاندا

10- Encyclopedia of Arabic literure, Julie Scott Mesami and Paul Struey, Vol.1, London 1999, P.193.

11- NTC's Dictionary of literary terms, Kathleen Morner, Vo.1, New York 1998, P.55.

١٢- المعجم الأدبي، جبور عبدالنور، ص١٥٠.

١٣- رودکی و منوچهری، د. اسماعیل حاکمی، چ١٠، چاپخانه نگارش، قم ١٣٨٣، ص٩.

١٤- ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، د. شوکریە ڕەسووڵ، ل١٠٦.



هەیە و، ئەمەش هەر لە یەکەم هەنگاوەوە - کە لە زاراوەوە دەست پێ دەکات - ڕێگا خۆش دەکات بۆ ڕۆشنبیریی ئەدەبی جیهانی.

## چەمکی شیعری فێرکردن

شیعری فێرکردن، یەکێکە لە چوار هونەرە سەرەکییەکان، کە لەگەڵ (داستانی، لیریکی، درامی)،(١٥) پەیکەربەندی شیعر پێک دێنن. شیعریش (ئاخاوتنێکە یان چەند وشەیەکە، کە لە ڕێگای مێشک و ویژدانەوە پێکهاتەیەکی ڕێتمدار بۆی دروست دەکرێت و لە میکانیزمێکی وشکەوە بەرەو دەلالەتێکی هزری و هەڵچوونی دەبات)(١٦). بەڕەنگێکی گشتی هەر سێ هونەرە شیعرییەکانی دیکە ئەم دوو ئەنجامەی سەرەوە بەدەستەوە دەدەن، بەڵام شیعری فێرکردن تەنیا دەلالەتێکی هزری دەدات و بابەتییانە دەردەبڕدرێت و لایەنی خودی بەتەواوەتی پشتگوێ دەخات و ئەرکی شیعر لە کاردانەوەیەکی هەڵچوونییەوە بەرەو ئاقارێکی پەروەردەیی دەبات کە مەبەستە سەرەکییەکەی فێرکردنە، بۆیە هەرگیز (مەبەست لەم جۆرە شیعرە ئەوە نییە کە چ لە ویژدان و سۆزی شاعیردا دەسووڕێتەوە دەرببڕێت، بەڵکو دەیەوێ خۆی بگەیەنێتە لایەنە ئەبستمۆلۆژی و ڕۆشنبیرییەکان و، هەروەها پرسە زانستییەکانیش لە خۆوە بگرێت، بەڵام لە دوو توێی کتێبێکدا دانەڕێژرێت، بەڵکو لە هەڵبەستێکی درێژدا جێگای بکاتەوە).(١٧)

هۆنینەوەی ئەم هەڵبەستەش مەرجگەلی هونەریی خۆی هەیە کە نابێ لە نێو چەند دێرێکی کێشدار و سەرواداردا تەنیا ڕاستییەکان ڕاپۆرت بکرێن، بەڵکو وێنەی ڕاستییەکان بگیرێت و، لە چەند تابلۆیەکی ژیانبەخشدا بڕازێنەوە، بۆ ئەوەی وەرگر هەست بەجوانکارییەک بکات و،" جوانکاری لە شیعردا لەو کاتە بەدیار دەکەوێت کە گۆکردن و ڕامانەکەی بێ کەم و زیاد هاوجووت بن و بیر و ڕوخسارەکەشی

١٥- سەرچاوەی پێشوو، ل٨٧./ هەروەها الأدب وفنونه، د. محمد مندور، ص٧.

١٦- فنون الأدب العالمي، د. نبيل راغب، الشركة المصرية للنشر، لونجمان، ب.ت، ص١٣- ١٤.

١٧- دراسات في الشعر العربي المعاصر، د. شوقي ضيف، ط٤، مطابع دار المعارف بمصر، القاهرة ١٩٦٩، ص٧٢.

بەتەواوەتی لەگەڵ یەکتردا بگونجێن".(١٨) ت. س. ئەلیۆت بازنەی شیعری فێرکردن زیاتر تەسک دەکاتەوە، کە (بەڕێگەی ئامۆژگارییە ڕەوشتییەکانەوە شاعیر بۆچوونەکانی خۆی پێشکەش بەخوێنەر دەکات و هەوڵ دەدات لەم بارەوە قەناعەتیشی پێ بێنێت)(١٩).

جگە لەمەش هەندێ جاری دیکە مەبەستی شیعری فێرکردن ئەوەیە، کە (خەڵکەکەی فێری کاروباری دینی و دنیایی بکات و، ڕاستی و زانیارییەکانی پەیوەندیدار بەژیانی تاک و کۆمەڵەوە و، هەروەها نهێنییە سروشتی و میتافیزیکییەکانیشیان بۆ پێشکەش بکات)(٢٠) کەواتە مەبەستی سەرەکیی ئەم شیعرە پرۆسەی فێرکردنە و (بابەتەکانیشی خێر و چاکەیە)(٢١). بەڵام هەندێ لێکۆڵەر بەدیدێکی وانەگوتنەوەوە سەیری شیعری فێرکردن دەکەن و وا پێناسەی دەکەن، کە (هونەرەکانی زانست وەکو ڕێزمان و فیلۆلۆژی و مێژوو تێدا بهۆنێننەوە بۆ ئەوەی بەئاسانی ئەزبەر بکرێن)(٢٢)

هەر لەم ڕووەوە د. شوکریە ڕەسوول دەڵێت: (شیعری فێرکردن ئەو شیعرەیە کە سوود بەخوێنەر یان گوێگر دەگەیەنێ، لە هەڵسوکەوت و ژیانی ڕۆژانەیدا. لە ڕێگای دەربڕینی ڕایەک یان پەندێک یا ڕاسپاردنێک یا ئامۆژگارییەک. لە چەند دێڕێکی ئاشکرا و دیاریکراودا بەزووترین کات لەبەر ئەکرێت و دەوترێتەوە)(٢٣). بەرهەمی شیعری فێرکردن ئەگەرچی دەستکردی شاعیرە و بەپێی توانا و بەهرەی ئەدەبییەکەوە داهێنانی تێدا دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا بەشێکە لە واقیع، واقیعێکی شرۆڤەکراو و بەپێی بەها چاکەکان و پرەنسیپە زانستییەکان هەڵدەسەنگێنرێت و ڕێک دەخرێتەوە بۆیە (بەرهەمی شیعری فێرکردن هەوڵدانێکە بۆ

١٨- دراسات فنية في الأدب العربي، د. عبدالكريم اليافي، مكتبة لبنان ناشرون، ب.ت، ص٤٨ .

١٩- في الشعر و الشعراء، ت. س. اليوت، ت: دار كنعان للدراسات و النشر، دمشق١٩٩١، ص١١

٢٠- حول الشعر التعليمي، د. صالح ادم بيلو، مجلة الجامعة الاسلامية في المدينة المنورة، العدد ٥٢(شوال، ذو القعدة، ذو الحجة) ١٤٠١ هج، ص٢٠٦ .

٢١- رودكى و منوچهرى، د. اسماعيل حاكمى، ص١٠.

٢٢- تاريخ الأدب العربى، د. عمر فروخ، ج١، ط٥، دار العلم للملايين، بيروت١٩٨٤، ص٤٩.

٢٣- ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، د. شوکریە ڕەسووڵ، ل١٠٦.



کورتکردنەوەی چ لە نێو جیهاندا هەیە، لە شتە هەست پێ کراو و هەست پێ نەکراوەکان و گواستنەوەیان بۆ مێشکی ڕۆشنبیران، بایەخیش بەئاین و زانست و فەلسەفە و ڕەوشت و ئەدەبیات و هونەر و پیشەکان دەدات)(٢٤).

لە کۆتاییدا ئەم دەستنیشانکردنەی چەمکی شیعری فێرکردن چەندین بنەمای سنووردار دادەنێت، بۆ ئەوەی بەرهەمەکە هەموو سیما و خەسڵەتە هونەرییەکانی شیعری تێدا بێت، بەڵام تەنیا لە بازنەی کرداری فێرکردندا بسووڕێتەوە و، هەمیشە شاعیر خۆی لە هزرە نوێ و پێشەنگەکان نزیک بکاتەوە و، بابەتییانە مامەڵە لەگەڵ بەرهەمەکەیدا بکات و، بەتەواوەتی ڕەگەزی سۆزی پشتگوێ بخات و لە ڕێگای ئەندێشەیەکی ڕووناکەوە بیرەکانی لە نێو شێوازێکی تۆکمەدا دابڕێژێت، بەبێ ئەوەی (هەستی خۆی بەرامبەر ئەو بیرانە دەرببڕێت)(٢٥).

ئەمەش هاوکێشەیەکی ئاڵۆزە و، لە سنووری ئەو پێناسە تەقلیدییە دەردەچێت کە شیعر ئاخاوتنێکی کێشدار و سەروادارە و مانایەک دەبەخشێت(٢٦)، چونکە پەیڕەوکەرانی ئەم پێناسەیە زۆر جار پەنایان بردووەتە بەر هۆنینەوەی زانیارییەکان بەمەبەستی فێرکردنی خەڵک، بەڵام نە تەنیا ڕەگەزە سەرەکییەکانی شیعریان ڕەچاو نەکردووە، بەڵکو لە هونەری شیعریش دوور کەوتوونەتەوە. کاتێ ئەم جۆرە دەقانە بەناوی شیعری فێرکردنەوە دەکەونە بەر هەڵسەنگاندنی ڕەخنەگران، کێشەکە جارێکی دیکە سەر هەڵدەداتەوە و، گوایە شیعری فێرکردن نەزمێکە جگە لە کێش و سەروا هیچ پەیوەندییەکی دیکەی بەشیعرەوە نییە. ئەم کێشەیەش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ناوەڕۆکی بۆچوونی ئەرستۆ لە بارەی پەیوەندیی شیعر بەمێژوو و فەلسەفەوە کە بەرهەمەکانی هیرۆدۆتس هەر مێژوویە با کێشدار و سەرواداریش بن(٢٧)، چونکە کێش و مۆسیقا شیعر دروست ناکەن، بەڵکو ڕەگەزی لاساییکردنەوەی ڕامانە

٢٤- المعجم الأدبي، جبور عبدالنور، ص١٥١ .

25- A Handbook to literature ,William Harmom, P.151

٢٦- ڕەخنەسازی، د. کامل حەسەن عەزیز بەسیر، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا ١٩٨٣، ل٤٩.

٢٧- في نظرية الأدب، د. شكري عزيز ماضي، ص٣٣.

گشتییەکان شیعر دروست دەکات، کە گوزارش لەو شتانە دەکات، کە لەوانەیە ڕوو بدەن نەک ئەوانەی ڕوویان داوە[٢٨]. بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەم کێشەیە پێویستە ئەو جیاوازییەی لە نێوان شیعری فێرکردن و مەنزوومەدا هەیە ڕوون بکرێتەوە و، گشت ئەو هۆکارانەی بوونەتە هۆی دروستبوونی ئەم تێکەڵبوونە، دەستنیشان بکرێن و، چەمک و تایبەتمەندییەکانی هەر یەکێکیان شی بکرێنەوە، کە بەکورتی لەم خاڵانەدا کۆ کراونەتەوە:

## لە ڕووی زمانەوە

زمانی ئەدەبی جودایە لە زمانی ئاسایی ئاخاوتنی خەڵک، هەروەها لە زمانی زانستیشەوە.. بەڵام لە شیعری فێرکردندا هەر سێ جۆرەکان تێکەڵ دەبن و، شاعیر هەوڵ دەدات زیاتر بەرەو زمانی ئەدەبی بڕوات و بەڕێژەیەکی کەمتر زمانی ئاسایی ئاخاوتن و زمانی زانستی پەیڕەو دەکات، بۆ ئەوەی سیما زمانییەکانی ئەدەبی لە دەست نەدات، بۆ نموونە (کارەکان و ڕۆژەکان)ی هزیۆد لە ئەدەبی یۆنانیدا و (جۆرجیس)ی ڤرجیل و (لە سروشتی شتەکانەوە)ی لۆکریس لە ئەدەبی لاتینیدا[٢٩] و (بوستان)ی سەعدیی شیرازی و (مخزن الاسرار)ی نیزامیی گەنجەوی و (جام جم)ی ئەوحەدی لە ئەدەبی فارسیدا[٣٠] بەشیعری فێرکردن دادەنرێن و وەکو دەقێکی ئەدەبی بەرزیش سەیر دەکرێن.

بەپێچەوانەوە کاتێ زمانی شیعری لە زمانی ئاخاوتن نزیک دەبێتەوە ئەوە سیما زمانییەکانی ئەدەبی لە دەست دەدات و، تەنیا وەکو دەقێکی وشکی کێشدار دەمێنێتەوە، بۆ نموونە لە ئەلفیەی (ئیبن مالک ئەبو عەبدوڵڵا محەمەد ١٢٠٣-١٢٧٤)دا زمانی زانستی زاڵە و، لە (ئەحمەدی)ی شێخ مەعرووفی نۆدێدا (١٧٥٣-١٨٣٧) زمانی شیعری تێدا بەکار نەهاتووە و، لە زمانی قسەکردنی ئاسایی نزیکە، بۆیە بەبۆچوونی زۆربەی ڕەخنەگر و مێژوونووسانی ئەدەبی ئەم جۆرە دەقانە ناچنە

٢٨- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠. / هەروەها الأدب وفنونه، د. محمد مندور، ص٢٤.

٢٩- المصطلح في الأدب الغربي، د. ناصر الحاني، ص٤٠.

٣٠- رودکی و منوچهری، د. اسماعیل حاکمی، ص١٠.



نێو خانەی شیعرەوە و، لە ڕووی پێناسە و چەمکەوە بەمەنزوومەیەکی (هۆنراوەیەکی) فێرکاری ناو دەبرێن[٣١].

## لە ڕووی مەبەستەوە

شیعری فێرکردن بۆ توێژێکی فراوان لە نەخوێندەواران یان ئەوانەی ئارەزووی فێربوونیان هەیە ئاراستە دەکرێت. کەواتە شیعری فێرکردن خۆی مەبەستە و مەبەستە گشتییەکەشی فێرکردنە و، هەر کەسێک ئومێد دەکات تێی بگات، چونکە لە بازنەی سوودبەخشین و ڕەواییدا دەخولێتەوە. پرۆسەی سوود وەرگرتن لە ڕێگای ئەزبەرکردن یان خوێندنەوە یان گوێگرتن ئەنجام دەدرێت، بۆ ئەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی وەرگری پێ بەرز بکرێتەوە، یانیش ڕەفتارێکی نابەجێ هەیە و ڕێگاچارەیەکی گونجاو بۆ ڕاستکردنەوەی دەستنیشان دەکات. بەڵام مەنزوومە، هۆکارێکە بۆ مەبەستێکی دەستنیشانکراو و تایبەتە بەو پسپۆڕانەی کە پەیوەندییان بەزانستێکەوە هەبێت و ئەو وەختە سوودی هەیە کە ئەزبەر بکرێت و لە کاتی پێویستدا بەکار بهێنرێت.

بۆ نموونە (مخزن الاسرار)ی نیزامیی گەنجەوی[٣٢] مەبەستێکی گشتی هەیە چونکە بۆ هەموو توێژ و چینەکان ئاراستە کراوە و سوودبەخشینێکی پەروەردەییشی تێدایە چونکە پڕە لە پەند و ئامۆژگاری و زانیاریگەلی گشتیی بۆ ئەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی خوێنەرانی پێ بەرز بکرێتەوە، بۆیە بەشاکارێکی بەرزی

٣١- تاریخ الأدب العربي في العراق، عباس العزاوي، دار الشؤون الثقافية، بغداد ٢٠٠١، ص٣٠٥. / هەروەها بڕوانە: نەوبەهاری خانی و (ئەحمەدی)ی شێخ مارفی نۆدێ، لێکۆڵینەوە و بەراوردکردنی عەلی فەتاح دزەیی، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر ١٩٨٥، ل٥٠.
بەڵام ئەوەی لە فەرهەنگە هۆنراوەیییەکەی (ئەحمەدی)دا لە ڕووی زمانەوە بەدی دەکرێت ئەوەیە کە وشە و ڕامانەکانیان بەزمانی عەرەبی و کوردی نووسراونەتەوە و، زمانی دەربڕین و شیکردنەوەی مەبەستەکان تەنیا زمانی فارسی بووە، بۆیە زمانەکەی تایبەتە بەتوێژی خوێندەواران و، لە زمانی ئاساییی خەڵکەوە دوورە کە زمانی زگماکییان زمانی کوردییە.

٣٢- مخزن الاسرار، حکیم نظامی گنجوی، تصحیح و حواشی حسن وحید دستگردی، به کوشش دکتر سعید حمیدیان، انتشارات نشر قطره، چاپ٤، تهران ١٣٧٩، ص١١ .

شیعری فێرکردن دادەنرێت، بەڵام (نەوبەهاری) ئەحمەدی خانی[٣٣] کە مەبەستێکی تایبەتی سنوورداری هەیە و سوودیشی تەنیا بۆ ئەو منداڵە کوردانەیە کە نیازی فێربوونی زمانی عەرەبییان هەیە، یانیش بۆ ئەو خوێندەوارانەیە کە ئارەزووی فێربوونی دەریا عەرووزییە شیعرییەکانیان هەیە، بۆیە بەمەنزوومەیەکی فێرکاریی ڕێکوپێک دادەنرێت.

## لە ڕووی ئەرکەوە

لە شیعری فێرکردندا شاعیر بەرهەمەکەی لە ڕێگەی دەقێکی هونەرییەوە پێشکەش دەکات و لە ڕێگەی بیرەوە مێشکی وەرگر دەدوێنێت و، هەستەکانیشی لە ڕێگەی وێنە شیعرییەکانەوە دەبزوێنێت و لە دڵەوە قەناعەتێکی پێ دێنێ، بۆیە بابەتە فێرکارییەکان لە بیردانکەوە دەخزێنە نێو دەروونی وەرگر و باوەڕێکی هەمیشەییی بۆ دروست دەبێت[٣٤]. ئەمەش ئەرکێکی ڕاستەقینەی ئەدەبە و شاعیر بەلێهاتوویی لە ڕێگای وێنە شیعرییەکانەوە ئەنجامی دەدات. لە بارەی ئەندێشەوە لێکۆڵەران گەیشتوونەتە ئەو ئاکامە کە ئەندێشە پێویستییەکە لە پێویستییەکانی داهێنان و، هەنگاوی یەکەمە لە هەر توێژینەوەیەکی زانستی یان کۆمەڵایەتیدا[٣٥]. کرۆکی شیعریش لەو درک پێ کردنەی شاعیرەوە هەڵدەقووڵێت کە بەهۆی ئەندێشەوە پەیوەندییەکی گشتی لە ژێر دیاردەکاندا دەبینێت و هەموویان ڕێک دەخات و، لە هەماهەنگی گەردوونیش دەگات[٣٦]. لە شیعری فێرکردنیشدا ئەندێشە ڕەگەزێکی سەرەکییە بۆ وێنەگرتنی کەشێکی هونەریی گونجاو لە دروستکردنی بەرهەمێکی فێرکاریدا. لێرەدا شیعری فێرکردن ئەرکێکی هەمەلایەنە دەبینێت و پشت بەهەموو ڕەگەزەکانی شیعر دەبەستێت – جگە لە سۆزی شاعیر نەبێت کە ئەویش بەپلانی بابەتە زانستییەکەوە ئەم بۆشاییە پڕ دەکاتەوە – و، لە ئەنجامدا شیعری فێرکردن

٣٣- نووبهارا سەیدایی مەزن ئەحمەدی خانی، ل.١٨

٣٤- نظرية الأنواع الادبيــة، مج١، الأب سي فـينسـان، ت: د. حـسن عـون، منشـأة مـعـارف بالأسكندرية، ١٩٧٨، ص٩٤.

٣٥- الأدب وبناء الإنسان، د. علي الحديدي، مطبعة دار الكتب، بيروت ١٩٧٣، ص١٠٠.

٣٦- الشعر والتجربة، ارشيبالد مكليش، ص٨١.



هەموو خەسڵەت و سیماکانی هونەری خۆی دەپارێزێت... بەڵام مەنزوومە بەپێی پلانێکی پێشوەخت دادەنرێت و، مەرج نییە دانەرەکەی شاعیر بێت و، پێشتر شیعری نووسیبێت، بەڵکو ئەوەی شارەزاییی لە زانستی عەرووزدا هەبێت، دەتوانێت ناوەڕۆکی بابەتەکەی لەسەر کێشی دەریایەکی شیعری بهۆنێتەوە و، ڕەچاوی سەروای دێرەکانیش بکات، لەم بارەیەوە پێویستە ئاماژە بەو نەریتە بکرێت کە مامۆستایانی قوتابخانە ئاینییەکان پەیڕەوییان دەکرد لە کاتی شیکردنەوەی کتێبەکانی خوێندندا زۆرجار لە پەڕاوێزەکانیاندا تێبینی و بۆچوونەکانیان تۆمار دەکرد و، جاری واش هەبوو ئەو پەڕاوێزانە یان بەهۆنراوە ڕێک دەخستن هەر وەکو ئەحمەد ئەلنەحەوی بەهۆنراوەیەکی درێژ کتێبی (الفية إبن المالك)ی پەڕاوێز کردبوو[٣٧]. ئەم نەریتە زانستییە بووبووە نیشانەی شارەزایی و لێهاتوویی مامۆستایانی ئاینی کە دەتوانن بەرهەمەکانیان بەپێی دەریا عەرووزییەکان دەربڕن و، وەکو ناواخنێکی زانستی پێشکەشیان بکەن، لە هەمان کاتیشدا مەبەستە فێرکارییەکەشی ئەوە بوو کە سوختە و خوێندکاران بە ئاسانی ئەزبەر بکەن و باشتر تێ بگەن و ناوەڕۆکی بابەتەکەش لەگەڵ مێشکیان بدوێت و قەناعەتێکی لۆژیکییان بۆ دروست بکات. بەڵام ئەم دواندنە تەنیا لە ڕێگەی پەیڤەوە ئەنجام دەدرا و سەرنجی خوێنەری بۆ خۆی ڕادەکێشا، بۆیە دەسەڵاتێکی کاریگەری لەسەر هەست و گیانی وەرگر نەبوو و، تەنیا لە ڕێگەی بەرژەوەندیەکی پیشەیییەوە لەسەر ویست و حەزەکانیدا زاڵ دەبوو و، بێ بەشی دەکرد لە هەر چێژێکی هونەری. لێرەدا ئەرکەکە تەنیا لە سوودبەخشینەکەدا دەمێنێتەوە، ئەویش بە" کۆمەڵێ هۆکاری وەکو هەلپەرستی و بەرژەوەندیی کەسانی و شەرەفمەندی و سۆز و بێزاریی گەمارۆ دەدرێت و لەسەر حیسابی ئازادیی ئینسان دەسەڵاتێکی نەرێنیی کاتی دەبێت، چونکە ئەم جۆرە نەزمە (هۆنراوە)یە هەمان ئەرک و سیمای دواندن هەڵدەگرێت"[٣٨]. بۆ نموونە نازک ئەلمەلائیکە (١٩٢٣-....) دەڵێت: "باوکم شاعیر نەبوو بەڵام زۆر

٣٧- الحياة الفكرية في بغداد (١٧٤٩- ١٨٣١)، د. يوسف عزالدين، مجلة المجمع العراقي، مج/٢،٣١ نيسان١٩٨٠،ص١٢٥.

٣٨- نظرية الأنواع الأدبية، مج/١، الأب. سي. فينسان، ص٩٥.

شیعری دەنووسی کە هەندێکیان تەنیا نەزم بوون و هیچ پەیوەندییان بە شیعرەوە نەبوو، وەکو گەشتەکەی بۆ ئێران بەنەزم دای ڕێشتبوو[٣٩].

بەپێچەوانەی نموونەی سەرەوە عەبدوڵلا گۆران (١٩٠٤-١٩٦٢) لە هۆنراوەی (گەشت لە هەورامان)دا قۆناغەکانی گەشتنامەکەی بەچەندین وێنەی شیعریی جوان دەڕازێنێتەوە و، وا لە خوێنەر دەکات کە هەست بەدیمەنەکانی هەورامان بکات هەر وەکو خۆی گەشتەکە دەکات و، هەر بەهۆی وێنە شیعرییەکانیشەوە تا ڕادەیەک شارەزایی لە کەلتوور و دابونەریتی ناوچەکە پەیدا دەکات، لە بارەی مەلای دیوەخانەوە دەڵێت:

تۆ و مەلا و شیعر و فەلسەفەی ئیسلام،
گوێ ڕاگرتنی تاوتاوی عەوام،
بە بێ زیاد و کەم دێنێتە پێش چاو:
سەرنجی کوێران لە نامەی نووسراو!...[٤٠]

یانیش لە بارەی جێگە و پێگەی کانیی ژنان لە گونددا دەڵێت:

سەرچاوەی ئاوێک: کەڵەکێک لەسەر:
ژنێک تێی ئەچێ، ژنێک دێتە دەر..
ئەمەش لە دێدا کانیی ژنانە،
قیبلەی دڵداریی هەرزەکارانە![٤١]

٣٩- الشعر في حياتي، نازك الملائكة، مقال منشور في كتاب نظرية الشعر، القسم الثاني، تحرير وتقديم محمد كامل الخطيب، دمشق١٩٩٦، ص٨٦٨./هەروەها بڕوانە: لمحات من سيرة حياتي و ثقافتي، نازك الملائكة، مقال منشور في الموقع الإلكتروني
www.com. koolpages. / almalaike/ life. html

٤٠- سەرجەمی بەرهەمی گۆران، بر/١، محەمەدی مەلا کەریم کۆی کردوەتەوە و ئامادەی کردوە و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا ١٩٨٠، ل١٣١.

٤١- سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٣.



## لە ڕووی تایبەتمەندییە هونەرییەکانەوە

کەرەستەی شیعری فێرکردن، زانست و ڕەوشت و هونەرە، واتە ڕاستی و چاکە و جوانییە[٤٢]. دەبێت زمانەکەی ساف و ڕەوان بێت و لە ئاستی هزر و تێگەیشتنی وەرگردا بێت و، شێوازەکەی ڕوون و ئاشکرا و، دوور لە ڕەوانبێژی و دەستەواژە تەمومژاوییەکان بێت. وشەکان سادە بن و ڕامانەکانیان ئاسان بن، لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێ بەتەواوەتی سنووری زمانی ئەدەبی ببەزێنێت و دەستبەرداری سیما و هونەرییەکانی شیعر بێت بەڵکو دەبێت " زاراوە زانستییەکان بەوێنە شیعرییەکان دەرببڕێن و ڕووداوەکانیش بکرێنە کاریگەرییەکان"[٤٣] بۆ نموونە:

١- شاعیری یۆنانی هزیۆد لە شاکاری (کارەکان و ڕۆژەکان)دا، ئەم تابلۆ شیعرییەی کێشاوە کە بازێک بەنینۆکە تیژەکانی چۆلەکەیەکی بچووکی گرتووە و بەرەو بەرزاییی ئاسمانی ڕفاندووە، بەخۆباییبوونەوە دەڵێت: (هۆ گیانلەبەرە بێچارەکە، بۆ هاوار دەکەی؟ ئەوە منم منی زۆر لە تۆ بەهێزتر ئێستا لە نێو پەنجەکانمی و بۆ ئەو شوێنە دەڕۆی کە من نیازمە، هەرچەندە باڵندەیەکی جوان و دەنگخۆشی، ئێستا دەتوانم بتخۆم و ئەگەر حەزم لێ بێت بەرەڵلات دەکەم. ئێوە گیانلەبەرە بێچارەکان لەبەر گەمژەیی خۆتان هەوڵ دەدەن ڕووبەڕووی یەکێکی لە خۆ بەهێزتر ببن، چونکە ناتوانن لە ناوی ببەن و، ئەوەی لەو هەوڵدانەدا بۆتان دەمێنێتەوە تەنیا ئازار و شەرمەزارییە..)[٤٤]، ئەم دیمەنە بابەتێکی ئەفسانەیی دەسەلمێنێت هەر وەکو دواتر لافۆنتین (١٦٢١-١٦٩٥) باس دەکات کە " ڕاستی هەمیشە تەرەفداری کەسی هێزدارە"[٤٥].

٢- شاعیری ڕۆمانی لۆکریس گوزارشت لە ڕاستییەکان ناکات، بەڵکو وێنەیان دەکێشێت، بۆ نموونە وەکو زانایانی فسیۆلۆژی ناڵێت ئەرک ئەندام دروست دەکات، بەڵکو ئەم ڕاستییە بەم وێنەیە دەردەبڕێت کاتێ دەڵێت: "کاوڕە جوانەکە

٤٢- نظرية الأنواع الأدبية،مج/١، الأب. سي. فينسان، ص٢٧٩.

٤٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٥.

٤٤- الشعر الأغريقي تراثاً انسانياً و عالمياً، د. أحمد عتمان، مطابع الرسالة، الكويت ١٩٨٤، ص٨٧

٤٥- نظرية الأنواع الأدبية،مج/١، الأب سي فينسان، ص٢٨٥.

هەوڵ دەدات قۆچ بوەشێنێ پێش ئەوەی شاخیشی دەرکردبێت[٤٦].

٣- شاعیری گەورەی ڕۆمانی ڤرجیل لە شیعرەکانیدا باس لە دوا ڕووداوەکانی شەڕە ناوخۆییەکان دەکات کە دووجار دەشتەکانی مەقدۆنیا بەخوێن ئاودرابوون. لێرەدا ڤرجیل ئەم تابلۆیە کاریگەرە بەشێوازێکی کاریگەرتر دەنەخشێنێت، کاتێ دەڵێت: "بێگومان ڕۆژێک دێت لەم وڵاتەدا کاتێ جووتیارێک بە گاسن زەوییەکەی دەکێڵێت، ڕمە قورسە ژەنگگرتووەکان دەدۆزێتەوە و، کاتێ زەوی هەڵدەکەنێت تەورە قورسەکەی بەکڵاوە جەنگییەکان دەکەوێت، دواتر بەسەرسوورمانەوە سەیری ئەو ئێسک و پرووسکانە دەکات لە نێو گۆڕە دۆزراوەکاندا..»[٤٧].

٤- شاعیری کوردیش جەگەرخوین (١٩٠٣-١٩٨٤) لە شاکارەکەیدا " شەرەفنامەیا مەنزووم " کاتێ فریاد و هاواری ڕۆستەم بەگی میری پەرتەک بۆ ڕزگارکردنی وڵات لە وێنەیەکی شیعریدا لەگەڵ ئاوازی ڕێژنەی بەهاران دەردەبڕێت، کە چۆن زەویی وشک پێویستی بەئاوە، ئەوها کوردستانیش پێویستی بەهیممەتی کەسانی وەکو ڕۆستەم بەگی کوڕی حوسێن بەگی میری پەرتەکە... دووبارە شاعیر ئەم میرە کوردە لەگەڵ ڕۆستەمی زاڵ بەراورد دەکات کە چۆن بێژەنی ڕزگار کرد، کەسانی وەکو ئەویش دەتوانن کورد ڕزگار بکەن، ئەم وێنە ئاوێتەییە هەرچەندە وێنەیەکی شیعریی چەقیوە، بەڵام بۆ بەیەکبەستنەوەی قۆناغەکانی مێژوو و لە بەرچاوگرتنی ئەو گریمانانەی کە لەوانەیە ڕوو بدەن کارێکی هونەری بەرزە:

بنێ روستەم ل پەرتەک رەنگێ گولشەن
بەلێ کوردن شکەستی تێ دە بێژەن
کەمەر باڤێ ملێ خوە لاوێ زالێ
تو مە دەرخە وەکی بێژەن ژ چالێ

٤٦- الأدب و فنونه، محمد مندور، ص٢٨.

٤٧- نظرية الأنواع الأدبية،مج/١، الأب. سي. فينسان، ص٢٩٠.



وەرە پەیسەنقەرێ قێرین برووسکی
وەرە ئەی فەرسێ ئاور چرووسکی
بکە قێرین ل خوینخوار و نەیارا
وەکە ئاوازێ تاڤانێ بهارا[٤٨]

ئەم وێنە شیعرییەی سەرەوە کورتکراوەی مێژووی میرنشینێکی کوردە بەناوی "پەرتەک"*. پەرتەکیش کراوەتە ڕەمزێک و قۆناغەکانی مێژووی دێرین و ناوەڕاست و هاوچەرخی کوردستان تێیدا کۆ کراونەتەوە.

***

بەم شێوەیە شیعری فێرکردن لە ڕووی ناوەڕۆک و شێوازەوە خاوەنی کۆمەڵی تایبەتمەندییە، کە بەپێی توانا و لێهاتوویی شاعیر جۆری بابەت و ئاستی زمان و کاریگەریی وێنەکان و هێزی ئەندێشە دەستنیشان دەکرێن، بۆیە بەهونەرێکی شیعری دادەنرێت، بەڵام لێهاتوویی شاعیریش شتێکی ڕێژەییە لەوانەیە لە ئاستێکی بەرزدا بێت وەکو ئەو نموونانەی سەرەوە (هێزیۆد و لۆکریس و ڤرجیل و سەعدیی شیرازی و نیزامیی گەنجەوی و گۆران و جەگەرخوین) و لەوانەیشە لە ئاستێکی نزمدا بێت وەکو ئیبن مالک و شێخ مارفی نۆدێ و باوکی (نازك الملائكة)، بۆیە هەردووکیان دەقی ئەدەبی فێرکارین، یەکەمیان لە ئاستێکی هونەریی بەرزدایە و دووەمیان لە ئاستێکی هونەریی نزمدایە.

٤٨- شەرەفنامەیا مەنزووم، جەگەرخوین،ئا:دلاوەر زەنگی، وەشانخانا ئاڤەستا، ستەنبۆل٢٠٠٤، ل٤٨.(بەرێنووسی لاتینی).

* پەرتەک. دەستەی دووەمن لە فەرمانڕەوایانی چەمشگەزەک،کە شارێکە لە ناوچەی (سوقمان)ە/ بڕوانە:
شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی، هەژار کردوویە بە کوردی، چاپخانەی نعمان، نەجەف١٩٧٢، ل ٣٥٤.

## باسی دووەم

### سەرەتایەکی مێژوویی شیعری فێرکردن و پێگەی لە ئەدەبی گەلاندا

شیعری فێرکردن، هونەرێک بووە و، هەر لە کۆنەوە لە ئەدەبی کۆمەڵە سەرەتاییەکاندا جێگیر بووە و، لە نێو نزا و بۆنە فەرمییەکانیاندا ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکانی بەئەنجام گەیاندوون، بەتایبەتی لە لایەن ئەو وڵاتانەی کە کاروباری ژیانیان ڕێک دەخست و تا ڕادەیەکیش پێشکەوتنیان بەدەست هێنابوو[١]. هەرچەندە لەو سەردەمانەدا شتێکی ئاسایی بووە کە زانیاریگەلی جۆراوجۆری مرۆیی ئاوێتەی یەکدی بن و بە ئاسانی جیا نەکرێنەوە، زانست و هونەر تێکەڵ بوون، هۆش لە ئەندێشە جیا نەدەکرایەوە، سەرەڕای ئەوەش زۆر کەمتر نووسین بەکار دەهات، بۆیە ئەنجامی ئەزموون و پرەنسیپە ڕەوشتییەکانیان هەر بەشیعر ڕێک دەخست و بەئاسانی ئەزبەر دەکران، تەنانەت دەقە یاساییەکانیش هەر بەشیعر دادەنران[٢] بۆ نموونە لە یۆنانی کۆندا، ئەرکی شیعر بەوردی دەستنیشان کرابوو. جۆرەکانی شیعر لە چوارچێوەیەکی هونەریی تەواودا بەکار دەهێنران. شیعری فێرکردنیش کە لە هەموویان نوێتر بوو هەندێک گۆڕانکاریی بەسەردا هاتبوو و، لە بازنەی پێدانی زانیارییەکان و ڕێنماییە ڕەوشتییەکاندا دەخولایەوە. دواتر ئەو بازنە پتر تەسک دەبووەوە و، شاعیران هەوڵیان دەدا قەناعەتیش بەخوێنەران بێنن، کە بڕوا بەزانیاری و ڕێنماییەکان بکەن و، بۆچوونەکانیان بەشتێکی ڕاست و دروست بزانن[٣]، بۆیە لەم بارەوە بیروڕای جودا جودا پەیدابوون، کە ئایا شیعری فێرکردن هونەرێکی دیکەیە لە هونەرەکانی شیعر، یان مەبەستێکی شیعرییە و بەپێی پێویست

١- في الشعر والشعراء، ت. س. اليوت، ص١٠.

٢- نظرية الأنواع الأدبية، مج/١، الأب. سي. فينسان، ص٢٨٣.

٣- في الشعر والشعراء، ت. س. اليوت، ص١١.



لە نێو یەکێک لە هونەرەکانی شیعردا خۆ دەبینێتەوە. تا ئێستاش ئەم کێشەیە بەتەواوەتی ساغ نەبووەتەوە. هەندێک هەمان بۆچوونی ئەرستۆ پەسەند دەکەن، کە لە بارەی "هەندێک هونەری شیعری وەک داستانی و لیریکی و تراژیدیا و کۆمیدیا دواوە، بەڵام بەهەمان ئاست و بەهەمان گرنگی باسی شیعری فێرکردنی نەکردووە، چونکە لەو سەردەمەدا هەر چوار جۆرەکانی سەرەوە لە نێو هونەرە جوانەکاندا پۆلین دەکرا جگە لە شیعری فێرکردن نەبێت کە وەکو هاودژێک بەرانبەریان دادەنا"[٤]. هەرچەندە هزیۆد (ناوەڕاستی هەشتەمین سەدەی پ. ز) کە بەدامەزرێنەری ڕێچکەی شیعری فێرکردن دەناسرێت، چوار سەدە لە پێش ئەرستۆ (٣٨٤ – ٣٢٢ پ. ز) ژیاوە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕاستە کە "شوێنپێکەوتووەکانی ئەو لە داهێنانەکانیاندا نەگەیشتوونەتە پلەی شوێنپێکەوتووەکانی هۆمیرۆس، بەڵام هیزیۆد توانی ڕێچکەیەکی شیعری دروست بکات کە زیاتر خۆی بەلایەنی ڕەوشتی و نووسینی مێژوو و تەنانەت لە ڕووی ڕێکخستنەوەی ئەفسانەکانیشەوە خەریک بکات"[٥]. لەم ڕووەوە هیزیۆد بەدووەم شاعیری گەورەی یۆنانستان دادەنرێت. بەڵام ئەوەی پتر زانراوە کە هونەری شیعری فێرکردن بەشێوەیەکی ڕەمەکی لە لای یۆنانییەکان پەیدا ببووبوو، لە سەرەتاوە هەر لە ژێر ناوی داستانەکاندا – Epos) پۆلین دەکرا[٦]. چونکە لەو سەردەمانەدا وا باو بووە کە شاعیران یەکەم کەس بوونە بەشدارییان لە دروستکردنی شارستانییەتدا کردووە و، هەمیشە هەوڵیان داوە بتوانن ئەوە بسەلمێنن کە شیعر لە پێش هەموو هونەر و زانستەکانەوە هەبووە[٧]. دواتر شیعری فێرکردن بەزۆری لە کەلتووری ئەلەکساندەری یۆنانیدا گەشەی کرد، کاتێک کە شیعری لە بارەی ئابووری و مار و مار پێوەدان و بواری پزیشکی و مرواری و ڕاوە ماسی

٤- صناعة الأدب، ر. أ. جيمس، ت: هاشم الهنداوي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ١٩٨٦، ص٥٠. / هەروەها: سەرجەمی بەرهەمی شاکر فەتاح، بەرگی٢، کۆکردنەوە و ڕێکخستنی ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٤، ل٧٢.

٥- الشعر الأغريقي تراباً إنسانياً و عالمياً، د. أحمد عتمان، ص٩٣ – ٩٤ .

٦- سەرچاوەی پێشوو، ل٧٩.

٧- العلم و الشعر، ماكس بايم، ت: د. جابر عصفور، مقال منشور في كتاب (الخيال، الأسلوب، الحداثة )، المجلس الأعلى للثقافة، القاهرة ٢٠٠٥، ص١١١ .

دەنووسرا، (فەنومەنا)ی ئاراتووسی کاریگەریترینیان بوو.[8]

لە ئەدەبی ڕۆمانیشدا هەر لە (یەکەمین سەدەی پ. ز)یەوە، دوو کاری گەورە دەبینرێن، یەکەمیان لۆکریس ئیلهامی لە (ئەمپیدوکلیس) وەرگرتووە و باسی سیستەمی ئەبیقۆری دەکات. دووەمیان هۆنراوەی کشتوکاڵیی (ڤرجیل)ە، کە ئامۆژگاری پراکتیکی لە بارەی کاری جووتیاری، تێکەڵ بەبنەما ڕەوشتییەکانی ڕۆمان دەکات.[9]

دواتر بەهۆی ئەوەوە کە زمانی لاتینی زمانی کلیسە و فەرمی بووە، ئەدەبی لاتینی لە سەرانسەری وڵاتانی ئەوروپادا پەرەی سەند، کە پتر بەشیعر دەنووسرا و، بەرەو ئامۆژگاریکردن و لایەنی فێرکارییەوە دەچوو. بەڵام لە سەردەمی ڕێنیسانسدا کە زمانە لۆکالییەکانیش کەوتنە باری نووسین و خوێندنەوە و شاکارە ئەدەبییەکانیشیان پێ تۆمار کران. لە سەرەتاوە هەمان ڕێچکەی ئەدەبی لاتینییان دەگرتە بەر و تەنانەت نووسەری وا پەیدابوون کە جەختیان لەسەر بنەماکانی ئەدەبی یۆنانی و ڕۆمانی دەکردەوە و بەقوتابخانەی کلاسیکییەتی نوێ ناوزەدیان دەکرد[10]. ئەم گەشەکردنەش تا سەرەتای سەدەی نۆزدەم بەردەوام بوو کە ڕێبازی ڕۆمانسیزم پەیدا بوو و بەتوندی دژی ڕاوەستا و بیرە نوێیەکانی خۆی هێنایە کایەوە. بەهەمان شێوە لە ڕۆژهەڵاتیشدا، کۆنفۆشیۆس (٥٥١–٤٧٩ پ. ز) ژمارەیەک گۆرانیی چینی ئەو سەردەمەی وەک بنچینەیەک بۆ فێرکردنی بنەما ڕەوشتییەکانی خۆی هەڵبژاردبوو[11]. هیندییەکانیش لایەنێک لە زانستە کردارییەکانیان بەشیعر دەنووسیێ.[12]

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلامی پیرۆزیشدا، ڕێگە بۆ گەشەسەندنی هزرە فێرکارییەکان لە شیعری عەرەبیدا خۆش بوو. شاعیر خۆی لە هەڵچوونە خودییەکان

8- Steinberg Cassell , P.H.Cassell's Encyclopedia of literature , S – 158

٩– سەرچاوەی پێشوو، ١٥١.

١٠– نظرة الدراما من أرسطو الى الآن، د. رشاد رشدي، منشورات هلا للنشر و التوزيع، الجيزة ٢٠٠٠، ص٧٥

11- Cassell's Encyclopedia of Literature, S. H. Steinberg Cassell, P. 151. –

١٢– حول الشعر التعليمي، د. صالح آدم بيلو، ص٢٠٧.



دوور خستەوە. ئەم ڕێبازە تا دوا ڕۆژەکانی دەوڵەتی ئەمەوی باو بوو. هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عەباسییەوە (١٣٢ک/٧٥٠ ز) ئەدەبی ئیسلامی کە بەزمانی عەرەبی بەپلەی یەکەم و بەزمانە نیشتمانییەکانی دەڤەرە پان و بەرینەکانی وڵاتی ئیسلامی بەپلەی دووەم پەرەی سەندو، بەپێی گەشەکردنی سامانە مادییەکان و بووژاندنەوەی زانستە عەقڵییەکان بایەخ بەبەها ڕەوشتییەکان و هزرە فێرکارییەکان دەدرا[13]. لەم ڕووەوە مەبەستەکانی فێرکردن بۆ ئاراستەکردنی خەڵک ئامانجی سەرەکیی هەموو مەڵبەندە ئاینییەکان بوو، چ لە ڕۆژهەڵات و چ لە ڕۆژئاوادا، شیعریش وەکو ئامرازێکی کاریگەر بۆ جێبەجێکردنی مەرامەکانیان بەکار دەهێنا، بەڵام لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازی هەبووە، تەنانەت لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تریش زیاد و کەمی تێدا بەدی دەکرێت. بەپێی جۆری کۆمەڵ و گۆڕینی سەردەم و سەرچاوەی ڕێنمایییەکان، بەرهەمەکانیان لە نێو چوارچێوەی شیعری فێرکردندا دەڕازاندەوە. مەبەستی سەرەکیش پاراستنی دەقەکان و بەئاسانی ئەزبەرکردنیان بوو. بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەش ئەزموون و پێگەی هونەریی شیعری فێرکردن لە نێو ئەدەبی هەندێک لە گەلانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، وەکو نموونە، دەستنیشان دەکرێن.

## لە ئەدەبی یۆنانیدا

هیزیۆد (Hesiodos) بەدامەزرێنەری ڕێچکەی شیعری فێرکردنی یۆنانی دادەنرێت، چونکە:

١– دوو شاکاری گەورەی لەم بوارەدا نووسیوە، یەکەمیان: (کارەکان و ڕۆژەکان) کە (٨٢٦) دێرە شیعرە و چەندین ئامۆژگاریی ڕەوشتی و وانەی پراکتیکی لە بارەی کشتوکاڵ و دەریاوانییەوە لە خۆ دەگرێت.[14]

دووەمیان: بەناوی (ڕەچەڵەکی خوداوەندەکان)ە، کە خوێندنەوەیەکی ئەفسانەییی لاهوتییە لە بارەی دروستبوون و گەشەکردنی جیهان و خوداوەندەکانەوە. لە

١٣– تاريخ الأدب العربي، ج١، كارل بروكلمان، ت: د. عبدالحليم النجار، ط٢، دار المعارف بمصر، القاهرة ١٩٦٨، ص٣٨ .

١٤– المعجم الأدبي، جبور عبدالنور، ص١٥١.

بزاڤێکی لەسەرخۆ و وەکو سەرەتایەکە بۆ مێژووی جیهان، چونکە زۆربەی هۆنراوەکە بەناو ژماردن دەڕوات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە مەبەستی سەرەکیی هزیۆد لەو هۆنراوەیەدا گەیاندنی زانیارییەکان بووە، نەک چێژ وەرگرتن[١٥].

٢- لە دوای هزیۆدیش، چەندین قوتابی هاتن و لاساییی ئەویان دەکردەوە، بەڵام لە داهێناندا نەیانتوانی بگەنە ئاستی ئەو. هەندێک لە مێژوونووسانی ئەدەبی کۆن، هەردوو هۆنراوەی (کەولەسنی هەرقەڵ) و (لیستی ئافرەتان) دەدەنە پاڵ هیزیۆد، بەڵام بۆچوونێکی تریش هەیە کە دەڵێت: لەم هەردوو حاڵەتەدا، هیزیۆد توانی ڕێگە خۆش بکات، کە شیعری فێرکردن بەهاوشانی شیعری داستانی بڕوات هەروەها ڕێگەشی بۆ لەدایکبوونی شیعری دراماییش خۆش کرد، تەنانەت ئەرستۆڤانیس (٤٤٥ - ٣٨٦ پ. ز) لە شانۆنامەی (بۆقەکان)دا شاعیران بەمامۆستایانی مرۆڤایەتی دادەنێت[١٦]. لە ساڵی (١٤٦پ. ز) یۆنانستان سەروەری خۆی لە دەست دا و بووەوە هەرێمێکی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی، بەڵام ئەدەبەکەی تا سەدەی چوارەمی زاینی هەر لە گەشەکردندا بووە. پاشان داکشانێکی تێدا پەیدا بوو، چونکە ئەدەبی مەسیحی کە بەزمانی لاتینی دەنووسرا پەرەی سەند و لە سەرانسەری وڵاتانی ئەورووپادا بڵاو بووەتەوە و، هەر لەوێوە کۆتایی بەئەدەبی یۆنانی کۆن هات[١٧]. کاریگەریی ئەم قوتابخانەیە بەتایبەتی بەرهەمەکانی ئەرستۆ تا سەردەمی قۆناغی کلاسیکی نوێش بەئاشکرا لە نێو ئەدەبدا هەبوو.

## بنەماکانی شیعری فێرکردن

بەمجۆرە هیزیۆد بەبەرهەمە لێهاتووەکانییەوە توانیویەتی ڕێچکەیەکی شیعری فێرکردن دابمەزرێنێت، کە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر جیهانی هزر و ئەدەبدا هەبووە و، بووەتە هۆی پەیدابوونی فەلسەفەی یۆنانی و، ڕێگەی بۆ

١٥- الشعر الأغريقي تراثا إنسانيا و عالميا، د. أحمد عتمان، ص٨٩ .

١٦- سەرچاوەی پێشوو، ل٩٤.

١٧- المعجم الأدبي، جبور عبدالنور، ص٦٢١.



پەرەسەندنی ڕێبازی زانستییش خۆش کرد و، شوێنپێکەوتووەکانی نەتەنیا لە یۆنان بەڵکو لە وڵاتانی تریشدا زۆربوون. ئەم دیاردەیە بووەتە ڕاستییەکی مێژوویی و، گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان ئەوە دەسەلمێنن، کە لە قۆناغی هەڵسانەوەی هەر میللەتێک شیعری فێرکردن پانتاییەکی لەبار بۆ بیری ڕەوشتی و لێکۆڵینەوەی زانستی فەراهەم دەکات، بۆیە لێرەدا بەپێویست زانرا لەگەڵ ئەزموونی شیعری فێرکردن لە ئەدەبی یۆنانیدا... بنەما سەرەکییەکانی ئەم ڕێچکەیە دەستنیشان بکرێن، چونکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەبابەتی لێکۆڵینەوەی ئەم کتێبەوە هەیە:

١ - سەرچاوە میللییەکان کەرەستەی شیعری فێرکردنن و شاعیر پەند و قسەکانی سەر زاری خەڵکی ڕەش و ڕووتی وەکو جووتیار و کارکەران... وەردەگرێت و دووبارە بەشێوازێکی شیعری سەردەمانە و سەلیقە ئامێزدا دای دەڕێژێتەوە. ئەگەر شاعیر لە بارەی مێژووشەوە بنووسێت، ئەوە دەقی ڕووداوەکان ناگێڕێتەوە، بەڵکو وەکو ئاگابوون لە ڕووداوەکان باس دەکات.

٢- شێوازی دواندەریی والای ڕاستەوخۆ نەریتێکی نوێ بوو هیزیۆد هێناویەتییە نێو شیعر، ئەمەش بێگومان کاریگەریی ڕێنماییکردن لە دەروونی وەرگردا پتر دەکات و بووەتە بنەمایەکی ئەرێنی لە شیعری فێرکردندا.

٣- جووتیار و خەڵکی ڕەش و ڕووت درک بەو ڕاستییە دەکەن کە کار و دادپەروەری بنەمای سەرەکیی ژیان و هۆی هەبوونن، بەپێچەوانەی بۆچوونی فەرمانڕەوا مشەخۆرەکان و ئەوانەی ڕاستی و دادپەروەری لە هێز و ستەمکاریدا دەبینن.

٤- ڕەگەزی شوێن زیاتر ژووری خوێندن، کێڵگەی کشتوکاڵی، یاریگە، کارگە و... شوێنی تری کارکردنن...

٥- دادپەروەری لە هاوسەنگییەکی ویژدانی - زانستیدایە و، هەمیشە خۆ لە توندوتیژی دەپارێزێت. بۆ نموونە هیزیۆد لە دیباچەی (کارەکان و ڕۆژەکان)دا، دەڵێت: "گوێ لە دەنگی دادپەروەری بگرە و خۆت لە هەر بیرۆکەیەکی توندوتیژی بپارێزە، ئەوەیە ئەو قانوونەی زیۆسی خوداوەند بەئادەمیزادی بەخشی. ماسی و گیانلەبەرە دڕندەکان و باڵندە هۆڤەکان یەکدی دەخۆن، چونکە هیچ بیرۆکەیەکیان لە بارەی دادپەروەرییەوە نییە".

٦- بایەخ بەڕەگەزی کات نادرێت و، ئەگەر زۆر پێویست کرا شاعیر بەڕاشکاوی کاتی ڕووداوەکە یان ڕۆژی نووسینی شیعرەکە دەنووسێت، بۆ ئەوەی کاتەکە دەستنیشان بکرێت، بۆیە لە زۆربەی دەقەکانی شیعری فێرکردندا وەرگر هەست بەهەبوونی کات ناکات.

٧- لە شیعری فێرکردندا مامەڵە لەگەڵ ئینسان دەکرێت و پلە و پایە بەهەند هەڵناگیرێت. کەسایەتییەکان لە هەموو چین و توێژەکانن، هەژار، ئافرەت، جووتیار، کرێکار، منداڵ..

٨- شاعیر لە سەرەتای شیعرەکەیدا، لەو خوداوەندە دەپاڕێتەوە کە پەیوەندیی بەو بابەتەوە هەیە کە باسی دەکات. هیزیۆد لە (کارەکان و ڕۆژەکان)دا لە خوداوەند زیۆس دەپاڕێتەوە. دواتر شاعیرانی دیکەش هەمان ڕێچکەیان دەگرتە بەر، ئاراتووس لە شیعری (دیاردەکان)دا کە لە بارەی ستێرناسییەوە بوو لە زیۆسی خوداوەندی ئاسمان و هەسارەکان دەپاڕێتەوە. لۆکریس (٩٩-٥٥ پ. ز) و ئۆڤیدیۆس (٤٣ پ. ز- ١٨ز) لە سەرەتای شیعرە فێرکردنەکانیاندا لە خوداوەند ڤینۆس و، بەهەمان شێوە ڤرجیل(٧٠-١٩پ. ز) لە خوداوەندی کشتوکاڵییەکان دەپاڕێتەوە.

٩- خورپە شتێکی ڕێژەییە لە شیعردا و، ڕۆڵی گرنگ بۆ لێهاتوویی شاعیر دەگەڕێتەوە و، ئەرکی شیعر لەوەدایە کە پەرە بەئاستی زانستیی خەڵک بدات و ڕێنمایییان بکات کە بەرەو ئەو کارانە بچن کە بەرژەوەندی هەردوو دنیایان تێدایە.

١٠- شیعری فێرکردن ئەگەر بە کارە ئاژاوەییەکانەوەش دەست پێ بکات، بەڵام لە کۆتاییدا دەبێت بەڕێکخستنەوەی کارەکان و چەسپاندنی هێمنی و ڕێکوپێکیی شتەکان لەنگەر بگرێت.

١١- بابەتی شیعری فێرکردن زانست و فەلسەفە یان هەر هونەرێک لە هونەرە پیشەیییەکانی دیکە دەبێت و، هەمیشە بایەخ بەڕەوشت بەرزی و پۆلێنکردن و ڕێکخستنەوەی زانیارییەکان دەدات.

١٢- کورتی و درێژیی شیعری فێرکردن پەیوەستە بەناوەڕۆکی بابەتەکەی و، دەکرێت ژمارەی دێرەکانی زۆر بن یان کەم، شاعیر ئازادە لە دەستنیشانکردنی فۆرم و، پتر پشت بەکێشە سووکەکان دەبەستێت، بۆ نموونە هیزیۆد کێشی شەش



بڕگەیی بەکار هێناوە. لە شیعری فێرکردندا بایەخ بەسەروا دەدرێت، ئەگەر شیعرەکە درێژ بێت ئەوە پەنا بۆ جووت سەروا دەبرێت، بەڵام لە حاڵەتەکانی دیکەدا شاعیر زیاتر ئازادە کە چ جۆرە سەروایەک هەڵبژێرێت، بۆ ئەوەی لە ڕووی تێگەیشتنەوە ئاسایی بێت و بۆ ئەزبەرکردنیش ئاسان بێت.

١٣- شیعری فێرکردن هەمیشە سوودمەندە و، خوێنەر یان گوێگر پەند و زانیاری لێ وەردەگرێت و، هەمیشە ئینسان بەگەورەترین سامان دادەنرێت و هەموو ئەرک و ئامانج لە پێناو پەروەردەکردنیدایە.

١٤- هونەری شیعری فێرکردن لە نێو هونەری شیعری داستانیدا دروست بووە، دواتر وەکو جۆرێکی سەربەخۆ ناسراوە، بۆیە شتێکی سروشتییە کە دەستەواژەی شیعری داستانی لە نێو شیعری فێرکردندا بەکار بهێنرێت. یانیش پارچە وەسفییەکان تێکەڵ بەگێڕانەوەیەکی چیرۆک ئامێز بکرێت. بۆ نموونە هەندێک جار هیزیۆد چەند کۆپلەیەک لە داستانەکانی هۆمیرۆس، وەکو بەڵگە لە نێو شیعرەکانیدا بەکار هێناوە... لە ئەفسانەیەکی یۆنانیدا باس لە پێشبڕکێیەکی شیعری دەکرێت کە لە نێوان هیزیۆد و هۆمیرۆسدا و بەسەرپەرشتیی شا (پانیدیس paneides) ساز درابوو، لە ئاکامدا هۆمیرۆس سەردەکەوێت. بەڵام دوای یەکلاکردنەوەی کێشەکە هیزیۆد خەڵات دەکرێت، چونکە باس لە کشتوکاڵ و ئاشتی و دادپەروەری دەکات، بەپێچەوانەی هۆمیرۆس کە هەموو بەرهەمەکانی باس لە جەنگ و کوشتن و دامانپیسی و تۆقاندن دەکەن[18].

---

١٨- بۆ دەسنیشانکردنی بنەماکانی ڕێچکەی شیعری فێرکردن سوود لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگیراوە:

- الشعر الأغريقي تراثاً إنسانياً و عالمياً، د. أحمد عتمان، ص٧٦- ٩٤.
- هيسيودوس وطبيعة الشعر التعليمي، د. أحمد عتمان، مجلة الشعر، القاهرة، العدد ١٩/ يوليو١٩٨٠، ص٣٩- ٤٥.
- المعجم الأدبی، جبور عبدالنور، ص١٥٠-١٥١،
- Didactic poetry , Encyclopedia Britanica , 1911, Vol.8 , P.204 -210.
- متفكران يونان، تئودور گمپرتس، ت: محمد حسن لطفی، شرکت سهامی انتشارات خوارزمی،چاپخانه نوبهار، تهران١٣٧٥، ص١٣٥٦ ..

## لە ئەدەبی ڕۆمانیدا

شاعیری گەورەی ڕۆمان لۆکریس (٩٨–٥٥ پ. ز) هۆنراوەیەکی بەناوی (لە سروشتی شتەکانەوە) بۆ دەربڕین و قەناعەت پێهێنان و بانگەشەکردن بۆ چەسپاندنی بنەما و ڕەوشتەکانی فەلسەفەی سروشتی نووسیبوو و، لەم هۆنراوەیەدا شاعیر ئیلهامی خۆی لە ئەمپیدۆکلیسی یۆنانی وەرگرتووە و، باسی سیستەمی ئەبیکۆری دەکات[١٩].

هەر لەو سەردەمەدا ڤرجیل (٧٠–١٩پ. ز) هۆنراوەی (دێهاتەکان)ی نووسی بەچەشنێک، کە کەرەستە شیعرییەکانی بوونە هۆی زیادکردنی سەرنجڕاکێشانی خەڵک بۆ جوانی و پێداهەڵدانی ژیانی دێهات و زانیاری لە بارەی کاری بەڕێوەبردنی کێڵگەوە[٢٠]. هەروەها هۆنراوەکانی تری ڤرجیل، کە بەناوی (گۆرانیی شوانان)ەوە بوون، بەشێوازێکی شیعری بەرز باس لە گوند و شوانان دەکات، کە هەموویان مۆرکێکی فێرکارییان پێوە دیارە و، بەوێنەکێشانێکی ستاتیکییەوە جۆر و شێوەکانی ژیانیان دەخاتە ڕوو[٢١]. هۆراس (٦٥–٨ پ. ز) کۆمەڵە هۆنراوەیەکی لە بارەی پەند و ئامۆژگارییەکانەوە نووسیوە و تێیاندا تیۆرییە فەلسەفییەکان شی دەکاتەوە و، دواتر لەگەڵ برادەرێکی خۆی قسە دەکات و باس لە بابەتەکانی بەختەوەری و سوودی دێهاتەکان و یەکسانی دەکات[٢٢]. هەروەها لە نامەیەکیدا کە بۆ (ئۆگۆستس)ی ڕێک خستبوو و، تێیدا کێشەکانی نێوان کۆنەخواز و نوێخوازەکانی ڕۆما چارەسەر دەکات. ئەمە و جگە لە نامە بەناوبانگەکەی کە بۆ ڕۆڵەکانی بیزۆن نووسیبووی و تێیدا باس لە بنەماکانی دانانی دراما دەکات[٢٣].

سەدەی یەکەم تا سەدەی چوارەم لە مێژووی ئەدەبی ڕۆماندا بەسەردەمێکی پاشکەوتوو و تاریک دادەنرێت. بەڵام لە سەدەی چوارەمەوە بەرهەمێکی زۆر و بەپێز

19- Cassell's Encyclopedia of literature , S H Steinberg Cassell ,P. 152.

20- A Glossary of Literary Terms , M. H. Abrams , P. 65.

٢١– الأدب و مذاهبه، د. محمد مندور، مطبعة نهضة مصر، القاهرة ب.ت، ص٢٨.

٢٢– نظرية الأنواع الأدبية، مج١، الأب.سي. فينسان، ص٢٨١.

٢٣– سەرچاوەی پێشوو، ل. ٢٨٣



هاتە کایەوە، کە لە نێوان مەسیحییەت وەکو ئاینێکی نوێ و لە نێوان کەلتوورە دێرینەکانی ڕۆماندا هاوبەش بوو، ئەو بەرهەمانەی، کە هەشبوون لە داهێنان دووربوون و گوزارشتیان لە ژینگەیەکی ئاینی و فێرکاری دەکرد. ئەم بارودۆخە چەندین سەدەی خایاند[٢٤].

## لە ئەدەبی ئینگلیزیدا

لە سەدەی دوازدەمەوە شیعری فێرکردن لە ئەدەبی ئینگلیزیدا بەدی دەکرێت کە بەهۆنراوەی ڕەوشتی دەستی پێ کرد. لە سەدەی سێزدەمدا پەندەکانی ئەلفرید هەبوون، کە جەختیان لەسەر بەردەوامیی نەریتی کەلەپووری خەڵک لە شیعردا دەکردەوە. هەروەها هەندێکی دیکەیان لە بارەی ڕێنماییەکانەوە بوون لە جۆری ئەوەی ئەلکساندەر دەینووسی (کانزا و مێژوو... هتد)[٢٥]. تا سەرەتای سەدەی حەڤدەم، لە نێو ئەدەبی ئینگلیزیدا تێکەڵبوونێک لە نێوان فەلسەفەی گریکی و بیروباوەڕە مەسیحییەکاندا هەبووە، کە کەس پێی نیگەران نەدەبوو، بەڵام دوای توێژینەوەکانی تۆماس هۆبز، پەرەسەندنی تیۆرییە ئەدەبییەکان بەرەو ئاراستەیەکی دەروونی چوو، توانیی پەرە بەچەمکێک لە بارەی عەقڵی ئادەمیزادەوە بدات کە زیاتر لە سەدەیەک لە بیری ئینگلیزیدا مایەوە، ئەویش ئەوە بوو کە هەموو زانیارییەکانمان لە شارەزایی هەستەوەرییەوە دێن... زەمەن و فێرکردن شارەزاییی دروست دەکەن و، لە شارەزاییشەوە بیردانک دروست دەبێت و، لە بیردانکیشەوە هەڵسەنگاندن و بۆچوون دروست دەبن و، لە بۆچوونەکانیشەوە جوانکارییەکانی هۆنراوە پەیدا دەبن[٢٦].

دواتر بۆچوونەکانی جۆن لۆک (١٦٣٢– ١٧٠٤) و ئادیسۆن و دێڤید هاتلی و دێڤید هیوم ڕێگەیان بۆ پەرەسەندنی ڕەخنەی ئەدەبی خۆش کرد، هەرچەند دژایەتییەکی توندیان لەگەڵ شوێنپێکەوتووەکانی ئەفلاتوون لە کۆمبردج پەیدا کرد، ئەم ململانێیە

٢٤– المعجم الأدبي، جبور عبدالنور، ص٥٦٧.

25- Cassell's Encyclopedia of Literature , S. H. Steinberg , P. 153.

٢٦– التصور و الخيال، ر. ل. بريت، موسوعة المصطلح النقدي، مج٢، ت: د. عبدالواحد لؤلؤة، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت، ب.ت، ص١٩٢– ١٩٣ .

لە ئەدەبیشدا ڕەنگی داوەتەوە و ئەوەی زیاتر پەیوەندیی بەشیعری فێرکردنەوە هەبووبێت ئەوە بوو کە لەجیاتی ترس و بەزەیی، ترس و بەرژەوەندی هاتە ئاراوە(٢٧).

لەم سەردەمەشدا چەندین بەرهەمی شیعری فێرکردن بڵاوکراونەتەوە وەکو (هونەری پاراستنی تەندروستی)ی ئارمسترۆنگ لە ١٧٤٤. باخچەی ڕووەکەکانی ئاراسمۆس داروین (١٧٨٩-١٧٩١) کە کۆپلە قارەمانییەکانی لەسەر شێوازی (پۆپ) بوو، بەشی یەکەمی لە بارەی ئابووری کشتوکاڵی و، بەشی دووەمی لە بارەی (ڕازی دارەکان)ەوە(٢٨) بووە. چونکە ئەلکساندەر پۆپ (١٦٨٨- ١٧٤٤) لە شێوازی شیعری جووت بەیتیدا دەستێکی باڵای هەبوو، کە تێیدا جەخت لەسەر فەلسەفە و پەند و هۆشی مرۆڤ دەکردەوە، بەتایبەتی لە کۆمەڵە شیعری (گوتارێک لە بارەی مرۆڤەوە) کە لە ساڵی (١٧١١) دا بڵاو بووبووە(٢٩).

## لە ئەدەبی فەرەنسیدا

هەر لە سەرەتاوە جۆری شیعری فێرکردن لە فەرەنسا بەشێوەیەکی ڕێکوپێک مامەڵەی لەگەڵدا نەکراوە و، بەڕەنگێکی نادروست شی کراوەتەوە(٣٠). چونکە بەرهەمی ئەدەبی (بەپێی پرەنسیپەکانی قوتابخانەی کلاسیزمی فەرەنسی کە لە سەدەی حەڤدەمدا دامەزرابوو) چ شیعر بێت یان پەخشان، دەبووایە ئامانجێکی فێرکردنی هەبێت و، ئەرکی نووسەریش ئەوەبوو کە خەڵک بەرەو چاکە ئاراستە بکات. لەم ڕووەوە جۆرەکانی شیعر بۆ دوو بەش دابەش کرابوون، یەکەمیان داستان و تراژیدیا و کۆمیدیا بوون، بەشی دووەمیش بەشەکانی دیکەی شیعری دەگرتەوە(٣١)، کە بوالۆ لە بەشی دووەم و سێیەمی (هونەری شیعر)دا باس

٢٧- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٩.

28- A Dictionary of Literary Terms , J.- Cuddon , P. 92.

٢٩- المذهب الكلاسيكي و أثره في الشعر الإنكليزي، صالح مهدي الشريدة، مطبعة الزهراء، بغداد١٩٥٢، ص٤٠

٣٠- نظرية الأنواع الأدبية، مج١، الأب سي. فينسان، ص٢٨٠.

٣١- دراسات في الأدب الفرنسي، د. علي درويش، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة ١٩٧٣، ص١٠٨.



دەکات(٣٢). (ئەو نامە شیعرییەی لافۆنتین (١٦٢١- ١٦٩٥) بۆ (هویە)ی نووسیبوو کە تێیدا باس لە لاساییکردنەوەی پێشینان دەکات بەشیعری فێرکردن دادەنرێت(٣٣). هەروەها ئەو پارچە شیعرییەی مۆلییر (١٦٢٢-١٦٧٣) بۆ میگناردی ناردبوو کە تێیدا باس لە جوداوازیی نێوان نیگارکێشانی سەر دیواران و نیگارکێشانی ڕۆنی دەکات دەربڕینێکی ڕاستەقینەی ئەو هونەرەیە(٣٤). کتێبی (هونەری شیعر)ی نیکۆلا بوالۆ (١٦٣١-١٧١١) لە ساڵی (١٦٧٤) لە پاریس بڵاو کراوەتەوە، کە بەرهەمێکی هەرە پێشەنگ و لێهاتووی شیعری فێرکردن بوو لە ئەدەبی فەرەنسیدا، چونکە ئاکارە ڕەوشتییەکانی نووسەران و مەرجە پێویستییەکانی هۆنینەوەی شیعر و جۆری ئەدەبی و ناوەڕۆکەکانیان بەدرێژی تێدا ڕوون کرابووەتەوە(٣٥)، لەم بەرهەمەدا بوالۆ لاساییی هۆراس دەکاتەوە و، هەمان بابەتەکانی ئەو هەڵدەبژێرێت و، داوا لە مەلیک دەکات کە ڕێگەی ئاشتی بگرێتە بەر، هەروەها باس لە ڕێزگرتنی مرۆڤایەتی و، خۆشییەکانی لادێ و خۆشەویستیی خودا دەکات(٣٦). هەروەها لە بارەی ناردنی نامە شیعرییەکانیشی لاسایی هۆراس دەکاتەوە، لەوانە لە نامەیەکیدا کە بۆ (راسین)ی ناردبوو، کێشەی ڕکابەری و دڵڕەشیی نێوان نووسەران چارە دەکات، لە نامەیەکی تردا کە بۆ سینیلی ناردبوو بابەتی ڕاستی و دروستییەکان باس دەکات(٣٧).

دووەم دیوانی دیلیل کە لە ساڵی (١٨٠٨)دا چاپی کردبوو لە بارەی چۆنیەتیی دروستکردنی شەکری ئەمریکییەوە بووە. هەروەها هەردوو شاعیران ڕۆچەر (١٧٤٥- ١٧٩٤) و سان لامبیر (١٧١٦-١٨٠٣) هەر یەکێکیان دیوانە شیعرێکی لەم جۆرەوە دەرکردبوو(٣٨).

٣٢- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٥.

٣٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٣.

٣٤- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٢.

٣٥- المعجم الأدبي، جبور عبدالنور، ص٢٠٠.

٣٦- نظرية الأنواع الأدبية، مج١، الأب سي. فينسان، ص٢٨١.

٣٧- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٣.

٣٨- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٦.

لە سەدەی هەژدەیەمدا شیعری فێرکردن بەرەو شیعری مەتەڵ و هەڵهێنان دەچوو، لەوانە لاموانیۆ (١٦١٧-١٦٧٧) شیعرێکی لە بارەی بنەماکانی ڕاوە ماسی بەقولاب دانابوو. هەروەها فۆنتان (١٧٥٧-١٨٣١) شیعرێکی لە بارەی چۆنیەتیی دروستکردنی شەرابی سێو لە هەرێمی نۆرماندی نووسی[٣٩]. ڤیکتۆر هۆگۆ لە شیعرێکیدا کە مەزنی گەردوون دەردەخات و، گفتوگۆیەک لە نێوان ستێرەکاندا دروست دەکات و ئینسان وا بچووک پیشان دەدات کە خەریکە لەسەر گۆی زەوی ون ببێت، دواتر ستێرەی کەیوان بەخۆباییەوە قسە لەگەڵ گۆی زەوی دەکات. زانای گەورەی فەرەنسا لە سەدەی نۆزدەیەمدا ف. ئەرەگۆ (١٧٨٦-١٨٥٣) ئەو بیر و بۆچوونانە دووبارە دەکاتەوە بەڵام بەشێوەیەکی جیاواز، چونکە دوور لە درێژدادڕی ژمارەی لەجیاتی وێنەی شیعری و، زمانی پەخشانی لەجیاتی زمانی شیعری بەکار هێناوە[٤٠]، ئەمەش جوانترین پەیوەندیی لە نێوان شیعری فێرکردن و زانستدا دەخاتە ڕوو، لە هەمان کاتیشدا هەر یەکێکیان تایبەتمەندییەکانی خۆی پاراستووە.

## لە ئەدەبی هیندیدا

هیندییەکان زۆربەی زانیاری و زانستە پراکتیزەکانیان بەشێوەی شیعری فێرکردن هۆنیوەتەوە، بۆیە ئەبوڕەیحان بیرۆنی (٩٧٣-١٠٤٨) ڕەخنەیان لێ دەگرێت کە میتۆدی زانستییان نەبووە و نەیانتوانیوە خۆ لە هزرە پڕوپووچەکان ڕزگار بکەن[٤١]. هەروەها بیرۆنی بەراوردێک لە نێوان هزرکردنەوەی هیندی و هزرکردنەوەی یۆنانیدا دەکات و، ئەوە دەسەلمێنێت کە یۆنانییەکان وردتر و گەڕناستر بوونە و فەیلەسووفەکانیان ئەرکی ڤەوژاردن و پاککردنەوەی بیرە زانستییەکانیان لە ئەستۆ گرتبوو و بەجورئەتەوە بۆچوونە چەوت و هەڵەکانیان ڕەت دەکردەوە[٤٢].

هیندییەکان لە هۆنینەوەی زانستەکاندا زیاتر پەنایان بۆ ئەندێشە دەبرد، وەکو

٣٩- نظرية الانواع الادبية، مج/١، الاب.س. فينسان، ل٢٨٣.

٤٠- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٠.

٤١- حول الشعر التعليمي، د. صالح آدم بيلو، ص٢٠٧.

٤٢- الأدب الفارسي في العصر الغزنوي، د. علي الشابي، المطبعة الرسمية للجمهورية التونسية، تونس ١٩٥٥، ص٣٠٢.



بیرکاری و ستێرناسی کە هەموو جارێ ئەنجامەکانیان ڕاست و دروست نابن و، بەڵکو لە تایبەتمەندییەکانەوە دوور دەکەونەوە بەهۆی دەرچوونیان لە بنەما و دەستوورە زانستییەکان ئەویش لە پێناو ڕێکخستن و پەیڕەوکردنی کێش و سەروادا کە لە شیعری فێرکردندا پێویستە[٤٣]. مەها بەهاراتا داستانێکی هیندییە و لە دانانی کۆمەڵە کەسێکە و لەوانەیە لە دانانی یەک کەس بێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە هەموو لایەنەکانی پەیوەندییان بەژیانی هیندستانی دێرینەوە هەیە لە قانوون و ڕینماییەکان و دابونەریت و ئەفسانە... لە خۆ دەگرێت. لە سەدەی سێیەمی پێش زاینەوە ئەم شێوەیەی ئیستای وەرگرتووە. هەروەها هۆنراوەی ڕامایانا کە مێژووی دانانی نازانرێت، بەڵام لە سەدەی پێنجەمی پێش زاینەوە ڤالمیکی سەرلەنوێ دای ڕشتووەتەوە و بابەتەکەی خۆشەویستییە، بەڵام چەندین ڕووداوی مێژوویی، ئامۆژگاریی ڕەوشتیی و ڕازە باوەڕپێکراوی ئینسانی تێدایە، بۆیە کتێبەکە کاریگەریی خۆی لە مێشک و هونەرەکانی هیندستاندا هەبووە[٤٤]، بەرهەمەکانی کالیداسا لە بارەی وەرزەکانی ساڵ و هەروەها بهارڤی و، ماگاو، کلهانا... کە بەرهەمەکانیان زیاتر لایەنە فەلسەفی و مێژووییەکان لە خۆ دەگرن[٤٥]. فەلسەفەی هیندی لە ڕێگەی شیعرەوە فێر دەکرا، وەک ئەوەی سانکارا چاریا بەشێوەیەکی جیاواز لە سەدەی سێیەم تا سەدەی نۆیەم تۆمار کراوە[٤٦].

چیرۆکە شیعرییە فێرکردنەکان لە ئەدەبی هیندیدا، پانتاییەکی فراوانیان داگیر کردووە و هۆی سەرەکیی ئەمەش بۆ خۆنەبەستنەوەیان بەکۆت و بەندە هونەری و کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە و جگە لە جوانیی سروشت کە ئەندێشەی شاعیر فراوانتر دەکات و، سوود وەرگرتنی شاعیران لە دابونەریتە دەوڵەمەندەکەی کۆمەڵەکەیان خورتتر دەکات. سەرەڕای ئەوەش دوو هۆکاری تری سەرەکی هەبوونە کە چیرۆکە شیعرییە فێرکردنییەکانیان ئاستێکی باش و سەرکەوتوویان هەبووبێت

٤٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٩.

٤٤- المعجم الأدبي، جبور عبدالنور، ص٥٨٧.

٤٥- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨٣. / هەروەها بڕوانە: قصة الأدب في العالم، تصنيف أحمد أمين - زكي نجيب محمود، مطبعة لجنة التأليف و الترجمة والنشر، القاهرة ١٩٤٣، ص٥٢ .

46- Cassell's Encyclopedia of Literature, S. H. Steinberg Cassell , P. 153.4

ئەویش ئازادیی شاعیر لە هەڵبژاردنی بابەتەکەی و هاندانی میر و پادشاکانیان بۆ پەرەسەندنی ئەم جۆرە ئەدەبە، بەبێ ئەوەی دەست بخەنە نێو بابەتەکەوە[٤٧].

## لە ئەدەبی فارسیدا

سەرەتای شیعری فارسی بۆ سەدەی نۆیەمی زاینی دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی ئەدەبی فارسی کۆئەنجامی ڕەنج و داهێنانی گەلی فارس و چەندین وڵاتی دیکەی هاوسنوورییانە، وەکو (کوردستان و، قەفقاس و، تورکستان و، بامیر و، ئەفغانستان و، پاکستان و، تەنانەت هەندێک لە خەڵکی هیندستانیش بەتایبەتی لە ڕاجەستان و کشمیر کە ڕاز و نیازیان بەفارسی دەردەبڕن)، دروستبوونی ئەدەبی فارسی حاڵەتێکی هەرەوەزیی نیمچە جیهانگیری پێوە دیارە، بەڵام خاسیەتە گشتی و سەرەکییەکانی نەگۆڕن و مۆرکێکی ڕەسەنی هەیە، بۆیە لە بنەڕەتدا ئەدەبی کۆمەڵێکی دەرەبەگایەتییە و، بەرهەمی هەڵبژاردەیەکی ڕۆشنبیرە، کە داهێنانیان لە هەموو جۆرە ئەدەبییەکاندا کردووە[٤٨]. لە بارەی شیعری تەعلیمی کە شیعری فێرکردنە و بابەتەکانی لە بارەی چاکە و خێرە نموونەی زۆرن وەکو (بوستان)ی سەعدی (١١٩٣-١٢٩٢) و (حەدیقە)ی سەنائی (... - ١١٥٤)ک و (مخزن الاسرار)ی نیزامی (١١٤٢-١٢٠٣) و (جام جم)ی ئەوحەدی... کە هەموویان بەشیعری فێرکردن دادەنرێن[٤٩] جگە لە (حدیقە الحقیقە)، سەنائی دوو کتێبی دیکەی شیعری فێرکاریی هەبوونە، کە یەکەمیان (کارنامە) بووە و، ئەوی دیکەش (عقل نامە) بووە[٥٠]. هەروەها پێشتر ڕودەکی (کەلیلە و دەمنە)ی بەشیعر کردووەتە فارسی[٥١]. کەسایی مەروزی (٣٤١-٣٩١) چەندین هۆنراوەی کورتی پڕ ناوەڕۆکی

٤٧- الظواهر الأدبية في العصر الصفوي، د. محمد السعيد عبدالمؤمن، القاهرة ١٩٧٨، ص٢٥٤ .

٤٨- المعجم الأدبي، جبور عبدالنور، ص٥١٧- ٥١٨ .

٤٩- رودكى و منوچهرى، د. إسماعيل حاكمى، ص١٠ .

٥٠- تاريخ الأدب في ايران من الفردوسي الى السعدي، أدوارد جرانفيل براون، ت: د. إبراهيم أمين الشواربي، مكتبة الثقافة الدينية، القاهرة٢٠٠٤، ص٣٩٦ .

٥١- سەرچاوەی پێشوو، ٢٨./ هەروەها بڕوانە: فنون شعر فارسى، دكتر اسعاد عبدالهادى قنديل، ت:فاطمه سو هانفكر، موسسه علمى انديشه جوان، تهران١٣٦٥ .ص٨٣.





لە بارەی شیعری فێرکردنەوە هەیە[٥٢].

لە سەردەمی دەوڵەتی سەفەویدا لە سەرەتای سەدەی شازدەوە تا کۆتاییی سەدەی نۆزدە، شیعری فێرکردن لە ئاستێکی پێشەنگدا بوو، ئەمەش بۆ دوو هۆی سەرەکی دەگەڕێتەوە، یەکەمیان: بەپێی ئاراستەکردنی پادشاکانی وڵات بووە کە شاعیران لە بڵاوکردنەوەی ئاینزای شیعەگەرایی یارمەتیی پیاوانی ئاینی بدەن و، دووەمیان: حەز و ئارەزووی شاعیران بۆ چاکسازی بوو، چونکە کۆمەڵگەکەیان لە حاڵەتێکی پاشکەوتوو و گەندەڵیدا دەژیا. شیعری فێرکردنیش لەو سەردەمەدا لە دوو شێوەدا دەردەکەوت لەوانە لە مەنزوومە جووت بەیتەکاندا کە شێوەیەکی ئاسایی و باو بوو و ئەوی تریش لە ڕێگەی ڕێکخستنەوەی پەندەکان لە نێو هەڵبەست و غەزەلەکاندا کە داهێنان و نوێخوازییان پێوە دیاربوو و، بەناوبانگترین شاعیری ڕێکخەری مەنزومانیش بەهائەدین محەمەد عاملی بوو کە سێ مەنزوومەی بەناوی (نان و حەلوا) و (شیر و شەکر) و (نان و پەنیر)[٥٣] داناوە. هەروەها وەحشیی بافقی چەندین مەنزوومەی داناوە[٥٤] و، شاعیرانی تر وەکو فەیزیی دکنی و نەوعیی خەپووشانی. جگە لە چیرۆکە شیعرە فێرکارییەکان، چەندین شاعیری دیکەش ئەم جۆرە شیعرەیان بەشێوەی هۆنراوەی کورتی پڕ پەند و حیکمەت هۆنیوەتەوە، وەکو عورفیی شیرازی و، میر ڕەزا، نەزیریی نیشاپوری و، تالیب ئامولی و، سائیب تەبریزی و، شەوکەت بوخارائی و، ئەبو تالیب کەلیم و، موحتەشەم کاشانی و زەهوری و.... ئەوەی زیاتر لە هەموویان ئەم جۆرە شیعرە لە نێو دیوانەکانیدا دەبینرێت (سائیب تەبریزی)یە، کە وەکو قوتابخانەیەکی شیعری بەدی دەکرێت کە بنەما و پرەنسیپە گشتییەکانی بۆ دانابوو و، لە گشت بابەتە فێرکارییەکاندا بەرهەمی هەبووە[٥٥].

٥٢- كسايى مروزى و شعر و زندگى او، د. نصرالله إمامي، انتشارات جام، تهران ١٣٧٤، ل٢٤.

٥٣- الظواهر الأدبية في العصر الصفوي، د. محمد السعيد عبدالمؤمن،ص٢٣٢ .

٥٤- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٢.

٥٥- الظواهر الادبية في العصر الصفوي، د. محمد السعيد عبدالمؤمن، ل٢٧٩ .

## له ئەدەبی تورکیدا

له دوای لەشکرکێشیی مەغوولەکان و سەرکەوتنە سەربازییەکانیان لە ئێران و ئەنادۆڵ و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، شێوە زاری پەلامارداران کە (ئوغوزی) بوو لە ژێر کاریگەریی زمانانی ناوچەکە بەتایبەتی عەرەبی و فارسی پەرەی سەند و بەرهەمی گەورەشی لە هەموو جۆرە ئەدەبییەکان پێ نووسرایەوە. شاکاری یوسف خاس حاجیب بلاساغونی بەناوونیشانی (قوتادغو بیلیک – زانستی بەختەوەری) کە لە ساڵی (١٠٧٠ ز) و بەڕێنووسی عەرەبی و دەستخەتی ئویغوری لە شاری کاشغەر – ئەنادۆڵ بۆ سوڵتان بەغراخان حەسەن کوڕی سلێمان ئەرسەلان نووسیبووی و تێیدا پەندەکانی ژیان بۆ میر و پادشاکان ڕوون کرابوونەوە هەر بۆیەش یوسف شیعرەکەی بەنێوی زانستی بەختەوەری ناو نابوو و بنەما هزرییەکانیشی بەپێی بۆچوونە فەلسەفییەکانی ئیبن سینا داڕشتبوو. کێشە شیعرییەکانیشی لە عەرووزی عەرەبییەوە وەرگرتبوو. ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانیشی لەسەر زاری هەندێک کەسایەتییە ڕەمزییەکان دەردەبڕین کە خۆی دروستی کردبوون و هەر یەکێکیان نوێنەرایەتیی لایەنێکی ژیانی دەوروبەری دەکرد بۆ نموونە یەکێکیان دادپەروەری و ئەوەی تر بەختەوەری..... هتد[٥٦].

دواتر شاعیری تورکی ئەدیب ئەحمەد کوڕی مەحمەدی یۆغیناکی هەر بەڕێنووسی عەرەبی دیوانێکی بەنێو (هەیبەتی ڕاستییەکان) هۆنیوەتەوە کە لە شیعرێکی فێرکاریی درێژ پێک دەهات و، بەدیاری پێشکەشی سپاهسالاری فەرمانڕەوایی ویلایەتی سەمەرقەندی کردبوو. ئەمەش وەکو (قوتادغو بیلیک)ی یوسف، شیعرێکی فێرکردن بوو، بەڵام باسی لە ڕەوشتی خراپ دەکرد و نموونەکانی لە بارەی نەزانین و چاوچنۆکی و بوختانەوە بووە و بەرانبەریان باس لە ڕەوشتی باش دەکات کە نموونەکانی لە بارەی سوودی ڕۆشنبیری و زانین و دلێری و مەردایەتی دێنێتەوە. ئەم شیعرەش لەسەر کێشە عەرووزییەکانی عەرەبی و بەشێوەی چوارینە شیعرییەکان هۆنیوەتەوە.

٥٦- قصائد مختارة من الشعر التركي المعاصر، ت: عبداللطيف بندر أوغلو، منشورات وزارة الثقافة، بغداد١٩٧٨، ص١٩ .



جگە لەم هەردوو دیوانەی سەرەوە، بەناوبانگترین بەرهەمی ئەو سەردەمە دیوانی شاعیری گەورەی تورک ئەحمەد یەسەوی بووە کە لە ساڵی (١١٦٦ ز) کۆچی دوایی کردووە و بەنێوی (دیوانی پەند) و، تێیدا گازندە و گلەییەکانی لە دنیا دەکات و چەندین دیمەن لە بارەی بەهەشت و دۆزەخ و ستایشی پێغەمبەر و ڕێنماییە ئاینی و ڕەوشتییەکانەوە دەخاتە ڕوو، بەڵام ئەم دیوانە بەپێچەوانەی هەردوو دیوانی دیکەی یوسف و ئەدیب، ئەحمەد یەسەوی بەکێشی هیجای تورکی و بەزاراوەی خاقانی هۆنیوەتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت بەئاسانی ڕێنماییە سۆفیگەراییەکانی ڕێبازی یەسەوی لە نێو خەڵکدا بڵاو بکاتەوە[٥٧].

لە دوای ئەم سێ شاعیرە، لە سەدەی سێزدەی زاینییەوە کەشێکی گونجاو بۆ دروستبوونی ئەدەبێکی کلاسیکی (دیوان) لە ژێر کاریگەریی شارستانییەتی ئیسلامی فەراهەم بوو، بۆیە زۆربەی مێژوونووسانی ئەدەبی ئەم قۆناغە لە نێوان سەدەی دەیەم و ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم دادەنێن ئەویش بەدەرچوونی گولخانە خەتی یان (فەرمانی تەنزیمات) لە ٣ی تشرینی دووەمی ١٨٣٩ کە بەیەکەم ڕێککەری قانونی نوێ دادەنرێت، ئامانج لە دەرکردنی ئەم فەرمانەش بۆ ئەنجامدانی چاکسازییەکان بوو لە نێو دەوڵەتی عوسمانیدا بۆ ئەوەی بەرێڕەوی شارستانییەتی ئەوروپایی ڕابگات. چەمکەکانی لە نێو ئەم فەرمانەدا هاتبوون بوونە هۆی ئەوە کە ڕاستەوخۆ لە ژیانی ئەدەبی و ڕۆشنبیریدا ڕەنگ بدەنەوە و ڕێبازێکی ئەدەبییش بەناوی ئەدەبی تەنزیمات دروست ببێت بەتایبەتی کە لە ساڵی (١٨٦٠) شناسی ڕۆژنامەیەکی ئەدەبیی بەنێو (ترجمان الاحوال) دەرکرد و بووە ئۆرگانی تەوژمێکی ئەدەبی نوێی کاریگەر بەرۆشنبیریی ئەوروپایی تا ساڵی (١٨٩٥) بەردەوام بوو[٥٨]. شاعیرەکانی سەر بەم تەوژمە وەکو شناسی، زیا پاشا، نامق کەمال، ئەحمەد مەدحەت ئەفەندی، ڕەجائی زادە ئەکرەم، عەبدلحەق حامید، سامی پاشا زادە سزائی.... هەوڵیان دەدا شیعر بکەنە ئامرازێک کە لە خزمەتی کێشەکانی مرۆڤ و

٥٧- قصائد مختارة من الشعر التركي المعاصر، ص١٨ .

٥٨- إشارات أولية في الشعر التركي، عبداللطيف بندر اوغلو، منشورات دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٨٣،ص٤٣ .

کۆمەڵدا بێت، ئەم بۆچوونانەش زیاتر لە چینی مامناوەندیی کۆمەڵەوە بەسترا بوو بەپێچەوانەی ئەدەبی دیوان کە زیاتر سەر بەچینی باڵا و دەسەڵاتەوە بوو.

دواتر گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە بواری ئەدەبیدا بەگشتی و لە شیعردا بەتایبەتی دروست بوون و چەندین تەوژمی نوێ هاتنە نێو گۆڕەپانی شیعر وەکو تەوژمی فەجری ئاتی (١٩٠١ – ١٩٠٨)، تەوژمی ئەدەبی نەتەوەیی (١٩٠٨ – ١٩٢٣)، تەوژمی ئەدەبی جەمهوری (١٩٢٣)[٥٩]. ئەم تەوژمە نوێیانە هەموویان لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە نزیک بوون و لە ڕێگای ئەو دەقە شیعرییانەی کە هەوڵی ئاراستەکردنی خەڵک و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیرییان دەدا ڕۆڵێکی کاریگەریان لە گۆڕانکارییەکانیشدا هەبوو. سەرەڕای ئەوە کە بوونە پردێکیش لە نێوان پێشکەوتنە ئەدەبی و هزرییەکانی ئەوروپا و گەلێک لە میللەتانی تری ڕۆژهەڵاتدا لەوانە کورد.

### لە ئەدەبی عەرەبیدا

تا ئێستا ڕێککەوتنێکی هاوبەش لە نێوان مێژوونووسانی ئەدەب و ڕەخنەگرانی عەرەبدا نییە، کە زەمەن و چۆنیەتیی پەیدابوونی هونەری شیعری فێرکردن یەکلایی بکەنەوە و، لەم بارەوە سێ بۆچوونی جیاواز هەن بۆ سێ سەردەمی جیا جیای دەگەڕێننەوە:

١– لە سەردەمی پێش ئیسلامەوە عەرەب ئەم هونەرە شیعرییەی زانیوە و، داهێنانی لە چەندین لایەنیدا کردووە وەکو ئەو شیعرانەی لە بارەی تۆمارکردنی ڕووداوە مێژووییەکانەوە هۆنیوەتەوە لەوانە ئومەیە بن ئەبی لسەڵت و عودەی بنو زەید... هەروەها شیعر لە بارەی زانست و پیشە و هونەرەکانیش کە (ئەخنەس بن شەهاب) دەستێکی باڵای لەم داهێنانەدا هەبووە و، زوهێر بن ئەبی سەلما لە بارەی ڕەوشتەوە شیعری زۆری داناوە[٦٠].

٢– لە سەردەمی دەوڵەتی ئەمەویدا، لایەنگرانی ئەم بۆچوونە لەو باوەڕەدانە، کە

٥٩– اشارات أولية في الشعر التركي، عبداللطيف بندر اوغلو، ص٤٩ .

٦٠– حول الشعر التعليمي، د. صالح آدم بيلو، ص٢٠٧ .



شیعری فێرکردن هونەرێکی عەرەبی ڕەسەنە و لە کۆتاییی دەوڵەتی ئەمەویدا پەرەی سەندووە و بەئەرجووزەی ناو دەبەن و بەناوبانگترین داهێنەرەکانی ڕوئبە و عەجاج بوونە[٦١].

٣– لە سەردەمی دەوڵەتی عەباسیدا، کە لە ژێر کاریگەریی ڕۆشنبیریی هیندستاندا لە ڕێگەی ئەدەبی فارسییەوە هاتووەتە نێو ئەدەبی عەرەبی، بەڵام بۆچوونێکی تر ئەم کاریگەرییە بۆ ڕۆشنبیریی یۆنانی دەگەڕێنێتەوە[٦٢].

لەگەڵ ئەوەشدا بۆچوونێکی تریش هەیە دەڵێت کە ئەبان بن عەبدولحەمید ئەللاحیقی دامەزرێنەری ئەم هونەرەیە[٦٣]، کە چەندین بەرهەمی زانستی بەشیعر داناوە، لەوانە: کتێبی کەلیلە و دیمنەی لە چواردە هەزار دێڕە شیعردا هۆنیوەتەوە، بابەتە فیلۆلۆژییەکانی پەیوەندار بەمژارەکانی ڕۆژووگرتن و زەکاتەوە، ژیاننامەی ئەردەشێر و ئەنوشێروان، هۆنراوەی (ذات الحلل) لە بارەی دەستپێکی ئەفراندن و هەندێک مەسەلە لۆژیکیشی خستوونەتە نێویەوە[٦٤]. دواتر ئەم هونەرە شیعرییە لە لایەن چەندین شاعیری تری عەرەبەوە گەشەی کرد وەکو عەلی بنو ئەلجەهم و، ئیبن ئەلموعتەز و، ئیبن دورەید[٦٥]... بەڕەنگێکی گشتی لە سەردەمی عەباسیدا شیعر وەکو ئامرازێک بۆ ئەزبەرکردنی زانستەکان بەکار دەهات[٦٦].

٦١– التطور والتجديد في الشعر الأموي، د. شوقي ضيف، ط٢، دار المعارف بمصر، القاهرة ١٩٥٩، ص٣٥٢ .

٦٢– حول الشعر التعليمي، د. صالح آدم بيلو، ص٢٠٧ .

٦٣– حديث الأربعاء، طه حسين، ج٢، مطابع دار المعارف بمصر، القاهرة ١٩٧٤، ص٢٢. / بەڵام (د. صالح آدم بيلو) لە بەشی یەکەمی باسەکەیدا (حول الشعر التعليمي – ١–) کە لە (مجلة الجامعة الإسلامية في المدينة المنورة – العدد٥٢)دا بڵاو کرابووەوە، ئەم بۆچوونەی (طه حسين) بەچەواشەیی دەگوازێتەوە و دەقەکەی لە (... پێشەوای گرووپێکی فرە ترسناکی نازمەکان بوو..) دەکاتە (.. پێشەوای گرووپێکی مەزنی نازمەکان بوو...) ئەم گۆڕانکارییەش ئەبان لە کابرایەکی ڕۆخێنەری نەفرەتلێکراو لە ئەدەبی عەرەبیدا دەکاتە شاعیرێکی بەرزی داهێنەر.

٦٤– تأريخ الأدب العربي في العصر العباسي الثاني، د. شوقي ضيف، ط٢، دار المعارف بمصر، القاهرة ١٩٧٥، ص٢٤٦ .

٦٥– سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٧.

٦٦– المعجم الأدبي، جبور عبدالنور، ص٤٥٦.

شیعری فێرکردن لە مێژووی ئەدەبی عەرەبیدا هەر لە گەشەکردندا بووە، ژمارەی ئەو شاعیرانەی ئەم ڕێچکەیان دەگرتە بەر، یانیش هەندێک لە بەرهەمەکانیان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان دەکرد تا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمیش هەر لە زیادبووندا بوو[٦٧] وەکو مەعرووف ڕەسافی و، جەمیل سدقی زەهاوی... هتد.

ئەم گەشەکردنەی هونەری شیعری فێرکردن لە لایەن هەندێک نووسەر و مێژوونوسانی ئەدەبی عەرەبییەوە بە خاڵێکی لاواز لە قەڵەم دراوە و، بەهونەرێکی شیعری دانانێن، تەنانەت هەندێکیان بەچالاکییەکی نائەدەبیشی دادەنێن[٦٨].

جگە لەم چەند نموونەیەی سەرەوە، کە وەکو بەڵگەی سەلمێنراو دەستنیشان کران، هونەری شیعری فێرکردن لە نێو ئەدەبی گەلانی تریشدا شوێن و پێگەی خۆی هەیە، بەتایبەتی " هیچ میللەتێک نییە کە لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی مێژووی ئەدەبییەکەیدا، شیعری فێرکردنی لە لا نەگەشابێتەوە و، بەشانازییەوە گرنگی پێ نەدابێت و شاکاری بەرچاویشی لەم جۆرە شیعرەدا نەبووبێت... وەکو لە ئەدەبی ئەڵمانی، ئەسپانی و... ئەوانی دیکەش هەموویان شیعری فێرکردنیان هەبووە"[٦٩].

بەڵام ئەوەی لە میانی ئەزموونی ئەدەبیاتی گشت گەلاندا بەدی دەکرێت ئەوەیە کە دوو بۆچوون هەن:

١- لە نێو ئەدەبی وڵاتە ڕۆژهەڵاتییەکاندا، زیاتر جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە ئەم هونەرە شیعرییە بەهایەکی ئەدەبیی نییە، بەتایبەتی لە سەردەمی شارستانییە پێشکەوتووەکاندا، بەڵام بەهایەکەی لەو سەردەمانەدا دەردەکەوێت کە زانست لە ئاستێکی لاوازدایە و، شارستانییەکەیشی هەژارە و بەدەستی نەخوێندەوارییەوە دەناڵێنێت و، کارێکی ستەمە زانست و ئەدەبیاتی تێدا تۆمار بکرێن... بۆیە لەو سەردەمانەدا شیعری فێرکردن بەکەڵک دێت و سوودمەندە، چونکە بەئاسانی ئەزبەر دەکرێت.

٦٧- دراسات في الشعر العربي المعاصر، د. شوقي ضيف، ص٧٢.

٦٨- تأريخ الأدب العربي في العراق، عباس العزاوي، دار الشؤون الثقافية، بغداد ٢٠٠١، ص٣٠٥. / هەروەها بڕوانە: تأريخ الأدب العربي، ج١، عمر فروخ، ص٤٩. / هەروەها الأدب و فنونه، د. عزالدين إسماعيل، ص١٤٨.

٦٩- المصطلح في الأدب الغربي، د. ناصر الحاني، ص٤٠ .



٢- بۆچوونێکی تر هەیە، کە پتر لە نێو ئەدەبی وڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا باوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە شیعری فێرکردن لە ڕووی شێواز و ناوەڕۆک و ڕوخسارەوە هەموو خەسڵەت و سیماکانی شیعری تێدایە، بەڵام بەپێچەوانەی هەموو جۆرەکانی دیکەوە بۆ مەبەستی فێرکردن تەرخان دەکرێت و بەو نیازە ئامادە و بڵاو دەکرێتەوە کە ئاستی ڕۆشنبیریی جەماوەر بەرز بکاتەوە و، نامەیەکی هۆشیارکردنەوەی پێیە و، لە پێناو کاریگەرکردنی ئەم ئەرکەدا لایەنەکانی چیرۆک گێڕانەوە و وەسفکردن و، دەستەواژەی هەست بزوێن و وێنەی شیعریش بەکار دێنێت، چونکە مەبەستە سەرەکییەکەی هەر بۆ ئاسانکردنی بڕگەکانی زانستە یانیش بۆن خۆشکردنی وشکاتیی ئامۆژگارییەکانە.

جگە لەم جیاوازییانەی سەرەوە خاڵێکی هەرە گرنگی هاوبەشیان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە لە هەردوو حاڵەتدا شیعری فێرکردنی بەرز هەیە و شیعری فێرکردنی نزم هەیە. شیعری فێرکردنی بەرز شان بەشانی هەموو جۆرەکانی دیکەی شیعرییەوە جێگەی خۆی گرتووە. بەڵام شیعری فێرکردنی نزم هەیە کە بەدەگمەن تایبەتمەندییە شیعرییەکان لە خۆ دەگرێت. ئەم جیاکردنەوەیەش یەکێکە لە ئامانجەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، کە یەکلاییکردنەوەی ئەم هەردوو حاڵەتەی لە نێو شیعری فێرکردنی کوردی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا لە ئەستۆ گرتووە.

## باسی سێیەم

شیعری فێرکردن لە نێوان ئەدەب و زانستدا

زانست لەو خاڵە دەست پێ دەکات کە شیعر لێی بەکۆتا دێت و، هەر خاڵێک زانست پێی دەگات و کاری تێدا دەکات شیعر بەجێی دێڵێت و بەرەو پێشەوەتر دەڕوات. لە نێو ئەم هاوکێشە جەدەلییەدا پەیوەندییەکی هاوبەشی تێکهەڵکێشکراو لە نێوان شیعر و زانستدا دروست دەبێت کە زۆرجار بەپێی سەرەداوە ڕێ ڕۆشنکەرەوەکانی شیعردا زانست شتە باس لێکراوەکان دەسەلمێنێت و، بەپێچەوانەوەش زۆرجار لە پرەنسیپەکانی زانستەوە شیعر داهێنان دەکات. چۆنیەتیی پەیدابوونی شیعر و نهێنییەکانی لەگەڵ زانستدا، کێشەیەکی ئاڵۆزە و چەندین سەدەیە مێشکی بیرمەند و زانایانی ماندوو کردووە.

ئەفلاتوون (٤٢٨ – ٣٤٨ پ. ز) یەکەم فەیلەسووف بووە، کە لە نێو شیکردنەوە هزرییەکانیدا هەوڵی سەلماندنی ئەوەی داوە، کە دەبێت شیعر خۆ لە لاساییکردنەوە دوور بخاتەوە و تەنیا ستایشی خواوەند و خەڵکە باشەکان بکات[١] چونکە لەو باوەڕەدا بوو، کە " شیعر هونەرێک یان پیشەیەک نییە کە فێر بکرێت، بەڵکو جۆرێکە لە ڕازی خودایی، هەروەکو لە گفتوگۆی (ئایۆن)دا دەڵێت: شاعیر بوونەوەرێکی ڕوح سووک و باڵدار و پیرۆزە، لە ڕێگەی سرووشەوە ئاخاوتنی بۆ دێت... "[٢]. بەڵام ئەرستۆ (٣٨٤ –٣٢٢ پ. ز) لەگەڵ ڕەوتی فێرکاری و ڕەوشتی نەبووە، لە شیعردا، پێی وابوو، شاعیر بەلاساییکردنەوە شاعیرە، نەک بەپەیڕەوکردنی کێش، بۆیە ڕەخنە لەو بۆچوونانە دەگرێت کە بەپێچەوانەی ئەو بیرکردنەوەیە کە " شیعر بەو کێشە دەبەستنەوە کە پێی نووسراوە، بۆ نموونە بەهەندێکیان دەڵێن شاعیری لاواندنەوەو بەهەندێکی دیکە دەڵێن شاعیری داستانی. کە پێیان دەڵێن شاعیر لەبەرئەوە نییە کە

١– فن الشعر، د. إحسان عباس، دار الشروق للنشر والتوزيع، ط٤، عمان ١٩٨٧، ص١٣٨ .

٢– التصور والخيال، ر. ل. بريت، ص١٨٩ .



لاسایی دەکەنەوە، بەڵکو بەبێ جیاوازی، لەبەرئەوەیە کە کێش بەکار دێنن، چونکە وا باوە تەنانەت ئەوانەی بەرهەمی پزیشکی و زانستیش بەشیعر دەنووسن هەر پێیان دەگوترێ شاعیر"[٣]. لەگەڵ ئەوەشدا ئەرستۆ بەراوردێک لە نێوان هۆمیرۆس و ئەمپیدۆکلیسدا[٤] دەکات و لەم بارەوەش دەڵێت: هۆمیرۆس و ئەمپیدۆکلیس جگە لە کێش هیچ شتێک بەیەکەوەیان کۆ ناکاتەوە، هەر بۆیە لە کاتێکدا دروستە بەهۆمیرۆس بگوترێت شاعیر، چاکتر وایە بەئەمپیدۆکلیس بگوترێ فەیلەسووف، نەک شاعیر[٥].

هەرچەندە دوو هۆنراوەی بەکێشی شەش پێیی هەیە و باسێکیشی لە بارەی (سرووشت) و (پاکبوونەوە) نووسیوە، بەڵام ئەرستۆ بەشتێکی ڕەوا نابینێت بەرهەمە کێشدارەکانی بەشیعر دابنرێن، چونکە مەرجی لاساییکردنەوەیان تێدا نییە. هەرچەندە ڕاستەوخۆ باسی شیعری فێرکردن ناکات، بەڵام بەوردی ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم جۆرە شیعرە شایستەی گرنگی پێدان و شیکردنەوە نییە و، هەر ئەوەندە بەرگری لە شیعر دەکات کە لە ڕووی سوودە فێرکارییەکانییەوە لە مێژوو چاکتر و داهێنانەترە[٦].

لە دوای ڕمانی ئیمپراتۆریەتی یۆنانستان و زاڵبوونی ڕۆمانەکان لە ساڵی (١٤٦ پ. ز) بەزەقی لە نێو هونەرەکانی ئەدەبدا هەست بەڕەوتی فێرکاری دەکرێت، لەم بوارەدا هۆراس (٦٥– ٨ پ. ز) دەڵێت: "مەبەستی شاعیران یان سوود بەخشینە یاخود لەزەت پێگەیاندنە یان لە یەک کاتدا ئارەزوو بزواندن و لێکدانەوەی پەندەکانی

٣– هونەری شیعر، ئەرستۆ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزی و پێشەکی و پەراوێزی عەزیز گەردی، چاپخانەی گەنج، سلێمانی ٢٠٠٤، ل١٦.

٤– هۆمیرۆس (ناوەڕاستی سەدەی نۆیەمی پ. ز) جگە لەوەی کە هەردوو داستانەکەی (ئەلیازە) و (ئۆدیسە) بەسەرەتای ئەدەبی یۆنانی دادەنرێت، لە هەمان کاتیشدا دوو شاکاری هەرە گەورەی ئەدەبی جیهانین (المعجم الأدبي، ص٦١٨). ئەمپیدۆکلیس (٤٩٣– ٤٣٣ پ. ز) فەیلەسووف و زانا و شاعیر و دواندەر و پزیشک و پیاوی ئاینی و دەوڵەت بووە.(هونەری شیعر، ئەرستۆ، ل١٢٢).

٥– هونەری شیعر، ئەرستۆ، ل١٦.

٦– فن الشعر، د. إحسان عباس، ص١٤٠.

ژیانە. ئەگەر بتەوێ سوود ببەخشیت شت بەکورتی بڵێ، تا مێشکی خەڵکی بەخێرایی و ئاسانی قسەکانت وەربگرێت و بەئەمانەت لێیان تێ بگات..(٧)". لێرەدا، لە هەندێک لایەنەوە بیر و بۆچوونەکانی هۆراس لەگەڵ بیرە ئایدیالیستەکانی ئەفلاتووندا یەک دەگرنەوە کە دەڵێت: "لە کۆندا مانای دانایی ئەمە بوو: لێک جیاکردنەوەی کاروباری کۆمەڵ لە کاروباری تاکە کەسی، جیاکردنەوەی کاروباری خواوەندیی لە کاروباری گشتی و نەهیکردن لە دڵداریی چەپەڵ و، دانانی داب و دەستووری ژیانی ژن و مێردایەتی و، دروستکردنی شارەکان و دانانی قانوون لەسەر چەند تەختە دارێک، بەم کارە شاعیران و شیعر نازناو و شەرەفی خوداوەندییان پێ براوە.."(٨). ئەم بۆچوونانەی هۆراس پتر لە دەوری شیعری فێرکردنەوە دەخولێنەوە و، کاریگەرییەکی زۆریشیان لە ئاراستەکردنی شاعیران و شیکردنەوەی شیعردا هەبووە، بۆیە " بۆچوونێک هەیە کە (هونەری شیعر)ی هۆراس و دواتر (گوتارێک لە بارەی ڕەخنەسازییەوە)ی ئەلکساندەر پۆپ (١٦٨٨ – ١٧٤٤) وا دادەنێت کە مەبەستیان ئەوە بووە کە زانیاری بەشاعیران بدەن و لە بارەی پیشەکەیانەوە ڕێنمایی بکرێن"(٩). هەوڵەکانی (پۆپ)یش بەردەوامبوونی بزاڤ و چالاکییەکانی درایدن (١٦٣١ – ١٧٠٠) بووە بۆ ئەوەی ڕێنمایی و پرەنسیپەکانی ڕێبازی کلاسیکییەتی یۆنان و ڕۆمان لە نێو بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئینگلیزیدا پراکتیزە بکرێن(١٠). ئەدەبی فەرەنسیش لە سەدەکانی چواردە و پازدەدا پرەنسیپە بەراییەکانی لەسەر بنەما دێرینەکان دادەنا و بەڕوونی بەرهەمە فێرکارییەکانی تێدا بەدی دەکرێن(١١). بەهەمان شێوە لە بارەی ئەدەبی گەلانی ترەوە کە بەپێی سەرچاوە هزرییەکان ئەرکە زانستییەکەی شیعری فێرکردن دەستنیشان دەکەن. بەڵام زۆربەی ڕەخنەگران وای بۆ دەچن کە " ئەگەر شیعری فێرکردن لە سەردەمێکیشدا گەشە

٧- هونەری شیعر، هۆراس، حەمید عەزیز کردوویە بەکوردی، چاپخانەی (الزمان)، بەغدا ١٩٧٩، ل٣٠- ٣١.

٨- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

9- A Dictionary of Literary Terms , J. A. Cuddon , P.191

١٠- المعجم الأدبي، جبور عبدالنور، ص٣٥٥.

١١- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢٧.



بکات، بەڵام دواڕۆژەکەی بەرەو نەمان دەڕوات، چونکە لە بنەڕەتدا ئەم جۆرە شیعرە لەسەر بنەمای هەندێک ڕەگەزی نەگونجاو و چەند پێکهاتەیەکی هاودژ دروست بووە.."(١٢). جگە لەم هەڵمەتەش شالاوێکی تر لە ئەورووپا پەیدا بووبوو، بەتایبەتی لە دوای نەشونماکردنی زانستی نوێ لە سەدەی حەڤدەم و، بەتوندی هێرشی دەبردە سەر سیستەمی (دووقۆڵی –Dualism) کە دەیویست شیعر لە عیلم جیا بکاتەوە، چونکە بەمەزندەی ئەوان لە کرداری عەقڵیدا دوو چالاکی هاودژن(١٣). ئەو تێبینییانەی لە بارەی شیعر و زانستەوە دەدرێن، سنووری ئەو دەستەواژەیان تێپەڕاندووە کە دەڵێت: "شیعر دژی زانستە ". لەبەرئەوەی کە کێشەکە مۆرکێکی فەلسەفیی هەیە، بۆیە چەندین ڕەوت و هەڵوێستی جیا جیا تێکەڵکێشی یەکدی دەبن، تا ڕادەیەک کە نایەڵن – ئەم کێشەیە – لە نێو هەندێک پەیڤی ئامادەکراو و ناوونیشانێکی جێگیردا سنووردار بکرێت(١٤). بەڵام لە میانی ڕەنجکێشانێکی زۆر و کارێکی ڕەخنەگرانەی بەردەوامەوە، ئەم بابەتە بەشێوازێکی گونجاو لە ڕێگەی دوو میتۆدەوە چارەسەر کراوە و، بەئەنجامێکی ئەرێنیش گەیشتووە، کە ئەمانەن:

**یەکەم: لە ڕێگەی میتۆدی مێژووییەوە**

لەم میتۆدەدا پەیوەندیی شیعر بەزانستەوە لە ڕێگەی ڕێبازە ئەدەبییەکانەوە باس دەکرێت و، هەوڵ دەدرێت پێگەی شیعری فێرکردن لەم پەیوەندییەدا بدۆزرێتەوە، کە هەر ڕێبازێک چۆن پێناسەی کردووە و، چۆن سەرچاوە و بنەما سەرەکییەکان و سیما تایبەتییەکانی دەستنیشان کردووە؟.

١- ڕێبازی کلاسیزم

هونەری شیعر، ناوی دوو شاکاری (ئەرستۆ) و (هۆراس)ن، کە تێیاندا بنەما و دەستوورەکانی کلاسیزمیان داڕشتبوو. ئیتاڵییەکان لە سەدەی (١٥ و ١٦)مدا چەندین جار ئەم دوو شاکارەیان تەرجەمە کردە سەر زمانی ئیتاڵی، ئەمەش بووە

١٢- الشعر الأغريقي تراثاً إنسانياً وعالمياً، د. أحمد عتمان، ص٧٩.

١٣- العلم والشعر، ماكس بايم، ص١١١.

١٤- سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠.

هۆی بڵاوبوونەوەی بنەماکانی کلاسیزم[١٥]. لە سەدەکانی (١٧و١٨)مدا وەکو ڕێبازێکی ئەدەبی لە وڵاتانی ئەوروپادا بڵاو بووەوە و لە هەندێکیاندا چەند ساڵێک لە سەدەی نوزدەمیشدا هەر پێشەنگ بووە[١٦]. گرنگیی بنەماکانی کلاسیزمیش دوای خوێندنەوەی لیۆناردۆ سالڤیاتی بەدەرکەوتن، کە لە نێو کتێبەکەیدا (هونەری شیعری ئەرستۆ بەئاسانی و بەشیکردنەوەوە) دەستنیشان کردبوون و گەیشتبووە ئەو ڕاستییەی کە شیعر:

١- لاساییکردنەوەی هەندێ بابەتن کە لەوانەیە ڕووبدەن.

٢- لاساییکردنەوەیەکی کێشدارە .

٣- مەبەستەکەی سوودمەندی و چێژ وەرگرتنە.

لە خاڵی یەکەمدا شیعر و زانست لە یەکدی جیا دەبنەوە و، بەپێی پەیوەندییان بەسروشتەوە، کە لە زانستدا ئەو پەیوەندییە لە نێوان بابەت و هەستەوەرەکان و چێژ وەرگرتندا دەبێت، بەڵام لە شیعردا ئەم زنجیربەندییە لە نێوان بابەت و دیاردەکان و لاساییکردنەوەو ئینجا هەستەوەر و چێژ وەرگرتندا دەبێت[١٧]. بەبەراوردکردنێکی سەرەتایی لە نێوان هەردوو لایەنی ئەم هاوکێشەدا، دەتوانین ئەو ئەڵقە جوداوازییە لە نێوانیاندا دەستنیشان بکەین کە (دیاردەکان و لاساییکردنەوە)یە، ئەویش بە شێوازی لێکچوواندن دەردەبڕێت و، لێکچوواندنیش ڕەگەزێکی سەرەکیی شیعرە و " لە کۆن و تازەدا بۆ نزیککردنەوەی مەبەستێکە کە لە مێشکی قسەکەردا هەیە و دەیەوێت لە مێشکی گوێگردا بیچەسپێنێت"[١٨]، بەڵام هونەری شیعری فێرکردن خۆی لە ڕەگەزی لێکچوواندن دوور دەخاتەوە و، پشتی پێ نابەستێت، بۆیە لە زانستەوە نزیک دەبێت و لە هەمان کاتیشدا سیما و خەسڵەتە شیعرییەکانیشی دەپارێزێت و، کەم جار هەوڵ دەدات باسی ئەو شتانە بکات، کە لەوانەیە ڕوو بدەن،

---

١٥- ڕێبازە ئەدەبییەکان، د. فەرهاد پیرباڵ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٤، ل١٦.

١٦- الرومانتيكية، محمد غنيمي هلال، ط٦، دار العودة، بيروت ١٩٨١، ص١١.

١٧- العلم والشعر، ماكس بايم، ص١٢١- ١٢٢.

١٨- ڕوونبێژی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، نەوزەت ئەحمەد عوسمان، نامەی ماجستێر، کۆلیژی ئاداب – زانکۆی سەلاحەدین،١٩٩١، ل٣٤.



بەڵکو باس لە شتە سەلمێنراو و بۆچوونە عەقڵییەکان دەکات و بەوێنەی شیعری و ئەندێشەیەکی فراوان و شێوازێکی ئاسان شییان دەکاتەوە، بۆ ئەوەی ئاستی زانستیی خوێنەر و گوێگران بەرز بکرێتەوە و، لایەنە ڕەوشتییەکانیشیان ڕاست بکرێنەوە، ئەمەش ڕاستەوخۆ لەگەڵ بنەماکانی ڕێبازی کلاسیزمدا یەک دەگرێتەوە کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەبێت ئەدەب لە خزمەتی دابونەریتە باوەکاندا بێت و، " عەقڵ لە شیعردا سەرمەشق بێت"[١٩]، بۆیە ئەدەب ناکرێتە ئامرازێک بۆ دەربڕین لە خودی ئینسان، بەڵکو ئینسان خۆی بابەتەکەیە و لێی دەکۆڵێتەوە و، ئەو لێکۆڵینەوەیە خۆی لە خۆیدا دەبێتە مەبەست[٢٠]، ئەمەش خاڵێکی تری هاوبەشە، کە زانست و شیعری فێرکردن تێدا یەکدی دەگرنەوە، کە هەردووکیان لە عەقڵەوە سەرچاوە دەگرن، چونکە شیعری فێرکردن لە کارتێکردنە خودییەکانی شاعیرەوە دوورە و، سۆز هەڵچوونە دەروونییەکانی نابنە بەشێک لە هۆنینەوەی بەرهەمەکە و بەهەمان شێوە زانستیش چالاکییەکی عەقڵییە و، بنەما تیۆرییەکانی بەپێی هەندێک ڕاستییە سەلمێنراوە گومانبڕەکانەوە دادەڕێژرێت.

## ٢ – ڕێبازی ڕۆمانسیزم

لە کۆتاییی سەدەی هەژدەمەوە، ڕێبازی ڕۆمانسیزم وەکو تەوژمێکی نوێ هاتووەتە نێو ئەدەبیاتی ئینگلیزی و ئەڵمانی و، لە میانی سەدەی نۆزدەمەوە بۆ نێو ئەدەبی فەرەنسی و ئیتاڵی و ئەسپانی[٢١] و، دواتر بەرەو وڵاتە ئەسکەندیناڤییەکان و ئەمریکای باکور و باشوور بڵاو بووەتەوە و لەوێوەش بەرەو ئاسیا و ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هات[٢٢] و، لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە گەیشتە کوردستان و لە لایەن هەندێ شاعیر و هونەرمەندی کوردەوە پەیڕەو کرا[٢٣]. ئەم ڕێبازە تووڕەیی و نارەزابوونێکی زۆری بەرانبەر کۆمەڵ بەرپا کرد، پەیڕەودانی ئەم

---

١٩- ڕێبازە ئەدەبییەکان، د. فەرهاد پیربال، ل١٩.

٢٠- الأدب ومذاهبه، د. محمد مندور، ص١٨٨.

٢١- المعجم الأدبي، جبور عبدالنور، ص١٣١.

٢٢- سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٣.

٢٣- قۆناغی پێش ڕۆمانسییەت لە ئەدەبی کوردیدا، ئیدریس عەبدوڵلا، نامەی ماجستێر، کۆلیژی پەروەردە- زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٥، ل٤٤.

ڕێبازە خۆیان لەوە بەگەورەتر دەزانی کە بەشداری لە کۆمەڵەکەدا بکەن و، تێکەڵبوونیش بەڕێگەی یاخیبوون یان بەلێبووردنەوە دەبوو[٢٤]. بەڵام هێزی یاخیبوونیان دژی ستەمکار و کاربەدەستانی کۆمەڵ بەکار دەهێنا و گیانی لێبووردنیشیان لەگەڵ هەژار و بێ نەوایان بوو[٢٥]. لەجیاتی ئاین و کڵێسە بوونە نوێنەری ڕاستەقینەی ئاسمان و، مرۆڤ و مرۆڤایەتیش بوونە دوو شتی پیرۆز[٢٦]. لە بنەما هەرە سەرەکییە جیاکەرەوەکانی ئەم ڕێبازە لەگەڵ ڕێبازی کلاسیزم ئەندێشە بوو، بەلای ڕۆمانسیزمەکانەوە ئەندێشە هێزێکە و، پێکهاتەیەکی جادووگەریی هەیە و، دەبێت هزری شیکردنەوەیی و زانستە عەقڵییەکان لە ژێر سەربەستیی هەستدا کار بکەن[٢٧]. ئەوە بوو کە ئەندێشەی تاکە کەسیان لە پێشەوەی ڕەگەزە ئەدەبییەکانی تردا دادەنا، بەپێچەوانەی ئەوانەی پێش خۆیان کە جەختیان لەسەر خەسڵەتە سروشتی و ڕەمەکی و سەرەتاییەکان دەکردەوە[٢٨] و، بەرکابەرییەکی توندەوە " شۆڕشێکیان دژی ڕێبازی کلاسیزمی بەرپا کرد، بۆ ئەوەی بەها تاکەکەسییەکان و سیما ناوچەیی و تایبەتمەندییە نەتەوەییەکان بچەسپێنن»[٢٩]. بەڵام نقومبوونی ئەم ڕێبازە لە نێو دەریایەکی خەون و دڵەڕاوکێدا و، شۆڕبوونەوەی زیاد لە گۆشە و قوژبنە دەروونییەکاندا و، خۆبەستنەوەی لە ڕادەبەدەر بەسۆز و هەڵچوونەکانەوە وای کرد کە لە واقیع دوور بکەوێتەوە و بەرەو هەڵدێر بڕوات و خۆی لە جیهانێکی نامۆدا بدۆزێتەوە، کە خۆ لێ ڕزگارکردنی کارێکی ئاسان نەبێت، بۆیە هیچ دەرفەتێکی بیرکردنەوە یان کەناڵێکی کارکردنی لە نێوان خۆی و بەرهەمهێنانی شیعری فێرکردندا نەهێشتبوو و هەر لە بنەڕەتیشدا پێکی نەهێنابوو.

٢٤- نظرية الخيال عند كولردج، د. محمد زكي العشماوي، مجلة عالم الفكر، وزارة الإعلام – الكويت، مج٢، ع٢ يوليو-اغسطس-سيبتمبر١٩٧١، ص٢٤٩.

٢٥- الرومانتيكية، د. محمد غنيمي هلال، ص١٣٠.

٢٦- سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٠.

٢٧- نظرية الخيال عند كولردج، د. محمد زكي العشماوي، ص٢٤٩.

٢٨- الرومانسية، ليليان. ر. فرست، ت: عدنان خالد، منشورات المركز الثقافي الإجتماعي – جامعة الموصل ١٩٧٨، ص٦٤.

٢٩- جولات في النقد الأدبي، د. عبدالرحمن ياغي، مطبعة السفير، عمان٢٠٠٥، ص١٢٦.



### ٣ - ڕێبازی ڕیالیزمی

دوای ئەوەی کە ڕێبازی ڕۆمانسیزم لە ئامانجەکانی خۆی دوور کەوتەوە و، هیچ گۆڕانکارییەکی دروست نەکرد و، نەیتوانی لە ڕێڕەوی ژیاندا پێشەنگ بێت، ڕێگە بۆ ئەزموونە زانستییەکانی ڕۆژانە فراوان و خۆشتر بوون، کە لە واقیعی کۆمەڵ بکۆڵنەوە و قووڵتر بچنە نێو کێشە چارەنووسسازەکانی ئینسانەوە و، لە هەموو گۆشە و لایەکەوە شییان بکەنەوە بەتایبەتی لە ڕووی تێکچوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و بەها مرۆییەکانەوە. بۆیە" ئەم ڕێبازە هەوڵ دەدات وێنەی واقیع بکێشێت و نهێنییەکانی دەربخات و شتە ونبووەکانی باس بکات و شییان بکاتەوە[٣٠]. هەر لە دوای ساڵی (١٨٣٠)ەوە ئەم بۆچوونە چاکسازییانە هەموو چالاکییە مەعریفییەکانی تاک و کۆمەڵیان گرتەوە و، پەیدابوونی ڕێبازی ڕیالیزمی لێ کەوتەوە کە تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم باڵی بەسەر پانتاییەکی گەورەی ئەدەب و هونەردا کێشا و، داوای چارەسەرکردنی بابەتە واقیعییەکانی دەکرد کە لە ڕووداوە گەرمەکانی دەوروبەر وەرگیراون[٣١]، وا خۆی پیشان دەدا کە بەدڵسۆزی و ڕاستگۆییەوە وێنەی دیاردەکانی ژیان دەگرێت و تێبینییەکانیشی بەڕاشکاوی تۆمار دەکات[٣٢]. ئەدەب بەلێکۆڵینەوە تیۆری و ڕەخنەییەکانییەوە کەوتە نێو قەوارەیەکی جوولا و هەروەکو ڕۆلان بارت گوتوویەتی ئەدەبیش بەفێرکردنەوە دەبێت[٣٣]. بەم شێوەیە ڕیالیزم وەکو چەکێکی ئەلتەرناتیڤی ڕۆمانسیزم، هاتە نێو قادی گۆڕانکاریی داهێنانەکان و، پەیڕەوکەرانی زۆربوون بەتایبەتی کە پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لە نێوان ئەم ڕێبازە و فەلسەفە باوەکانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەمدا هەبوو، لەوانە فەلسەفەی مارکسیزم، چونکە فێرکاری لە ئەدەبدا بنەمایەکی سەرەکیی ڕەخنەی مارکسیزم بووە. تەنانەت ئەنتۆن سیمیۆنۆڤیچ ماکارنکۆی ڕۆمانە

٣٠- الأدب ومذاهبه، د. محمد مندور، ص٩٣.

٣١- المعجم الأدبي، جبور عبدالنور، ص٢٨٧.

٣٢- الرومانسية، ليليان. ر. فرست، ص٩٩. / هەروەها بڕوانە: صناعة الأدب، ر. أ. جيمس، ص٢٩٦.

٣٣- نظرية الأدب تيري ايغلتون، ت: ثائر ديب، منشورات وزارة الثقافة، دمشق١٩٩٥، ص٣٣٠.

گەورەكەی بەناوی (هۆنراوەیەكی پەروەردەیی)ەوە ناو نابوو[٣٤]. ڕەخنەگر و ئەدەبناسان ئەم ڕێبازە بەسەر چەندین لق و ڕێچكەدا دابەش دەكەن، لەوانە ناتۆرالیزم، ڕیالیزمی فۆتۆگرافی، ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە، ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە، ڕیالیزمی سۆشیالیستی، هیپێر ڕیالیزم، بەڵام ئەوەی پتر پەیوەندیی بەشیعری فێركردنەوە هەبوو، ڕیالیزمی سۆشیالیستی بووە، كە لە ساڵی (١٩٣٤)دا لە لایەن یەكێتیی نووسەرانی سۆڤیەتەوە دەستنیشان كرا و ئەركی ئەوەی خستە ئەستۆ كە چینی كرێكاران و خەڵك بەئایدیۆلۆژییەت و ڕۆحییەتی سۆشیالیستییەوە پەروەردە بكات[٣٥].

٤- هەندێك ڕێبازی تر

لەكۆتاییی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، چەندین ڕێبازی ئەدەبیی تریش پەیدابوون وەكو: بەرناسی و فۆرمالیستەكان كە جەختیان لەسەر ڕوخساری دەق دەكرد و، سۆمبۆلیزم كە زیاد لە ڕادەبەدەر خولیای ئەندێشە و دڵگیری و جوانی و بایەخ پێدەری ئازادییە تاكەكەسییەكان بوو، سۆریالیزم و دادائیزم كە جەختیان لەسەر لایەنی سۆز و خەون و ئەندێشەی خوڵقێنەر دەكرد و، دەیانویست بەنێو عەقڵی بێ ئاگاییدا شۆڕ ببنەوە.

دەتوانین هەندێك لەو بنەما جوداوازییانەی، كە لە نێوان قوتابخانە شیعرییەكاندا هەن لەم چەند خاڵەدا كۆ بكەینەوە:

١- لە ڕووی ئەندێشەوە

هەموو ڕێبازەكان دان بەهەبوونی هێزی ئەندێشەی هونەریدا دەنێن، تەنانەت سروشتخوازە توندڕەوەكانیش ئەوانەی كە هونەریان بەگواستنەوەیەكی ڕاستەوخۆی سروشت دادەنا، ئەم هێزە پشتگوێ ناخەن. بەڵام بەگشتی جوداوازییەكی ڕێژەیی لە نێوانیاندا هەبووە.

٣٤- قصیدة تربویة، ماكارنكو، دار رادوغا، موسكو ١٩٨٥(ئەم ڕۆمانە لە سێ بەرگ پێك هاتووە ).
٣٥- ڕێبازە ئەدەبییەكان، د. فەرهاد پیرباڵ، ل١٠٨.



٢- لە ڕووی ئەركەوە

ئامانجی شیعر یان ئەو ئەركەی شیعر لە ئەستۆیدایە چییە؟ چێژ وەرگرتنە یان چاكسازییە یانیش شتێكی ترە لە هەردووكیان پێك دێت. لەم بارەوە هەریەك لە قوتابخانەكان بۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە.

٣- لە ڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆكەوە

جوداوازییەكە لەم خاڵەدا بۆ دیدی هەر قوتابخانەیەك دەگەڕێتەوە لە بارەی بایەخدان بەڕوخسار یان بەناوەڕۆكەوە یانیش هەردووكیان بەهەمان ئاست سەیر بكرێن[٣٦].

***

لە ئەنجامی خستنە ڕووی گرنگیی ڕێبازە ئەدەبییەكان، وەكو پێوەرێكی باوەڕپێكراو لە دەستنیشانكردنی قۆناغەكانی مێژووی ئەدەبیدا، دەركەوت كە پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆ لە نێوان زانست و شیعردا هەیە، بەتایبەتی لەگەڵ شیعری فێركردندا، شیعری فێركردنیش چەقی هاوسەنگییە لە نێوان هەردوو لایەندا.. فێركردنیش كردارێكی زانستییە و، كاتێك دەبێتە ئەركی پێ سپێرراوی شیعر، وەكو ئامرازێكی ڕوونكردنەوە لە گۆڕانكارییە ئابووری و كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەكاندا دێتە كایەوە و، بەپێی زنجیربەندیی ڕێبازە ئەدەبییەكانەوە، هەردوو ڕێبازی كلاسیزم و ڕیالیزم و بەتایبەتی كلاسیزمی نوێ و ڕیالیزمی سۆشیالیستی، دوو دەرفەتی لەبار بوون بۆ هونەری شیعری فێركردن كە تێیدا گەشەیان كرد. بەڵام لە ڕێبازە ئەدەبییەكانی تردا، ئەم پەیوەندییە لاواز بوو.

٣٦- فن الشعر، د. إحسان عباس، ص١١٩.

## دووەم: لە ڕێگەی میتۆدی شیکارییەوە

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەمەوە، بیری شیکردنەوەیی گەشەی کرد، تا ڕادەیەک کە فردریک نیتشە (١٨٤٤–١٩٠٠) ئەم پێشکەوتنە بە لە ڕێ لادانێک لە ڕۆشنبیریی هاوچەرخی دادەنا[٣٧]، چونکە جیاکردنەوەی هەردوو کرداری " شیکردنەوە " و "ئاوێتەگەرایی " بەشێوەیەکی سادە و ئاسایی ئەنجام دەدرا، بەڵام دواتر کە چەمکە تیۆرییەکانی زانست جێگەی بیرە ماتیریالییەکانیان گرتەوە و، جیهانی ڕێژەیی و میکانیزمی چەندێتییان پێک هینا. گۆڕانکارییەکی گەورە لە هەموو لایەنەکانی ڕۆشنبیری – شارستانیەتی ڕووی دا و " شیعر و زانست بوونە تەواوکەری یەکدی و سروشتیان ڕوون دەکردەوە و جیهانی درک پێکردنیشیان ڕاست دەکردەوە"[٣٨]، چونکە مێژوویان لە پراکتیزەکردندا لە یەک خاڵەوە دەست پێ دەکات ئەویش هەست پێکردنە و لە خاڵی دووەمدا بەیەکدی دەگەن کە قۆناغی وێنەگەراییيە و، لەم خاڵەدا جودا دەبنەوە چونکە هەر یەکێکیان بەڕێگەیەکی تایبەت بەخۆی وێنەگەرایی بەکاردێنێت. هونەر تا ڕادەیەکی زۆر بەئازادی بەکاری دێنێت، بەڵام زانست بەشێوەیەکی ورد و عەقڵانیتر مامەڵەی لەگەڵدا دەکات[٣٩] و، ئەم بەراوردکارییەش بەم شێوەیە ڕوون دەکرێتەوە:




ئەمە پوختەی تیۆریی ئەبستمۆلۆژیی ئەرستۆیە، کە دواتر بووەتە بنەمای تیۆریی ستاتیکییە هونەرییەکان، هاوسەنگی لە نێوان تێبینییە وێنەدارەکانی شاعیران و

٣٧- العلم والشعر، ماكس بايم، ص١٣٥.

٣٨- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٣.

٣٩- دراسات نقدية في ضوء المنهج الواقعي، حسين مروة، مؤسسة الأبحاث العربية، ط٣، بيروت ١٩٨٦، ص٣٧٨.



ئەزموونە سەلمێنراوەکانی زاناکاندا بووەتە سیمای پێشکەوتنی ئادەمیزاد و هاوتەریببوونی تواناکانیان لە هەردوو حاڵەتی تایبەتمەندی و هاوئاهەنگیدا. ئەگەرچی حاڵەتی تایبەتمەندی یەکجار زۆرتر و گشتگیرترە، بەڵام حاڵەتی دووەمیش هەر لە زووەوە هەبووە، نموونەشیان کەم نین و لەوانە لیوناردۆ داڤنشی (١٤٥٢–١٥١٩) و بلاز پاسکال (١٦٢٣–١٦٦٢) و جۆهان ڤۆن گوتێ (١٧٤٩–١٨٣٢). لە دوای لاوازبوونی بۆچوونە ئایدیالیستییەکان، فەلسەفە و شیعر کەوتنە نێو بازنەی زانستەوە[٤٠]، مەسافە لە نێوان شاعیر و زاناکاندا یەکجار کورتتر بووەوە تا ڕادەیەک کە هەردووکیان لە بواری لێکۆڵینەوە وردەکارییەکاندا یەکدییان دەگرتەوە. ئەوەی پتر ئەم پەیوەندییەی چڕ کردبوو، چەسپاندن و فراوانبوونی تیۆرییە ئەدەبییەکان بوو، وەکو تیۆریی لاساییکردنەوە، تیۆریی دەربڕین، تیۆریی ئەفراندن، تیۆریی ڕەنگدانەوە و تیۆریی ژانرە ئەدەبییەکان... هتد، کە هەر یەکێکیان پشت بەمیتۆدێکی ئەبستمۆلۆژی یان فەلسەفەیەکی دەستنیشانکراو دەبەستێت. مامەڵە لەگەڵ ڕاستەقینەیی ئەدەب دەکات، بۆیە وەکو مێژووی ئەدەبی یان ڕەخنەی ئەدەبی ئەوەندە بایەخ بەهەڵسەنگاندنی دەق نادات کە لە ڕووی نایاب و خراپەییەوە فەرمان و بۆچوونەکان دەرببڕێت[٤١].

لێرەدا بەپێویست دەزانرێت کە بەکورتی ئەم تیۆرە ئەدەبییانە بخرێنە ڕوو، بۆ ئەوەی پێگە و ئەرک و خەسڵەتەکانی هونەری شیعری فێرکردن بەپێی سەردەم و زەمانی نەتەوەیی ڕوون بکرێنەوە، کە مەبەستێکی سەرەکیی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەپێکێت، بەتایبەتی کاتێک باس لە ڕۆڵی شاعیرانی کورد دەکرێت و بەرهەمە شیعرییەکانیان شی دەکرێنەوە، کە زۆربەیان بۆ بەرەوپێشەوە بردنی ئاستی هۆشیاریی خەڵک تەرخان کراون.

١ – تیۆری لاساییکردنەوە

بنەمای سەرەکیی بۆچوونەکانی ئەفلاتوون لە بارەی ئەدەبەوە، لاساییکردنەوە

٤٠- العلم والشعر، ماكس بايم، ص١٣٧ .

٤١- في نظرية الأدب، د. شكري عزيز ماضي، ص١٤.

بووە، کە (هەبوون) بۆ سێ جیهان دابەش دەکات: یەکەمیان جیهانی ئایدیالیست، دووەمیان جیهانی هەستپێکردن کە وێنەی جیهانی یەکەمە و، سێیەمیان جیهانی سێبەر و وێنە و کارە هونەرییەکانە و لەم ڕووەوە شاعیر دوو هەنگاو لە ڕاستییەوە دوورە[٤٢]. بەڵام لە لای ئەرستۆ جیهانی ئایدیالیست بوونی نییە و، لاساییکردنەوەش خاوەن پیشەکان ناگرێتەوە، ئەم خاڵە بۆچوونە فێرکارییەکانیان لە شیعردا دەستنیشان دەکات، کە ئەفلاتوون بەشتێکی ئاسایی دەزانێت، بەڵام ئەرستۆ بایەخی پێ نادات، هەرچەندە ئاماژە بەوە دەکات کە فێربوون چێژێکی زۆری تێدایە، نەک هەر تەنیا بۆ فەیلەسووفەکان، بەڵکو بۆ خەڵکی دیکەش بەگشتی، هەرچەندە ئەوان توانای فێربوونیان کەمە. ئەوان چێژ لە بینینی شتی لەیەکچوو وەردەگرن، چونکە کە لێیان ورد دەبنەوە و زۆر زانیاری لێیانەوە فێر دەبن و دەریان دەخەن، هەریەکە لاسایی چی دەکاتەوە ئاشکرای دەکات[٤٣]، بۆیە هەر هونەرێک لە هونەرە شیعرییەکان لەسەر بنەما تایبەتییەکانی لاساییکردنەوەی خۆی دامەزراوە[٤٤]. لە بارەی لاساییکردنەوەش هۆراس دەڵێت: "من ئامۆژگاریی ئەو کەسە دەکەم کە فێری هونەری لاساییکردنەوە لە ژیان و لە ڕەفتاردا بووە، بۆ نموونە بگەڕێ و وشەی زیندوویان لێ دابڕێژێ[٤٥]". لەسەر هەمان ڕێچکەی دێرینەکان چەندین کتێبی تر لە بارەی هونەری شیعرەوە نووسراون کە بوونەتە بنەما و ڕێنماییەکانی ڕێبازی کلاسیزم لەوانە بوالۆ (١٦٣١-١٧١١) کە لە کتێبەکەیدا هونەری شیعر (١٦٦٩-١٦٧٣) باس لە جۆرەکانی ئەدەب دەکات بەتایبەتی لە داستان و تراژیدیا و کۆمیدیا دەکۆڵێتەوە و هەروەها باس لە ئەدگارە ڕەوشتییەکانی ئەو کەسانەی خەریکی کاری ئەدەبیاتن دەکات[٤٦]. چەمکی لاساییکردنەوە تا نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەم خاڵێکی هاوبەش بووە لە نێوان ئەو نووسەرانەی بایەخیان بەشیعر دەدا، تەنانەت

٤٢- الشعر، د. إحسان عباس، ص١٧.

٤٣- هونەری شیعر، ئەرستۆ، ل٢١.

٤٤- فن الشعر، د. إحسان عباس، ص١٨.

٤٥- هونەری شیعر، هۆراس،٣٠.

٤٦- دراسات في الأدب الفرنسي، د. علي درويش، ص١٢٣. / هەروەها بڕوانە: المعجم الأدبي، جبور عبدالنور، ص٢٠٠.



ئەرستۆ لە شاکارەکەیدا (هونەری شیعر) هەموو بیروڕا و بۆچوونەکانی (ئەفلاتوون)ی ڕەت دەکردەوە جگە لە زاراوەی لاساییکردنەوە، کە دواتر ئەم بەرهەمە بووە بنەمای ڕەخنەی ئەورووپی و پەرەسەندنی ئەدەبی ئەورووپاییش و، وەکو تیۆرێک بایەخ بەکاریگەریی شیعر لەسەر خوێنەر و وەرگران دەدات، ئەمەش بێگومان لایەنێکی گرنگە لە لایەنەکانی دیاردەی ئەدەبی، بەڵام شیکردنەوەی ئەم لایەنە کەوتە ژێر پێوەرە ڕەوشتییەکان و تەنیا گرنگی بەئەرکە کۆمەڵایەتییەکەی شیعری دەدا. لە لای ئەفلاتوون شیعر تێکدەری ڕەوشت بوو و، ئەرستۆ لەو باوەڕەدا بوو کە شیعر هاوسەنگییەکی هەڵچوونی- دەروونی دروست دەکات کە لە ئەنجامدا هاوسەنگییەکی ڕەوشتی - ڕەفتاری دروست دەبێت. هەرچەندە هاودژییەک لە نێوان ڕێبازی هەردووکیاندا هەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەردوو سەر بەفەلسەفەی ئایدیالیست بوون و، هەردووکیان بایەخیان بەئەرکی کۆمەڵایەتیی شیعر دەدا و، هەندێک پرەنسیپی بنەڕەتییان بۆ ئەرکی شیعر و هونەر بەگشتی دانا، کە پەیوەندییان بەشوێنێکی دیارکراو یان قۆناغێکی کۆمەڵایەتیی سنووردارەوە نەبووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە کلاسیزم باوەڕی بەوەیە، کە دەتوانێت لە هەر شوێن و لە هەر کاتدا ئەدەب بەرهەم بێنێت[٤٧]. لەم ڕووەوە بەپێی بۆچوونی کلاسیزمە دێرین و نوێخوازەکان، شیعر تەنیا واقیع ناگوێزێتەوە، بەڵکو هەموو ئەو کەرەستە و فیگەر و خەسڵەتەکانی لە نێو واقیع و لە پشت واقیعدا هەن دەگوێزێتەوە ، کەواتە سروشتی جوان و ڕەفتاری چاک دەگوێزێتەوە، ئەم بۆچوونە جێگەی ڕەزامەندیی پەیڕەوکەرانی ڕەوتی ڕەوشتی بوو، کە لەو باوەڕەدا بوون سروشتی جوان نزیکە لەوەی کە چێژ بەخەڵک بگەیەنێت و فێریشیان بکات[٤٨]. بەکورتی دەتوانین بڵێین بەپێی چەمکی لاساییکردنەوە ئەدەب شێوەیەکە یان قاڵبێکە، ئەرکێکی هەمیشەیی هەیە و دەتوانین هەر شتێکمان ویست لە هەر شوێنێک و لە هەر کاتێکدا لە نێو ئەو قاڵبەدا دابڕێژین. بۆیە لاساییکردنەوە بەپێی پێویستی کۆمەڵگە باوەشی بۆ شیعری فێرکردن دەکردەوە.

٤٧- في نظرية الأدب، د. شكري عزيز ماضي، ص٣٨.

٤٨- فن الشعر، د. إحسان عباس، ص ٢٨.

## ٢- تیۆریی دەربڕین

هەست لە تیـۆریی دەربڕیندا ڕەگـەزێکی سـەرەکییـە و، ئەندێشـەی هونەرمـەند دەجووڵێنێت و، لە ڕێگەی ئەندێشەوە هونەرمەند درک بەڕاستییەکان دەکات. یەکەم گۆشەی ئەم وانەیەش درک پێکردنە، بەڵام نە وەکو بابەتێک یان هزرێک، بەڵکو وەکو وێنەیەکی درک پێکراو. لێرەدا هونەر درک پێکردنێکی تایبەتی ڕاستییەکانە و، هونەرمەندیش درک پێکەرە و ئامرازی درک پێکردنیش ئەندێشەیە[٤٩]. پەیدابوونی ڕەخنەگرە لێهاتووەکانی وەکو گوتسهۆڵد لسنگ (١٧٢٩-١٧٨١) و، ژۆهان هێردەر (١٧٤٤-١٨٠٣)، سەرەتایەکی بەهێز بوو لە گۆڕینی تیۆریی شیعریدا، تەنانەت لە تیۆرە هونەرییەکانیشدا بەگشتی. چونکە سەردەمێکی درێژ خەڵک لەو باوەڕەدا بوو کە هونەر لاساییکردنەوەی سروشتە، بەڵام لە بۆچوونە نوێیەکاندا، خەڵکێک هەبوو بڵێت: کە هونەر لێشاوێکە لە سۆز و هەستەکان[٥٠].

لە فەیلەسووفە ڕێخۆشکەرانی ئەم تیۆرە کانت (١٧٢٤-١٨٠٠) بوو کە بایەخێکی زۆری بەهەست دەدا و، لە ڕێگەی ئەوەوە مرۆڤ دەتوانێت لە ڕاستییەکان بگات. هیگڵ (١٧٧٠-١٨٣١) لەو باوەڕەدا بوو کە هونەر درک پێکردنێکی تایبەتی ڕاستییەکانە و ئامرازی ئەم درک پێکردنە ئەندێشەیە و، تیۆریی دەربڕین، پشت بەم فەلسەفەیە دەبەستێت و، هێڵە گشتییەکانیشی ئەمانەن:

١- ئەدەب زانستی هەست و سۆزەکانە و، دڵ ڕووناکیی ڕاستییە و ئەرکی ئەدەبیش وروژاندنی هەڵچوون و سۆزەکانە. بۆ نموونە کاتێک باس لە خۆشەویستی دەکات، باس لەوە دەکات کە خۆشەویستی چەند دەروونی خوێنەر دەوروژێنێت، بەڵام کێشە و گیروگرفتەکانی عاشقان کاری کلاسیزمییەکان بوو.

٢- ئەم تیۆرە بایەخ بەخودی ئەدیب و شاعیر دەدات، نەک بەشێواز یان شێوە، چونکە بەلایەوە کەسایەتییەکە گرنگترە لە گرێچنین یان ڕووداوەکان (ئەمەش پێچەوانەی تیۆریی لاساییکردنەوەیە)[٥١].

٤٩- في نظرية الأدب، د. شكري عزيز ماضي، ص٤٥.

٥٠- فن الشعر، د. إحسان عباس، ص٢٨.

٥١- في نظرية الأدب، د. شكري عزيز ماضي، ص٤٦.



٣- شاعیر لە میانی دیدی تایبەتی خۆیەوە دووبارە ژیان دەخوڵقێنێتەوە، گرنگی بەو ڕاستییە دەدات کە مرۆڤ بەسروشتی خۆیەوە خێرمەندە.

٤- بەهای سروشت بەلایانەوە ئەوەندە بەرز بوو دەگەیشتە ڕادەی پیرۆزی. گەورەترین دوو نووسەری ئەم تیۆرە وردزوۆرس (١٧٧٠-١٨٥٠) و سموئێل تیلۆر کۆلێردج (١٧٧٢-١٨٣٤) بوون.

## ئەنجامەکان

تیۆری دەربڕین کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ڕێڕەوی ئەدەبی و ڕەخنەیی هەبوو، لە ڕێگەی ئەوەوە چەندین لایەنی کارە ئەدەبییەکان و پرۆسەی داهێنان ڕوون کراونەتەوە، کە دەتوانین ئەنجامەکانیان لەم چەند خاڵەدا کورت بکەینەوە:

١- پەیوەندیی لە نێوان ئەدەب و ژیاننامەدا بەهێز کرد.

٢- پەیوەندیی لە نێوان ئەدەب و دەروونزانیدا توندوتۆڵ کرد.

٣- کۆلێردج ڕێخۆشکەر بوو بۆ فەلسەفە و ئەدەبی فرۆیدی و ئەکسستانسیالیزمی.

تیۆری دەربڕین لە بیری ئایدیالیستییەوە هەڵقووڵاوە، بەڵام ڕۆڵی عەقڵ ڕەت ناکاتەوە، بەڵکو وەکو هاودژێک بەرانبەر ویژدان دادەنێت. جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە زانیاریی دروست زانیاریی ویژدانییە و، مادەم لە ئینساندا ویژدان ڕەسەنە، دەبێت ئەو ڕەسەنایەتییە لە هونەر و ئەدەبیشدا دەربڕینی ویژدان بێت[٥٢]. چونکە دەربڕین ئەو شتەی هونەرەو ئەوەی هونەر نییە لە یەکدی جیا دەکاتەوە[٥٣]. ئەو بنەما سەرەکییانەی کە ئەم تیۆرە پێیان لەسەر دادەگرێت: خۆیەتی و تاکەکەسی و سۆز و هەڵچوونەکان و هەست و ئەندێشەن. جەخت لەسەر جیاکردنەوە لە نێوان عەقڵ و ویژداندا دەکات، لە نێوان کار و کاری هونەری، لە نێوان زانیاریی ویژدانی و زانیاریی عەقڵی و زانستی، لە نێوان ناوەوە و دەرەوە، لە نێوان تاک و کۆمەڵ دەکات ... ئەوەش هەموو لە پێناو دەرخستنی هەبوونی ئازادیی تاک بووە. ئەمە هەموو لە لایەکەوە ، بەڵام لە لایەکی ترەوە ئەم تیۆرییە هەموو کاریگەرییە قۆرغکراوە سیاسی

٥٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢.

٥٣- فن الشعر، د. إحسان عباس، ص٣٤.

و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان پشتگوێ دەخات. بۆیە دەرفەت بۆ جۆری شیعری فێرکردن نارەخسێت کە بەپێی ئەم تیۆرییە گەشە بکات، تەنانەت ئەگەر کارێکی ویژدانی یان هەندێک نزیک لە زانستی دروست بێت ئەوە تێکەڵاو بەهەستی شاعیر دەکرێت و لە سنووری شیعری فێرکردن دەردەچێت و دەبێتە شیعرێکی لیریکی بۆ مەبەستێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی... هتد.

٣- تیۆری ئەفراندن

لە نێو قەیرانە ئابووری و سیاسی و هزرییەکانی کۆتاییی سەدەی نۆزدەمدا، ئەدەب و هونەر وەکو کاڵایەک لە بەرژەوەندی جیهانی سەرمایەداریدا بەکار دەهاتن، بۆیە کاردانەوەیەکی نارازیبوونی توند و ڕەخنەگرتنێکی زۆر دژی ئەو بارودۆخە نالەبارە دروست بوو و داوای دەکرد هونەر و ئەدەب لە هەر پەیوەندییەکی نابەجێ و چەپەڵ کە بەکۆمەڵ و زانست و ئاینەوە بەستراونەتەوە پاک بکرێنەوە. هەروەها هەر تێکەڵبوونێکیان لەگەڵ ئەم لایەنانەدا ڕەت دەکردەوە و، تەنیا یەک ڕێگەیان پەسەند دەکرد کە دەبێت ئەدەب و هونەر ساف و بێ گەرد بمێنن و سەربەخۆییی تەواویان هەبێت و لە پێناو خۆیاندا کار بکەن[٥٤]. ئەم بۆچوون و بیروڕایانە بوونەتە هۆی چەسپاندنی چوارچێوەی گشتیی تیۆری ئەفراندن لە ئەدەبدا و، بنەما فەلسەفییەکانیشی وەکو تیۆری دەربڕین پشتیان بەفەلسەفەی ئایدیالیستی خۆیەتییەوە دەبەست و، لە ژێر کاریگەریی بۆچوونەکانی کانت و هیگڵدا بووە و، چەندین بیرمەند و نووسەری تری وەکو تیوفیل گۆتێ، بۆدلێر، ئەدگار ئالان پۆ، ئا. س. برادلی، بندتو کرۆچێ، ت. س. ئەلیۆت، تۆماس ئارنست هیۆم، ئزرا پاوەند، جۆن کرورانسۆم... ڕۆڵیان لە چەسپاندنی بنەماکانی تیۆری ئەفراندندا هەبووە کە گرنگترینیان لەم تەوەرانەدا کۆ دەبنەوە:

١- شیعر و ژیان دوو دیاردەی هاوتەریبن. ژیان ڕاستییەکان لە ئامێز دەگرێت و ئەندێشە قەبووڵ ناکات. بەڵام شیعر ئەندێشە لە ئامێز دەکات و هیچ ڕاستییەک هەڵناگرێت، بۆیە ئەزموونە شیعرییەکە خۆی لە خۆیدا مەبەستێکە و، بەرانبەر هیچ سوودمەندییەکی مرۆڤایەتی دانانرێت.

٥٤- في نظرية الأدب، د. شكري عزيز ماضي، ص٥٧.



٢- بابەت و بیر و ناوەڕۆک لە شیعردا هیچ بەهایەکیان نییە. چونکە لەم ڕووەوە شتی گرنگ تەنیا ئەوەیە کە چۆن شاعیر دەتوانێت بابەتێکی دەرەکی بکاتە کارێکی هونەری.

٣- شیعر دەربڕینی سۆزەکان نییە، بەڵکو بەهۆی زمانەوە کاریگەری هەیە.

٤- بەهای هەر کارێکی ئەدەبی لەو پەیوەندییەدا دروست دەبێت کە لە نێوان زمان و ئەزموونی سۆزداری شاعیردا هەیە.

٥- هەر کارێکی ئەدەبی لە چەند وێنەیەکی ساف و بێ گەرد پێک هاتووە و تێکەڵ بەفەلسەفە و مێژوو و زانست نابێت، تەنانەت لە ڕەوشت و چێژەوەش دوورە و، لە هەر مەبەستێکی کرداری یان سوودمەندی نزیک نابێتەوە.

٦- شیعر تەقینەوەی هەڵچوونەکان نییە، بەڵکو لێیان ڕادەکات، کەسایەتی دەرنابڕێت، بەڵکو لە کەسایەتی دوور دەکەوێتەوە. لە ئەنجامی جوداوازییەکاندا هاوکێشەیەکی بابەتییانەی یەکسان و هاوسەنگ بۆ ئەم پرۆسەیە دروست دەبێت، هەر وەکو شاعیر دوو کەسایەتی هەبێت، یەکێکیان هەڵدەچێت و ئەوەی تر داهێنان دەکات. بەپێی تیۆری ئەفراندن ئەدەب چوار ڕامانی هەیە کە ئەمانەن: ڕابواردن، تەکنیک، دابڕان لە هەموو بەهایەکی بەرژەوەندیدار، دوا ڕامانیش ئەوەیە کە ئەدەب بوونەوەرێکە و نووسەر دەخوڵقێنێت و کەرەستەکەشی زمانە، بۆیە پرۆسەی داهێنانی ئەدەبی پرۆسەی خوڵقاندنێکی ئازادە و تەنیا لە شێواز و فۆرم پێک دێت[٥٥]. کەم و کورتییەکانی ئەم تیۆرە زۆرن، چونکە پرۆسەی داهێنانی ئەدەبی بەپێی چەند گریمانەیەک شی دەکاتەوە، کە پشت بەزانست نابەستن، بۆیە ناتوانێت ئەنجامە دروستەکان بەدەست بێنێت. سەرەڕای ئەوەش هەموو پەیوەندییەکانی هونەر لەگەڵ کۆمەڵ و زانست و ئاین ڕەت دەکردەوە و، لە هەمان کاتیشدا جەخت لەسەر هاوکێشەیەکی بابەتییانە دەکاتەوە کە لە نێوان کەسایەتیی شاعیر و بەرهەمەکەیدا هەیە، بەڵام زۆر زەحمەتە ئەم هاوکێشەیە بێ کاریگەرییە دەرەکییەکان هاوسەنگ ببێت.

تیۆریی ئەفراندن هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بەوڵات و نەتەوە و سیاسەت و

٥٥- في نظرية الادب، د. شكري عزيز ماضي، ص٥٨.

زانستەوە هەیە بەئەرکی بیرمەند و سیاسەتمەدار و ئابووریزانان دادەنێت، بۆیە شیعری فێرکردن لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکانی ئەودا جێگەی نابێتەوە.

٤ – تیۆری ڕەنگدانەوە

تیۆری ڕەنگدانەوە پشت بەفەلسەفەی ڕیالیستی ماتیریالی دەبەستێت، ئەو فەلسەفەیەی کە لە سەدەی نۆزدەمدا سەری هەڵدا و جەختی لەسەر پەیوەندیی بەرهەمهێنان و هێزی بەرهەمهێنان دەکردەوە کە دەبێتە ژێرخانی کۆمەڵ و، ئەم ژێرخانە هۆشیارییەکی دەستنیشانکراو دروست دەکات کە چالاکییە ڕۆشنبیری و فەلسەفی و یاسایی و هزری و هونەرییەکان دەگرێتەوە کە هەموویان پێکەوە (سەرخان)ی کۆمەڵ پێک دێنن. هەر گۆڕانکارییەک لە ژێرخاندا ڕوو بدات دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە سەرخانیشدا و، ئەمەش پەیوەندییەکی دیالێکتیکییە و بەردەوام کار لە یەکدی دەکەن(٥٦). کۆمەڵ لە چەندین چین پێک دێت، کە هەر یەکێکیان ڕۆشنبیری خۆی هەیە و، لە نێو ئەو ڕۆشنبیرییەدا ئەدەب پەیدا دەبێت، بۆیە ڕەهەندێکی چینایەتی – کۆمەڵایەتیی پێوە دیارە، چونکە ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعەیە، بەڵام ئەم ڕەنگدانەوەیە ئەوەندە میکانیزمی و هاوتەریب و ساکار نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی ئاوێتەییی ئاڵۆز و تێکەڵکێشراوە(٥٧). ئەم تیۆرە پشت بەفەلسەفەی ئایدیالیستی نابەستێت و واقیعبینانە دەڕوانێتە پرۆسەی ئەدەبی و گرنگترین بنەماکانی ئەمانەن:

١– ئەدەب وێنەیەکە لەو واقیعە کۆمەڵایەتییەی کە تێیدا بەرهەم هاتووە و وێنەی ئەدەبیش بەپێی گۆڕانکاریی کۆمەڵ دەگۆڕێت.

٢– نووسەر لە خاڵی سفرەوە دەست پێ ناکات، بەڵکو دەکەوێتە ژێر کاریگەریی چەندین بابەتی تر کە پێشتر هەبوونە لە دابونەریت و کەلەپوور و پلەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی.

٣– نووسەر پەیوەندیی بەکۆمەڵ و واقیعەوە هەیە، بەڵام وا هەست دەکات کە کەموکوڕی لەو پەیوەندییەدا هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوە کە لە دیدگەیەکی

٥٦– في نظرية الادب، د. شكري عزيز ماضي، ص٧٢.

٥٧– سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣.



نوێدا جیهان و کۆمەڵ بەشێوەیەک لە شێوەکانی ئەدەبدا بەرجەستە بکات. لێرەدا ئەدیب دەبێتە ئامرازێک کە کۆمەڵ لە ڕێگای ئەوەوە گوزارشت لە خۆ بکات یان بەمانایەکی تر نووسەر دەبێتە ئامرازی چینە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی.

٤– داهێنان چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە، هەرچەندە لە سەرەتاوە وەکو کارێکی تاکەکەسی دێتە بەرچاو.

٥– کاری ئەدەبی لە ئەنجامی ڕەنجێکی تاکەکەسییەوە دێتە کایەوە، بەڵام کۆئەنجامە هزری و هەستییەکانی ئەو کارە ئەدەبییە هەمیشە لەو پەیوەندییەی کە لە نێوان ئەدیب و ئەو کۆمەڵەی تێدا دەژیت سەرچاوە دەگرێت.

٦– لەسەر ئاستی زماندا، ئەدیب مامەڵە لەگەڵ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەکات، لە ئەنجامی ئەم تێکەڵبوونەدا شێوازە تایبەتییەکەی ئەدیب دروست دەبێت. ئەدیبی بلیمەتیش ئەو کەسەیە کە توانای پێکهێنانی زمانی هەبێت، ئەمەیش ئامانجێکی کۆمەڵایەتییە.

٧– ناوەرۆک و شێوەی کاری ئەدەبی لە ئەنجامی تێکەڵییەکی خوڵقێنەر لە نێوان تاک و کۆمەڵدا دروست دەبێت. ئەم پەیوەندییە دیالێکتیکییە وەکو پێکهاتەیەکی گشتیی یەکگرتوو لە کاری ئەدەبیدا ڕەنگ دەداتەوە، بۆیە شیعر یان ڕۆمان بەشێوە و ناوەڕۆکەوە هەڵوێستی نووسەر بەرانبەر کۆمەڵ و جیهان دەردەبڕێت.

٨– ئەم تیۆرە هەڵوێستێکی جودای لە تیۆرەکانی تر بەرانبەر بەوەرگر (خوێنەر) هەیە. لە تیۆری لاساییکردنەوەدا ئەدەب پاککەرەوەی سۆزەکانی وەرگر بوو و، لە تیۆری دەربڕیندا ئەرکی ئەدەب وروژاندنی سۆز و هەڵچوونەکانی وەرگر بوو و، تیۆری ئەفراندنیش ئەدەب بەئامرازێکی ڕابواردن دادەنا کە وەرگر هەست بەچێژێکی ساف یان جوانییەکی ساف بکات. لەم هەرسێ تیۆرەدا خوێنەر تەنیا وەرگری کارەکە بوو، بەڵام تیۆری ڕەنگدانەوە خوێنەر وەکو وەرگر و بەشدارییەکی ناڕاستەوخۆ لە پرۆسەی داهێنانە ئەدەبییەکەدا سەیر دەکات.

٩– سەرەڕای ئەوەی کە ئەدەب چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە، ئەزموونێکی مرۆییە، چونکە مەبەست لە بەرجەستەکردنی دیدگە جوانکارییەکانی نووسەر ئەوە نییە کە لێهاتووییە تەکنیکییەکان یان کارامەییە زمانەوانییەکان یان ئاستی

ڕۆشنبیریی خۆی پیشان بدات، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە ئێمەی خوێنەریش بەشداری لە ئەزموونەکەیدا بکەین، بۆ ئەوەی بۆچوونەکانمان (وەکو خوێنەر) بگۆڕین یان ڕاستیان بکەینەوە یان دڵنیا بین لەو شتانەی کە بڕوامان پێ هەیە.

١٠- مەبەستی ڕاستەقینەی ئەدەب دروستکردنی هەماهەنگییەکی سۆزی و هزرییە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵ یان چینێکی کۆمەڵایەتیدا، چونکە ئەدەب هۆش و هەستی مرۆڤ دەدوێنێت بۆ ئەوەی هێزی درک پێکردنی خورتتر بکات و هۆشیاریشی بوروژێنێت و ڕووناکتر بکات تا پتر لە جیهان تێبگات و یارمەتیی خەڵک بدات کە درک بەبارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان بکەن و بتوانن بیانگۆڕن.

١١- ئەرکی ئەدەب لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر و، لە قۆناغێکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ قۆناغێکی تر دەگۆڕێت، بۆیە ئەم تیۆرە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەرکە هەمیشەییەکەی ئەدەبی پێگەیشتوو ئەوەیە کە ئینسان بەهزر و سۆز و مێشک و هەستەوە هان بدات بتوانێت بەشداری لە گۆڕینی واقیعە کۆمەڵایەتییەکەیدا بکات.

١٢- پێوەرە ڕەخنەییەکان دەبێت لە واقیعی ئەو قۆناغە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە سەرچاوە بگرن کە ئەدەبەکەی تێدا بەرهەم هاتووە و، هەموو بیرۆکە ڕەهاکانی پەیوەست بەخود و تاک و هونەر و ئەرکەوەی ڕەت دەکردەوە.

بەپێی بنەماکانی ئەم تیۆرە بارێکی گونجاو بۆ شیعری فێرکردن ڕەخسا و، لە گۆڕانکارییەکاندا شاعیران پێشەنگ بوون بەتایبەتی لە نێو ئەو گەلانەی کەوتبوونە ژێر ڕکێفی داگیرکردنی دەرەکی و لە دەستی زوڵم و ستەمی چەوساندنەوە لە لایەن چینە باڵادەستەکانەوە دەیان ناڵاند.

٥- تیۆری جۆرەکانی ئەدەبی

تیۆریی جۆرەکانی ئەدەبی، پرەنسیپێکی ڕێکخستنەوەییە و ئەدەب و مێژووەکەی بەپێی پێکهاتە و ڕێکخستنە تایبەتمەندییەکانییەوە پۆلێن دەکات، نەک بەپێی کات و شوێن (سەردەم و زمانی نەتەوەیی)[٥٨]. دانەری بنەماکانی ئەم تیۆرە ئەرستۆ بووە

٥٨- نظرية الأدب، رينيه ويليك و اوستن وارين، ت: محي الدين صبحي، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت ١٩٨٧، ص٢٩٨.



کە لە کتێبەکەیدا (هونەری شیعر) ئەدەب دەکاتە سێ جۆر: تراژیدیا، کۆمیدیا و داستان و بەها و پێکهاتەکانی هەر یەکێکیان دەستنیشان دەکات. دوای ئەرستۆش کرۆچێ و هدسۆن و برۆنتیر و هیگل و ت. س. ئەلیۆت هەوڵیان داوە لە جۆرەکانی ئەدەب بکۆڵنەوە و جیاوازییان بەپێی ئاستی هونەری یان شیکردنەوەی دەروونی یان پلەی پەرەسەندنیان بخەنە ڕوو. جگە لەو بیروڕایانەی سەرەوە کە هەموویان لە فەلسەفەی ئایدیالیستییەوە هەڵقوڵابوون، بۆچوونێکی تری تیۆری ڕەنگدانەوە هەیە کە پەیدابوون و لەناوچوونی جۆرە ئەدەبییەکان بۆ پێویستییەکی ستاتیکیی کۆمەڵایەتی دەگەڕێنێتەوە، بەڕامانێکی تر سیستەمی کۆمەڵایەتی هەبوون و پلەی گەشەکردنی جۆری ئەدەبی دەستنیشان دەکات، چونکە تیۆری ڕەنگدانەوە پرۆسەی داهێنانی ئەدەبی بەچالاکییەکی کۆمەڵایەتی دادەنێت. سەرەڕای ئەو هەموو بۆچوونانەی لە بارەی جۆرەکانی ئەدەب خراونەتە ڕوو، ڕێککەوتنێکی گشتی لە نێوانیاندا هەیە کە ئەدەب دەکرێتە دوو بەشەوە، ئەویش شیعر و پەخشانە، لێرەشدا چەندین بیروڕای تر لە بارەی چۆنیەتی دەستنیشانکردنی خەسڵەت و ئەدگارەکانیان هەروەها جۆرەکانی هەر یەکێکیان سەرهەڵدەدەن. پەخشان دەکرێتە چەند جۆرێک، لەوانە شانۆنامە، چیرۆک، کورتە چیرۆک، ڕۆمان، ژیاننامە، گوتار، یادداشتنامە.. بەڵام لە بارەی شیعرەوە دەکرێتە چوار جۆر کە ئەمانەن:

١- شیعری لیریکی: کە لەگەڵ ئامێرێکی مۆسیقا دەگوترا، هەروەها بەشیعری ویژدانی یان خودی ناوزەد دەکرێت، چونکە بۆچوون و هەڵچوونەکانی شاعیر دەردەبڕێت.

٢- شیعری داستانی: ئەو شیعرەیە کە چیرۆکی قارەمانێتی میللەتێک دەگێڕێتەوە و، لە چەند هەزار دێرە شیعر پێک دێت.

٣- شیعری درامایی: ئەو شیعرەیە کە لەسەر دەپی شانۆ دەنوێنرێت، بەڵام ئێستا لەناوچووە و، پەخشان جێگەی گرتووەتەوە.

٤- شیعری فێرکردن: مەبەست لەم جۆرە شیعرە، فێرکردنی ڕاستییەکانە.

***

تیۆری ئەدەبی لە مێژووی پەیدابوون و پەرەسەندنی ژانرە ئەدەبییەکان و، لە

چۆنیەتی پەیوەندییان بەبارودۆخە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانەوە دەکۆڵێتەوە، بۆیە هۆی گەشەکردن یان لەناوچوونی ژانرە ئەدەبییەکان بۆ هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی پێشڤەچوونی کۆمەڵ و پەیوەندییە ستاتیکییەکانی بەجیهانەوە دەگەڕێتەوە کە لە چەند ژانرێکی ئەدەبیدا بەرجەستە دەبن و، ئەو ژانرانەش لەگەڵ توانای خەڵکەکە و سروشتی سیستەمی کۆمەڵایەتییان لەو قۆناغەدا دەگونجێت[٥٩].

لایەنگرانی تیۆری ڕەنگدانەوەش هەموویان پتر جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە مێژووی هونەرە ئەدەبییەکان پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بەواقیعەوە هەیە و ئەدەب وێنەیەکی ریالیستیی کۆمەڵە و بەپێی گۆڕینی وێنەی کۆمەڵ دەگۆڕێت[٦٠].

لە میانی لێکدانەوەی هەردوو میتۆدی مێژوویی و میتۆدی شیکردنەوەییەوە بۆمان دەرکەوت کە:

١- ڕێبازی کلاسیزم کە دەرهاوێشتەی سەردەمی دەرەبەگایەتی بووە و، تیۆری لاساییکردنەوە لێی دەکۆڵێتەوە کە وەرگر (خوێنەر) دەکاتە تەوەری بایەخ پێدانی خۆی، بۆیە شیعری فێرکردن پانتاییەکی گەورە لە نێو بەرهەمەکانی ئەم ڕێبازەدا دەگرێتەوە بەتایبەتی لە چاخەکانی ناوەڕاستدا کە مۆرکێکی ئاینیی پێوە دیارە[٦١]. دواتر لە سەردەمی کلاسیزمی نوێی ئەوروپا لە سەدەکانی (١٦و١٧)دا پتر پەرەی سەند[٦٢].

٢- ڕێبازی ڕۆمانسیزم پەیوەندیی بەشۆڕشی بۆرژووازییەوە هەبووە و تیۆری دەربڕین لێی دەکۆڵێتەوە و، پتر جەخت لەسەر داهێنەر دەکات، کە دەبوایە بەرهەمەکانی خۆیەتی بن و تێکەڵاوی سۆز و هەڵچوونەکانی خۆی بن، بۆیە لەم ڕێبازەدا شیعری فێرکردن کەمە و، ئەگەر هەشبێت ئەوە لێهاتوویی شاعیر دەردەخات کە چەند لە هونەری شیعردا بالادەستە.

٣- ڕێبازی فۆرمالیستەکان و گرووپی ئایندەخوازەکان خەریکی داڕشتنەوەی

٥٩- مذاهب الأدب الغربي ومظاهرها في الأدب العربي الحديث، د. سالم أحمد الحمداني، مطبعة التعليم العالي في الموصل ١٩٨٩، ص ١٧.
٦٠- في نظرية الأدب، د. شكري عزيز ماضي، ص٧٤ .
٦١- المصطلح في الأدب الغربي، د. ناصر الحاني، ص٤٠ .
٦٢- نظرية الأدب، رينيه ويليك و اوستن وارين، ص ٢٤١



تیۆرییەکی ئەدەبیی تایبەت بەخۆیان بوون[٦٣]. هەروەها قوتابخانە نوێیەکانی ئەو سەردەمە بەرناسی، سوریالیزم، دادائیزم، بەهەمان شێوە دژی ئەو بۆچوونانە بوون کە ئەدەب و هونەر وەکو ئامرازێک لە پێناوی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکار بهێنرێن. بەگشتی تیۆری ئەفراندن لەسەر بەرهەمە ئەدەبییەکان کار دەکات و، خوێنەر و تەنانەت داهێنەریشی پشتگوێ دەخرێن، بۆیە زۆر زەحمەتە شیعری فێرکردن لە نێو بەرهەمەکانیاندا بەدی بکرێت.

٤ - ڕێبازی ڕیالیزم پەیوەندیی بەپێشکەوتنە زانستی و تەکنۆلۆژیاکانەوە هەیە و، قوتابخانەی سروشتی لێ پەیدا بوو، دواتر کە چینی پرۆلیتاریا هاتە سەر شانۆی مێژوو، ڕیالیزمی سۆشیالیستی پەیدابوو[٦٤]، تیۆری ڕەنگدانەوە لێی دەکۆڵێتەوە و، بایەخ بەوەرگر و داهێنەر و کاری ئەدەبیش دەدات، بۆیە شیعری فێرکردنیش جێگەی خۆی لە نێو بەرهەمەکانی ئەو شاعیرانەدا کردووەتەوە، کە ئەم ڕێبازەیان پێڕەو دەکرد.

لە بارەی تیۆری ئەدەبییەوەش کە لە جۆرەکانی ئەدەب دەکۆڵێتەوە و، هەرچەندە لێکۆڵەرەوەکانی سەدەی بیستەم پلە و پایەیەکی پێشەنگ بەم تیۆرە نادەن، چونکە دەرفەتی سنووربەزێنییان والایە و توانای تێکەڵبوونیشیان زۆرە تەنانەت چەمکی جۆرەکانی ئەدەبیش بووەتە جێگەی گومانلێکردن[٦٥]. ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە بنەماکانی تیۆری جۆرەکانی ئەدەب لەسەر مێژووی بەرهەمە ئەدەبییە ئەوروپاییەکان دامەزراوە کە لەوانەیە هەندێک جۆریان لە نێو ئەدەبی گەلانی تردا نەبن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تیۆرە بایەخێکی زۆری بۆ لێکۆڵینەوەکانی ئەدەبی کوردی هەیە، بەتایبەتی جۆرەکانی شیعر کە شیعری فێرکردن کراوە بەجۆری چوارەم و لە مێژوو و پێکهاتە و خەسڵەتەکانی دەکۆڵێتەوە[٦٦]، ئەمەش بۆ شیکردنەوەی شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا بنەمایەکی زانستی - هونەری سەرەکییە.

٦٣- نظرية الأدب، د. شفيق يوسف البقاعي، منشورات جامعة السابع من ابريل، بنغازي١٤٢٥، ص٢٠١.
٦٤- في نظرية الأدب، د. شكري عزيز ماضي، ص٧٣.
٦٥- مذاهب الأدب الغربي ومظاهرها في الأدب العربي الحديث، د. سالم أحمد الحمداني، ص١٨.
٦٦- نظرية الأنواع الأدبية، الأب. سي. فينسان، ص٢٧٨. / هەروەها بڕوانە: في نظرية الأدب، د. شكري عزيز ماضي، ص٨٦.

# بەشی دووەم

بارودۆخی کوردستان و هۆکارەکانی گەشەکردنی
شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا

# باسی یەکەم

## باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیریی کوردستان

### یەکەم: لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمدا هەڵمەتە سەربازییەکەی دەوڵەتی عوسمانی زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە و، میرنشینە کوردییەکانی لەناوبرد و، «کۆتاییی بەقۆناغێکی گرنگی مێژووی کورد هات و قۆناغێکی مێژوویی ڕەش دەست پێ کرا» و[1]، کوردیش بووە یەکێک لە میللەتە ماف پێشێلکراوەکان[2]. لە ڕووی ئابوورییەوە" برسیەتی خەڵکەکەی گەیاندبووە ڕادەی هاربوون، لەوەدا نەمابوون گوێ بدەنە یاسا و سڵ لە گوللەی پاسەوانەکان بکەنەوە، بەهێرشەوە پەلاماری عەمباری گەنم و جۆیان دەدا و تالانیان دەکرد. بەڵام زۆری نەبرد کوردەکان وازیان لەو جۆرە خەباتە عەفەوییە، واتە پەلاماردانی عەمباری گەنم و جۆکان هێنا و هاتنە سەر ئەوەی خۆیان لە ڕاپەڕینێکی چەکداریی ڕێکخراودا کۆ بکەنەوە، ئەو ڕاپەڕینەی لە ساڵی (١٨٨٠)دا تەقییەوە و بووە ڕاپەڕینێکی فراوانی میللی"[3]. ڕاپەڕینەکە سەرنەکەوت و، عوسمانییەکان سیاسەتێکی بەزەبری ئاگر و ئاسنیان لەسەر کوردستاندا سەپاند و، بارودۆخی وڵات لە نێو ژانێکی توند و پڕ حەسرەتدا دەکولا و، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش لە نێوان چینێکی جووتیاری چەوساوە لەگەڵ

---

١- بڕوانە: كوردستان في عهد الدولة العثمانية من سنة (١٨٥١-١٩١٤)، د. عبدالله العلياوي، السليمانية٢٠٠٥،ص٥٥.

٢- المسالة الكردية ١٨٩١- ١٩١٧، م. س. لازاريف، ترجمة اكبر احمد، مركز كوردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية ٢٠٠١ ص٥٩.

٣- ڕاپەرینی کوردەکان ساڵی ١٨٨٠، د. جەلیلی جەلیل، وەرگێڕ لە ڕووسییەوە د. کاوس قەفتان، چاپخانەی"الزمان" بەغدا ١٩٨٧ ل٧٢.



سەرەک خێڵەکان لە ئاستێکی خراپدا بوو، بژێوی خەڵکی کەم دەرامەتی شارەکان لەوپەڕی لاوازیدا بوو، لەو ماوەیەدا باری خوێندن بەتەواوەتی پشتگوێ خرابوو، " ڕێژەی نەخوێندەواری - بۆ نموونە - لە باشووری کوردستان ٩٨٪ بوو[٤]". بۆیە هەموو بوارەکانی ژیان -لە سەرەوە- شێوەیەکی ڕەمەکی و بەرەڵلاییان وەرگرتبوو، بەلام - لە ناوەوە - دەکولا و لە ژان و حەسرەتدا پڕ ببووبوو و، چاوەڕوانی کەشێکی گونجاوی دەکرد، جارێکی تر هەستێتەوە سەرپێ. لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە بزاڤێکی بەرپەرچدانەوەی ڕووناکبیریی کوردی سەری هەڵدا. دەستکەوتە هەرە گەورەکەی شینبوونی چرۆی بیرکردنەوەی زانستی بوو، کە لاوە خوێنگەرم و ڕۆشنبیرە پێشەنگەکان خەباتیان بۆ دەکرد و، بەوە پشتڕاستبوون کە ئەمە تەنیا ڕێگەیە بکرێتە ئەلتەرناتیڤی بۆچوونە ڕەمەکی و بەرەڵاییەکانی دەرهاوێشتەی مەینەتییەکانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم. بەم شێوەیە سەودای کۆمەڵایەتی و کوردایەتی چووە سەری گەلێ لاوانەی کوردەوە کە لە ئەستەمبووڵ و دەرەوەی پێ گەیشتبوون، لە پاش بڵاوبوونەوەی مەشروتییەت لە ١٩٠٨دا، کوردە بەناوبانگەکانی دەرەوە - کە بۆ کوردایەتی ئیشیان دەکرد- لە لایەن تورکە گەنجەکانەوە ئیزن دران، بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ئەستەمبووڵ..."[٥] لە ساڵی (١٩١٤-١٩١٨) جەنگی یەکەمی جیهانی بەسەردا هات و، کورد بووە قوربانی نەخشە نوێیە داڕێژراوە سەرکەوتووەکانی جەنگ و، بەپێی پەیمانی لۆزان -١٩٢٣[٦] بەسەر چوار دەوڵەتدا (تورکیا، عیراق، سوریا، ئێران) دابەش کرا. خەباتی چەکداری - سیاسی - ڕۆشنبیری میللەتی کوردیش کەوتە قۆناغی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆی ناهاوسەنگ و بزاڤێکی ڕزگاریخوازی پێک هێنا و لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانیدا بەردەوام بوو (شۆڕشەکانی شێخ مەحموود - ڕاپەڕینی سمکۆی شکاک - شۆڕشی شێخ سەعیدی پالۆ - شۆڕشی ئارارات - شۆڕشی دێرسم - شۆڕشی بارزان... ) کە هەموویان بەهێزی چەک لەناوبران و، دواتر دووەمین جەنگی جیهانی بەسەردا

---

٤- سالنامات الموصل العثمانية، مصدرا لدراسة تاريخ السليمانية، د. عبدالفتاح علي يحيى، مجلة جامعة دهوك، العدد (٢) تشرين الثاني ٢٠٠٠.

٥- مێژووی ڕاپەرینی کورد، عەلائەدین سەجادی، چ٢، چاپخانەی ئیران، سنندج١٩٩٦ ل١٥-١٦.

٦- مشكلة الموصل، د. فاضل حسين، ط٣، مطبعة اشبيلية، بغداد ١٩٧٧، ص٣٨.

هات و نەهامەتییەکانی میللەتی کورد گەورەتربوون و لە ئەنجامدا کۆماری کوردستان (١٩٤٦) لە مەهاباد لەناوچوو. شکستە یەک لە دوای یەکەکانی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد کاریگەرییەکی سەلبییان لەسەر باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی هەبووە و، لەو ماوەیەدا ڕێژەی هەژاری لە زیادبوون و، جۆری خزمەتگوزارییەکانیش لە کەمبووندا بوو، بۆیە گیانی ڕکابەری و ناڕازیبوون دژی فەرمانە سەپێنراوەکان هەر خورتتر دەبوو. ڕەوشی خوێندەواریش لەو ماوەیەدا لە ئاستێکی یەکجار نزمدا بووە و تەنانەت لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەمیش ڕێژەیەکی زۆر لە دانیشتوانی نەخوێندەوار بوون[٧].

هەرچەندە هەندێک زانیاری لە بارەی خوێندنی فەرمی بەهەموو قۆناغەکانییەوە و خوێندنی حوجرە کە لە زۆربەی شار و گوندە گەورەکانی کوردستاندا هەبووە[٨] لە بەردەستدا هەن، بەڵام بەگشتی ژمارەی خوێندەواران زۆر کەم بووە تا ڕادەیەک کە سەرنجی ڕۆشنبیرانی کوردی ئەو سەردەمە ڕابکێشێ و باس لەم کێشەیە بکەن[٩].

لە بارودۆخێکی پاشکەوتووی وادا، کە میللەتێک بەدەست سێکوچکەی (هەژاری- نەخۆشی- نەخوێندەواری)یەوە بناڵێنێت و، لە ڕووی سیاسییەوە هەموو توانا و هێزی خۆی لە ڕاپەڕینە چاکسازییەکاندا کۆ بکاتەوە، پێویستی بەهوشیارکردنەوەیەکی نەتەوەیی هەیە، کە پشت بەبنەما زانستییەکان ببەستێت، ئەمەش پانتاییەکی گونجاوی بۆ شیعری فێرکردن فەراهەم کردبوو، کە بەشێوەیەکی خورت و فراوان بێتە نێو گۆڕەپانی ئەدەب و، ئەگەر پشت بەو ڕاستییەش ببەستین، کە " پەیدابوونی ژانرە ئەدەبییەکان و لەناوچوونیان پەیوەستە بەپلەی پەرەسەندنی کۆمەڵگە لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیرییەوە"[١٠] ئەوە شیعری فێرکردن لە ژانرە هەرە

٧- کوردستان و کورد - لێکوڵینەوەیەکی سیاسی و ئابووری، د. عەبدڕەحمان قاسملوو، وەرگێڕانی عەبدوڵڵا حەسەن زادە، چاپی دووەم، چاپخانەی منارە، هەولێر ٢٠٠٦ ل٣٤.

٨- گەشەکردنی خوێندنی فەرمی لە لیواکانی کوردستانی عیراقدا ١٩٢١- ١٩٥٣، د. محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسوور، چاپخانەی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٤ ل٩.

٩- خوەندن و خەبات، فازل موخلیس عەشیر مللی، گۆڤاری ڕۆژی کورد، ژ١ / ٦ حزیران ساڵ ١٣٢٩ بەرانبەر١٩١٣ ل٣١.

١٠- في نظرية الادب، د. شكري عزيز ماضي، ص٨٨.



پێشەنگەکانی ئەدەبی کوردی بووە کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا شاعیرانی کورد سەرکەوتووانە ڕۆڵێکی بەرزیان لەم بوارەدا گێڕاوە.

## دووەم: لە ڕووی ڕۆشنبیری و کەلەپووری فێرکارییەوە

لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا بەرهەمی چەندین شاعیری ناودار هەیە، کە لە ڕێگەی پێدانی زانیاری و ڕێنماییکردنی خەڵکەوە مەبەستە فێرکارییەکانیان دەربڕیون و ناوەڕۆکی شیعرەکانیان بابەتییانە شی کراونەتەوە، بۆ نموونە:

١- لە بارەی فەرهەنگسازییەوە، دوو فەرهەنگی مەنزوومی بەناوبانگ هەن:

أ - " نەوبەهاری بچووکان "ی ئەحمەدی خانییە (١٦٥٠-١٧٠٧) کە لە ساڵی (١٦٨٢)دا دای ناوە و چەندین لایەنی فێرکاری بەخۆوە دەگرێت[١١] لەوانە:

- فێربوونی زمانی عەرەبی بەبەرانبەرکردنی وشەی عەرەبی لەگەڵ وشەی کوردیدا و، لە شوێنی پێویستدا هەندێک بابەتی ڕێزمانیش دەستنیشان کراون وەکو ڕاناوە لکاوەکان و چۆنیەتیی دروستکردنی ڕستە.
- فێربوونی عەرووزی شیعری کوردی، بەتایبەتی سێ دەریا شیعرییەکانی باو (ڕەجز، هەزەج، ڕەمەل)، کە پتر لەگەڵ زمانی کوردی دەگونجێن.
- پێدانی زانیاری لە بارەی پێغەمبەر (د.خ) و چوار جێنشینەکانی و، هەروەها چوار ڕەهبەری ئەهلی سوننە..
- پێدانی پەند و ئامۆژگارییە ڕەوشتییەکان بۆ ئەوەی خوێنەر بەرەو چاکە ئاراستە بکات، بۆ نموونە لە پارچەی یەکەمدا دەڵێت:

١١- ئەم فەرهەنگە لە دیباچەیەک و (١٣) پارچە و کۆتاییەک پێک هاتووە، لە ئەنجامی بەراوردکردنیاندا دەرکەوت کە تەنیا ناوەڕۆکەکەی شیعرە و لە (٢١٦) دێرە شیعر. پێک دێت. دیباچە و کۆتاییەکەشی دوو پارچە پەخشانی سەروادارن. لەم ڕووەوە ڕاستییەکی دیکەمان بۆ ساغ دەبێتەوە کە ئەحمەدی خانی نەوبەهاری بچووکانی تەنیا بەشیعر نەهۆنیوەتەوە، بەڵکو بەشیعر و پەخشان، سەرەڕای بە چنگ کەوتنی بەڵگەیەکی تر لە بارەی هەبوونی دەقێکی پەخشانی کوردی لە سەدەی حەڤدەهەمدا . ئەم فەرهەنگە لە حوجرە و مەدرەسە ئاینییەکاندا دەخوێندرا و بڵاو دەبووەوە، بەڵام دواتر چەندین جار چاپ کراوە (ئێستەنبۆل ١٨٩٢، بەرلین ١٩٠٣، دیمەشق ١٩٤٥، بەغدا , ١٩٧٩..).

حەتا تو دەور و دەرسان نەکی تکرار و مەسروف

د دنیایێ تو نابی نە مەشهوور و نە مەعروف[١٢]

ب- فەرهەنگی مەنزوومی دووەمیش (ئەحمەدی)یە[١٣] کە لە لایەن شێخ مارفی نۆدێ (١٧٥٢-١٨٣٧) لە ساڵی (١٧٩٠ز) بۆ کوڕەکەی خۆی (کاک ئەحمەد) دایناوە، بۆ ئەوەی فێری زمانی عەرەبی ببێت. بەڵام ئامانجە سەرەکییەکەی فێرکردنی هەموو منداڵانی کورد بوو، بۆیە وەکو یارمەتیدەرێکی فێربوونی زمانی عەرەبی لە حوجرەی مزگەوتەکاندا دەخوێندرا.

٢- کتێبە زانستییە ئاینییەکان کە بەشیعر هۆنراونەتەوە، بەتایبەتی ئەوانەی کە خەڵک فێری باوەڕ و بنەماکانی ئاینی ئیسلام دەکەن، بۆ نموونە:

- (عەقیدا ئیمان) لە دانانی ئەحمەدی خانی بەدیالێکتی کرمانجیی سەروو[١٤].

- (عەقیدەی مرضیە) لە دانانی سەید عەبدولڕەحیمی مەولەوی بەدیالێکتی گۆران کە دوو هەزار و سی و یەک دێرە شیعرە و بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

زوبدەی عەقیدەی خولاسەی کەلام

هەر لە تۆ و بۆ تۆش حەمد وسەنای عام[١٥]

- (عەقیدەی کوردی) هەڵبەستراوی شێخ سەمیع بەرزنجی بەدیالێکتی کرمانجیی

---

١٢- نەوبەهارا سەیدایێ مەزن ئەحمەدی خانی، خرڤەکرن و ل دوی چوون و تویژاندنا، صادق بەهائەدین ئامێدی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٩ ل٣١.

١٣- فەرهەنگی ئەحمەدی لە دیباچەیەکی (١٣) دێرە شیعری جووت سەروا پێک هاتووە، هەمووی بەسەر یەکەوە بریتییە لە (٣٦٥) دێرە شیعر،(١٩) یان لەسەر کێشی خۆماڵیی دە بڕگەیین و ئەوانی دیکە (٨) بڕگەیین. (١٣٠٠) وشەی کوردی و (١٤٠٠) وشەی عەرەبی لە خوە دەگرێت. ئەم فەرهەنگە لە سەرەتاوە وەکو دەستخەت دەنووسراو و، لە حوجرەکانی خوێندندا بڵاودەبووە، دواتر چەندین جار بە چاپ گەیشتووە لەوانە (ڕواندز ١٩٢٦ ، سلێمانی ١٩٣٦، کەرکووک - چاپخانەی تەرەقی ساڵ ؟، هەولێر١٩٦١،...).

١٤- أحمدی خانی شاعرا ومفکرا وفیلسوفا و متصوفا، د. عزالدین مصطفی رسول، مطبعە الحوادث، بغداد١٩٧٩،ص٣٥.

١٥- عەقیدەی مرضیە، سەید عەبدولڕەحیمی مەولەوی، شەرح و لێکدانەوە مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپخانەی (الخلود)، بەغدا ١٩٨٨، ل ٢٦.



خواروو کە سەرەتاکەی بەم دێرە شیعرە دەست پێ دەکات:

ئەووەڵ ئیبتیدا بە نامی خودا بەس

حەمەد و سەنا ئەلحەمەدو للە

کۆتاییەکەشی بەم دێرە شیعرە دێت:

سەمیع گوناهکار ئەو ڕجا دەکا

بۆ فاتیحایەک ئیلتیجا دەکا[١٦]

- (ڕۆڵە بزانی)ی مەلا خدری ڕواری کە (٩٦) دێرە شیعرە و بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

ڕوڵە بزانی ڕوڵە بزانی

فەرزەن وەرجە گشت مە بۆ بزانی[١٧]

و (خوا یارت بو)ی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا موفتی کە (١١٧) دێرە شیعرە و بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

خوا یارت بۆ خوا یارت بۆ

ڕۆڵە ئەرجوم هەن خوا یارت بۆ[١٨]

٣- کتێبە مێژوویی و ژیاننامەکان، کە ڕووداوە مێژووییەکان و کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵ بەشیعر هۆنراونەتەوە و، لە زۆر شوێندا لەگەڵ پەند و ئامۆژگارییەکان تێکەڵکێش کراون، بۆ ئەوەی سەرنجڕاکێش بن و بەئاسانی ئەزبەر بکرێن و سوودیشی بۆ خەڵکەکە هەبێت، بۆ نموونە:

- جەنگنامەی خالید، کە نزیکەی (٣٤٥) دێرە شیعرە و لە سەرەتاییەکەیدا باسی خالید دەکات:

---

١٦- عەقیدەی ئیمان - عەقیدەی کوردی لوببەلعەقایید، کۆ و کورتکردنەوەی: خالید شارەزووریی نەقشبەندی، ئاشناکردن و لێکۆڵینەوەی کەمال ڕەئووف محەمەد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٤، ل١٦٨.

١٧- ڕۆڵە بزانی و خوا یارت بۆ، مەلا خدری ڕواری و مەلا عەبدوڵڵا موفتی، انتیشارات کردستان، سنندج ١٣٧٧ ڕوجیاری، ل٣.

١٨- سەرچاوەی پێشوو ل١٦.

گۆیا بۆ زوبان بە قەترەی شیرین

کەرۆ مەدح خالید شێر سەهمگین[١٩]

– بەیتا کەلا دمدم، مەنزومەی فەقێ تەیران (١٥٦٣–١٦٤١)، (٦٧) چوارینەیە و بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

حەلال کریە تاهایێ

مەزهەبێ ڤە بکێرنایێ

ئەم دمرن نائێنە ڕایێ

ئاخرەت خۆشترە ژ دنیایێ[٢٠]

– مەولوودنامەی پێغەمبەر (د.خ)، لەبەر خۆشەویستی حەزرەتیان، لە لایەن کوردە موسڵمانەکانەوە بەگشتی و شاعیران بەتایبەتی چەندین دەقی مەنزووم لە بارەی لەدایکبوون و ژیانی پێغەمبەر لە ئەدەبی کوردیدا هەیە[٢١]، لەوانە (مەولوودنامەی باتەیی "١٦٧٥–١٧٦٠") کە بەم دێرە شیعرە دەست پێ دەکات:

حەمد بێ حەد بۆ خۆدایێ عالەمین

ئەو خودایێ دایە مە دینێ موبین[٢٢]

٤– لە نێو دیوانی شاعیرە کلاسیکییەکانی کورددا، چەندین شیعری فێرکردن تێدا بەدی دەکرێن، کە پتر لایەنی پەند و ڕەوشت و ئاراستەکردنی خەڵک بەرەو چاکە و پێدانی زانیارییەکان دەگرێتەوە، بۆ نموونە: مەولەوی (١٨٠٦–١٨٨٢) لە شیعرێکیدا دەرمانی چارەسەرکردنی هەڵامەت دەستنیشان دەکات، ئەم شیعرەی خوارەوە بۆ دۆستیکی ناردووە کە هەڵامەتی بووە، دەرمانی تێدا پیشان دەدات:

١٩– جەنگنامەی خالید، محەمەد عەلی قەرەداغی ئامادەی کردووە و پێشەکیی بۆ نووسیوە، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق – دەستەی کورد، بەرگی حەوتەم ١٩٨٠، ل١٢١.

٢٠– دیوانا فەقیێ تەیران، تویژاندنا سەعید دێرەشی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٥، ل١٨٥.

٢١– لە نێوان مەولوودنامە عەرەبی و کوردییەکاندا – لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە، د. ئیبراهیم ئەحمەد حوسێن، گۆڤاری زانکۆ، ژمارە (٥) ساڵی سێیەم....

٢٢– مەلایێ باتەیی – ژیان و بەرهەم، کۆمکرن و ڤەوەژارتنا تەحسین ئیبراهیم دۆسکی و موحسن ئیبراهیم دۆسکی، چاپخانا وەزارەتا پەروەردی، هەولێرە ٢٠٠٥ ل٤١.



شنەفتم دوور با لەیل زوکامشەن

دیشوار باڵای ئەو نەمامشەن

هەنارەکەی دڵ پڕ جە دانەی ئێش

پیشیای کوورەی نار عەشق وێش

بە مەودای مۆژگان سۆراخش کەرۆ

وە گەرمی نیشان دەماخش دەرۆ[٢٣]

بەکر بەگی ئەرزی (١٧٥٦– ؟ ) لە شیعرێکی ئامۆژگاریدا باس لە بنەماکانی دروستبوونی کەسایەتییەکی هێمن و لەسەرخۆ دەکات، کە سەرەتاکەی بەم کۆپلەیە دەست پێ دەکات:

ئەزمان درێژێت ئەزمان دار

لازمە د ئەزمان بڕی بن

قەسە درێژێت قەسە سار

ل سوحبەتا کەری بن

مرۆڤێت نەخۆش جینار

لازم هەر ل چۆلی بن[٢٤]

٥– ڕێنماییەکانی ئاینی ئێزدیاتی هەموو بەشیعر هۆنراونەتەوە و لە لایەن پیاوانی ئاینەوە ئەزبەر دەکرێن و لە بۆنە و نزاکاندا بۆ خەڵک دەگوترێنەوە، زانیاری و سەرپێهاتی لە بارەی فەلسەفە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تێیاندا هەن و بەدرێژی باس لە ئەفراندن و دروستبوونی زەوی و پەیدابوونی ئینسان و مێژووی پێغەمبەران دەکات، وەکو قەولێ زەبوونی مەکسوور کە لە (٤٩) کۆپلە شیعر پێک هاتووە و بەم کۆپلەیە دەست پێ دەکات:

٢٣– دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و لەسەر نووسینی: مەلا عەبدولکەریمی موددەرس، انتشارات کردستان، سنندج ١٣٧٨ ل٣٢٢.

٢٤– ئەرزێ و بەکر بەگێ ئەرزی، محەمەد ئەمین دۆسکی، چاپخانەیا وەزارەتا پەروەردێ، هەولێر ٢٠٠٢، ل١٥٩.

زەبونەکی دل مەکسووره
هەکە ژ با مەلک فەخرەدین بێتن دەستووره
دێ مەدەها دەیین ژ بەحرێت کووره[25]

هەروەها چەندین قەولی تر وەکو قەولێ نەبی سمایل کە لە (٣٣) کۆپلە شیعر پێک هاتووە، قەولێ ئیبراهیم پێغەمبەر (١٨) کۆپلە شیعر، قەولێ نوح پێغەمبەر (٢٣) کۆپلە شیعر، قەولێ مەلک سالم (١٤) کۆپلە شیعر، قەولێ مووسا پێغەمبەر و خدرێ زیندە (٢٣) کۆپلە شیعر کە بەم کۆپلەیە دەست پێ دەکات:

پرسا مە ژ فەخرێ ئادیا بکەت بەیانە
سوحبەتا مووسێ گەل خدر بکەت عەیانە
ژ تە ڕا ئەز ببم قوربانە[26]

جگە لەمانەش چەندین بابەتی ئامۆژگاری و ڕینماییکردنی تێدا هەن، وەکو بەیتا نەسیحەتا کە لە (٣٦) کۆپلە شیعر پێک هاتووە و بەم کۆپلە دەست پێ دەکات:

حەقان کوتە پەدشایی
ڕەزاقێ عنس و جنسی
خالقێ عەرش و کورسی
خودانێ مەهر و مایی
پەخشندەیی، بێ گوناهی
ئەسل وفەسل و جنسی[27]

٢٥- پەرن ژ ئەدەبی دینێ ئێزدیان ، بر/١، کۆمکرن و ڤەکۆلین د. خەلیل جندی ڕەشۆ، چاپخانەیا وەزارەتا پەروەردێ ، هەولێر ٢٠٠٤، ل١٥١.

٢٦- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٩.

٢٧- سەرچاوەی پێشوو، بەرگی دووەم، ل ٧٣٠. بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی کە لە لایەن د. خەلیل جندی ڕەشۆ و د. فیلیب کراینیرۆک ئەنجام درابوو، دەرکەوت کە ئەم بەیتە لە دانانی مەلایی باتەییە و دواتر هاتووەتە نێو ئەدەبی دینی ئێزدیاتی. ئەمەش لایەنێکی هاوبەش لە نێوان کوردە موسلمان و کوردە ئێزدییەکاندا ڕوون دەکاتەوە و، ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە لایەنی شیعری فێرکردنە کە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی سەرانسەری هەبووە لە ڕێنماییکردن و پێدانی زانیارییەکاندا.



بەهەمان شێوە پێشتریش ڕێنماییەکانی ئاینی زەردەشتی (گاتاکان) هەموو بەشیعر بوونە بۆ ئەوەی زوو لە نێو خەڵکدا بڵاو بکرێنەوە، کە تا ئێستا وەکو کەلەپوورێکی ئەدەبی گەلانی ئێرانی دادەنرێت، لەوانە گەلی کورد[28].

٦- لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەمدا، ئەدەبی کوردی چ لەبەر پێویستییەکی خودی و چ لە ژێر کارتێکردنی ئەدەبیاتی گەلانی دراوسێیەکانیدا، هزری بەخۆداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی قۆناغە ڕابردووەکانی ڕۆشنبیری لای ئەدیبانی کورد سەری هەڵدا و، حاجی قادری کۆیی (١٨١٥-١٨٩٧) ڕێچکەیەکی نوێ گرتە بەر و، وەکو چاکسازێکی کۆمەڵایەتی - سیاسی، بارودۆخی کوردستانی بەخوێندنەوەیەکی هاوچەرخ هەڵسەنگاندووە و، دەروونی تاکی کوردی شی کردۆتەوە. دەرئەنجام پوختەی بیر و بۆچوونە تازەگەرییەکانی خۆی ڕاستەوخۆ و بەرەنگێکی سادە لە نێو شیعردا هۆنیوەتەوە و دیوانێکی گەورەی پڕ لە ڕێنمایی و هۆشیارکردنەوە و زانیاریی داناوە، کە بووەتە ڕێخۆشکەرێک بۆ دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ بەتایبەتی لە دوای گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانەوە کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە ناوچەکەدا هاتنە ئاراوە. بۆ نموونە حاجی قادری کۆیی لە یەکێ لە شیعرەکانیدا ئەوها دەست پێ دەکات:

هەر کوردە لە بەینی کولی میللەت
بێ بەهرە لە خوێندن و کیتابەت
بێگانە بە تەرجەمەی زوبانی
ئەسراری کتێبی خەڵقی زانی[29]

٢٨- زمانی ئاڤێستا، س. ن. سۆکۆلوف، وەرگێڕان و لێدوان و بەراوردکردنی لەگەڵ زمانی کوردیی ئەمڕۆدا محەمەد ئەمین هەورامانی، دار الحریە للطباعە، بەغدا ١٩٨٨، ل٢٥.

٢٩- دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا ، ل٢٦٣.

## باسی دووەم

هۆکارەکانی گەشەکردنی شیعری فێرکردن
لە ئەدەبی کوردیدا

لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە ڕۆشنبیرییەکی نوێ لە نێو کۆمەڵی کوردەواریدا سەری هەڵدا و هەر زوو بڵاو بووەوە و هۆیەکەشی بۆ چەند بنەمایەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە لەوانە:

### یەکەم: کاریگەری ئەدەبی ڕۆژئاوایی

ئەو هزر و بیرانەی کە لە ڕۆژئاواوە گەیشتبوونە کوردستان بەتایبەتی لە ڕێگەی ئەدەبی تورکییەوە کاریگەری خۆیان هەبووە لەسەر تازەگەری و بووژانەوەی ئەدەبی کوردی[1]، چونکە بەشێکی زۆر لە نووسەر و ڕووناکبیرە کوردەکان بەخواستی خۆیان و هەندێکیش بەناچاری، پەرتەوازەی شاری ئەستەمبوڵ بووبوون. لەوێ – لە لایەکەوە لە ژێر کاریگەری کولتووری ناسیۆنالیستی تورک و ئەرمەندا، لە لایەکی دیکەشەوە لە ژێر کاریگەری ڕاستەوخۆی کولتووری ئەورووپی – دەیانویست دووره وڵاتبوونی خۆیان بکەنە تریبوونێک بۆ بووژاندنەوەی جموجۆڵی ناسیۆنالیستیی کورد و تازەکردنەوەی کولتووری کوردی[2]. ئەم تەوژمە لە چەندین کەناڵەوە گەیشتبووە کوردستانیش و لە نێو بەرهەمی شاعیراندا ڕەنگی دابووەوە.

١- شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، بر/ ٢،ڕەفیق حیلمی، چاپخانەی فێرکردنی باڵا، هەولێر١٩٨٨، ل١٩٥./ هەروەها بڕوانە: تۆفیق فیکرەت و شاعیرە نویخوازەکانی کورد، ئەحمەد تاقانە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر٢٠٠١، ل.١٧.

٢- شیعری نوێی کوردی ١٨٩٨- ١٩٥٨، فەرهاد پیربال، چاپ و بڵاوکردنەوەی دەزگای کوردستان، هەولێر ٢٠٠، ل٤٦.



### دووەم: خوێندنی فەرمی

کردنەوەی قوتابخانە فەرمییەکانی خوێندن، کە جۆرە زانست و شارستانییەتێکی نوێیان لەگەڵ خۆ هێنابوو، هەرچەندە لە سەرەتای سەدەی بیستەم ژمارەیان کەم بوو، بەڵام ڕێژەی زیادبوونیان بەردەوام لە بەرزبوونەوەدا بوو، بۆ نموونە لە ساڵی خوێندنی (١٩٢٠-١٩٢١)دا لە لیوای سلێمانی، کە زۆربەی دانیشتوانی کورد بوون، ژمارەی قوتابخانە فەرمییەکان (٣) بوو،[3] بەڵام لە ساڵی خوێندنی (١٩٤٧-١٩٤٨)دا گەیشتبووە (٣٦) قوتابخانەی کوڕان و (٥) قوتابخانەی کچان[4]. شاعیرانیش خەڵکیان بۆ خوێندەواری و ناونووسکردنی منداڵانیان لە مەکتەب هان دەدا، بۆ نموونە عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری (١٨٩٠- ١٩٥٨) لە شیعرێکیدا بەناوی (سەلایا پاشیوێ) دەڵێت:

ئەگەر میللەت هەموو بخوونن
ئو ئەمرێ حەق کو جێهـ بینن
ئو تۆڤێ ڕەحمەتێ بچینن
وەکی عالەم خودان ژینن
ژ هەمیان چێترن، دبینن
ژ خەو ئەم تێر نەبوون یا ڕەب![5]

ئەسیری دەڵێت:

کوردە گوفتاری ئەسیری بێنە کار
ڕۆڵەی ساوەت لە بۆ مەکتەب بەرە[6]

زێوەریش لە بارەی گرنگیی مەکتەبەوە دەڵێت:

٣- تاريخ التعليم في العراق في عهد الاحتلال البريطاني ١٩١٤ - ١٩٢١، عبدالرزاق الهلالي، مطبعة المعارف، بغداد ١٩٧٥ ص٢٥٥.

٤- التقرير السنوي عن سير المعارف لسنة ١٩٤٧-١٩٤٨، الحكومة العراقية-وزارة المعارف، ص١٧.

٥- ع. ڕەحمی، سەلایا پاشیڤێ، گۆڤاری ژین ژ٦، ئەستەمبۆل، ٢٥ کانوونی یەکەم ١٣٣٤(بەرانبەر١٩١٨)، ل١٦.

٦- دیوانی ئەسیری، ئا: د. کوردستان موکریانی، پێداچوونەوە و بەراورد ئەحمەد تاقانە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر٢٠٠٦، ل١٩٠.

(مەکتەب) شووره قەڵامانه بۆ " حفزی دین و دنیا "

(ئینسان) که نەخوێندەوار بێ کەم قەدر و بێ (جەوهەره)[7]

**سێیەم: دامەزراندنی چاپخانه**

بزاڤی چاپەمەنی و دامەزراندنی چاپخانەکان دەگەڕێتەوه بۆ هەوڵەکانی نەوەی بەدرخانییەکان و هاوخەباتییان له (قاهیره، ئەستەنبووڵ، دیمەشق، بەیرووت، خوی...) و حوسێن حوزنی موکریانی له (حەلەب، رواندز، هەولێر) هەروەها ئەو چاپخانانەی له سلێمانی و بۆکان و مەهاباد و ورمێ و یەریڤان و بەغدا... دانرابوون که پیتچنینی زمانی کوردییان وەکو داهێنانێکی پیشەیی - هونەری ئەنجام دەدا و یارمەتیدەر بوون بۆ بڵاوکردنەوەی کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار و نامیلکە بەگشتی و دیوانی شاعیران بەتایبەتی[8]. دامەزراندنی چاپخانە دەسکەوتێکی مژدەبەخش بوو له بواری ڕۆشنبیریی کوردیدا، بۆیه شاعیران بەڕووداوێکی گرنگیان دادەنا، بۆ نموونه شێخ نووری شێخ ساڵح بەبۆنەی دامەزراندنی چاپخانه له سلێمانی دەڵێت:

وا تێ مەگەن که مەتبەعه بێ قەدر و قیمەته
کارێزی عیلم و مەعریفەتی پێ ژیایەوه
شوکری خودا که، کەوتینه ژێر سیبەری عیلم
(بی)ی بێ بەری جەهل لق و پۆپی شکایەوه
بنواڕه نووری مەعریفەت و لەمعەی کەمال
بەم مەتبەعەی حکوومەته، چۆن شەوقی دایەوه[9]

له بارەی هەبوون و جۆری چاپخانەکان له کوردستان و توانای کارکردنیان تا ساڵی (١٩٣٦) له ئاستێکی باشدا نەبووه، ئەم ڕاستییەش له نامەیەکی حوسێن

٧- بەشی یەکەم له دیوانی زێوەر - سۆزی نیشتمان، چاپخانەی مەعارف، بەغدا ١٩٥٨، ل١١٧.

٨- ڕۆژنامەنووسیی کوردیی سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان١٩٤٣- ١٩٤٧،د. هیمداد حوسێن،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٢، ل٦٧-٧٨./هەروەها بڕوانە شیعری نوێی کوردی١٨٩٨-١٩٥٨، فەرهاد پیربالٌ، ل٣٦-٣٧.

٩- نوری، له گۆشەی(ئەدەبی) ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژ١٠ س١ / ١٩٢٠. ل١.



حوزنی خاوەنی چاپخانەی کوردستان له هەولێردا بەدەردەکەوێت که بۆ پیرەمێردی ناردووه و تێیدا دەڵێت: «... هێشتا نەبووینەتە خاوەن مەتبەعە و ڕۆژنامەیەک که بەکەمترین ڕۆژنامە و پیسترین مەتبەعەی ملەتە بێ جی و ڕێگاکان بچێ و، هێشتا نەمان توانیوە کتێب و یا ڕیسالەیەک وەکو خەلق بینینه وجود و، هێشتا نەبووینەتە ساحێبی لاپەڕەیەک که سوودی تێدا بێ. لەبەر نیفاق و خۆخوری و نەکێشان و حەسوودی. مەتبەعەکەی ئێوه هێشتا ئەو مەتبەعەیەیه که میجەر سۆن له سلێمانی دایمەزراندووه و ماوه و، مەتبەعەکەی منیش لەوه پتر که بەنووکی قەڵەمی حەکاکی له حەلەب ڕێکم خستبوو هیچم لەسەر زیاد نەکردووه و هەر پەریشان و بێ ئەسبابه و ڕووت و قووته و بێ حرووفات!...»[10]

هەروەها بەبۆنەی دامەزراندنی بنگاهی چاپخانەی کوردستان له مەهاباد، سەعید زەرگەیی که پیتچنی چاپخانەکه بوو دەڵێت:

شوکر نەمردم من بەو چاوانه
له کوردستاندا کانگای چاپخانه
هاته بەرچاوم وەک ڕۆژ نمایان
لێتان پیرۆز بێ گەلی برایان[11]

**چوارەم: پێکهێنانی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری و ڕێکخراوه سیاسییەکان**

له سەرەتای سەدەی بیستەمەوه چەندین کۆمەڵەی ڕۆشنبیری و سیاسی و پیشەیی کوردی دامەزران لەوانه (کورد تعمیم معارف - کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی زانیاری کورد، ئەستەمووڵ) له چالاکییەکانی ئەم کۆمەڵەیه قوتابخانەیەکی کوردی بۆ ڕەوەندی کورد له ئەستەمووڵ دامەزراندبوو و بەڕێوەبەرەکەی خەلیل خەیالی بوو، (کۆمەڵەی هیڤی، ئەستەمووڵ ١٩١٤)، (کوردستان تەعالی جەمعییەتی - کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردستان، ئەستەمووڵ ١٩١٨)، کورد قادینلری تعالی - کۆمەڵەی پێشکەوتنی ژنانی کورد، ئەستەمووڵ ١٩١٩). (خویبوون، بحەمدوون - لوبنان

١٠- ڕاسته کەی، حوسێن حوزنی، گۆڤاری ڕووناکی ژ ١١ / ١٦- مایس - ١٩٣٦ هەولێر ل١٠.

١١- تەبریک نامە، ڕۆژنامەی کوردستان، ژ٦، مەهاباد، ٢١ژانویه ١٩٤٦، ل٢.

١٩٢٧)، (جەمعییەتی کوردستان، سلێمانی ١٩٢٢)، (کۆمەڵەی پێشکەوتن، سلێمانی ١٩٢٦)، (کۆمەڵەی لاوان، بەغدا)، (ئازادیی کورد، سلێمانی ١٩٣٨)، (دارکەر، کەرکووک (١٩٣٧) ودواتر لە ساڵی (١٩٣٩) دلەگەڵ چەند کۆمەڵەیەکی تر وەکو "پشتیوان، سەربەخۆیی، کوردستان، پارتی "هیوا"یان پێک هێنا)، (ژیانەوەی کوردستان – ژ. ک ١٩٤٢)، (پارتی دیموکراتی کورد – ١٩٤٦)[١٢]... بەرنامەی زۆربەی ئەم کۆمەڵە و پارتانە لەسەر ئاستی کوردستان بووە یانیش بەو ئومێدە کاریان دەکرد و هەوڵیان دەدا ئۆرگان و بڵاوکراوەکانی خۆیان هەبێت.

## پێنجەم: سەرهەڵدانی بزاڤی ڕۆژنامەنووسیی کوردی

پەیدابوونی بزاڤی ڕۆژنامەنووسیی کوردی کە هەر لە دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەنێوی (کوردستان) لە ٢٢- نیسانی ١٨٩٨ەوە تا کۆتاییی ساڵی ١٩٥٠ نزیکەی (٢٠) ڕۆژنامە و (٣٠) گۆڤار بەزمانی کوردی دەرچوونە[١٣] و، هەموویان ڕێخۆشکەربوون بۆ:

– بڵاوکردنەوەی بیر و بۆچوونە نوێیەکان و ڕۆشنبیرکردنی خەڵک.

– ڕێکخستنەوەی بیر و بەگەڕخستنەوەی توانا ژێرییەکانی تاکی کورد.

ئەم هەردوو لایەنەش لە ئامانجە سەرەکییەکانی ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵە ڕۆشنبیرییەکان بوون و لەگەڵ خواست و ویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش دەگونجان، بۆیە شاعیرانیش ئەو هەردوو لایەنەیان لە نێو داهێنانەکانیاندا ڕەچاو دەکردن و، جێبەجێکردنیان بەئەرکێکی پێشینەی خۆیان دەزانی و، بەرهەمەکانیان بۆ هونەری شیعری فێرکردن تەرخان دەکرد و، هۆی ئەم ڕەوتە هونەرییە دەگەڕێتەوە بۆ:

١– تا کۆتاییی سەدەی نۆزدەم، زۆربەی شاعیرانی کورد پیاوی ئاینی بوون و، پتر

١٢– الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الكردية في نصف قرن، د. عبدالستار طاهر شريف، دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٨٩، ص١٩ و ما بعدها./ هەروەها: بزاڤا سیاسیێ ل کوردستانی ١٩٠٨–١٩٢٧، عەلی تەتەر، چاپخانا پەروەردێ، هەولێر٢٠٠٢، ل,١٤٩..

١٣– تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، ل٢١٧– ٢٢٣ و٢٣١– ٢٤٠.





خەریکی کاری وەعز و وانەگوتنەوە بوون، بەڵام هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە گەلێ لە شاعیران لە بوارگەلی تری ژیاندا کاریان دەکرد، کە هەندێکیان بۆ نموونە کارمەندی دەزگاکانی میری بوون. لە نێو ڕاپەڕاندنی ئیش و کاری ڕۆژانەیاندا تووشی ڕکابەرییەکی ناهاوسەنگ دەبوون. ناهاوسەنگی لە نێوان سستەمی ڕێنماییی سەپێنراوەکانی حکوومەت و مەزڵوومییەتی خەڵکی بێ گوناهی سڤیل. شاعیران ئەم ڕاستییەیان ئاشکرا دەکرد و، لە زۆر حاڵەتدا دژی فەرمانەکانی میری ڕادەوەستان و هەڵوێستیان وەردەگرت و، بەڕاشکاوی پشتیوانییان لە بەرژەوەندی خەڵک دەکرد، بۆیە تووشی ڕاونان دەبوون، یانیش لەسەر کار لادەبران و، ژیانیان دەکەوتە مەترسییەوە و، کێشەیەکی کۆمەڵایەتی – دەروونییان بۆ دروست دەبوو. دەبووایە ئەم ڕاستییە بدرکێنن و خەڵکی لایەنگیر هۆشیار بکەنەوە. لەو کاتەدا شیعر باشترین ئامرازی بەکارهێنان بوو و، لە شیعریشدا لایەنی فێرکاری ڕۆڵی خۆی دەبینی، بەتایبەتی لە ڕێ پیشاندان و ڕێنماییکردندا، ئەمەش دەقاودەق ئەرکی هونەریی شیعری فێرکردنە، سەلماندنی بۆچوونێکی وا فرە لایەن و ئاڵۆز پێویستی بەبەڵگەی باوەڕپێکراو و نموونەی زیندوو هەیە:

لە ساڵی (١٩٢٢) بەپیلانێکی تایبەتی خۆیان ئینگلیز شاری سلێمانیی چۆڵ کرد و لەگەڵ خەڵکی تردا عەبدوڕەحمان بەگی بابانی (١٨٨٠–١٩٦٧) خستە بەندیخانەوە و لە دواییدا ئازادی کردووە. جارێکی ترش گیرایەوە و ماڵی تالان کرا[١٤]. لە ساڵی (١٩٢٥) جارێکی تر دەگیرێت و دوو ساڵ حوکم دەدرێت[١٥].

دەسەڵاتی ئێران کاملی ئیمامی (١٩٠٣–١٩٨٩) لەسەر بیری کوردایەتی و باوەڕی ئاینزایی سوننییەتی گرتووە و ماوەی دوو ساڵی لە بەندیخانەی بەسەر بردووە و لە سەرەتای ساڵی (١٩٤٨)دا لە زیندان ئازاد بووە[١٦].

١٤– بەشێک لە دیوانی ئەوڕەحمان بەگی بابان، ئا: مەحموود ئەحمەد محەمەد، چاپخانەی زەمان، بەغدا١٩٨٩، ل٢٦.

١٥– سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨.

١٦– مێژووی ئەدەبی کوردی، ب٦، د. مارف خەزنەدار، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە هەولێر ٢٠٠٦، ل٥٤٩.

فایەق بێکەس (١٩٠٥–١٩٤٨) لە ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرای سلێمانی لە (٦)ی ئەیلوولی (١٩٣٠)دا گیراوە و، بەهۆی گیرانییەوە لە کاریش دوور خراوەتەوە[١٧].

شێخ نووری شێخ ساڵح (١٨٩٦–١٩٥٨) چەند جارێک لە کاروباری میری تووشی دوورخستنەوە بووە. هەروەها گیراوە و لە گرتووخانەدا بەند کراوە[١٨].

سەلام (١٨٩٢–١٩٥٩) لە ساڵی (١٩٢٧)دا لە کاری میری دوور خرایەوە. لە ساڵی (١٩٤٠)دا کارگێڕی ڕێگەوبانی پێ سپێردراوە و، لە ساڵی (١٩٤٣)دا جارێکی تر لە کاری میری دوور خرایەوە[١٩].

ئەسعەد (١٨٩٨–١٩٧٦) لە ساڵی (١٩٤١)دا بەهۆی جموجۆڵی سیاسی لە پێناوی کوردایەتیدا لەگەڵ کۆمەڵێک لاوی ڕۆشنبیریی کورددا دەگیرێت و دەخرێتە گرتووخانەی سلێمانی[٢٠].

ئاری (١٩١٠–١٩٦٨) لە ساڵی (١٩٤٦)دا لەگەڵ بووژانەوەی گیانی کوردایەتیدا بەهۆی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد ئاری یەکێک بوو لەوانەی لە کوردستانی عیراق دەستگیر کران. ماوەیەک لە گرتووخانەی سلێمانی مایەوە، ئینجا ڕەوانەی بەغدا کرا، لەگەڵ ئەوەی لە دادگە تاوانبار نەکرا، بەڵام بۆ باشووری عیراق دوور خرایەوە و ماوەی سێ ساڵ بەدەستبەسەری لە شارانی حیللە و کەربەلا مایەوە[٢١].

عوسمان سەبری (١٩٠٥–١٩٩٣) لە ساڵی (١٩٢٥)دا بە فەرمانی تورکەکان دەگیرێت و تا ساڵی (١٩٢٨) لە بەندیخانە دەمێنێتەوە، لە ساڵی (١٩٢٩) جارێکی تر دەکەوێتەوە ناو داوی جەندرمەی تورک و دەدرێتە دادگەی سوپایی. دوایی ئاوارەی

١٧– دیوانی بێکەس، ئومێد ئاشنا ڕێکی خستووەتەوە و لێی زیاد کردووە و پاشکۆی بۆ داناوە، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر٢٠٠٥، ل٨.

١٨– دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح، بر/١ ب١، ئا: ئازاد عەبدولواحید، چاپخانەی (دار الجاحظ)، بەغدا ١٩٨٥، ل١٠٩.

١٩– دیوانی سەلام، لە بڵاوکراوەکانی نامەخانەی گەلاوێژ – سلێمانی، چاپخانەی تەمەدون، بەغدا١٩٥٨، ل پانزدە– هەژدە.

٢٠– مێژووی ئەدەبی کوردی، بر/٦، د. مارف خەزنەدار، ل٤٦٣.

٢١– مێژووی ئەدەبی کوردی، بر/٧، د. مارف خەزنەدار، ل١٢٩.



سووریا دەبێت. عوسمان سەبری (١٢) ساڵ ژیانی لە بەندیخانە بەسەربردووە. پتر لەوەش دەستبەسەر و لە ژێر چاودێریی پۆلیسدا بووە، دووجار فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە[٢٢].

جاهید (١٩١٨–١٩٩١) لە ساڵی (١٩٤٥)دا یەکێک بوو لەوانەی بەر لێشاوی هێرشی حکوومەتی کۆنەپەرستی عیراق کەوتن بەهۆی بزووتنەوەی ئەو سەردەمەی بارزانییانەوە[٢٣].

٢– هەندێک لە شاعیرانی ئەم قۆناغە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە دامەزراندنی یانە و کۆمەڵە و یەکێتییە پیشەیی و ڕۆشنبیرییەکاندا هەبووە. ئامانج لە دامەزراندنیان کۆکردنەوەی جەماوەر و پاراستنی مافەکانیان بووە، سەرەڕای سەختی بارودۆخەکە و کەمیی پێداویستییەکان، تووشی نەهامەتی و ڕووبەڕووبوونەوەی ستەمی دەسەڵاتداران دەبوونەوە و، دەنگیان بەرز دەکردەوە، ناوەڕۆکی ئەم دەنگەش دەستنیشانکردنی کەموکوڕی و دەرخستنی ڕاستییەکان و ئامۆژگاریکردن و ڕێ پیشاندان بوو، لە ڕووی دەربڕینی هونەرییەوە لە شیعردا، تەنیا شیعری فێرکردن دەیتوانی ئەم ئەرکە ببینێت، بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەش بەڵگەی باوەڕپێکراو زۆرن لەوانە:

بێخودی شاعیر (١٨٧٨–١٩٥٥) لە شیعرێکیدا پیرۆزبایی لە دامەزراندنی یانەی سەرکەوتنی کوردانی کردووە لە ساڵی (١٩٣٠)دا. بەرهەمەکە بەشیعرێکی فێرکردن دادەنرێت، چونکە هەندێک زانیاریی ورد و تەواو لە بارەی یانەی سەرکەوتنی کوردانەوەی تێدایە:

یانەی سەرکەوتن کە نادیی ناوە
لە شاری بەغدا بینا کراوە
بانیی ئەم یانەش مەعرووف جیاووکە
کە بۆ قەومی خۆی ئەلحەق باوکە

٢٢– مێژووی ئەدەبی کوردی، بر/٧، د. مارف خەزنەدار، ل٩–١٠.

٢٣– سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢١.

دواتر باس لە ئەندام و سکرتێری یانەکە دەکات کە چۆن بەگورج و گۆڵی کار دەکەن:

ئەگەر ئەویانە و ئەگەر ئەمیانە
خوا سەربەرزیان کا ئەعزای ئەم یانە
لەگەڵ سکرتێر کە ئەوڕەحمانە
ئەو ئەوڕەحمانەی کە نووری جانە

دواتر لە بارەی مێژووی دامەزراندن و ئامانجەکانی یانەکەوە دەڵێت:

گەر ئەو تەئریخەش نازانی چییە
ساڵی میلادی نۆ سەد و سییە
غایەی نادیمان بۆ ئەم کوردانە
بڵاوکردنەوەی عیلم و عیرفانە
وەک ئەخلاق، ئەدەب، تەئریخ، جوغرافی
لەگەڵ یەکیەتی بە دڵێکی سافی
وەکو بە کوردی دانانی لوغات
وەک تەشجیع کردن لەسەر مەسنووعات
بۆ کتێب دانان لەگەڵ تەرجەمە
هەرچەند تێ کۆشین هێشتا هەر کەمە
لە موساعەدەی تەڵەبەی فەقیر
تکامان وایە هیچ نەکەین تەقسیر
قوتابیی زیرەک بنێرین ئاوا
بۆ وڵاتی دوور یانی ڕۆژئاوا

لە کۆتاییدا چەند ئامۆژگارییەک لە ئەندامانی یانەکە دەکات و ئومێدی سەرکەوتنیان بۆ دەخوازێت:

ئەمجا یارمەتی و ژینی ئەم یانە
لە میللەتی کورد زۆر هیوامانە



چونکە پێویستە بکرێ سەرفی ماڵ
چ بۆ ئیستیقبال چ بۆ ئیستیقلال
ئیتر هەر بژی لاوانی وەتەن
یانێ ئاوا بێ باوانی وەتەن[٢٤]

شاکر فەتاح (١٩١٤-١٩٨٨) لە شیعرێکیدا کە لە ڕۆژی ١٩٣١/٤/٧دا بۆ فایەق بێکەسی شاعیری ناردووە و تێیدا باس لە کۆبوونەوەیەکی یانەی سەرکەوتنی کوردان دەکات کە لە ڕۆژی ١٩٣١/٤/٣ لە بارەگاکەیدا ئەنجام درابوو، پارچە شیعرەکە وەکو کۆنووسی کۆبوونەکە دێتە پێش چاو، بۆیە بەدەقێکی شیعری فێرکردن دادەنرێت؛ چونکە زانیاریی ورد و تەواوی تێدایە:

(یانەی سەرکەوتن) لە سەرکەوتنە
ڕابوردووی وەستان ئێستای ڕۆیشتنە
هەینیی ڕابردوو گەورە و بچووکمان
تیا کۆبووینەوە بۆ ئەعزا دانان
لە لایەن (چیاووک) کردەوەی یانە
پێشانمان درا دانە بەدانە
ئینجا (ئەمین بەگ) خۆی ڕاستەوە کرد
بەدەنگ چەشنی شێر ئاوازی بەرز کرد
وتی: "مەئیووسی پیشەی کورد نییە
یانە هەوڵ ئەدا وەستانی نییە
لە ساڵی پاردا ئیملامان چاپ کرد
دوێنێش تەئریخمان بۆ چاپخانە برد[٢٥]

٢٤- دیوانی بێخود، کۆکردنەوە و لە سەر نووسینی محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی " سلمان الاعظمی"، بەغدا ١٩٧٠، ل١٣٣- ١٣٤.

٢٥- سەرجەمی بەرهەمی شاکر فەتاح، ب٢، کۆکردنەوە و ڕێکخستنی ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٤، ل٢٦٧- ٢٦٨./ وشەی (جیاووک)یش مەبەستی جیاووکە کە نازناوی مەعرووف جیاووکە.

قـاچاغی مـوراد (١٩١٤-١٩٩٢) لە سـاڵی ١٩٣٩دا لە ڕێکخـراوی لاوانی لینینی بوو[٢٦].

فـانی (١٩١٠-١٩٧٣) بەشیعـر پێشـوازی لە دامـەزراندنی کۆمیـتە کـردووە کە ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی بووە و لە ساڵی ١٩٤١دا لە مـەرگە بەسـەرپەرشتیی باپیر ئاغای نوورەدین دروست ببوو:

ئەم دلێـرانە وەفـاپەروەر بەسـەر پەنجـەی شـەرەف
سیلسیلەی سـەد لای ناکۆکی و خـەتا یەکلا دەکەن
یەعنی هەروەک مـیللەتان یەکجارە گیانی یەکێتی
مەرتەبەی ئەدنایی ئێستەی دەم بە دەم ئیعلا دەکەن
هەر بمێنن هـەر بژین ئەم دەسـتـە تا ڕۆژی جـەزا
موسلیحن موستەقبەلی میللەت بە جارێ چا دەکەن
گـیانی کـۆمـەڵ ڕێکییـە و فـەوتانی هەر ناکۆکییـە
ئەم گـەلە ڕێکی دەوێ ناکـۆکی بێ جـێگا دەکـەن
غایەیی ئەم حیزبە فـەوتی حیرس و بێ مـەعناییە
تف لە چارەی پیسی تەمـاعـانی بێ مـەعنا دەکـەن[٢٧]

٣- هەندێ شاعیری تری ئەم قۆناغە، ئەندامی کارای پارتە سیاسییەکان بوون، ئایدیۆلۆژیایەکی ڕوون و ئاشکرایان هەبوو، خەڵکیان هان دەدا کە لە دەسەڵاتی میری یاخی ببن، پرەنسیپە سیاسییەکانیان لە نێو قاڵبە شیعرییە ساکارەکاندا دادەڕشت و، مەبەستـەکانیان لە نێو ناوەڕۆکێکی ئاسان بەڵام چڕوپڕ و ڕامان هەڵگردا دەردەبڕی. ئامانجی سەرەکی ئەو بەرهەمانە فێرکردن و پەروەردەکردنی جەماوەر بوو، بۆ نموونە: مستەفا شەوقی (١٨٦٥-١٩٣٢) بەشداری لە زۆربەی کۆمەڵە سیاسییەکانی ئەو سەردەمەدا کردووە، لەوانە کۆمەڵەی هێڤی ، کۆمەڵەی

---

٢٦- مێژووی ئەدەبی کوردی، ب٧، د. مارف خەزنەدار، ل٢٣٩.

٢٧- دیوانی فانی، ب١، کۆکردنەوەی: کەمال میراودەلی، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی ١٩٧٥، ل١١٣.



پێشکەوتنی کوردستان، کۆمەڵەی خویبوون، لە شیعرێکیدا کە باس لە کۆمەڵەی هێڤی دەکات، دەڵێ:

هەڵسـتـاون جـەوانانی وەتەن، دیسـا بەبێ باکی
لە حەسرەت دەوری کۆنە موڵکی بابیان هاتنە چالاکی

هەتا لە دواییدا دەڵێت:

لە ڕێگای دەوری (هیوی) یەعنی ئومێد دەست بەدەست دەگرن
بە عـیلم و مـەعـریفـەت تێـراو بکەین جا خـاکـەکـەی پاکی[٢٨]

سـەیدا سـاڵح یوسـفی ئەندامـێکی چالاکی پارتی هیـوا بووە، دواتر بەشداری لە پارتی ڕزگاریدا کردووە[٢٩] و، دوای دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد (١٩٤٦) بووە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی[٣٠].

لە بارەی دامەزراندنی پارتی هیوا ئەم شیعرەی داناوە:

ڕۆژا مــــە هـەلات
کــۆمــەلا هێــڤی
پیــــرۆز بت وەلات
ڤێ جـێـژنا هیـڤی
هێــژایە خـــەلات
قــەت نەشـێن پەیڤی [٣١]

مستەفا پاشا یاملکی (١٨٦٦-١٩٣٦) لە ساڵی ١٩٢٢ سـەرۆکی جـەمعیـیەتی کوردسـتان بووە لە سلێمانی[٣٢]، خۆی شـاعیر نەبووە، بەڵام زۆر جار بۆچوونەکانی

---

٢٨- گۆڤـاری کوردسـتان ١٩١٩- ١٩٢٠ ئەسـتـەمبـوڵ، کۆکردنەوە و لەسـەر نووسین د. فـەرهـاد پیربال، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر ١٩٩٨، ل١٠٠.

٢٩- دیوانا سەیدا ساڵح یوسفی، تویژاندنا عەبدولسەلام عەلی، ١٩٩١، ل٩.

٣٠- تاريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني - العراق - في محطات ژئيسية١٩٤٦- ١٩٩٣، حبيب محمد كريم، مطبعة خبات، دهوك ١٩٩٨، ص٣٥.

٣١- دیوانا سەیدا ساڵح یوسفی، تویژاندنا عەبدولسەلام عەلی، ل٣٩.

٣٢- سێ ڕۆژنامەی ڕۆژگاری شێخی نەمر(١٩٢٣- ١٩٢٤)، ئامادەکردنی ڕەفیق ساڵح، چاپخانەی بەدرخان، سلێمانی٢٠٠١، ل٣٨.

بەشیعر دارشتووە، هەر لە ڕێگەی شیعرەوە ئامۆژگاری خەڵکی کردووە و ڕێنماییەکانی بەسەلیقەیەکی ئاسان و ڕەوان هۆنیونەتەوە، بۆ نموونە لە ساڵی (١٩٢١)دا هەڵبەستێکی بەناوی (نەسیحەت بۆ ڕێگای خەلاس) هۆنیوەتەوە و تێیدا دەڵێت:

بزانن ئەی مەلا و شێخان و ئاغا و تاجیر و ئەسناف
بەجاریّ مولّکی ڕۆم ڕۆیی پڕبوو لە زوڵمی مولحید و ئەجلاف
لەگەڵ یەک ئیتتفاقی کەن خەریکی عیلم و عیرفان بن
هەتا کەی وا بە مسکێنی ئەسیری قەومی دیگەر بن[٣٣]

جگە لەوەش کە شاعیران ڕۆڵێکی بەرچاویان لە دامەزراندن و پێشخستنی ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵە ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتییەکاندا هەبووە، زۆربەیان پەیوەندیی دۆستایەتییان لەگەڵ سەرکردە نیشتمانپەروەرەکانی کورددا هەبووە. ئەو شاعیرانە وەکو ڕووناکبیرێک ئیش و کاریان بەڕێوە بردووە، یان توانا هزری و ئەفراندن و داهێنانەکانیان لە خزمەتی ئەم ئەرکەدا مەزخاندووە و، بوونەتە لایەنێکی ئەکتیڤ لە دروستکردنی پەیوەندییەکی ڕۆحی لە نێوان سەرکردە و خەڵکدا، یانیش زۆر جار وەکو دەمڕاستێک ئەرکیان بینیوە، بەهرەی شیعرییان بۆ ئەو کارە تەرخان کردووە. بۆ جێبەجێکردنی ئەم مەبەستەش هونەری شیعری فێرکردن لە هەموو هونەرەکانی تر لەبارتر و دەستخۆشتر بووە و، بەزەقی لە نێو بەرهەمەکانیاندا بەدی دەکرێت، بەتایبەتی لە بارەی ڕێنماییکردنی خەڵک و هاندانیان بۆ ئەوەی لە دەوری سەرکردە نەتەوەییەکاندا کۆ ببنەوە. بۆ نموونە پەیوەندیی شاعیرانی وەکو ئەحمەد فەوزی و شێخ نووری شێخ ساڵح و زێوەر و حەمدی و ئەخۆڵ و عەبدوڕەحمان بەگی نفووس لەگەڵ شێخ مەحموود. هەژار و هێمن لەگەڵ قازی محەمەددا.

٤ – ئەوەی لە نێو پیشەی ڕۆژنامەنووسیدا کار بکات، ناچار دەبێت ڕستەکانی کورت و ئاسان بن و، بەڕاشکاوی هزر و بۆچوونەکانی دەرببڕێت، ئەم حاڵەتە دەبێتە نەریتێک و لە نووسینەکانیدا پەیڕەوی دەکات، ئەگەر خۆی شاعیر بێت هەوڵ

٣٣– سەرجەمی بەرهەمی عەبدولعەزیز یامولکی، ب١، ئا:: سدیق ساڵح، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٥، ل١٧٧.



دەدات نووسینەکانی گیانێکی مۆسیقاییان تێدا بێت و بایەخ بەسەروا و سەلیقەی خۆش و ڕەوانیش دەدات. لێرەدا دوو بنەمای هەرە گرنگ لە کاری شاعیرە ڕۆژنامەنووسەکاندا بەدی دەکرێت، ئەویش: ڕاشکاوی لە بیرکردنەوە و ناسکی لە دەربڕیندایە. ئەم حاڵەتەش بووبووە هۆی ئەوە کە لە ژێر کاریگەریی شیعردا گوتاری ڕۆژنامەنووسی ئامادە بکەن و، لە ژێر کاریگەریی ڕۆژنامەنووسیدا هەواڵە گەرمەکانیان بەشیعر بهۆننەوە، بۆیە لایەنی فێرکاری و پڕوپاگەندەیی و بایەخدان بەزانیارییە نوێیەکان بەسەر شیعرەکانیاندا زاڵە، بۆ نموونە:

شوکری فەزڵی (١٨٨٢–١٩٢٦) لە ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی (بەغدا ١٩١٨)دا دەورێکی سەرەکیی هەبووە[٣٤].

عەبدوڕەحیم ڕەحمی هەکاری، شیعر و بابەتەکانی لە گۆڤاری (ژین – ١٩١٨–١٩١٩ ئەستەمبووڵ) تەواوکەری یەکدین[٣٥].

حوسێن حوزنی موکریانی (١٨٩٣–١٩٤٧) لە ساڵی (١٩٢٦) گۆڤاری زاری کرمانجی لە ڕواندز دەرکردووە و، لە ساڵانی (١٩٣٥–١٩٣٦) لە هەولێر گۆڤاری ڕووناکی بڵاو کردووەتەوە و، لە ساڵانی (١٩٤٣–١٩٤٧) وەک نووسەرێک لە گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)دا کاری کردووە[٣٦].

جەلادەت عالی بەدرخان (١٨٩٣–١٩٥١) گۆڤاری (هاوار ١٩٣٢–١٩٤٣ دیمەشق) و گۆڤاری (ڕۆناهی ١٩٤٢–١٩٤٥ دیمەشق) دەرکردووە و شیعریشی تێدا بڵاو کردووەتەوە کە زۆربەیان پەیامێکی هۆشیارکردنەوە و پەروەردەییان هەبووە[٣٧].

٣٤– مێژووی ئەدەبی کوردی، بر/٥، د. مارف خەزنەدار، ل٤١٥.

٣٥– عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری، د. فەرهاد پیربال، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٢، ل٢٣.

٣٦– ڕووناکی یەکەمین گۆڤاری کوردیی شاری هەولێر، ئامادەکردن و پێشەکی د. کوردستان موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠١، ل٢١– ٢٢.

٣٧– جەلادەت و شعر– لێکۆلینەکە شرۆڤەکارییە، ئازاد عەبدولعەزیز مزوری، چاپخانا حەجی هاشم، هەولێر ٢٠٠٦، ل٣١.

کامیران عالی بەدرخان (١٨٩٥-١٩٧٩) ڕۆژنامەی (ڕۆژا نوو - ١٩٤٣-١٩٤٦ بەیرووت)ی دەرکردووە و شیعرەکانیشی تێدا بڵاو کردووەتەوە و زۆربەیان فێرکارین[٣٨].

پیرەمێرد (١٨٦٧-١٩٥٠) لە ڕۆژنامەی ژیان (١٩٢٦-١٩٣٨ سلێمانی) کاری کردووە، هەروەها ڕۆژنامەی (ژین)ی (١٩٣٩-١٩٥٠ سلێمانی) دەرکردووە و، ژمارەکانی (ژین)ی لە یەکەوە دەست پێ نەکردووەتەوە بەڵکو لەسەر ژمارەکانی "ژیان" بەردەوام بوو[٣٩].

عەلی کەمالی باپیر ئاغا (١٨٨٤- ١٩٧٤) لە ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان (١٩٢٢-١٩٢٣ سلێمانی) موحەریر بووە.

مستەفا پاشا یامولکی (١٨٦٦-١٩٣٦) خاوەن ئیمتیاز و بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی بانگی کوردستان (١٩٢٢-١٩٢٣ سلێمانی) بووە و، عەلی کەمال و م. نووری موحەریری کوردی و فارسی بوونە، موحەریری تورکی ڕەفیق حیلمی بوو[٤٠].

٣٨- دلێ کورێن من، د. کامیران بەدرخان، تێلی ئەمین ژ تیپێن لاتینی گوهارتیە ولێ ڤەکۆلایە، چابخانەی (دار الحرية للطباعة و النشر)، بەغدا ١٩٩١، ل٤.

٣٩- پیرەمێردی نەمر، نووسینی محەمەد ڕەسوول (هاوار)، چاپخانەی (العاني)، بەغدا ١٩٧٠، ل٣٢.

٤٠- سێ ڕۆژنامەی ڕۆژگاری شێخی نەمر١٩٢٣- ١٩٢٤، ئا: ڕەفیق ساڵح، چاپخانەی بەدرخان، سلێمانی ٢٠٠١، ل,٣٨



# باسی سێیەم

## پەیدابوونی دیاردەی شاعیرە فێرکارەکان

لە نێو دەقە شیعرییە کلاسیکییە کوردییەکاندا لە بابە تاهیری هەمەدانییەوە[١] و تا کۆتاییی سەدەی نۆزدەم، لێرە و لەوێ ئاماژە پێکردن و بۆچوونە جیا جیاکان لە بارەی هەبوونی تاکی کورد و شانازیکردن بەقەومی کورد و دەستنیشانکردنی بەها مرۆڤانییەکانی کۆمەڵی کوردستان بەدی دەکرێن، بەڵام وەکو بەشە بچووکەکان و بابەتە پەراوێزکراوەکان دەخرانە نێو بەرهەمەکانی غەزەل و قەسیدە و... جۆرەکانی تری شیعرەوە.

لە ڕێبازێکی ئەدەبی تەمەن دە سەدەدا، کە زۆربەی پەیڕەوکەرانی مامۆستای ئاینی و وانەبێژ بوونە و شارەزاییيان لە زانستەکانی عەرووز و ڕەوانبێژیدا هەبووە، بۆیە شتێکی ئاسایی بووە، کە هەندێک لە بیروڕایان بەشیعر بهۆننەوە و هەر بەشیعر مەبەستە زانستەکانیان ڕوون بکەنەوە و، پەیامە ئاینییەکەشیان بەخەڵکەکە ڕابگەیەنن و کارە ئیرشادییەکانیان جێبەجێ بکەن، بەڵام لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا دیاردەی شاعیری مامۆستا سەری هەڵدا و، زۆربەی شاعیرانی کورد توانا و بەهرە و بەرهەمەکانیان بۆ کێشەی گەلەکەیان تەرخان کردبوو، تەنانەت ئەگەر شاعیرێک باسی غەزەل و لایەنە سۆزدارییەکانی بکردایە، ئەوە بەکارێکی عەیب و شەرم دادەنرا و گلەییشی لێ دەکرا.

ئەم بۆچوونە پتر لە لای ئەو شاعیرانە بەدی دەکرا کە بەکێشەکانی گەل و وڵاتەوە پابەندبوون و پەیوەندییەکانیان شێوازێکی ڕەوشتی - فیداکارییان وەرگرتبوون و، بەڕاشکاوی ئەم بۆچوونەیان دەردەبڕین، بۆ نموونە قەدری جان (١٩١١-١٩٧٢) لە شیعرێکیدا بەناوونیشانی (وەختی نییە) دەڵێت:

١- مێژووی ئەدەبی کوردی، بر/١، د. مارف خەزنەدار، ل١٨٤.

نیشتمان بریندارە          لە بەرچاوان سەدارە
وەختی عەشقانە نییە          وەختی مەستانە نییە[٢]

شێخ عەبدولخالیقی ئەسیری (١٨٩٥–١٩٦٢) لە شیعرێکیدا بەناوونیشانی (ویجدانی عەسری)دا دەڵێت:

گەر ئەدیبی و ئارەزووی سەرکەوتنی کوردت هەیە
تەرکی ئەشعاری عیشقبازی کە گەر بیرت هەیە
شیعری تەئریخی بڵێ بۆ ئینتیباهی میللەتت
مورشیدی عیلم و مەعاریف بە ئەگەر عەقڵت هەیە
ناوی "هۆمێر" چەند هەزار ساڵە لە یۆنان باقییە
شیعری تەئریخی ئەگوت، وەک ئەو بە، گەر زەوقت هەیە[٣]

لە ئەنجامی ڕێژەیەکی ڕادەبەدەری هوشیاریی نەتەوەیی وەک دیاردەیەکی نوێ لای هەندێک شاعیرانی کورد پەیدا بووبوو (بەتایبەتی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی) کە سەرەڕای پەیڕەوکردنی شیعری فێرکردن هەوڵیان دەدا ڕێگە لە شاعیرانی دیکەش بگرن، ئەگەر هاتوو خەریکی بابەتەکانی غەزەل و پیاهەڵدان یان هەر هەڵوێستێکی تر بن کە لەگەڵ خەبات و ڕەنجکێشانی میللەتی کورد نەگونجێت، لەم بارەوە ئەحمەد موختار جاف (١٨٩٦– ١٩٣٤) ئەم بابەتە یەکلایی دەکاتەوە و بەتوندی دژی هەر بۆچوونێکی کەسێتی و دوور لە بەرژەوەندی گەل و کێشەی وڵات ڕادەوەستێ و هۆیەکەش بەم شێوەیە ڕوون دەکاتەوە:

شاعیرانی کورد بەسە بەس باسی زولف و چاو بکەن
کەم خەیاڵی پەرچەم و کاکۆڵی ئاڵۆزاو بکەن
لابدەن کەم باسی سونبول، یا لقی لاولاو بکەن
ئێوە تەدبیرێکی ماڵی قەومی دڵسوتاو بکەن
زوو بەزوو تا ئیش لە دەس دەرنەچووە، سا هەوڵێ بدەن

٢– وەختی نییە، قەدری جان، گۆڤاری گەلاوێژ، ژ٩– ١٠ س٨، ئەیلوول – تشرینی یەکەم ساڵی ١٩٤٧، ل٣٦.

٣– دیوانی ئەسیری، بر/١، مستەفا عەسکەری کۆی کردووەتەوە و لە سەری نووسیوە، چاپخانەی " الحوادث"، بەغدا ١٩٨٧، ل٤٧.



شاعیر لە کۆپلەیەکی تری هەمان شیعردا ئەو هەموو بەرهەمانەی کە هەڵقووڵاوی هەست و سۆزی شاعیرانی لیریکین، ڕەت دەکاتەوە و بەبەدکاریی وەسف دەکات، ڕزگارکردنی ئینسان و بەدەستخستنی ئازادییە بنەڕەتییەکانی لە ورووژاندنی هەست و سۆزەکانی بەپێویستر و گرنگتر دەزانێت، ئەرکی شیعریش لەوەدا دەبینێت کە ڕاستەوخۆ بەشداری لەم پرۆسەیەدا بکات:

بێ کەس و بێ پشتیوانین ڕێگەمان دوورە وەرن
حەیفە ئێوە وا ئەسیری دەستی چەن قەومی کەرن
بۆ چی نازانن لە توخمی کاوەیی ئاسنگەرن
هەڵ بکەن........ کوردی ئەم ئیدارە لابەرن
زوو بە زوو تا ئیش لە دەس دەرنەچووە سا هەوڵی بدەن[٤]

بەم شێوەیە شاعیرانی ئەم قۆناغە بەتووڕەیی و دەمارگرژییەوە جەختیان لەسەر واقیعی ژیانی سەردەم و ڕووداوەکانی دەوروبەریان دەکرد و، هەڵوێستیان بەرامبەر کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان وەردەگرت و دەیانکردنە بابەتی شیعرەکانیان و بەزمانێکی ئاساییەوە ئاراستەی خەڵکیان دەکرد، بۆیە " لایەنی هونەریی بەهێز نەبوو، سادە و بێ ڕەوانبێژی بوو، چونکە ناوەڕۆکیان بەرەو ڕووی نەخوێندەوار و کەم خوێندەوار دەکرا . ئەم جۆرە شیعرە لە ئەدەبی نەتەوەکانی دیکەی گێتیشدا هەر بەمجۆرەیە، لەبەرئەوەیە دەکرێ ئەم بابەتە شیعرانە بخرێنە خانەی شیعری پەروەردەیی (دیداکتیکی)یەوە..."[٥]

گەشەکردنی شیعری فێرکردن لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا پانتاییەکی لەباری بۆ هۆشیارکردنەوەی نەتەوەیی فەراهەم کرد، چەندین شاعیری وەکو (پیرەمێرد، عەبدوڵڵا زێوەر، جەگەرخوین، تیرێژ، مەلا محەمەدی پاڵۆ، ئەسیری، مەلا محەمەدی کۆیی، موفتی پێنجوێنی، بێکەس، دڵدار، نالبەند...) پەیام گەیەنەری ڕاستی و چاکە و جوانی بوون و گەلەکەیان بۆ ژیانێکی نوێ هان دەدا و هەموو

٤– دیوانی ئەحمەد موختار جاف، ئا: د. عیزەدین مستەفا ڕەسوول، چاپخانەی "الادیب"، بەغدا ١٩٨٦، ل١٠٦.

٥– مێژووی ئەدەبی کوردی، بر/٥، د. مارف خەزنەدار، ل٢٥.

توانایان لە پێناو ئەم ئەرکەدا تەرخان کردبوو. ڕۆژەن بارناس لە بارەی دەیەمین دیوانی (جەگەرخوین)ەوە دەنووسێت: "جەگەرخوین رووپەلا دیداکتیزمێ ل شعرا کورمانجی زێدە کر. دیداکتیزما جەگەرخوین د هنداڤا گوهارتنا ڕەوشا سیاسی و کۆمەلایەتی دایە، هشیار کرە، ڕۆن کرە، تێکۆشەرە، هەتا شۆڕشا کوردستانێ سەرکەڤە وێ شعرا جەگەرخوین ژ ئاکتووەلیا خوە، ژ ژیاندارییا خوە تو تشتەکی وندا نەکە، وێ هەر ڤان ئەرکێن خوە ب جهـ بینە و ب وی ئاوایی ژی جەگەرخوین دێ بژی"[٦]. بۆ نموونە لە شیعرێکیدا جەگەرخوین بەناوونیشانی (ئەی کورد ژ خەو ڕابە) میللەتەکەی هۆشیار دەکاتەوە و داوای لێ دەکات کە لە خەوی دیلی هەستێتەوە:

ئەی کورد ژ خەوا دیلی هەلسە ئێڤارە
ئەڤ خەوا بێ پیڤان، هەزار سالە دژوارە
ژ دەستێ تابوورا پێنجا یا دژمن تو بوویە بندەست
تو د خەوا دیلی دە، لێ دژمن ب خوە هشیارە[٧]

کەواتە پابەندبوونی شاعیران بەکێشە چارەنووسسازەکانی گەلەکەیانەوە و، هەوڵدانی بەردەوامیان بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک، هۆی سەرەکی بووە کە ڕابەرایەتیی بیری نەتەوەیی لە پێش خەسڵەت و تایبەتمەندییە هونەرییەکانی شیعر دابنێن، لەم بارەوە فایەق بێکەس دەڵێت:

خەیالاتی شەو و ڕۆژم ژیانی میللەتی کوردە
تەمەننام لای خودا دائیم ژیانی میللەتی کوردە
بەدائیم دڵ پەشێواوی پەشێویی میللەتی کوردم
وەکو بولبول سەحەر خوانیم ژیانی میللەتی کوردە
نەخۆشە میللەت و، فەوتا وەتەن، بێ هۆشە ئەهلی ئەو
ئەوەی مەتلەب بێ لامان هەر ژیانی میللەتی کوردە[٨]

---

٦- شەرەفنامەیا مەنزووم، جەگەرخوین، ل١٨٠.
٧- سەورا ئازادی، جەگەرخوین، چ٣، وەشانێن ئاڤەستا، ستەنبۆل٢٠٠٣، ل٣٥. (بەرێنووسی لاتینی ).
٨- دیوانی بێکەس، ئا: ئومێد ئاشنا، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٥، ل٣١.



لەم قۆناغەدا کە بەقۆناغی ڕزگاریی نیشتمانی کوردستان دادەنرێت، چەند شاعیرێک و لەوانە بێکەس شیعریان کردبووە " چەکی خەبات و پرۆگرامی سیاسی و ڕاستکەرەوەی باری کۆمەلایەتی و ئاوێنەی دەربڕینی داخوازییە کۆمەلایەتییەکان، بەڵکو ئەگەر وا نەکەن، لە ئاستی گەل و نیشتمانەکەیاندا بەکەمتەرخەم و درێغی کردوو دائەنرێن و ڕاستیشە ئەبێ وابن"[٩]. ئەمەش نیشانەیەکی ترە کە شاعیرە فێرکارییەکان لەم قۆناغەی ئەدەبی کوردیدا پێگە و ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە. بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەش دوو شاعیری فێرکاری ئەم قۆناغە وەکو نموونە دەستنیشان دەکرێن و بەرهەمەکانیان بەپێی ڕەچاوکردنی جۆر و سەردەمەوە لەگەڵ بنەماکانی ڕێچکەی فێرکاری (هیزیۆد)ەوە بەراورد دەکرێن و لە ڕووی ئەرک و تەکنیکەوە هەڵدەسەنگێنرێن:

## ١- شاعیری فێرکار ئەسیری(*)

ئەسیری یەکێکە لەو شاعیرە کوردانەی کە بڕیاری داوە واز لە هەموو بابەتەکانی غەزەل و دڵداری بێنێت و شیعر تەنیا بۆ کێشەکانی گەلەکەی تەرخان بکات:

دۆتەی شۆخ و قەشەنگە ڕێک و ڕەنگین وەک وەوی
ناوی ئەم شیرین شۆخە نیشتمانە هەم زەوی[١٠]

ئەم بڕیارەی ئەسیری لە دوای گەڕانەوە لە سەفەرەکەی بۆ ئەستەنبووڵ دێت کە لەم شیعرەدا دەریدەبڕێت:

---

٩- دیوانی بێکەس، ئا: محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی (الادیب)، چ٢، بەغدا ١٩٨٠، ل١١.
(*) ئەسیری نازناوی شیعریی (عەبدولخالیق کوڕی سەید حوسێن ) ە، لە ساڵی ١٨٩٥ لە کەرکووک لەدایک بووە. ئیجازەی دوازدە عیلمیی لای مەلا عەلیی حیکمەت وەرگرتووە. سەفەری (ئەستەمووڵ و بەیرووت )ی کردووە، لە دوای بەراوردکردنی ئەو وڵاتانە لەگەڵ کوردستاندا ڕادەی هۆشیاریی نەتەوەیی گەیشتووەتە لووتکەو بڕیاری داوە کە تەنیا بۆ کوردستان بژێت و بنووسێت. لە ساڵی (١٩٣٥) ەوە وەکو کارمەند لە دادگای شەرعی کەرکووک دامەزراوەو، ساڵی ١٩٥٨ خانەنشین کراوە. لە ڕۆژی ١٨ی حوزەیرانی ١٩٦٢ لە کەرکووک کۆچی دوایی کردووە. (سەرچاوە: مێژووی ئەدەبی کوردی، بر/٦، د. مارف خەزنەدار، ل٣٠١).
١٠- دیوانی ئەسیری، بر/١، ئا: مستەفا عەسکەری، ل٦٥.

پێوە بووم ئەما چلۆنیش پێوە بووم
وا لەشم فەوتان و ئینجا لێوە بووم
چوومە ئەستەنبووڵ لە ساڵی بیست و هەشت
پیری پیران دەرسی دام و تێوە بووم
عیشقی نیشتمان و گەلم وا کەوتە سەر
شێت و شەیدایی گەیینە هێوە بووم
باو و باپیر هیچ نەجووڵان بۆ وەتەن
بۆیە من ئەمڕۆ لە جێو و ڕێوە بووم[11]

لەبەر عیشقی وڵات، خێزانیش پێک ناهێنێت و لە نێو خەم و حەسرەتدا هەوڵ دەدات بەشیعر خەڵک هۆشیار بکاتەوە و ئاستی ڕۆشنبیرییان بەرز بکاتەوە:

عەشقی میللەت پێم دەڵێت و پێم دەنووسێ ڕۆژ و شەو
گەرچی داماوم لە داخا دەردەدارم بوومە شەل
تاک و تەنها غەمخۆری نیشتمانی پاکی کوردی گورد
بوومە نیشانگا وەکو دارەبەنی لێواری کەل
سەروەرم ڕوحی شیرینم هێز و توانایی لەشم
ئێوەن ئەمڕۆ بەڕاستی، پێکهێنەری فەرمانی گەل[12]

پراکتیزەکردنی بڕیاری وازهێنان لە عیشقی زوڵف و خاڵ و دولبەران بووەتە ڕەوشتێکی هەمیشەیی لای ئەسیری و هەموو توانا شیعرییەکانی تەنیا بۆ وڵات و کێشەکانی میللەتی کورد تەرخان دەکات:

ڕوو لە مەیلی عیشقی زوڵف و کاکۆڵی شیرین مەکە؟
عیشقی نیشتمان و گەلە مەژگی تەڕت پڕ نوور ئەکا
عیشقی میللەت ئیختیاری دەس ئەسیری سەندووە
بۆیە بێ پەروا ئەوەندە گفتوگۆیی ژوور ئەکا[13]

---

١١- دیوانی ئەسیری، ئا: د. کوردستان موکریانی و پێداچوونەوەی ئەحمەد تاقانە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٦،ل١١٩.

١٢- سەرچاوەی پێشوو، ل١١١.

١٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤.





ئەمەش حاڵەتێکی دەگمەن بوو لە ئەدەبی کوردیدا، بۆیە جێگای سەرنج و تێبینیی ڕەخنەگر و ئەدیبانی هاوچەرخی ئەو بوو، لەم بارەوە ڕەفیق حیلمی دەڵێت: "تا ئێستا ئێمە تووشی شیعرێکی غەرامی نەبووین و لەمەیش وا دەرئەکەوێت عیشقی وڵات ئەوی کردووە بەشاعیر ئەگینا لەبەرئەوە نییە کە شاعیر بێ و ویستبێتی پەیڕەوی شاعیرانی عەسر بکا و شیعری نیشتمانییش بڵێ..."[١٤]، بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد لەو باوەڕەدا بووە، کە ئەسیری لە جەمسەرێکی زۆر توندا بووە لە بەرانبەر هەندێک شاعیری تر، کە لە جەمسەرێکی وا شل و سواوە بوونە تا ڕادەی خۆپەرستی: "بەزۆر و بەخوایش ئەگرین و ئەقیژێنن لە باسی چاوی کاڵ و لێوی ئاڵ و ڕووی ڕۆژی و پرچی شەوی و باڵای سەرووی بەوە لا چیکە نازانن، بەڵام من لەگەڵ (ئەسیری) ناڵێم: "تەرکی ئەشعاری عشقبازی کە گەر زەوقت هەیە " چونکە لای من شیرینی دولبەران، لەنجەولاری یاران جوانییە بەڵام بەشێکییەتی هەمووی نییە"[١٥]. ئەم هاوکێشەیە لە نێوان دوو جۆرە شیعردا: یەکەمیان، لیریکییەکی گۆشەگیری قورغکراو و، دووەمیان دیداکتیزمییەکی ڕاستەوخۆی ئاراستەکراو و، ئەوەی لێرەدا پەیوەندی بەلێکۆڵینەوەکەوە هەیە دەستنیشانکردنی شاعیرێکی وەکو (ئەسیری)یە کە بەرهەمە شیعرییەکانی تەوەرێکی سەرەکینە لە هونەری شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا، چونکە هەموویان پێکەوە تەواوکەری یەکدینە و پانۆڕامایەکی گشتگیر دروست دەکەن و مێژوو و واقیع و پێشهاتەکانی میللەتی کورد تێیدا ڕەنگ دەدەنەوە کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەردەکەون:

---

١٤- شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، بر/١، ڕەفیق حیلمی، ل٤٤.

١٥- شاعیرەکانمان، ب٢، سیاپۆش، ڕۆژنامەی ژیان، سلێمانی ژ٣٣٦ /١ ئەیلوولی ١٩٣٢، ل٣, ئەم وتارەی سەرەوە کە بە دوو بەش لە ڕۆژنامەی "ژیان" دا ژمارە ٣٣٥ و ژمارە٣٣٦بڵاوکرایەوە ئاماژەشی پێ کراوە کە هێشتا ماوە، بەڵام دواتر هەمووی پێکەوە کە دەکاتە سێ بەش جارێکی دیکە و بە هەمان ناوونیشان و بە بەشی سێیەمیشەوە کە لاپەڕەکانی(٤٠- ٤٤) دەگرێتەوە و بێ ئەوەی ناوی نووسەرەکەی بنووسرێت لە نامیلکەی (یادگاری لاوان، بەغدا ١٩٥٥، ل٣٣- ٤٤) دا بڵاوکرایەوە. بەڵام دواتر ئامادەکاری دوا چاپی ئەم نامیلکەیە دەنووسێت کە (سیاپۆش) نازناوی (ئیبراهیم ئەحمەد)ە. بڕوانە: (یادگاری لاوان و دیاری لاوان، ئا: ڕفیق ساڵح، چ٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی٢٠٠٥، ل١٢).

١- شاعیر هەوڵی داوە بەزمانێکی ئاسان و دوور لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی، قسەکانی سەر زاری خەڵک بەشێوازێکی ڕەوان و سەلیقەدار و سەردەمانە لە نێو شیعرەکانیدا بهۆنێتەوە، بۆ ئەوەی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ لێی تێ بگەن، چونکە مەبەستە سەرەکییەکەی ئاراستەکردنی خەڵکە بۆ ڕێگەی چاکە و بەدەستخستنی مافەکانیان:

وا بجووڵێ وابزانن کوردە هەی
دەرکەوە دوژمن لە ترسا بێژێ وەی
بەسیەتی خەوتن بە گورجی هەڵسە دەی(١٦)

بۆ ئەم مەبەستە شاعیر داستانە مێژوویی و ئەفسانە میللییەکانیشی لە نێو شیعرەکانیدا بەکار هێناون بۆ ئەوەی وەکو بەڵگە و پاڵپشتیکردن بۆچوونەکانی پێ ڕوون بکاتەوە:

دڵ گڕی ئاگری ئێستا وەک تەنوور
بە ئومێدم سبەی پڕ بێ لە نوور
بە وتەی زەند و دینی زەردەشتی
لە تەنووریان مەبەست ئەوە، تیا نوور(١٧)

یان لە بارەی جەژنی نەورۆزەوە ڕووداوە تۆمارکراوەکانی نێو مێژوو و ئەفسانە میللییەکانی ناو خەڵک پێکەوە دەبەستێتەوە و بەهۆی ئەندێشەیەکی خوڵقێنەرەوە، جیهانێکی هێمن و بەختەوەر دروست دەکات:

دەستی موبارەکت بدە لەم ڕۆژە بیگوشم
ئەم ڕۆژە ڕۆژی هۆگرییە و ئاشتی و تەبا
ئەم ڕۆژە ڕۆژی شادی و جەژنی برایمە
پەیغامبەرێکی کورد بوو لە ئاسوور و نەینەوا(١٨)

١٦- دیوانی ئەسیری، ئا: د. کوردستان موکریانی، ل٢٦١.
١٧- دیوانی ئەسیری، ئا: د. کوردستان موکریانی، ل٩٧.
١٨- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠.



ئەسیری جەژنی میهرەجانیش هاوتەریب لەگەڵ جەژنی نەورۆز دادەنێ کە لە مێژووی کورددا هەردووکیان تەواوکەری یەکن:

قەومی ئاری شوکر دوو جەژنی تایبەتیان هەیە
جەژنی نەورۆزێ کە چوو، جەژنی میهرەجانیان هەیە
جەژنی نەورۆزیان لە بۆ تیزکاری گوڵشەنیان هەیە
میهرەجانیشیان لە شوێن ئاساری پێشدادیان هەیە(١٩)

٢- ئەسیری شێوازی دواندەری والای ڕاستەوخۆ لە شیعرەکانیدا بەکار هێناوە و توانیویەتی پەیوەندییەکی ڕووبەڕوو لەگەڵ وەرگردا دروست بکات و لە بواری ڕەوشتی نەتەوەیی و نیشتمانیدا ڕێنماییی بکات، بۆ نموونە لەم شیعرەدا سنوورەکانی کوردستان دەستنیشان دەکات و نەخشەی جوگرافی و ئەتنۆگرافیی وڵاتەکەی پیشانی ڕۆڵەکانی گەلەکەی دەدات و وەکو وانەیەکی زانستی و ئاگادارکردنەوە بەم شێوەیە دەیخاتە ڕوو:

کوردە دەزانی لە کوێ جێگرە خزمانی تۆ
گوێ گرە بۆتی بڵێم جێگەیی قەومانی تۆ
کێوی تۆرۆس و عومقی حەوزەکەی ئەسکەندەروون
غەربییە تا بەحری ڕەش، سەرحەدی مەیدانی تۆ
بەحری ڕەش و ئەردەهان، ئاوی ئەراسە بزان
حەددی شیمالە ئەمە بۆ کۆچ و جەولانی تۆ
ئەڵوەن و گۆڵی ئورمێ، تا سەری ئاوی ئاراس
سنووری ڕۆژهەڵاتە جۆگەو و کێوانی تۆ
ئەهواز و کێوی حەمرین، ژەنگار و ڕێی نسەیبین
سنوورە بۆ جنووبی باغچە و باغانی تۆ
لە ناوی ئەم سنوورە دوانزە ویلایەت هەیە
دەڵێن دوانزە ملیۆنە نفووسی کوردانی تۆ
..........................................................(٢٠)

١٩- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٠.
٢٠- دیوانی ئەسیری، ئا: د. کوردستان موکریانی، ل ١٧٤.

یان لە شیعرێکی تردا بۆ ڕۆڵەکانی گەلەکەی باسی مێژووی زمان و چۆنیەتی دروستبوونی زمانی کوردی دەکات و دەبێت شانازی بەم بەخشینەی خوداییەوە بکەن و خۆیان سەخڵەت نەکەن و، بەمەش لایەنگیری خۆی بۆ بیردۆزی ئاینی لە بارەی دروستبوونی زمانان[21] پێشان دەدات:

بۆچی ئەمەندە سەرکز و شێواو و عاجز و سستی
داماو و زەرد و خەفەتبار و وسکت و پەستی

بەپێی لێکدانەوەی خۆی بۆ ڕووداوە مێژووییەکان دەگاتە ئەم ئەنجامەی خوارەوە:

پێشین زوانی مەردومە گوفتی شرین و نازکی تۆ
لە بلمە بلمەوە بوو بۆ گەلان زوانی پێویستی
زۆر ژووری، زۆر بلندی، یەکە ڕۆڵەیی نووحی
بۆیە لە دەوری جوودی نەڕۆیی گەلت لەوی ویستی[22]

یانیش لەم شیعرەدا کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەرانبەرەکەی دەدوێت:

لە ولاتت چ کرا، نۆکەری تورکان بووی ئەتۆ
لە هەموو ڕێگەیی خۆیان، خشۆکیان دەفڕێ
مردەیی زیندەیە گەل، لێک تەوەجوە هەڵسێ
گەر نەجووڵێتەوە گەل بۆ خۆی، (ئەسیری) دەمرێ[23]

لە بواری ئامۆژگاریشدا شاعیر دەڵێت:

بە گورجی بجووڵە لە کاری کەست
لە عالەم بەجێ ماوەیە میللەتت
لە بۆ کاری خۆت هەر چەنێ سەعی کەی
نەبێ چاکی خزمت نییە مینەتت[24]

٣- شاعیر ئەو ڕاستییە ڕوون دەکاتەوە کە کار و دادپەروەری بنەمای سەرەکیی

٢١- زاراوەی کوردی، د. کامل حەسەن بەسیر، ل١٧.
٢٢- دیوانی ئەسیری، ئا: د. کوردستان موکریانی، ل٢٣٦.
٢٣- سەچاوەی پێشوو، ل٢٧٥.
٢٤- دیوانی ئەسیری، ئا: د. کوردستان موکریانی، ل٥٦.



ژیان و هۆی هەبوونن:

زانیاریی ئاشکار و چشتی پەنهانی خودا
کەی دەبێ میوەی ڕەزی کوردانی بێ کەس دەس بدا[25]

بەڵام شاعیر هۆی ئەم مەزڵوومیەتە دەگەڕێنێتەوە بۆ:

کوردە تەکمیلە خیلقەتەکەت
لێک نوقسانە تەربییەکەت
کانی ئاڵتوونە مولکی ئەتۆ
کۆن و بێ کەڵکە سنعەتەکەت[26]

لە کۆتاییدا چارەسەرەییەکەشی بەم شێوەیە دەستنیشان دەکات:

بوون بە سەرگەورە بە عیلمە نەک بە باڵا وو جەمال
عیلم کەسبی پێ دەوێ مومکین نییە بوونی بەماڵ

چونکە کەس بەزۆر و ستەمکاری بەڕاستیی ژیان ناگات و دادپەروەرییش بۆی نایەتە دی:

کارگەر و زانا نەبی، هیچی لە پێش چاوی بەشەر
هەرچەنێ زۆرت بگاتە مەرتەبەی زۆراب و زاڵ[27]

پاشان لە شوێنێکی تردا گەلەکەی هان دەدات، کە کار بکەن بۆ ئەوەی بتوانن تەرازووی دادپەروەری هاوسەنگ بکەن:

نەوزادی ڕۆڵەی کوردی گورد بەختت بەبیرم تازە مرد
ماوی بەخۆت ڕووت و زوگورد، کۆشش کە ئینجا یانەسیب[28]

٤- ڕەگەزی شوێن لای ئەسیری قوتابخانە و کارگە و مزگەوت و بازاڕ و شوێنی تری کارکردنن، بۆ نموونە کە باسی بازاڕ دەکات:

٢٥- سەرچاوەی پێشوو، ت٣٣.
٢٦- سەرچاوەی پێشوو، ٦٩.
٢٧- سەرچاوەی پێشوو، ١٠٧.
٢٨- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨.

کردەیی کاری چەکی ماتنی وەستا (حوسکە)
دەری خست کردەی ئەوێ دەستە گوڵی (بازاڕە)[٢٩]

لە بارەی خوێندنیشەوە ڕۆڵەکانی گەلەکەی هان دەدات بچنە قوتابخانە پێشکەوتووەکانی جیهان بۆ ئەوەی شارەزایی لە عیلم و سنعەت وەرگرن:

خۆڵی ژێر پێت کانی زێڕ و نەقرەیە
بەچکە لوڕ لاتی و دەرۆزەی بۆ ئەکەی
بۆ قوتابخانانی خۆرئاوا بچوو
بەڵکە ئەم کانانە بۆ خۆت دەرئەخەی[٣٠]

مەکتەب شوێنی فێربوون و وەرگرتنی زانست و پێگەیشتنی ئینسانە و، خەڵکی هان دەدات منداڵەکانیان بنێرنە مەکتەب و سوودەکانی ئەم شوێنە پیرۆزە دەژمێرێت:

ڕۆڵەیی ساوەت لە بۆ مەکتەب بەرە
کوردە ئەو جێگایە ئەمڕۆ جێی فەرە
خوێندەواری پێگەیشتووی مەکتەبە
بۆ هیوایی گەل بەکار و ڕەهبەرە
ئەو کەسەی مەژگی لەوێ ڕۆشن بووە
ڕوو لە هەرچی (دەوڵەتێ) کا سەروەرە[٣١]

لە بارەی دەستڕەنگینیی ژنانی کورد و کارکردنیان وەکو کارگەیەکی بچووکی چنین و ڕستن باس دەکات:

لە هۆنین و چنینا گشتی وەستا
لە دوورین و بڕینیشدا سەلارن
لە لایێ تەون ئەکەن، لاکێش ئەهۆنن
لە لایێ خورج ئەهۆنن بێستارن
بەڕە و جاجم ئەکەن، ڕەنگی بەنیشێ
لە هۆڕ و تێر کردن، بێژمارن

٢٩- دیوانی ئەسیری، ئا: د. کوردستان موکریانی، ل٢٥١.
٣٠- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٤.
٣١- سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٩.



هەنێکیان کۆچ ئەڕانن، موو ئەڕێسن
هەنێکیانش خەریکی جێ هەوارن[٣٢]

٥- شاعیر دژی توندوتیژییە و هەمیشە داوا دەکات ئەو زوڵمەی لە کورد کراوە نەمێنێت و ئاشتی و دادپەروەری فەراهەم بکرێت:

تۆ گەلێ بووی نیشتەیی دەشتی عێراقی لای جەنووب
دوور لە شەڕ، بێ فیتنە و ئازادە و سەربەست و گرد[٣٣]

هەروەها شانازی بەو سیستەم و خەڵکانە دەکات کە بۆ بەرقەراربوونی ئاشتی و هێمنی خەبات دەکەن:

هەرچی کەسانی (لەشکەری)
(مامۆستا) و (کارگەر)ی
زانا و پیاوی باوەڕی
ئەو (مەردە) گەل بێدار ئەکا[٣٤]

ئەسیری لەو باوەڕەدا بووە کە شەڕ و خۆ پڕچەک کردن هیچ کێشەیەک چارەسەر ناکات، بەڵکو بارودۆخەکە ئالۆزتر دەکات:

کوردە چ فایدەی هەیە ئەم خەنجەرە
ئەم فیشەکە و ئەسلیحە و وەروەرە
بار مەکە ئاسن و بارووت لە خۆت
باری گران لایەقی گا و کەرە

دوای خستنە ڕووی سەروبەری چەکداری و لەشکرکێشی و، نەفرەتکردن لە توندوتیژی ئەلتەرناتیڤی ئەو بارودۆخە دەستنیشان دەکات و، ئەوەی گەل پێش دەخات زانست و زانیارییە:

بەس بخۆ نانی جۆ، لە پێکە کڵاش
سواری کەر و حەچە برۆ و وا وەرە

٣٢- سەرچاوەی پێشوو، ل١٤١.
٣٣- دیوانی ئەسیری، ئا: د. کوردستان موکریانی، ل١١٦.
٣٤- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣.

ڕووت و ڕەزیل بی بەمە ئەمری کرد
بەسیەتی ئەم گەجییە زوو هەڵگرە
عیلم و مەعاریف ئەوەتا بەش دەکەن
هەڵسە وەرە مووچەیی خۆت وەرگرە
........................................[٣٥]

٦- شاعیر بایەخ بەڕەگەزی کات نادات، چونکە ڕاستییەکان بەشێوەیەکی ڕەها دەردەخات، بەڵام کاتێک باس لە ڕووداوە مێژووییەکان دەکات، ئەوە ڕاستەوخۆ مێژووەکە دەڵێت و گەلێک جاریش پەنا دەباتە بەر ژمارەی ئەبجەدی و ئەو وشەیەی دەکەوێتە بەر ژماردنی پیتەکانی دەخاتە نێوان دوو کەوانەوە.

بۆ نموونە:

چوومە ئەستەنبووڵ لە ساڵی بیست و هەشت
پیری پیران دەرسی دام و تێوە بووم[٣٦]

بەڵام کە باس لە مێژووی کێلی گۆڕی خێزانی عەلی کوردی دەکات کە دەکاتە مێژووی کۆچی دوایی، ئەو خودالێخۆشبووە دەڵێت:

لە گوڵزاری جوانان نەورەسێ بووم
لە هاتف دەنگێ هات و عاشقی بووم
وتی بێ واوە مژدەت (باغی فیردوس)
بەهەشتە مەسکەنت من ڕەهبەری تووم[٣٧]

٧- شاعیر مامەڵە لەگەڵ ئینسان دەکات وەکو بوونەوەرێکی خاوەن ڕێز و حورمەت و ڕادەی ئەم ڕێزگرتنە بەپێی چاکە و خزمەتکردنە نە پلە و پایە، بۆ نموونە کە باس لە دایک و باب دەکات:

لێت ڕەزا بن دایک و بابت بەختیاری ئەی عەزیز
بێ شکە دوعای ئەوانە، باعیسی فەوز و نەجات

٣٥- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٢.
٣٦- دیوانی ئەسیری، ئا: د. کوردستان موکریانی، ل١١٩.
٣٧- سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٠.وشەی (فردوس) بێ واو دەکاتە ساڵی (١٣٤٧ ک).



چۆن بەمنداڵی بەخێویان کردی، تۆش وابی دەبێ
چاخی پیری هەر ئەوان بن گەورەیی ماڵ و سەرات[٣٨]

٨- لە شیعری فێرکردندا پاڕانەوە بۆ دەستەڵاتی هێزە لە ڕادەبەدەر دەکرێت، (ئەسیری)یش کاتێ دەپاڕێتەوە ڕوو لە خودا دەکات و دەڵێت:

یاخوا، بێ جێیە ئەم گوفتارە گەر عەفووم نەکەی
ڕوو لە کوێ کەم کێ نەجاتم دا لە ڕۆژی عەرەسات
زیندووە مردووی هەزار ساڵە ئەگەر مەیلت ببێ
هەر لەسەر نوو عالەمێ پەیدا بکەی هیچە لە لات
ئەی خوا ڕەحمێ بە قەومی میللەتی کوردم بکە
مەیل و فەرمانت ببێ ئاسانە، زوو پێک دێ ئاوات[٣٩]

یانیش لەم شیعرەدا لە خودا دەپاڕێتەوە کە بەزەیی بەمیللەتی کورددا بێتەوە:

عەرزی (ئەسیری) لە خزمەتی مودیری کائینات
یاڕەبی تەڕەحومێ بەگەلی کوردی میللەتم[٤٠]

٩- ئەسیری سەرەتای ئەزموونەکەی لە شیعر نووسیندا دەگەڕێنێتەوە بۆ خورپە کە لە ئەنجامی مشتبوونی زانست و فەیزەوە بۆی هاتووە کاتێک لە لای پیر میکائیل خوێندوویەتی:

بیست و نۆ ساڵێ، لەمەو پێش لە شەوێ کاتی سەحەر
تێپەڕم کرد لە سەیوان، هەدەفم بوو عیلم و هونەر
چوومە زیریوە لە لای (پیر میکایل) بۆ فەڕ
بەدڵ ئامادەیی فەیزی کە ئەلەو (پیرە) ببی
کە (فریشتە)ی (وەحیی) شیعرم بۆ هات[٤١]

بەڵام دواتر لەبەر عیشقی وڵات و خەمخۆری بۆ گەلەکەی وازی لە لایەنی سۆز و

٣٨- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠.
٣٩- دیوانی ئەسیری، ئا: د. کوردستان موکریانی ، ل٥٤.
٤٠- سەرچاوەی پێشوو، ل١١٤.
٤١- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٢.

هەڵچوونە دەروونییەکانی هێناوە و پشتی لە بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی کردووە و، بەرەو ئەزموونێکی ڕێنماییکردن و ئیرشادی ڕۆیشت. بەڵام هەندێک بۆچوونی تر هەن کە ئەسیری بەشاعیرێکی کەسبی دادەنێن واتە خۆرسک نییە، بەڵکو ئەوەی لە مێشکیدایە هانی داوە بەشیعر بیڵێ[٤٢]. هەردوو بۆچوون لە خاڵێکی هاوبەشدا یەکتر دەگرنەوە ئەویش لێهاتوویی ئەسیرییە لە هونەری شیعری فێرکردندا کە بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

١٠- بابەتی شیعری فێرکردن ئەگەر بەکارە ئاژاوەییەکانیش دەست پێ بکات، بەڵام دەبێت کۆتاییەکەی بەهێمنی ڕێک بخرێت و ئەنجامەکانیشی سوودبەخش بن، بۆ نموونە ئەسیری لە شیعری (کێیە ڕەحمت پێ بکا؟)دا حاڵەتێکی پڕ کارەسات دەخاتە ڕوو کە ناحەز و داگیرکەران بڕیاری قڕکردنی گەلی کوردیان داوە و ئەویش ناچارە دەست بەشۆڕش بکات و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوە کە شەڕێکی گەورە بەرپا ببێت، بەڵام بۆ دەرچوون لەم قەیرانەدا ئەسیری چارەسەرێک دەستنیشان دەکات ئەویش یەکگرتنی کورد و پەیڕەوکردنی شێوازێکی سەردەمانەیە، هەر ئەمەیە سەرکەوتنی کورد مسۆگەر دەکات و داگیرکەرانیش ناچار دەکات کە دان بەمافەکانیدا بنێن:

کوردە وا فەتوا دراوە بۆ جەوازی کوشتنت
چارە و مەلجە نییە، تەحقیقە ئەمجا مردنت
وا موحەقەق دەتکوژن، دەتکەن بەنیشانەی تفەنگ
با دەوامی بێ بەڕاستی شۆڕش و شەڕ کردنت

بەڵام لە کۆتاییدا ئاماژە بەئاسۆیەکی ڕووناک و مژدەبەخش دەکات کە مەرجی بەدیهێنانیشی گەلێک ئاسانتر و سوودمەندترە لە شەڕ و شۆڕ و کوشتن و بڕین:

کوردی بێکەس ئیتیفاقێ تۆ لەگەڵ خزمت بکە
گەر پەشێویت لابەلا کەی، کاکە پێک دێ ویستنت
گەر بە فەن و عیلم و سەنعەت کەی، (ئەسیری) ئیعتیماد
بێ شکە مومکین دەبێ ئەو جارە دوژمن خستنت[٤٣]

٤٢- مێژووی ئەدەبی کوردی، بر/٦، د. مارف خەزنەدار، ل٣٠٢.
٤٣- دیوانی ئەسیری، ئا: د. کوردستان موکریانی، ل٦٤- ٦٥.



ئەسیری خۆی دان بەو ڕاستییە دەنێت کە دواتر شیعرەکانی لە ڕێگەی ڕێکخستنەوەی زانیارییەکان و هۆنینەوەی ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانەوە بەرهەم هاتوون، هۆی ئەمەش بۆ ئاستی بەرزی هەستی نەتەوەیی شاعیر و شارەزابوونی لە وردەکارییەکانی زانستەکانی ئاین، لۆژیک، مێژوو و باری کۆمەڵایەتیی میللەتەکەی دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە لە شیعرێکیدا کە بۆ جەگەرخوین نووسیبووی، ئەسیری لە بارەی هەڵبەستەکانی خۆیەوە دەڵێت کە هەرچەندە وەک چیرۆکن، بەڵام بۆ ڕێنماییکردنی کورد وەکو بەندەکانی دەستوورن:

بۆ تەبایی هەر بڵێین مامۆستایان دەم بەدەم
کار ئەکا گەوایی ئەمە تەلقینی مردووکردنە
هۆ ئەسیری گەرچی وەک چیرۆکە هەڵبەستت وەلێ
بەندی دەستوورە بەکارهێنانی کورد سەرخستنە[٤٤]

یان لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

وەعز و ئیرشادە (ئەسیری) پێت دەڵێ
وا بجوولە، دابزانن کوردە هەی[٤٥]

١١- ئەسیری بابەتە شیعرییەکانی بۆ ڕەوشت و زانست و ڕێکخستنەوەی زانیارییەکان تەرخان کردبوو و، پۆلێنکردن لایەنێکی گرنگ بووە لە هزر و بۆچوونەکانیدا، بۆ نموونە لە شیعرێکیدا ئاستی زانای کورد مەلا محەمەدی کۆیی لەگەڵ کۆمەڵێک زانا و فەیلەسووفی جیهانی بەراورد دەکات کە هەر یەکێکیان لە بوارێکی تایبەتدا پسپۆڕ بووە و ناوی دەرکردبوو، بەڵام مەلا محەمەد لە هەر لایەنێک لەو لایەنانەدا شارەزایی هەبووە کە هەموو زانستە عەقلی و نەقلییەکانی دەگرتەوە. هەرچەندە ئەگەر هەندێک زێدەڕۆییش لەم بۆچوونەدا هەیە، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستە کە شاعیر توانیویەتی پۆلێنکردنی زانیارییەکان لە نێو شیعرێکی فێرکردندا بخاتە ڕوو:

٤٤- سەرچاوەی پێشوو، ل٢١١.
٤٥- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٥.

فەلسەفەی دینت وەکو شێخی غەزالّی – ی خستە دەر
فیکری سوقراتت لە زیهنە، عەقلی لوقمانت لەسەر
شارەزاییی گۆی زەویت، زیاتر لە عیلمی بولفیدا
خۆ نەشت کردووە بەهیچ لایەکیدا گەشت و گوزەر
نەشری عیلمولرۆحی تۆ مانەندی (فەخری ڕازی)یە
بیری ماسۆنی لە مەژگی لاوی کورد بوو دەربەدەر
خەتمە عیلمی عەقلّی و نەقلّی لەسەر تۆ هەردووکی
(ئیبن ڕوشد)ی ئەندەلوس عیرفانی وا بووبێ مەگەر
ڕێی خورافاتت بڕی، بنیادی فێلّی شێخەکان(٤٦)

١٢– ئامانجی سەرەکیی ئەسیری لە هۆنینەوەی شیعر لە پێناو بەدەستخستنی مافەکانی مرۆڤی کورد بووە و، ئەو بابەتانەی سوودیان هەبووە هەڵی دەبژاردن و هەمیشە لایەنی پەروەردەییشی لە بەرچاو دەگرت و لایەنگەلی دژ بەسەلامەتی و هێمنیی ڕەت دەکردنەوە و شانازیی بەو کردارانەوە دەکرد کە بەختەوەریی گەلەکەی تێیاندایە، بۆ نموونە لە شیعرێکیدا دەڵێت:

کردەو و چاکەتان بنووسم گشت
نایگرێ دەفتەر و پەڕەی تۆمار
فەخر ئەکەن گشت بە عیلم و پایەیی تۆ
کوردی کرمانج و کوردەوەندی لار
گەورەیی چاکە و بەخشش و کەڵکە
نەک زەبر دەستیو و گیان ئازار(٤٧)

لە شیعرێکی تردا باس لەو خەسڵەتانە دەکات کە پێویستە لە کەسایەتیی ئینسانی کورددا هەبن بۆ ئەوەی غیرەت بکات و میللەتەکەی بەرەو سەرکەوتن ببات، بەلاّم بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش مەرجی بنەڕەتی دادەنێت:

٤٦– دیوانی ئەسیری، ئا: د. کوردستان موکریانی، ل٩٩.
٤٧– سەرچاوەی پێشوو، ل٩٥.



غیرەتی میللەت کەی ئەبێ بێتە جۆش
گەورە و ساوای دڵی بێتە خرۆش
توند بێ لە کارا، دەست و بردی ببێ
زیرەک و وریا، بەدڵ و چاو و گۆش
بیری بڵند، زانەری عیلمی جیهان
مێشکی پڕ بێ لە تێبینین و هۆش
کارگەر و کۆشش بێ ڕۆژ و شەو
گورج، بزێو و فەن و حیکمەت فرۆش
هێدی و هۆشی بێ لە تەنگانەدا
هەرچی بەلاّیێ بێ، نەکا بۆی پەرۆش(٤٨)

١٣– ئەسیری پشت بەمێژوو دەبەستێت بەتایبەتی بەو وتە و ڕووداوانەی کە لە نێو ئەفسانە و داستانەکاندا باس کراون، زۆر جار دەیانکاتە بەڵگە بۆ ئەوەی مەبەستێکی تری پێ بسەلمێنێت، بۆ نموونە باس لەو ڕووداوە مێژووییە دەکات کە ئادەم لە بەهەشتەوە دەردەکرێتە چیای هیمالایا و لە دەشتی هیندستان نیشتەجێ دەبێت و هەر لەوێوە زمان پەیدابووە و ڕێژەیەکی زۆر لە وشە و دەستەواژەکانی کوردی هێشتا لە نێو زمانە هیندوئەوروپاییەکاندا ماون، بەوەش دەسەلمێنێت کە زمانی کوردی هەر لە سەرەتای هەبوونی ئادەمیزادەوە هەبوو:

بە کوردی بوو زوانی ئادەمی باپیرە گەورەی تۆ
هیمالایا بوو جێگەی دەشتی هیندستان و قۆڵۆمبۆ
جریوەی کوردی زۆرە گەر بپشکنی وتەی هیندی
لەبەر داگیری بێگانە وتەی تازی و فارس گۆ
بپشکنی زوانی هەرچی ئادەمیزاد هەیە ڕۆڵە
ئەدۆزی و خڕ ئەکەی چەن سەد هەزاری بێژی گفتەی تۆ(٤٩)

هەندێ هەواڵ لە نێو ڕووداوە دێرینەکاندا هەڵدەبژێرێت و دەیکاتە بابەتی شیعر و

٤٨– دیوانی ئەسیری، ئا: د. کوردستان موکریانی، ل١٠٦.
٤٩– سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٧.

مەبەستە سەرەکییەکەی ئەوەیە کە لە دێرزەمانەوە کوردیش هەبووە و فەرمانڕەوایی لە ناوچەیەکی گەورەی دنیا کردووە، بەڵام دواتر سەروەریی خۆی لە دەست داوە و ئێستاش بێ ناوونیشان ماوەتەوە، بۆ نموونە:

چاخێ ئەمنیش حاکمی مەجمووعی جیهان بووم
مەڕوانە ئەلەم ڕۆژە کە بێ ناوونیشان بووم

دواتر باسی ڕۆژانی بارودۆخی ئەوسای کورد دەکات:

والیم لە بەرەغمە هەبوو جێی ئێستەیی ئەمیر
لەو چاخە حوکمڕانی هەموو ڕۆم و یۆنان بووم
چەن جار یەمەنم گرت و ئەهالی بووە ملکەچ
گورزم هەبوو خاوەن سوپەهە و تیر و کەوان بووم

لە کۆتاییدا دەگاتە ئەو مەبەستەی کە لە پێناویدا ئەو هەموو ڕووداوە ئەفسانەیی و داستانە میللییەکان خستووەتە نێو شیعرەکانی کە ئەویش هاندانی گەلی کوردە بۆ تێکۆشین و خەبات:

تێ کۆشە لە بۆ سەتوەتی جارانت (ئەسیری)
لەم ڕێیە بکوژرێی مەڵێ من تووشی زیان بووم(٥٠)

١٤- بەپێی ناوەڕۆک ئەسیری مامەڵە لەگەڵ بابەتە شیعرییەکانی دەکات. بابەت هەبووە کە بە(٢٠٢) دێرە شیعر تەواو بووە وەکو (شەهیدان) کە تێیدا دیرۆکی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران (١٩٢٥) دەگێڕێتەوە، بابەتیش هەبووە تەنیا لە نێو دوو دێرە شیعردا هۆنیوەتەوە، وەکو ئەو شیعرەی لە ساڵی (١٩٣١)دا لە بارەی نەورۆزەوە دەڵێت:

نەورۆزی چی، پیرۆزی چی
بادەی مەیی لەب دۆزی چی
موتریب بەترسەی لێ بدە
بانگ و چرەی دڵسۆزی چی(٥١)

٥٠- دیوانی ئەسیری، ئا: د. کوردستان موکریانی، ل١١٧- ١١٨.
٥١- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٩.



لە گەشەکردنی شیعری فێرکردندا پتر جەخت لەسەر ناوەڕۆک دەکرا، ئەمەش شتێکی ئاسایی بوو کە ئەسیرییش ئەم ڕەچاو بکات هەر وەکو لە خاڵەکانی سەرەوەدا ڕوون کراونەتەوە، بەڵام لە ڕووی تەکنیکییەوە هەر ئەوەندە گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە کە لایەنەکانی ڕەوانبێژی پشتگوێ دەخرا و، پەنا بۆ کێشە سووکەکان دەبرا وەکو (هەزەج و ڕەمەل و ڕەجەز...) و بایەخێکی زۆر بەسەروا دەدرا، چونکە هەردووکیان – واتە کێش و سەروا – دوو لایەنی گرنگی مۆسیقای دەرەوەی دەقی شیعرن و دەبووایە لە شیعری فێرکردندا بایەخیان پێ بدرێت. بۆ نموونە ئەسیری لە شیعرە درێژەکاندا جووت سەروای پەیڕەو کردووە هەر وەکو لە شیعری (شینی شەهیدانی کورد)دا دەڵێت:

یاڕەب چە موسیبەتێکە لە کوردانی ئێمە قەوما.... A
لەم میللەتە مەزڵوومە نە خۆراک و نە خەو ما.... A

بەم دێرە جووت سەروایە کۆتایی بەشیعرەکە دێنێت:

خوێنی دڵە دەڕوا لە دوو چاوی کەسی کوردی....B
پیاوی وەتەنی وایە، برا گەورە و وردی....B(٥٢)

بەڵام لە زۆربەی شیعرە کورتەکانیدا یەکێتیی سەروای ڕەچاو کردووە، ئەمەش تایبەتمەندییەکی شیعری فێرکردنە کە لە ئەدەبی زۆربەی میللەتاندا هەیە بۆ نموونە:

بۆچی ڕۆڵە تاڵ ئەکەی بە مژینی (تنباکۆ) دەمت.... A
سست ئەگەی بەو دووکەڵە بونیادی شیرینی لەشت..... A
مادەیەکی زەهری تیایە ناوی نیقۆتینە ئەو......... B
دەتچرووسێنێتەوە، بی فەر ئەکا ڕەنگی گەشت.... A
سی و جەرگت پێ ئەکا ژاری، نەفەس تەنگاوەیی.... C
کۆکە و سیل و سەراسی فرتە، کەم هێزی بەشت.... A(٥٣)

چەندین جۆری دیکەی سەرواشی بەکار هێنابوو، بەگشتی بایەخی بەمۆسیقای

٥٢- دیوانی ئەسیری، ئا: د. کوردستان موکریانی ، ل٤٦- ٤٧.
٥٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨.

دەرەوەی شیعری نەدەدا، لەم ڕووەوە د. مارف خەزنەدار دەڵێت: "لە شیعریدا هەست بەهەندێ خەوشی تەکنیکی و کەموکوڕی مەرجەکانی شیعر دەکرێ، وەکو لەنگی لە کێش و هەڵە لە قافیە، ئەمە پێوەندی بەگوێی مۆسیقی شاعیرەوە هەیە"[٥٤]. بەڵام د. کوردستان موکریانی هۆی ئەم کەموکوڕییە دەگەڕێنێتەوە بۆ "لە ڕووی ئەوەی ئەسیری بایەخێکی زۆری بەناوەڕۆکی هۆنراوەکانی داوە، لە گەلێک شوێندا هۆنراوەکەی لەنگ بووە و کێش و سەروای کردۆتە قوربانی ناوەڕۆک"[٥٥]. بۆیە لێرەدا بەپێویست نەزانرا زۆر جەخت لەسەر کێش و سەروا و تەکنیکی شیعری بکرێت، چونکە هەڵسەنگاندن و ڕاستکردنەوەی لەنگی و کەموکوڕییەکان ئەوەندە کەم نین کە لە سنووری ئەم لێکۆڵینەوەدا ئەنجام بدرێن و، ئەوەی پتر پێوەندیی بەم لێکۆڵینەوەوە هەیە زمانی شیعری و مۆسیقای ناوەوە و یەکێتیی بابەتن، کە بۆ هونەری شیعری فێرکردن پێویستن و لای (ئەسیری)یش زۆر بەجوانی بەدی دەکرێن و لە خاڵەکانی سەرەوەدا ڕوون کراونەتەوە.

٥٤- مێژووی ئەدەبی کوردی، بر/٦، د. مارف خەزنەدار، ل٣٠٢.

٥٥- دیوانی ئەسیری: ئا: د. کوردستان موکریانی، ل٢٣.





## ٢- شاعیری فێرکار ئەحمەدی نالبەند

نالبەند(*) لە شاعیرە گەورەکانی کوردە، بەتایبەتی لە ڕووی چەندێتیی بەرهەمە شیعرییەکانییەوە، بەڵام لەڕووی جۆر و چۆنیەتییەوە، زۆربەی شیعرەکانی دەربڕینی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بارودۆخی دەوروبەر و باری سیاسیی سەردەمی شاعیر بوون، نەخاسمە کە «شیعری کۆمەڵایەتیی ئەوەندە زۆرن، ئەگەر بە مەبەستی ئەکادیمی تەماشا بکرێن، نەبەمەبەستی چێژ و خەیاڵی هونەری، ئەنسیکلۆپیدیایەکی کۆمەڵایەتی لێ دروست دەبێت. شاعیر باس لە هەژاری و دەوڵەمەندی و دزی و قومار و بەرتیل و چاکە و خراپە و گەلێک دیاردەی دیکەی ناو کۆمەڵ دەکات. زۆربەی ئەم جۆرە شیعرانە دەچنە ناو خانەی شیعری فێرکردن و پەروەردەییەوە.»[١] بۆیە ئێمەش وەکو شاعیرێکی فێرکاری کوردی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەممان هەڵبژارد و هەوڵ دەدەین شیعرەکانی لە ڕووی ناوەڕۆک و تەکنیکەوە شی بکەینەوە.

لە سەرەتاوە پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە پەیامی نالبەند وەکو زانایەکی ئایینی

* نالبەند: نازناوی شیعری (ئەحمەد کوڕی ئەمین)ە، کە لە ساڵی ١٨٩١ لە گوندی بامەڕنی لە دایک بووە. لە تەمەنی پێنج- شەش ساڵی لە حوجرەی مزگەوتی گوندەکە و دواتر لە شارانی ئامێدی و زاخۆ و دهۆک خوێندوویەتی. لە ساڵی ١٩١٤ و دوای دوو ساڵ خوێندن لە گوندی بێدۆهـ، ئیجازەی مەلایەتی لەسەر دەستی شێخ محەمەد پارسای کوڕی شێخ تاهای مایی وەردەگرێ، دوای کۆچی دوایی شێخ محەمەدی پارسای، نالبەند لەو گوندەدا دەبێتە مەلا تا ساڵی ١٩١٩ و دواتر دەچێتە گوندی ڕویسێ لە ناوچەی گولی و دوازدە ساڵ لەوێ مەلایەتی دەکات. دواتر دوو ساڵ لە گوندی بێکۆڤا و شەش ساڵیش لە گوندی خشخاش لە دەڤەری بەرواری باڵا مەلایەتیی کردووە.

لە ساڵی ١٩٤٢ گەڕاوەتەوە ئامێدی. لە نێوان ساڵانی (١٩٤٧- ١٩٥٧) لە ناوچەی سلێڤانە نیشتەجێ بووە و دواتر جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە ئامێدی و دوای دوو ساڵ چووەتەوە بامەڕنێ و لە ساڵی ١٩٦١ گەڕاوەتەوە گوندی خشخاش، لە ڕۆژی (٩ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٣) بەچەقۆ زگی خۆی هەڵدڕیوە و کۆچی دوایی کردووە.

سەرجەمی دیوانەکەی لە ساڵی (١٩٩٧- ١٩٩٨) لە پێنج بەرگی جواندا لە چاپخانەی خەبات - دهۆک چاپ کراوە کە بووەتە سەرچاوەی سەرەکیی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

١- د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی شەشەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٦، ل٢٥٤.

ئامۆژگاریکردنی خەڵک و ئاراستەکردنیانە بەرەو ڕێگەی یەکتایی و خوداپەرستی بووە و فێریان بکات کە چۆن عەرز و نامووس و خاک و وڵاتیان لە دەستدرێژی تەماعکاران بپارێزن. نالبەند هەوڵی داوە ئەم ئەرکە لە ڕێگەی شیعرەوە ئەنجام بدات، بۆیە ئەو زانین و زانستەی کە لە حوجرەی مزگەوتەکاندا فێر بووە و ئەو زانیارییانەی کە لە ڕێگەی خوێندنەوەی کتێب و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سەردەمی خۆی وەریگرتوون، یانیش لە ئاکامە ئەزموونییەکانی خۆیەوە لێکی داونەتەوە و، هەموویانی لە نێو پەیامێکی مژدەبەخشدا کۆ کردووەتەوە و بەزمانێکی کوردیی ڕەوان و سەلیقەدار هۆنیوینەتەوە و پێشکەشی خەڵکی ڕەش و ڕووت و جووتیاری گەلەکەی کردوون.

ئەم بەرهەمە پڕ زانیاری و ئامۆژگارییانەی ئەوەندە زۆر و بەرفراوان بوونە، تا ڕادەیەک لە شیعرێکیدا گلەیی لە خۆی دەکات کە ئەوەندە ئامۆژگاریی خەڵکی کردووە، لەوانەیە خۆی لە بیر چووبێتەوە:

بخوبخو ئەحمەدا چەندێ خرابی
تو خۆش نسحەتکەری حەیفە وەسابی
هزار سالا بمینی دێ فەنابی
ل سەر دینێ خو بۆچی گومڕەهی تو[٢]

ئەگەر لە سۆنگەیەکی ترەوە سەیری ئەم حاڵەتە بکەین، لەوانەیە زۆر گۆتن و دووبارەکردنەوەی پەند و ئامۆژگارییەکانی نالبەند نیشانەی ئەوە بێت، کە خۆی بەشاعیرێکی فێرکار زانیوە و ڕێبازەکەی کە تەریقەتی نەقشبەندی بووە بەڕێچکەیەکی ئاینی ئیسلامی ڕاست و دروست داناوە و لەو باوەڕەدا بووە کە کەس ناتوانێت ملکەچی دەرەنجامەکانی ئەم ڕاستییە نەبێت:

نەبێژن کو شاعر چ بێ مروەتە
نەبو عالما شەئنە ئەڤ غەیبەتە

٢- ئەحمەدی نالبەند، باغێ کوردا، بەرگی دووەم، کۆمکرن و تویژاندن تاها مایی، پێداچوون و ڕاستڤەکرن و سەرپەرشتییا چاپێ ڕەشید فندی، ئیسماعیل بادی، محەمەد عەبدوڵڵا، چاپا یەکێ، چاپخانا خەبات، دهۆک ١٩٩٨، ل١٧.



مە گۆت یا نهو ئەو دکەن قبحەتە
کو دا دەست بکێشن ژڤی ما وەرای
بەری مە چ تەرتیب هەبوو لازمە
نهو ژی وەسا بیت خودێ عالمە
ئەز لەوا ئیعترازێ بکەم ئەز چ مە
مەلا ڤێت بهێلن ئەڤی موشتەهای
مەلا چرانە بۆ ڤێ ئومەتێ
کو مەجبوورە ئومەت گوهێ خۆ بدەتێ
هەمی لازمە بێنە سەر ڤێ خەتێ
ژبەر عیلمی خەلکی سەرێ لبەر چەمای[٣]

نالبەند لە نێو ڕاستییەکاندا تواوەتەوە و بەشێوازێکی ساکار و سەرنجڕاکێش و سەلیقەدار پێشکەش بەخەڵکی دەکات و هەندێک جار ئەوەندە زێدەڕۆیی لە سەلماندنی ڕاستییەکان دەکات، دەگاتە ڕادەی ئەوەی کە پەند و ئامۆژگارییەکانی وەکو فەرمان بەسەر خەڵکدا بسەپێنێت:

وەکی هەر نەما لنک وە ترسا خودێ
ژ عەبدا شەرم کەن کەرێت گوه درێژ
چ دەعوایە بێژی موسلمانم ئەز
تە فەرزەک نەکر ئەی تەرەس لال و گێژ
هەڕۆ ئەحمەد دل بحالێ وەڤە
گوتێ تو بەس ئاڤروویا وان برێژ[٤]

ڕێنماییکردن و ئامۆژگاریکردنی خەڵک دەبێتە پیشەی سەرەکیی نالبەند و بۆ هەر حاڵەتێکی بۆچوونی تایبەتی خۆی دەبێت و خەڵکەکەی لێ هایدار دەکات:

خودێ ئێک ڕەسوول دوو و عەقلێ مە سێ
ئەڤان هەر سێیا ئەمر دا هەر کەسێ

٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦- ٢٧.
٤- ئەحمەدی نالبەند، بەرگی یەکەم، ل١٩٥.

چو شولا کو چاکی ئەوێ دارەسێ
خرابییا نەکەن دا نەبن گرفتار(٥)

یانیش:

فکرن حەدیسی و شەرعەتی — ئەڤ تەعنە یا بهەمیا کەتی
چاک نینە هۆ بێ خاسیەتی — چاڤێ هەوە مای کورەیە
ئاللا وەکیلە ئەز حەقم — وەختە ژ کەربادا بپقەم
لنک هندەکا ئەز ئەحمەقم — عەیبا هەوە بێ چارەیە
ئیلهام وەلییا دایە من — بێ تەعن و عار ناچەمن
وان عاقیبەت قەهر و غەمن — هەچیا مەگۆتی حەق وەیە
نسحەت خلاس بوون ئەی عەزیز — کەس چاڤ نەدەن من ئێ غلیز
بێ عار و بێ عەقل و تەمیز — ئەحمەد خراب کی وەک تەیە؟(٦)

یانیش:

ئەزم نسحەتکەرێ هەر جاروبارێ
بەلێ زێدە بۆ ئەهلێ عەقل و عارێ
ب ئەسبابا هەمی شول تێنە کرنێ
کەسێ بێ پێ نەچوویە سەر مناری(٧)

لەم رووەوە بەدیار دەکەوێت کە «ئامۆژگارییەکانی نالبەند بۆ دین و دنیا تەرخان کراون، بەزمانێکی کوردیی پەتی و وێنەی جوان، ئەم گرنگیدانەش بەزمان بۆ شیرەتکردنی کۆمەڵ نوێکارییە لای نالبەند».(٨)

نالبەند دیوانە شیعرییە پڕ زانیاری و پەند و ئامۆژگارییەکەی بەرێبەرێکی تەواوی کۆمەڵ دادەنێت و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە چاپ و بڵاو بکرێتەوە:

---

٥- سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٣.
٦- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢١.
٧- ئەحمەدی نالبەند، بەرگی سێیەم، ل١٢٧.
٨- کامیران محەمەد نەبی، جێگەی ئەحمەد نالبەند لە شیعری نوێی کوردیدا، ماستەرنامەیەکە پێشکەش بەزانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی ئاداب: ١٩٩٩ کراوە، ل١٤٢.



گەلی ئەهلێ حزورێ شاعرم ئەز
منا هەی نییەتەک بێ ڕێک و کولان
ئەوە نییەت کو ڤان شعرا بەلاڤ کەم
بۆ کوردستان و کوردان ببنە دیوان
دوعا و نسحەتن، عشق و کەمالات
کو فایدێ خاس و عاما تێ بۆ دەرمان(٩)

یانیش لەم مولەمەعەدا هەمان داواکاری دووبارە دەکاتەوە:

فصدقونی وانظروا کتابی
فیە فنون الشعر للاصحاب
وەعز و نەسیحەت عشق و وەسفێ باری
تێدا هەنە وەک باغەکی بهاری

لە کۆتاییی شیعرەکەدا دەڵێت:

چار سەد و زێدە من هەنە قەسیدە
عیبرەت و کەیفن و کەمال و عیدە
ئەز لەو نەشێم دا تەبعەکەم بێ پارە
دا بکەم دیاری بۆ هەوە یەک جارە
کوردێ برا بۆ من موعین بن خێرە
یا بێ شکە دێ بۆ هەوە بن گێرە
کەیفا وەیە ئەی مەجلسا کیراما
هوین عاقلن هوین فازلن هوین زانا(١٠)

نالبەند بێ ئومێد دەبێت لەوەی کە یەکێک یارمەتیی بدات و لە دووبارەکردنەوەی داواکارییەکان جاڕس دەبێت و دەزانێت کە هەوڵەکانی دەردێکی بێ چارەنە:

هندی تو گەلەک بێژی
دوڕا لە داڕێژی

---

٩- ئەحمەدی نالبەند، باغی کوردا، بەرگی سێیەم، ل٢٣١.
١٠- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥٧.

گوهـ نينه كەڕ و گێژی

دلكێ مه نه ئێشينه[١١]

بۆ ئەوەی بتوانین بەرهەمە شیعرییەکانی نالبەند لەگەڵ بنەماکانی ڕێچکەی فێرکاریی شاعیری پێشەنگی ئەم هونەرە (هیزیۆد)[١٢] بەراورد بکەین و لە ڕووی ئەرک و تەکنیکەوە هەڵی بسەنگێنین، بەپێویستمان زانی لەم چەند خاڵەدا شی بکرێنەوە:

١

شیعرە دیداکتیکییەکانی نالبەند ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵێکی کشتوکاڵی و دابونەریت پارێزن، ڕاستەوخۆ باس لە حاڵەتە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ڕووداوەکان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێنماییە ئاینی و ڕەوشتییەکان دەکەن، بۆیە زۆرجار قسە و پەند و دەستەواژەی سەرزاری خەڵک بەسەلیقەیەکی ڕەوان دەهۆنێتەوە، کە هەمان مەبەست دەپێکێت، بەڵام لە ڕووی فۆرم و شێوازەوە جیاوازییەکی زۆریان هەیە، چونکە سەرلەنوێ دایان دەڕێژێتەوە و بەتام و چێژێکی هونەریی بەرز و سەرنجڕاکێشەوە دەیانخاتە بەردەستی وەرگر و خوێنەران، بۆ نموونە:

هزار سالا ل دنیایێ بمینین پویچە هەردێ چین

وەسا ژێ دەرکەڤن تازە کو باهرا وە نەبیت ئازار

بەلێ ئەما بۆ دنیاداریا مە لازمە تەفتیش

کو هەردوو لازمە تازە ببوورن تێ بگەهن ئەی یار[١٣]

ڕامانی ناوەڕۆکی ئەم دوو دێرە شیعرە نزیکە لەو پەندەی کە دەڵێت: «إعمل لدنياك كأنك تعيش أبدا، وأعمل لآخرتك كأنك تموت غدا».[١٤]

یانیش لەم دێرە شیعرەدا دەڵێت:

---

١١- سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢.

١٢- د.احمد عثمان، الشعر الاغريقي تراثا انسانيا و عالميا، مطابع الرسالة، الكويت ١٩٨٤،ص٩٣-٩٤.

١٣- ئەحمەدی نالبەند، باغی کوردا، بەرگی یەکەم، ل١٨٨.

١٤- د. محمد زغلول سلام، تأريخ النقد الأدبي والبلاغة، الجزء الثاني، منشأة المعارف، الاسكندرية ٢٠٠٠ ص٤٣٦.



دا بەرێ تە ل ئاخرەتێ بیت نێ ئەوە مالا قەدیم

کێم و زێدە شول نەباشن بەلکی ناڤنجی و وەسەت[١٥]

ئەمەش لە فەرموودەی پێغەمبەر وەرگیراوە کە دەقەکەی ئەمەیە «خير الأمور أوسطها».[١٦]

- لە دێرە شیعرێکی دیکەشدا دەڵێت:

دیانەت ژێک موخالف بوون و ئەزمان

وەکی دی دنیا بۆمە ملک و خانە

کو هەر ئێکی هەیە باهرا خۆ تێدا

ژیارا خۆ بکەن عومرێ مە دانە[١٧]

هەر لەم بارەوە پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت: «دنیا یا لێکڤەکریە، لێ نەیا پەرچان کریە.»[١٨]

- لە دێرە شیعرێکی دیکەشدا دەڵێت:

کەسێ پیچ پیچ بخۆت دنیا ئەوی خار

کەسێ پاری مەزن بێ ئارو نانە[١٩]

پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت: «کەم خۆری دایم خۆر بە».[٢٠]

- لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێت:

قەت بیانی بۆ کەسێ نابیتە مال

ئەهلێ مالێ ناڤەخۆت ئاڤەک زەلال

---

١٥- ئەحمەدی نالبەند، باغێ کوردا، بەرگی یەکەم، ل٢٠٦.

١٦- ابن قيم الجوزية، اعلام الموقعين عن رب العالمين، تحقيق محمد المعتصم بالله البغدادي، دارالكتاب العربي، بيروت ٢٠٠٦، ص١٨٣.

١٧- ئەحمەدی نالبەند، بەرگی یەکەم، ل٥٢٧.

١٨- ئەحمەد قەرەنی، کانی- پرتا دوویێ- دەستخەت، ل٣٥.

١٩- ئەحمەدی نالبەند، بەرگی یەکەم، ل٥٢٨.

٢٠- ئەحمەد قەرەنی، کانی، پرتا یەکێ، چاپخانەی ئەسعەد، بەغدا ١٩٨٤، ل٩٢.

بۆ خودانی بوونە جەهنەم ماڵ و حاڵ
بۆ خوسارەتیا وە بەسە ئەو قەدەر[٢١]

– لەم بارەوە پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت: «بیانی هەر بیانییە و خۆیی هەر خۆییە»[٢٢] یانیش پەندێکی تر هەیە کە دەڵێت: «بیانی بدەیێ گوشتێ ڕانی، دێ ل تە بیتە پەشیمانی».[*]

– لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێت:

پەز تژی گۆڤێ تو بەردەی
بەر شڤانی تێر نەبیت
دێ هەمێ پووچ کەی ل دەردەی
بۆتە ناهێن هەشت و نەهـ[٢٣]

هەر لەم بارەوە پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت: «ئەوی نانی ژ تویلا ڤەشێریت، دێ ب لەپا ل پوڕا گەڕێت.»[٢٤]

– یانیش لەم دێرە شیعرەدا دەڵێت:

وەکی ئەول تو لوقما خۆ مەزن کەی
تۆ دێ پێ خەندقی ناچیتە خارێ[٢٥]

ڕامانی ئەم دێرە شیعرەش دەقاودەق وەکو مانای ئەم پەندەیە کە دەڵێت:
«پاریێ مەزن گەرویێ ددڕینن».[٢٦]

٢١– ئەحمەدی نالبەند، بەرگی یەکەم، ل١٤٤.
٢٢– کانی، پرتا یەکێ، ل٢٧.
* سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٨.
٢٣– ئەحمەدی نالبەند، بەرگی سێیەم، ل٨٠.
٢٤– کانی، پرتا یەکێ، ل١٤.
٢٥– ئەحمەدی نالبەند، بەرگی سێیەم، ل١٢٧.
٢٦– چیا مازی، فەرهەنگا گوتنێن پێشیان، وەشانێن ئەلما، چاپا یەکەم، ستەنبوڵ ٢٠٠٥، ل٣٤٠ (بەرێنووسی لاتینی)



– لەم شیعرەشدا نالبەند دەڵێت:

سەی چو گۆشتێ سەی نەخارە چو جار
تێ بگهن ڤێ مەسئەلا مەعنا دیار
باش فەهم کەن گوتنا من ئەی مەزن
بۆ مە هەمیا فایدەیە دەوسا کەڤن[٢٧]

پەندێکی کوردیشی هەیە دەڵێت: «سە گۆشتێ سە ناخوە.»[٢٨]

نموونە زۆرن، بەڵام ئەوانەی سەرەوە ئەوە دەسەلمێنن کە پەندە فۆلکلۆرییەکان و ئەو دەستەواژانەی سەر زاری خەڵکن، هەر ئەوان کەرەستەی سەرەکیی هۆنینەوەی شیعری نالبەندیش بوونە.

## ٢

شێوازی دواندەری کراوە و ڕاستەوخۆ لە شیعرە فێرکارییەکانی نالبەندا بەدی دەکرێت، بەتایبەتی ئەوانەی پێوەندییان بەلایەنی ئایینییەوە هەیە، هەرچەندە لایەنە کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتییەکانیشی فەرامۆش نەکردووە، بەڵام بەگشتی هەڵگری پەیامێکی ئایینی بووە و وەکو شاعیرێکی میللی لە ناو خەڵکدا ژیاوە و ناوەرۆکی شیعرەکانیشی بۆ ئامۆژگاریکردن و ڕاستکردنەوەی ڕەوشتە خراپەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی وەرگران تەرخان کردووە، بۆ نموونە بەپێی باوەڕی ئاینی ئیسلام، دەبێت مرۆڤ زیاتر بیر لە دوارۆژ بکاتەوە و بەپێکەنین و ڕواڵەتی گەشەداری دنیا هەڵنەخەڵەتێت. ئەم بۆچوونانە و چەندین زانیاریی دیکەش دەخاتە بەردەستی خوێنەران و خەڵک ئاگادار دەکاتەوە کە سەرجەم گیروگرفت و کێشە ئاڵۆزەکانی ژیان دەگەڕێنەوە بۆ هۆکارێکی سەرەکی کە ئەویش ئەوەیە، مرۆڤ شتە بنەڕەتییەکان پشتگوێ دەخات. لەم ڕووەوە نالبەند دوو حاڵەتی هاودژ کە- یەقین و ندابوون-ن بەراورد دەکات و هەوڵ دەدات قەناعەتێک بۆ وەرگر دروست بکات کە ڕێبازی یەکەم هەڵبژێرێت و پەیڕەوی بکات، چونکە سوودی دنیا و ئاخرەتی تێدایە:

٢٧– ئەحمەدی نالبەند، بەرگی سێیەم، ل١٤١.
٢٨–چیا مازی، ل٣٦٦.

خوزیا کەسێ گوهـ دایە من     شێخ و مەلا مێر و ژن
مە دڤێت بۆ وان فایدێ مەزن     لەو من دەوام گازندەیە
هندی وە ڕوح مایە د لەشی     نابن دەوام خێر و خوەشی
بۆچی تۆ هۆی زەحمەتکێشی     عومرێ مە هەر بێ فایدەیە
دنیا مە ڕۆژە یا شەڤە     هەچیا چوو یادی هاتەڤە
هندی هەبین تەرتیب ئەڤە     سال و زەمان ئەڤ مادەیە[٢٩]

## ٣

گەلە ژێردەست و چینە چەوساوەکان دەزانن کە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بنەمای پێشڤەچوونی ژیانە و تا ڕادەیەکی زۆریش ئاگاداری هەڵسوکەوت و کردەوەکانی داگیرکەر و چەوسێنەرانن و درک بەو ڕاستییە دەکەن کە ئەم دوو دەستەیە مشەخۆر و تێکدەرن و چەند گرووپێکی تەمەن کورت و سەرلێشێواون... شاعیری فێرکار لایەنگری لایەنی یەکەمە و ڕاستییەکان بەشێوەیەکی هونەری ڕێک دەخات بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵک ڕابکێشێت و ئامۆژگارییان بکات. لە بارودۆخێکی وا نالەباردا شاعیرە فێرکارەکان بەپلانێکی دیراسەتکراو و نەخشە بۆ داڕێژراو ئەم حاڵەتانە لە ڕێگەی شیعرەوە ڕێک دەخەن و پێشکەش بەوەرگری دەکەن و زانیاریی پێویستیشی پێ دەبەخشن، بۆ نموونە نالبەند ئەم کارە بەئەرکێکی ویژدانی خۆی دەزانێت و لەم بارەوە چەندین شیعری هونیوەتەوە:

ئەی کوردێ برا بەسە وە خۆ دایە ڕەحەتیا
ئەڤ عومرێ بەرێ چۆن ب ڕەزالەت بۆ وە قەتیا
بەس نینە هەما نان وە هەبیت فکرە خەلەتیا
گازندا نەکەن دل وە تژی خەنجەر و خوینە
جوهیا تو نەزەرکێ ب تفاق بوونە حکومەت
هەر هوین نەچوونە بێ سەرو بێ عارن و ئالەت

٢٩- ئەحمەدی نالبەند، بەرگی یەکەم، ل٥٠٤.



ملکێ وە هەمی دوژمنی گرت و بوو قەباحەت
ما ب دەستێ هەوە ڕابە تەرەس شول بکە بینە[٣٠]

یان:

دوژمنێ خائین خودێ کەنگی ڤیا
دین و دنیا ڕەش نەکەن هەردوو ڕوویا
شەرمزاری بۆ مە ئیستیعماری بوو
ل سەر دلێ خاس و عەواما ماری بوو[٣١]

یان:

کوردستان تو موئمنی
مێرێ دایکێ ئینگلیزە
چ فێقی تە هەی چنی
وەی پا شولەک عەزیزە
مە بخو تو دای دۆژمنی
بلا ئەو بێ تەمبیزە[٣٢]

یان:

ئەو کەسێ یار و برا دا ب ئەجنەبی
ئەو کەرە ژ گوڤێ قەڕەست دەر لێ قەبی
وی نەهێلن قەت ل سەر ملکێ وەبی
دا تۆ بەس دل نەخۆش و بەرزە بی[٣٣]

هەروەها لە بارەی چەوساندنەوەش دەڵێت:

هندی ئەڤە شێخێت مەنە شرین حەلیم
نەرم و تیژن شەڕ بەلاڤن جە کۆژیک

٣٠- ئەحمەدی نالبەند، بەرگی سێیەم، ل٧٤.
٣١- سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٣.
٣٢- سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٠.
٣٣- سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٢.

نژدەچینە سەربڕن عالەم ڤەکر
بێ هەوار و گورز و توپ و تومەتیک
سەرڤە مسکین ژبن ڤە کورەمار
وەختێ وا ب ئێکی ڤەدا خاست سوندریک[٣٤]

یان:

جوملە ماقوول و ڕەئیسا خار فەقیر
نان ژ سەر سێهلێ هەلاند هێژتا هەڤیر
زۆلم و تەعدا و تەمەع وان ئەو ڤیا
ڕەعیەتا خۆ کر کەر و بەردان چیا
پارەکێ خۆش بۆ نەهێلا ئەو بخۆن
فکرە دەوسا وان نهو ئەو کیڤە چۆن؟
ڕەعیەت ئەڤرۆ قاتل و لێک دۆژمن
بەر نەما ل قەهرا خودێ ژێ د ئێمنن[٣٥]

لە بارەی دادپەروەرییەوەش دەڵێت:

حوکمەت و مللەت هەمی لێک حەوجەیە
چی کەسێ خائین ژ وان ڕێ بەرزەیە
لازمە ئامر ئەمینێ ڕەعیەتێ
دین و دنیا دا نەکەفتە زەیقەتێ
ڕاستی و ڕەحم و عەدالەت فایدەنە
غەیری وان شول ئاگرێ دینی مەنە[٣٦]

---

٣٤- ئەحمەدی نالبەند، بەرگی یەکەم، ل٢٢٢- ٢٢٣.

٣٥-ئەحمەدی نالبەند، بەرگی سێیەم، ل١٣٢.

٣٦- سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٠.



## ٤

نالبەند لە شیعرەکانیدا بایەخ بەڕەگەزی شوێن دەدات، بەتایبەتی لە شیعرە فێرکارییەکانیدا، کە ڕاستەوخۆ ئاراستەی خەڵک کراون و شوێنەکانیش زێدەتر مەکتەب، مزگەوت، کێڵگە و شوێنی دیکەی کارکردنن، بۆ نموونە:

- مەکتەب:

ئەزێ فوکریمە خەلکێ ڤی زەمانی
ئەساسێ مەکتەبا دین بێ سەقا کر[٣٧]

- دێر و مزگەوت:

تە هەر دێر و کنیشتە و مزگەتا هەی بۆ کەسێ باشە
ئیمامێ وێ نەزانی بیت و ڕوهبانی و سەردێری[٣٨]

- تەکیە:

قون هوسی تاقێ کنیشتێ زیلەتێ ئەو کر قەبوول
خاسمە ئەم تەکیا نشین بین دێ چەوا مینین ل دویر[٣٩]

- کێڵگە:

ڕەزبڕین و دەحل هێلان گول چنین و ما ستری
چوون مزەیتێ ڕەز نەشین بووی پێکڤە لێ کور و نەساخ[٤٠]

- کارگەه:

مەعمەلا کەڤنە بلا شول نەکەتن
ژ هەما زێدەیە بازار و عەیار[٤١]

---

٣٧- ئەحمەدی نالبەند، بەرگی یەکەم، ل١٥١.

٣٨- ئەحمەدی نالبەند، بەرگی سێیەم، ل١٠٩.

٣٩- ئەحمەدی نالبەند، بەرگی یەکەم، ل١٥١.

٤٠- سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٧.

٤١- سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٢.

– باخچە:

کەسێ فێقی نەخارە ژ باغەکێ دێم
هەتا جو ب ئاڤەکێ ب سەردا نەکۆلای[٤٢]

ئاش:

مە زانی ئاشەکێ هەی یارێ نەعمو
مە دیت ئەو ژی لبا دانی دکەت دو
ژ قەهرێ من لەوا نفرین کرە هو
ئەڤی ئاشی هەمی پێکڤە جەمانێ[٤٣]

کۆز:

ئەمێ ل سەر قرشی و تۆزێ
تە پەز بەردا چو سەر کۆزێ
محالە ئەم ڤەکەین دۆزێ
گرێداینە بە هەڤساری[٤٤]

بێدەر:

ڤێت خوهێ ل ئەنیا خۆ بێخن
دا هەلین بێدەرێ
بەس ئەڤی تەرشی هەلێخن
غەیری وە گوەه نادەتێ[٤٥]

٤٢– ئەحمەدی نالبەند، بەرگی دووەم، ل٣٢.
٤٣– ئەحمەدی نالبەند، بەرگی سێیەم، ل٣٢٠.
٤٤– سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٠.
٤٥– سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٠.



٥

شاعیر خۆی لە توندوتیژی بەدوور خستووە و هانی خەڵکی داوە کە کار بۆ بەدیهێنانی ژیانێکی هێمن بکەن و نەفرەت لە شەڕ و شۆڕ بکەن و ئاژاوە نەنێنەوە، چونکە کوشتن و بڕین و تۆقاندن دەبنە هۆی دوورکەوتنەوەی مرۆڤ لە ڕێگەی خودا و لۆژیکی ڕاستی، بۆ نموونە:

بزانە ئەی کەسێ گوهدار بزانە
هەمی ئینسان ژ دای و باب برانە
دیانەت ژێک موخالف بوون و ئەزمان
وەکی دی دنیا بۆ مە ملک و خانە
بژین تێدا هەمی بێ فەرق و بێ شەڕ
کو دنیا بۆ مە دار و ئیمتیحانە[٤٦]

یان:

کەسێ ڕێ ڤەکر ئەولی بۆ شەڕی
ل دەوسێ بچی ما وەیە تو ل بەری
ئەگەر دەعوە هۆ بیت تۆ لال و کەڕی
ددەستێ وەدا ئومەتا ژێک بژی[٤٧]

یان:

شانێ ب خورتی بخۆی
برسیێ هەر سال تۆی
بۆتە نەمان ئەڤاڕووی
شەرم بکە جەنگەنە[٤٨]

٤٦– ئەحمەدی نالبەند، بەرگی یەکەم، ل٥٢٧.
٤٧– ئەحمەدی نالبەند، بەرگی دووەم، ل٢٣.
٤٨– ئەحمەدی نالبەند، بەرگی سێیەم، ل٢٦٠.

٦

شاعیر بایەخ بەڕەگەزی کات نادات، چونکە ناوەرۆکی شیعرە فێرکارییەکان والآن و بۆ هەموو کات و ساتێک دەگونجێن، بۆ نموونە لە بارەی وەرزەکانی ساڵ دەڵێت:

بهار:

هەر سێ هەیڤ ئادار و نیسان و گولان
ئەو بەحەشتا عالەمینە ئاڤ و نان
نێ بهارێ عەور و بارانن حەیات
بۆ گیای و دار و بارا دبن نەجات

هاڤین:

نێ بۆ هاڤینێ دو حالن دو تەرەف
حالەکێ خۆشە قەوی حالەک تەلەف

پایز:

مەبحەسێ سێ بەحسێ پایزێ
من دانا خارێ بۆ عیبرەت و تەمیزێ

زڤستان:

هات قیامەت هاتی وەقتێ زەیقەتێ
یا درێژە کەس چو چارا نابەتێ

لە مەبەستی پێنجەمی ئەم چامەیەدا وەرزەکانی ساڵ بەتەمەنی ئینسان دەبەستێتەوە و دواتر بەدرێژی باس لە ژیانی دووەمی دوای مردن دەکات:

دێ قیاسا عومر و سالا پێکڤەکەم
داخزینا مەقسەدێ نو دەرڤەکەم
نێ حەتا حەفتێ عومر ئاخ لێڤەیە
هێژ نە شول و خۆشی و نەفعەک هەیە
پاشی هەتا دبیتە سە عومرە بهار
لەو مرۆڤێ مەستە بێ سەبر و قرار





پاشی وی هاڤینە هەتا پێنجەهێ
وەقتێ کەسپ و ژن ئینان و بارگەهێ
پاشی هینگی عومرە پاویز وزەوال
چارە نینە وەقتێ مرنێ و چونە مال
نێ ژ عومرێ مە زڤستانە مرن
هندە موهلەت وەقتە چون و بارکرن[٤٩]

٧

شاعیر ڕێز لە مرۆڤ دەگرێت و بەبوونەوەرێکی لێهاتوو و کارامەی وەسف دەکات، لەم ڕووەوە باسی پلە و پایە ناکات، بەڵکو ڕاستگۆیی و باوەڕداری دوو پێوەری سەرەکین بۆ هەڵسەنگاندنی هەر مرۆڤێک.

بەبۆچوونی شاعیر ئەو مرۆڤانەی ڕاستگۆ و باوەڕدارن لە ژیانیاندا خاوەن ڕێز و حورمەتن، بەڵام کاتێک پیر دەبن باری جەستەیی و دەروونییان تێک دەچێت و دواتر وەکو ڕۆح لە جەستەیان جودا دەبێتەوە. ئینسان (بەگشتی) وەکو بوونەوەرێکی ناشیرین و بێ زەڤەر دێتە بەرچاو، بۆیە دەبێت هەر کەسێک بیر لەم سێ حاڵەتە بکاتەوە:

کچ و کوڕ حوری و ویلدان و غیلمان
دگەل وان عالەمێ عشق و ئەڤینە
........
وەکی پیربوون چەوا د هەستی گرانن
دفن کلمیش و دەڤ خاڤ و گەنینە
........
وەکی ئینسان مر و بوو نەرم و بێ ڕوح
نەزەرکرنا لەشێ وی دل پەڤینە [٥٠]

٤٩- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٥- ٣٥٦.

٥٠- ئەحمەدی نالبەند، بەرگی یەکەم، ل٤٥٧.

٨

نالبەند لە سەرەتای زۆربەی شیعرە فێرکارییەکانیدا، لە خودای گەورە دەپاڕێتەوە و دواتر دەست بەداڕشتنەوەی بیرۆکە و مەبەستەکانی دەکات و شیعرەکەی لە نێو فۆرمێکی ڕێکوپێک و سەلیقەدار بەرجەستە دەکات، بۆ نموونە:

ئەی خودانێ ڕەحمەتێ وەسفێ تە ڕەبی ئەرحەمە
ئەز گونەهکارم گەلەک موحتاجێ ئیحسانا تەمە(٥١)

دێرە شیعرەکانی ئەم هەڵبەستەی بەپێی زنجیرەی پیتەکانی زمانی (عەرەبی-کوردی) داڕشتوون کە دەکاتە (٢٩ + ٦ = ٣٥) و، لە هەر یەکێکیاندا کە ڕامان و مەبەستی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام جۆرە پاڕانەوەیەکیشی تێدایە.

یان لەم هەڵبەستەدا، کە باس لە کاری هەرەوەزیی گوندێک دەکات، بەرەپێشین لە خودا دەپاڕێتەوە، دواتر باسی چۆنیەتی ئەنجامدانی کاری (ئاخەبان) دەکات:

سوبحان ژبۆ ئیلاهی
ئەو ڕازقێ هەمیانە
وەک کەڤن بوون ئاڤاهی
چێکرنا وا ب ژڤانە
دنیایا بۆی دوماهی
هندە ئاخر زەمانە (٥٢)

٩

لێهاتوویی و دەسترەنگینیی شاعیر لە هۆنینەوەی شیعردا، لە سەرەوەی ئەو ئاستەیە کە بایەخ بەخورپە بدات، چونکە خورپە شتێکی ڕێژەیییە و لە شیعری فێرکردندا ڕۆڵێکی بەرچاوی نییە، بەڵام شتی گرنگ ئەوەیە کە شاعیر هەوڵ دەدات پەرە بەئاستی ڕۆشنبیریی خەڵک بدات و ڕێنماییییان بکات کە لە هەردوو دنیادا کار بۆ سەرفرازیی ژیانیان بکەن، بۆ نموونە:

---

٥١- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨١.

٥٢- ئەحمەدی نالبەند، بەرگی سێیەم، ل٥٢٢.



ئەی گەلی مریا بزانن چاڤ نەدەن ساخا چو جار
وان نەزانی کیشکە کۆچەر هندە بۆرین وەخت و چاخ(٥٣)

١٠

مەبەستی سەرەکیی شیعری فێرکردن چەسپاندنی ژیانێکی پێشکەوتوو و هێمنە، ئەگەر لە سەرەتادا باس لە هەندێک ئاژاوە و کاری نالەباریش بکات، ئەوە تەنیا بۆ ڕوونکردنەوەی زەرەر و زیانی کارە پڕ ئاژاوەییەکانە کە دەبنە هۆی تێکدانی شیرازەی ژیان، بەڵام لە دواییدا مەبەستی شیعرەکە هەر بەرەو هێوری و بەرقەراربوونی ئاشتی بەکۆتا دێت، بۆ نموونە:

خۆش مێر نە ئەوبوو
ساخ کوشتن و مای
ئەو خۆش مرۆڤە
مریا بکەت ساخ
زۆلم و قەچاغی
ئەو بێ ئەساسن
ئێکی خودان بەخت
دێ بیتە ئوجاخ
وەقتێ بەرانەک
پەز پێ ڤەحەوهیت
خورتێ هەڕۆیە
لازم نەبوون شاخ
شەرتی مرۆڤی
عیلم و کەمالن
دا بۆ بمینیت
قەدر و جهو ئاخ(٥٤)

---

٥٣- ئەحمەدی نالبەند، بەرگی یەکەم، ل١٢٨.

٥٤- ئەحمەدی نالبەند، بەرگی سێیەم، ل١٧.

١١

کەرەستەکانی شیعری فێرکردن زانست و هونەر و ڕەوشتن، بۆیە نالبەند هەمیشە لە شیعرە فێرکارییەکانیدا جەخت لەسەر بەهاکانی ڕاستی و جوانی و چاکە دەکات کە هەرسێکیان دەرهاوێشتەی کەرەستەکانی سەرەوەن، بۆ نموونە:

تێل سـزە یان تێلەفـۆن یان ڕادیوە
جەلبا ئەسرارا دکەت بێ دەنگ و حویک
چی خـراب ملکێ تژی دەحل و تڕاش
مەحیەکر بێ تەڤر و بێر و کر حەویک

١٢

فۆرمی شیعرە فێرکارییەکانی نالبەند سووک و ساکار و ڕەوان و سەلیقەدارن، بەئاسانی ئەزبەر دەکرێن، بەڵام زۆربەیان درێژن و مەبەستەکانیان بەجوانی شی کراونەتەوە بۆ ئەوەی خەڵک بەئاسانی لێیان تێ بگات و پەند و ئامۆژگارییان لێ وەربگرێت، بۆ یەکەم جار دەبینرێت کە نالبەند بەچەند دێرە شیعرێک کۆتایی بەمەبەستەکەی بێنێت، بۆ نموونە لە هەڵبەستی (قصیدة میزان العمل و النصائح)دا، کە لە (٣٣٧) دێرە شیعردا هەموو بەها ڕەوشتییەکانی مرۆڤ بەڕێکوپێکی دەستنیشان دەکات و کارە چاکەکانیشی بەڕوونی شی دەکاتەوە و سەرەتای هەڵبەستەکەش بەم کۆپلەیە دەست پێ دەکات:

حەمد و شوکرێ خاس و عام
بۆ واحدێ بێ جیهات
سەلات و سەلام تەمام
ل سەر فەخرێ کائینات
شوکرێ خودێ بکەن دەوام
دامە دینێ حەق خەلات

٥٥- ئەحمەدی نالبەند، بەرگی یەکەم، ل٢٢١.



لە کۆتاییی هەڵبەستەکەشدا دەڵێت:

ئەز ئەحمەدی شاعرم
موفلسێ موسلمانا
د شعرێ دا ماهرم
هەمی وەقت و زەمانا
ڤێت خزینا داگرم
بۆ وە ئەهلێ ئیمانا[٥٦]

١٣

شیعر لە لای نالبەند تاکە ئامرازێک بووە، کە لە ڕێگەی ئەوەوە سوودی پەند و ئامۆژگارییەکانی بۆ خەڵک ڕوون بکاتەوە و پەروەردەیان بکات و ئاستی ڕۆشنبیریشیان بەرز بکاتەوە، بۆ ئەوەی سوودبەخش بن و بەکەڵک خۆ و دەوروبەریان بێن:

ئاخری ڤێ نیعمەتێ نینن قیاس
جادەئێ نوورها تەجەلا کر لباس
پیچەکێ من بۆ هەوە دانا ئەساس
دائیما بکەن شوکرێ ئیلاهێ کوبار[٥٧]

١٤

شاعیر خۆی بەپێشەنگی هەموو هۆشمەند و شاعیران دادەنێت، کە لە ڕێگەی شیعرەوە توانیویەتی خەڵک هۆشیار بکاتەوە:

شاعرێ بامەڕنی و کورد و فەقیر
ئەو بۆ شعرێ دائیما بۆ پشتەگیر

٥٦- ئەحمەدی نالبەند، بەرگی پێنجەم، ل٩- ٧٦.

٥٧- ئەحمەدی نالبەند، بەرگی سێیەم، ل١٩٩.

ئەحمەدا سەد عونفەری نامووس تەکر
دەرگەهێ نەزمێ ل کوردستانێ ڤەکر(٥٨)

شاعیر لە ڕێگەی پرۆسەی هۆشیارکردنەوەوە، خەڵک فێری یەکگرتن و تەبایی دەکات و هەنگاوەکانی ئەم فێرکردن و ڕاهاتنە لە پێنج خاڵدا دەستنیشان دەکات کە ئەمانەن: «هەڵسانەوە، خۆناسین، هەڵسەنگاندنی بارودۆخی دەوروبەر، ویست و هیمەت، هەل قۆستنەوە». هەروەک لەم وێنە شیعرییانەدا دەردەکەون:

دێ شەرم کەن هوین ژ خەلکی
هوین بکەن هندەک بخۆن
ڕابنە سەرخۆ پێکڤە بەلکی
ببنە ئەهلێ شەوکەتێ
نێ وەژی ئەو دەست و چاڤن
جەهوەرێ قابل هەیە
بۆچی هەر خاف ژێک بەلاڤن
ژێک دکەن ڤێ نەفرەتێ
مال کەتە دەستێ بناشی
هوین دبن پشتی ڤەکێش
دائیما ڤێت بجنە ئاشی
بوونە پالێ زەحمەتێ
لەو من ئڤرۆکە نڤێسی
تەعنەکا پیس و کرێت
لازمە کوردا ڕەئیسی
دا نەکێشن زیلەتێ
عادەتا بۆ نوکتە زانا
شول نەکەفتە سەر بەرێ

---
٥٨- سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٨.



تیژ بکەن شاخ و ددانا
هات زەمانێ فورسەتێ(٥٩)

بەشێوەیەکی گشتی ناوەڕۆک و بنەمای سەرەکیی شیعرە فێرکارییەکانی نالبەند بووە و بەپێی بابەتەکە مامەڵەی لەگەڵ ناوەڕۆکەکەی کردووە، بۆیە هەندێک بابەت هەن کە وەکو داستانێکی درێژ دێنە بەرچاو کە ئەمەش خاسیەتێکی دێرینی شیعری فێرکردنە کە لە سەرەتاوە لە باوەشی شیعری داستانیدا گەشەی کردووە(٦٠) و دواتر بەپێی مەبەستەکان لێی جیا بووەتەوە، بۆ نموونە لە هەڵبەستی (ئەز دکەم حەمدێ گەلەک بۆ قادری) کە لە (٦٧٩) دێرە شیعر پێک هاتووە، باس لە هەر چوار وەرزەکانی ساڵ دەکات و بەڕاشکاوی بارودۆخی دەڤەرەکەی شی دەکاتەوە و دواتر چەند بەشێک لە شیعرەکەی و بەپێی زانیارییە ئاینییەکان بۆ باسکردنی ڕەوشی مرۆڤ لە دوای مردن و ڕۆژی قیامەت تەرخان کردووە، ئەم شیعرە وەکو ئینسیکلۆپیدیایەکی جوگرافی- ئاینی دێتە بەرچاو و لە ڕووی فۆرم و پۆلێنکردنەوە پتر بەشیعری داستانی دەچێت، بەڵام ئەوەی لێی جیا دەکاتەوە ناوەڕۆکەکەیەتی کە سەرانسەر بابەتی شیعری فێرکردنن. لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین کە ئەوەی شیعرە فێرکارییەکانی نالبەند لە جۆرەکانی تری شیعری جودا دەکاتەوە، ئەم سێ لایەنەن:

١- ناوەڕۆکەکانیان سادە و ئارمانجبەرن و مەرجەکانی هونەری شیعری فێرکردن ڕەچاو دەکەن، هەروەکو لە خاڵە سەرەکییەکانی سەرەوەدا ڕوون کراونەتەوە.

٢- زۆر بایەخ بەکێش و سەروا و مۆسیقای شیعری دەدات، بەتایبەتی بەکارهێنانی کێشە سووکەکانی دەریا عەرووزەکان وەکو هەزەج و ڕەمەل و ڕەجەز... هەروەها بەکارهێنانی کێشە خۆماڵییەکان کە زۆرجار شیعرەکانی لە بەیتی فۆلکلۆری و داستانی سەر زاری میللیی نزیک دەبنەوە، بەڵام لە بارەی سەرواوە ئەوە لە شیعرە کورتەکاندا یەکێتیی سەروا و لە شیعرە درێژەکاندا هەمەجۆریی سەروا بەکار دەهێنێت، بۆ ئەوەی مۆسیقای دەرەوەی شیعر بەرێکوپێکی و خۆش و ڕەوان بپارێزێت.

---
٥٩- سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٢- ١٢٣.

٦٠- د. أحمد عتمان، الشعر الاغريقي تراثاً انسانياً و عالمياً، ص٧٩.

٣- هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە شیعرە فێرکارییەکاندا پشتگوێ دەخات، بەپێچەوانەی جۆرەکانی تر کە بەوەستایەتی و شارەزایی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە نالبەند بەئەنقەست لە کاتی ئامۆژگاریکردن و زانیاری پێداندا خۆی لە پێچ و پەنا و دەربڕینە ئاڵۆزەکان دوور خستووەتەوە و ڕاستەوخۆ مەبەستەکانی بەشێوازێکی ڕوون و ساکار هۆنیوەتەوە، بۆ ئەوەی بەئاسانی بگەنە وەرگر و لە ئەزبەرکردنیشیاندا زەحمەت نەکێشن.

بەپێی خاڵەکانی سەرەوە، هەموو بنەماکانی ڕێچکەی شیعری فێرکردن کە لەسەر دەستی هیزیۆدی شاعیری یۆنانی دامەزرابوو و لە نێو ئەدەبیاتی زۆربەی گەلانی گێتیدا پەرەی سەندبوو، لە نێو شیعرەکانی ئەسیری و نالبەنددا بەدی دەکرێن و سەرجەم بەرهەمەکانیان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردبوو، بۆیە بەدوو لە شاعیرە فێرکارییەکانی کورد دەژمێررێن کە ئەم جۆرە شیعرە لە ئەدەبی کوردیدا لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم لە لووتکەی گەشەکردندا بوو.

بەم شێوەیە، دەکرێت ئەزموونی سەرەوە لەسەر بەرهەمەکانی چەندین شاعیری تری کورد پراکتیزە بکرێت کە لەم قۆناغەدا دەوریان لە چەسپاندنی شیعری فێرکردندا هەبووە وەکو (پیرەمێرد، عەبدوڵڵا زێوەر، فایەق بێکەس، کامەران عالی بەدرخان، موفتی پێنجوێنی، جەلادەت بەدرخان، مەلا محەمەدی کۆیی، جەگەرخوین.....)

قۆناغی شیعری فێرکردن لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا وێستگەیەکی هەرە گرنگی نێوان دوو قۆناغی سەرەکیی شیعری کوردی دادەنرێت، یەکەمیان لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی سەدەی نۆزدەم و، دووەمیان لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم و تاکو ئێستا، کە هەر یەکێکیان چەندین لێکۆڵینەوە هەڵدەگرێت.



# بەشی سێیەم

## لایەنەکانی شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا

لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، ئەرکی شیعر لە ئەدەبی کوردیدا لە گوتارێکی ئاراستەکراوی ئارمانجبەردا بەرجەستە بووبوو و، کەرەستەکانیشی لە دەربڕینێکی بابەتییانەدا کۆ دەکرانەوە و، وەکو ئامرازی گۆڕانکاری لە پرۆژە چاکسازییەکانی کۆمەڵدا بەکار دەهاتن، بەتایبەتی لە هۆشیارکردنەوەی خەڵک و ئاراستەکردنیان بۆ چاکە و ڕووبەڕووبوونەوەی زوڵم و ستەمی داگیرکەر و چەوسێنەران و هاندانیان بۆ خوێندن و فێربوون و خۆ ڕزگارکردن لە هزرە پڕوپووچەکان... لەم ڕووەوە شاعیران لە دەرەوەی قەوارەی سۆز و هەستەکانیان بابەتەکانیان هەڵدەبژارد و ڕەگەزی بیر و شیکردنەوەی وردەکارییەکانی ژیانی خەڵک، تەوەرەی سەرەکیی کارە هونەرییەکانیان بوو، کە پتر مۆرکێکی یاخیبوونی پێوە دیاربوو و ئامانجەکانیشی هەر لە بازنەی ئازادییەکی ڕەهادا دەخولانەوە و، دیاردەیەکی نوێی ئەدەبی دروست بوو بەبێ ئەوەی پرەنسیپ و بنەما فەلسەفی و هونەرییەکانی دەستنیشان کرابن، بۆیە قەیرانێکی هزری - دەروونی لە کەسایەتیی تاکی کورددا سەری هەڵدا، دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی ئەو قەیرانە پێویستیان بەڕوونکردنەوە بوو و دەبوایە کاریگەرییەکانیشی شی بکرێنەوە. لێرەدا شاعیرانی کورد شەرەفی ئەم ئەرکە هونەرییەیان پێ بڕا، چونکە توانییان لە نێو بارودۆخێکی سەخت و ئاسۆ تاریکدا بەڕاشکاوی لە هەموو بوارەکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بکۆڵنەوە و نەک تەنیا خەڵک ڕێنمایی بکەن و چێژی هونەرییان پێ ببەخشن بەڵکو هەوڵی ئەوەیان دەدا کە لە چەند وانەیەکی بەسووددا فێریان بکەن و ئاستی ڕۆشنبیریشیان بەرز بکەنەوە، ئەو بەرهەمانەش بوونەتە کەرەستەی هونەریی شیعری فێرکردن و ئەدەبی کوردییان پێ دەوڵەمەند کرا کە دەکرێت لەم چوار لایەنەدا کۆ بکرێنەوە:

**یەکەم: لایەنی ڕەوشتی**

بابەتە ڕەوشتییەکان لە نێو شیعری فێرکردنی هەموو گەلاندا پێگەیەکی گرنگیان هەیە، بەتایبەتی لەو سەردەمەدا کە چاکسازیی کۆمەڵایەتی لە ئارادایە و شاعیران ئامۆژگاریی جەماوەر دەکەن و ڕێگەی ڕاست و دروستی پیشان دەدەن بۆ ئەوەی لە بەرانبەر کارە چاک و خراپەکاندا هەڵوێست وەربگرن، کەواتە شاعیران ڕاستەوخۆ وانەیەکی ڕەوشتی بەجەماوەر دەدەن و خۆیان بەهەڵگری پەیامێکی چاکسازی دەزانن و ئەگەر لە نێو شیعرەکانیاندا هەندێک چیرۆک بگێڕنەوە یانیش هەندێک دیمەنی ناسکی هەست بزوێنەر بکەنە نموونە، ئەوە بەکارێکی لاوەکی دادەنێن، چونکە مەبەستەکە تەنیا بۆنخۆشکردنی کەشی وانە سەرەکییەکەیە و ڕاستکردنەوەی ڕەوشت و ڕێنماییکردنی خەڵکە بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو..

لایەنی ئامۆژگاریکردنیش لە شیعری فێرکردنی کوردی لەم قۆناغەدا بە سێ شێوە دەبینرێت:

١- ئامۆژگاریکردنی ڕاستەخۆ

شاعیر ئامۆژگاریی کەسانێکی دیار و ناسراو دەکات کە یەکێک لە منداڵەکانی بەناو دەستنیشان دەکات و، ڕاستەوخۆ ڕێنماییی دەکات، بەڵام مەبەستە گشتییەکەی هەموو منداڵان دەگرێتەوە، بۆ نموونە:

مەلا عەبدوڵڵا موفتی پێنجوێنی (١٨٨١-١٩٥٢) چەند شیعرێکی بۆ ئامۆژگاریکردنی کوڕ و کچەکانی هۆنیوەتەوە، لە یەکێکیاندا کە لە ساڵی (١٩٤١)دا نووسیوە کوڕەکەی (عەبدولکەریم) فێری ڕەفتاری باش دەکات و دەیەوێ ئاستی تێگەیشتنی بەرز بکاتەوە، بەپێی ئەزموونی خۆی باس لە گرنگیی زانست و پارە دەکات و ڕۆڵی هەر یەکێکیانی بۆ دەستنیشان دەکات. ئەم ئەزموونە دەوڵەمەندەی موفتی پێنجوێنی لە ڕێگەی کوڕەکەیەوە ئاراستەی هەموو منداڵانی دیکە دەکرێت:

بێ مەحەک هەرکەس ئەبینی ڕازی دڵتی لامەکە
بۆ قسەی پووچ و درۆ هەرگیز لەگەڵ کەس ڕامەکە
تا نەکەی تو تەجربەی خەڵکی بەکەس بڕوا مەکە
عومری شیرینت بەبێ نەفع و سەمەر بەربا مەکە



غەیری عیلم و پارە فریای دەردی تۆ قەت ناکەوێ
شێت و وەحشی دەرئەچی ئەم دوو شتە گەر ناتەوێ
مەردە هەرکەس وا لە فکری هەردوو دائیم ناخەوێ
خاوەنی سەروەت لەژێر باری گرانا ناکەوێ

قیمەت و بێ قیمەتی سنفی بەشەر هەر پارەیە
شێر بە گوێ بگرێ کەسێ نەی بێ پێ ئەڵێن بێ کارەیە
قارەمان و فەیلەسووفی بێ فلس ئاوارەیە
هەر فەقیرو بێ نەوا و دیل و کز و بێ چارەیە

تا لە کۆتاییدا دەڵێت:

با بەکورتی پێت بڵێم قایم ئەکا ئیمان و دین
هەر وەکو لوقمان ئەکا دەرمانی سەد زام و برین
لا ئەدا جەردە و دز و وەحشی لە ڕێگەی دەس برین
گەر حەجیشی کرد ئەبێتە - معتمد للمسلمین - [١]

جەگەرخوین (١٩٠٣-١٩٨٤) لە شیعرێکیدا کە بەکوڕەکەی (کەیۆ) دەڵێت:

ل دنیایێ تەماشا کە کوڕێ من
تو دێ پاشێ بناسی، خوەش ببێنی
ل ژۆرێ گومبەدێ گەردوون سەیدا،
ل ژێرێ خوە هەمی تشتی دبێنی.
تو داخوازا دلێ من قەت نزانی
هەتا پەردێ ژ بەر خوە هلنەیێنی
هەمی کەس دلبژۆکێ کەرش و تۆزە،
نکاری گەوهەرێ پاقژ دەرێنی.

١- دیوانی موفتی پێجوینی مەلا عەبدوڵڵای تووتنچی، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا و عەبدولکەریم موفتی، چاپخانەی (الشركة العراقية للطباعة والنشر)، ساڵ ؟، ل٢٣٠- ٢٣١.

تا له کۆتاییدا دەڵێت:

گـــەلەک ژار و پەریشـــــان و بەلەنگاز
هـەتا دمـــری تەنێ ناڤـــەک د مـــینی
جگەرخوین دەستێ ڕاستی گرت و کێشا
دخـــوازی کـــو ژ پشت پەردێ دەرینی[٢]

هەژار موکریانی (١٩٢٠– ١٩٩١) ئامۆژگاری کوڕی خۆی دەکات و لە (٤٦) دێرە شـیـعـردا فـێـری ڕەفـتـاری باش و چۆنیـەتیی مـامـەڵەکردن لەگـەڵ خـەڵکدا و خۆشەویستیی وڵات و، لە سەرەتاوە بە چەند وشەیەکی ڕێز و خۆشەویستی دەست پێ دەکات:

شێرکۆ! کوڕی خۆشەویست و ژیرم
زاخـــاوی مـــەژیم و هۆش و بیـــرم

لە بارەی ئابوورییەوە ئەوها ئامۆژگاریی دەکات:

نـەوتت کـــــە ژیانی ئـەورووپایە
بۆ تۆ نیـــە تێـــری شـــەوچرایە
بێگانە لە نیشـتـمـانی ئێـمـە
تێـر و قـەڵەون بە نانی ئێـمـە
خۆمان هەموو کوێر و کوتروبرسی
ژین کورت و ئەویش لەگەڵ مەترسی

لە بارەی خوێندن و زانستەوە ئەوها ئامۆژگاریی دەکات:

نابێ بەزمـانی خـۆ بخـوێنین
ناشێ کـە هەناسـەیەک هەڵێنین
کـــوژران بەهـەزار هەزار لەلاوان
ئـازادیخـــــــــوازی بـووە تـاوان

٢– ئاگر و پرووسک، جەگەرخوین، چاپا چارێ، وەشانخانا ئاڤەستا، ستەنۆل ٢٠٠٣، ل ١٨٨. (بەرێنووسی لاتینی).



ئێستەش لەسەر ئەم ژیانە تاڵەش
پاش ڕژتنی هێندە خـوێنە ئاڵەش
کـورد هەر لە خـەوی نەزانیـدایە
هەر پێکەوە لە گـــەڕ و هەرایە

کۆتاییەکەی بەم دوو دێرە شیعرە دێت:

دەربەس مـەبە، بۆ گـەلت بکۆشـە
ژەهراوی لەسـەر بنۆشە، خۆشـە
بابی تۆ چلۆن بوو شـوێنی بگرە
حـیـزانە مـەژی بە مـەردی بمرە[٣]

هەروەها تیـرێژ (١٩٢٣–٢٠٠٢) ئامۆژگاریی کوڕەکەی (دارا)دەکـات و لە ڕێگەی ئەوەوە قسەکانی ئاراستەی هەموو گەنجانی کوردستان دەکات، کە بەم دێرە دەست پێ دەکات:

تو گـوهـــدێرە چ بێـــژم،      کـــوڕی من ئەی تو دارا
جـەوهـــەر ژ تـە ڕا بـــڕێژم،      ژ بیـر مـەکـە تو جـارا
چاخ و دەم ئەی کـوڕی باش،      کاروانـــە تـم ل ڕێیـــە
ئەگـــەر تـو ژێ مـــا ل پاش،      تـــێ بمیـــــنی ل وارا
ژ یێـد نـەزان تــــو دوور بە،      کـامـبـاخ و مـالوێرانن
ب زانـا ڕا مـــــــــژوول بە،      ژ وان پـڕ بکـە تـو یـارا

تا بەم دێرە کۆتایی بەئامۆژگارییەکانی دێنێت:

بکە خـەبات بۆ وەلات،      وەکی باڤێ خـوە تیـرێژ
بکە چقـــا ژ تە هـات،      نـەمین ژ پشک و پـارا[٤]

ئەم جۆرە شیـعرە ئامۆژگارییانە لە ئەدەبی کوردیدا زۆرن وەکو شیـعری قانیع (١٨٩٨–١٩٦٥) (وەسیەت بۆ وریا) کە بەم دێرە شیعرە دەست پێ دەکات:

٣– بۆ کـوردسـتـان، عەبدولڕەحـمـان شـەرەفکەندی (هەژار)، چ٦، دەزگـەی چاپ و بڵاوکـردنەوەی انتشارات هەژار، سنە ١٣٨٥، ل٩– ١٠.
٤– خەلات–دیوانا یەکەم، تیرێژ، ڤەشانێن نشتیمان، ستۆکهۆڵم١٩٩١، ل٢٠٩(بەرێنووسی لاتینی).

وریا سەد ئامان دایم وریا بە
بۆ هەموو کەسێ چەشنی برا بە

لە کۆپلەیەکی تری ئەم شیعرە درێژە پڕ ئامۆژگارییەدا دەڵێت:

ڕۆڵە من دایم نامێنم بۆ تۆ
هۆشت بەخۆ بێ، نەبی ڕەنجەڕۆ
بە هۆشەی زۆردار مەبە دەسخەڕۆ
لەسەر خووڕەوشت پیاوانە بڕۆ(٥)

ئەم چەند نموونەی سەرەوە بەڵگەی هەبوونی تەوەرێکی فێرکاری بوون لەو قۆناغەدا، کە شاعیرانی کورد تێیدا بۆ هێڵە پەروەردەییەکانی کەلەپووری گەلەکەیان گەڕانەوە، کە شێخ مارفی نۆدێ لە (ئەحمەدی)دا بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی بەکاری هێنابوو، بەڵام موفتی پێنجوێنی و جەگەرخوین و مام هەژار و بێکەس و تیرێژ و قانیع لە میانی فێرکردنی منداڵانیاندا ئامۆژگاری و تێبینییەکانیان ئاراستەی گشت منداڵانی کورد دەکەن کە نوێنەرایەتیی نەوەی نوێی گەلی کوردستان دەکەن، لێرەدا نەوەی باوک بەپلاندانانەوە هەوڵی ئامادەکردنی نەوەی منداڵ دەدات، بۆ ئەوەی ڕێگەی ئازادی بگرنە بەر و بەرەو ژیانی سەرفرازی بڕۆن.

٢- ئامۆژگاری لە ڕێگەی نامە شیعرییەکانەوە

لەم قۆناغەدا چەندین شاعیری کورد لە ڕێگەی نامە شیعرییەکانیانەوە ئامۆژگاریی خەڵکیان کردووە و، بۆ ڕێگەی چاکە و خۆ ڕزگارکردن لە خراپە ڕێنماییان کردوون، بەتایبەتی کاتێک ئەو ئامۆژگارییە ئاراستەی سەرکردەیەک یان کاربەدەستێک کراوە، چونکە لەم حاڵەتانەدا ئامۆژگارییەکە مۆرکێکی گشتیی بەخۆوە دەگرێت و بەرژەوەندییەکەشی بۆ خەڵکێکی زۆرتر دەگەڕێتەوە. ئەم جۆرە نامانە" لە شیعرە فێرکارییەکانی هۆراسدا دەبینرێت و دواتر بوالۆ لاسایی دەکاتەوە "(٦). لە ئەدەبی کوردیشدا نموونە زۆرن لەوانە ئەو نامە شیعرییەی ئەسعەد مەحوی بۆ قازی

٥- دیوانی قانع – شاعیری چەوساوەکانی کوردستان، کۆکردنەوەی بورهان قانع، چ٢، چاپخانەی دالاهو، تهران ١٣٨٥، ل٤١٨- ٤٢٢.

٦- نظريه الأنواع الأدبيه، مج/١، الأب. سى. فينسان، ص٢٨١.



محەمەد کە لە ساڵی ١٩٤٣ لە سەردەشتەوە بۆی ناردووە:

قەت نهێنیی خۆ مەڵێ ڕیسوا ئەبیت و دەربەدەر
نەچییە نادیی مونکیران و نەبییە یاری پیاوی کەر
بۆ زەمانە نەبییە عیبرەت سوور و ڕەش هەڵگێڕەوە
خاوەن حیکمەت نییە هەرگیز بەخیل و بار نەبەر
سەیری شالیاری بکە (دارا) ئەزانی (قازیا)؟
بۆ نەما وا مایەوە خۆی و گەلی بێ تاج و سەر

سەربەخۆ تێ هەڵ مەچۆ "ئەسکەندەری ڕۆمی" ئەڵێ:

ئەی (ئەرەستۆ) چی بکەم تاکو بژیم بێ دەردی سەر
پێ و شاها چەند ملووکێ بێنە کایە باش ئەژی
هۆزەکەت لەم گێتییە ئاسا هەموو بێ دەردی سەر(٧)

لەگەڵ ئەوەشدا نامە نووسین لە شیعری کوردیدا زۆرە، بەڵام هەر نامە شیعرییەک ناچێتە نێو هونەری شیعری فێرکردنەوە بەتایبەتی ئەگەر مەبەستی شاعیر فێرکردن نەبوو بێت بەڵکو بەشێوەیەکی ڕەمەکی هەست و ڕێزگرتنی خۆی بۆ بەرانبەر دەربڕیبێت و لەوانەیە هەندێک پەند و ئامۆژگاریشی تێدابێت کە لە ڕووی ڕەوشتییەوە سوودمەندن، بەڵام دەرئەنجام لە قەوارەیەکی تەسکی کەسایەتیدا دەمێنێتەوە. بۆ نموونە ئەم هۆنراوەی میهری (١٩٠٩-١٩٤٢) کە بۆ مەلا ڕەشیدی ناردووە:

یاخوا بژی بە ڕەندی مەلا ڕەشیدی فەندی
بە عیزەت و سەعادەت هەم بە کەیف و خورسەندی
ئەشعاری پڕ نوکاتت گەوهەرە هەموو بەندی
قسەکانت شیرینە خۆشت هەر وەکو قەندی

دوایی لەم دێرە شیعرییەدا گلەیی لەم برادەرە دەکات:

بۆچی وەها بێ وەفای هەروەک میللەتی هیندی(٨)

٧- بەشێک لە دیوانی ئەسعەد مەحوی، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی ١٩٧٠، ل٣٣.

٨- بەشێک لە دیوانی میهری، بژاردن و ئامادەکردنی عەزیز گەردی، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی ١٩٧٧، ل٩٢- ٩٣.

لێرەدا دەربڕینەکانی شاعیر تایبەتن بەتاکە کەسێک سەرەڕای ئەوەی کە میللەتی هیندی بێ وەفا دادەنێت کە بۆچوونێکە لە ڕاستییەوە دوورە و لەوانەیە زوڵمێکی گەورەش بێت دەرحەق میللەتێک.

٣- ئامۆژگاریکردنی خەڵک بەگشتی

شاعیر ئامۆژگاریی گەلەکەی یان کۆمەڵانی خەڵک بەگشتی دەکات کە ئامۆژگارییەکە شێوەیەکی ڕەها وەردەگرێت، چونکە کات و شوێن و کەسانێک دەستنیشان ناکات، یانیش هەندێک جار ئامۆژگارییەکە تەنیا بۆ توێژێکی کۆمەڵ ئاراستە دەکرێت و، لەم سێ ئاستەدا شاعیرانی کورد هەوڵ دەدەن خەڵک فێری ڕێگەی ڕاست بکەن بۆ ئەوەی لەسەر کاری چاکە ڕابهێنرێن:

مەلا محەمەدی کۆیی (١٨٧٦-١٩٤٣) لە شیعرێکیدا ئامۆژگاریی میللەتی کورد دەکات کە چۆن بەدەستی دوژمنەوە ڕەزیل و بێ بەش بووە و فێری دەکات کە ڕێگەچارەی بنەڕەتی بۆ ڕزگاربوون بەزانست و کردەوە دەبێت بۆ ئەوەی بتوانێ دین و دنیای ڕێک بخا:

ئەم خاکە دایکی تۆیە کەوتە دەستی ئەجنەبێ
ئەی کوردی ساحێب غیرەت تۆ چلۆن ڕازی دەبێ
بۆ خۆت ئەوا دەبینی دوژمن ئەرزت دەکێڵێ
پاش چەند ساڵێکی دی هیچت بەدەست ناهێڵێ

مەلا محەمەدی کۆیی وەکو چاکسازێکی کۆمەڵایەتیی کێشەی کورد لە دوای یەکەم جەنگی جیهانی شی دەکاتەوە:

سوورەی موو زەردی چاوشین نەکەی بەئومێدی بی
ئەووەل بەقووەتی خۆت، دووەم بەعەونی ڕەبی[٩]

جاری وا هەیە ئامۆژگارییەکە لایەنێکی ژیانی خەڵک دەگرێتەوە، بۆ نموونە شێخ نووری شێخ سالح لە شیعرێکیدا ڕێنمایی هەژاران دەکات کە دەستکورتی و

٩- مەلای گەورە - مەلا محەمەدی کۆیی، نووسینی مومتاز حەیدەری، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر ١٩٧٥، ل٤٥- ٤٦.



نەداری گرفتێکی گەورەیە، بەڵام دەبێت ئینسان خۆ نەدۆڕێنێت و بۆ زوڵمی ستەمکاران ملکەچ نەبێت:

برسی و ڕەش و ڕووت بەعاجزی و غەمگینی
ڕابوێری بەبێ نەوایی و بێ تینی
لەو دەشتە لەبەر هەتاوی سوور گوڵچنی
قوبووڵترە نەک ڕووی ڕەقیبێ ببینی[١٠]

فایەق بێکەس (١٩٠٥- ١٩٤٨) ئامۆژگاریی خەڵک دەکات کە یەکدییان خۆش بوێت و بەپێچەوانەوە ئەگەر لەگەڵ یەکدیدا دوودڵ بن ئەوە بەرەو هەڵدێرێکی خراپ دەڕۆن:

یەکتریتان خۆش بوێ تا نەگبەتی بەرتان بدا
دوودڵیی ئەم قەومە دیل و سووک و بەدرەفتار ئەکا[١١]

لە شیعرێکی تردا بەناونیشانی (ئامۆژگاری بۆ میللەت) هۆکاری دواکەوتوویی کورد دەستنیشان دەکات و ڕێگەچارەی ڕزگاربوونیش دادەنێت:

کوردە تا کەی بێ خەبەر بی! نووستنت بێ عارییە
واسیتەی دواکەوتنت ئەمڕۆکە هەر بێ کارییە
سەیری ئەم قەومانە کە چۆن بوون و ئێستا بوون بەچی
حەیفە بۆ تۆ وا ئەسیری بوویتە عەبد و جارییە[١٢]

تیرێژ لە شیعری (پەند و شیرەت)دا ئامۆژگاری خەڵک دەکات کە چۆن ڕەوشتیان ڕاست بکەنەوە و بەوردی باس لە کار و کردارە چاکەکان دەکات:

ل بەر بایێ د زانا گووه بدێره
کو جێزا تە ببی تەف دڕ و گەوهەر
ل بەر بایێ نەزانان قەت مەدێره
وێ جێزا تە ببە وردێ ئێمێ کەر

١٠- دیوانی شێخ نووری شێخ سالح، ئا: ئازاد عەبدولواحید، بر/١، ب٢، بەغدا١٩٨٩، ل٨٧.
١١- دیوانی بێکەس، ئا: ئومید ئاشنا، ل٧٢.
١٢- سەرچاوەی پێشوو، ل١٤.

لە کۆپلەیەکی تردا باس لە ڕەوشتی قسەکردن و هەڵبژاردنی جۆری گفتوگۆ لەگەڵ خەڵکدا دەکات:

برایێ من تو بەریا گـوتنا خـوە
خوەش خوەش ببینە و پاشێ ببێژە
بلا ترش بە هەڤـیـرێ گـۆتنا تە
ب شکەڤایی ل سەر سێلێ نەپێژە [١٣]

سەید ئەحمەدی شێخ محەمەدی بەرزنجی ناسراو بەمەزڵووم (١٩١٦–١٩٥٥) بەم شێوەیە شیعرە ئامۆژگارییەکەی هۆنیوەتەوە:

ئەم نەسیحەتەم نووسی لە دەفتەر
بیگرە لە گـوێ، هەم بیکە لەبەر
پەندێکی نافیع ساحێب سەوابە
ڕێنمایی خێر و چاکە و حیسابە

دواتر دەست پێ دەکات و ڕێنماییەکان ڕیزبەند دەکات:

ڕووخۆش بە چاکە لەگەڵ هەموو کەس
لەگـەڵ غـەریب و فـەقـیـر و بێکەس

تا لە کۆتاییی ئەم شیعرە درێژەدا دەڵێت:

ڕووخۆش بە دائیم فەرەح لە دڵ بە
لە ڕووی خەڵقا هەر وەکو گوڵ بە
ئیکرامت ببێ لەگـەڵ مـیـوانت
لەگـەڵ دراوسێ و ئەهلی دیوانت [١٤]

عەبدوڵڵا زێوەر ئامۆژگاری بازرگانەکان دەکات کە چۆن مامەڵە لەگەڵ خەڵکدا بکەن:

---

١٣– خەڵات – دیوانی یەکەم، تیرێژ، ل٢٠٧.

١٤– دیوانی مەزڵووم – سەید ئەحمەدی شێخ محەمەدی بەنا بەرزنجی، ئامادەکردن و پێداچوونەوە و پێشەکی ئومێد کاکەڕەش، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی ٢٠٠٥، ل٦٧– ٦٩.



ئەی تاجـرانی سـادیق وەی کـاسـبـانی لایق!
ڕەحـمـێ لەگـەڵ خـەلایق دە بە دوازدە توجـارێ
هەر مـوشـتـەری کـە دێتە بەردەم دوکـانی ئێـوە
سابوون مەدەن لەژێر پێی، نەشتەر لە شا دەمارێ [١٥]

یوونس ڕەئووف (١٩١٨–١٩٤٨) ناسراو بەدڵدار لە شیعرێکی فێرکاری پڕ ئامۆژگاریدا کە ئاراستەی توێژی لاوان دەکات بەم شێوەیە ڕێنماییان دەکات:

ئەرێ ئەی لاو لە هیچ وەختێ نەکەی مەئیوسی ژینت بێ
دەبێ هەردەم عـەزمـدار و دەوای دەرد و برینت بێ
لە مـەیدانی تەقـەدومـدا تەلاش ئەسـپی نەجـاتت بێ
لغاوی ئەسپەکەت فکر و عیلم و ئاوزینگ و زینت بێ
بەڵێ دایم هونەرمـەند بە لە مـەیدانی نەبەردیدا
بەهۆی عەقڵ و هونەرمەندیت دەبێ تیشکی زەمینت بێ
لە ڕێگای شـان و بەرزیدا دور ئەندیشـێکی وریا بە
مەنافع پەروەریی میللەت ئەبێ ئامـانجی ژینت بێ [١٦]

بەمجۆرە بابەتی شیرەت و ئامۆژگاری لە لای زۆربەی شاعیرانی کوردی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا دەبینرێت، هەر یەکێکیان بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری و زانینی خۆی ئاراستەی بەرانبەر دەکات و ڕێگەی چاکە و خراپەی پیشان دەدات.

---

١٥– دیوانی زێوەر، ئا: مەحموود زێوەر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٣، ل٥٣.

١٦– دڵدار شاعیری شۆڕشگێری کورد، نووسینی عەبدولخالیق عەلائەدین، چاپخانەی (دار الأفاق عربیة للصحافة والنشر)، بەغدا١٩٨٥، ل١٧٥.

## دووەم: لایەنی مێژوویی

تۆمارکردنی ڕووداوەکان و نووسینی ژیاننامە لایەنێکی ترە لە هونەری شیعری فێرکردندا، کە شاعیرانی کورد لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بایەخێکی زۆریان پێ داوە و یەکێک لەم کارە شیعرییانە (شەرەفنامەیا مەنزووم)-ە کە جەگەرخوین لەبەر ڕۆشنایی (شەرەفنامە)ی مێژوونووسی کورد شەرەفخانی بەدلیسی لە (٧٢٤) دێرە شیعر لە ساڵی (١٩٤٢)دا هۆنیوەتەوە[١٧]. لە سەرەتاوە باس لە بەناوبانگترین میر و پاشایانی کورد دەکات، دواتر بەزنجیرە ڕۆڵی بەگ و پاشایان تۆمار دەکات و لەگەڵ مێژووی ڕەوشی کوردستان لە سەدەی بیستەمدا دەبەستێتەوە، چونکە هەوڵ دەدات ڕووداوە مێژووییەکان وەکو خۆی دەیەوێت و لە بەرژەوەندی کورد تۆمار بکات و لە هەمان کاتیشدا خوێنەر لە مێژووی پرشنگداری کورد و کوردستان ئاگادار دەکاتەوە و لایەنی زوڵم و ستەمی داگیرکەران و ئەو غەدرەی لە سەرانی کورد کراوە باس دەکات و دواتر لەگەڵ غەدر و زۆرداری داگیرکەرانی کوردستان لە سەدەی بیستەمدا بەراوردی دەکات و، لە یەکێک لەو وێنە شیعرییە جوانەکانیدا داوا لە قلیج بەگی میری دومبلی دەکات کە سەری لە گۆڕەکەی دەربێنێت و بۆ ساتێکیش بێت گوێبیستی دەنگ و هاوار و فیغانی کورد بێت، بەڵام ئەم گریانە بۆ ئەوە نییە کە ئێوەی باپیرانیان بەغەدرو زوڵم یانیش بەهۆی شەڕی براکوژییەوە لەناوچوون، بەڵکو بۆ باری ستەم دیدەی خۆیان دەگرین کە بەختیان لە هی ئێوە ڕەشترە و زوڵمەکەشی گەورەترە:

عەلی بەگ ڕابە سەرخوە ئەی تو سوڵتان
بنێرە کا سەرا و برج و ئەیوان
هەمی کاڤل ل چۆلان ئەم دمینن
قراک و کوند ل سەر وانا دخوینن
نەزەر بەگ ڕابە سەرخوە ئەڤ چ وەختە
بنێرە کا درەخش و تاج و تەختە

١٧- شەرەفنامەیا مەنزووم، جەگەرخوین، ل٤.



خوەزی کو ئەو بەری مە هەڤ نەکوشتا
وەلاتێ خوە ژ دژمن ڕە نەهشتا
ل دەنگ و ئاه و زاران گوهـ بدێرە
قلیج بەگ ڕابە سەرخوە وەر بنێرە
ژبن ئاخێ سەرێ خوە زوو بدەرخە
نە ئەم دگرین ل سەر وە لێ ل سەر خوە [١٨]

لە وێنەیەکی تری شیعریدا کە باس لە شاهانی لوڕی گەورە دەکات و پرسیار لە هۆکارەکانی ڕمانی لوڕستان دەکات و بۆچی ڕاستییەکانی ژیان سەرەوژێر بوونە:

وەرە یوسف کوڕێ ئەحمەد ئەتابەک
ل سەر شێران سوارن ڕۆڤی، وەشەک
لوڕستان مایە ئێرۆ ژار و کامباخ
کەلات و گوند و باژار تەڤ دە بوون ئاخ [١٩]

لە بارەی شاهانی ئەردەلان داوا لە دەوڵەت خانم دەکات کە ئەوەی پیاوان لە دەستیان داون ئەو دەتوانێت بیانگەڕێنێتەوە، چونکە ئافرەت لە پیاو کەمتر نییە بەتایبەتی دەوڵەت خانم ئافرەتێکی ئازا و بەجەرگ بووە:

ئەرێ تەختێ تە کەفتە دەستێ قەحتان
بەلێ بەختێ مە کەفتە شوورێ ترکان
تو دەوڵەت خانمی خاتوون تو هەستە
هەیاسا زێڕ ل پشتا خوە ڤەبەستە
ئەرێ ژن کێمترن هەردەم ژ مێران
کەچێ تو چێتری ئێرو ژ شێران [٢٠]

ئەم بەرهەمەی جەگەرخوین نموونەیەکە لە شیعری فێرکردن کە لایەنی مێژوویی دەگرێتەوە و مەرجە هونەرییەکانیشی لە ڕووی ڕوخسارەوە (کێش و سەروا و وێنە و

١٨- شەرەفنامەیا مەنزووم، جەگەرخوین، ل٨٩.
١٩- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠.
٢٠- شەرەفنامەیا مەنزووم، جەگەرخوین، ل٣٠.

زمانی شیعر) تەواون و لە ڕووی ناوەڕۆکەوەش لایەنی فێرکارییەکەی بەهێزە؛ چونکە سەرەتا بەپاڕانەوە دەست پێ دەکات و دواتر جەخت لەسەر ڕاستی و دادپەروەری دەکات، مافی مەزڵووم و بێبەشکراوەکان دەخاتە ڕوو، سەرەڕای چەندین بابەتی تری وەکو یەکسانی لە نێوان پیاو و ئافرەت، زیندووکردنەوەی کەلەپووری کۆن، ڕێکخستنەوەی بیروباوەڕە میللییەکان لەسەر بنەمای پێشڤەچوونی کۆمەڵ، کە هەموو ئەمانەی تێدا بەدی دەکرێن .

مێژوونووسی کورد محەمەد ئەمین زەکی بەگ (١٨٨٠–١٩٤٨) مێژوونووسێکی شاعیر بووە، جارێکیان لە وەڵامدانەوەی یەکێک لە شاعیران کە پرسیارێکی لە بارەی (هەیکەلی دەربەندی گەورە)وە لێ کردبوو، ئەویش هەر بەشیعر وەڵامی دەداتەوە و مەسەلەکەی بۆ ڕوون دەکاتەوە. هەرچەندە شیعری ئەمین زەکی لە ڕووی هونەری شیعری فێرکردنەوە لە ئاستێکی بەرزتردایە، بەڵام لەبەرئەوەی لە ڕووی ئەدەبییەوە دوو دەقی هونەرین و لە ڕووی مێژوویيشەوە دوو دیکۆمێنتی باوەڕ پێکراون بۆیە بەپێویست دەزانین لێرەدا هەردووکیان تۆمار بکەین:

١– پرسیارێکی مێژوویی قانیع (١٨٩٨–١٩٦٥) لە ڕۆژنامەی (ژین) ژمارە (٥٨٤)ی ساڵی ١٩٣٩دا ئاراستەی محەمەد ئەمین زەکی بەگ دەکات کە ئەمە دەقەکەیەتی:

مامۆستای زانا سەرچاوەی عیرفان
تەئریخ نووسەکەی خاکی کوردستان
یاخوا هەر بژیت تا دێر زەمانە
بۆ خزمەت کردنی ئەم کوردستانە

دوایی دەگاتە کرۆکی پرسیارەکە و بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو:

هەیکەلی گەورە لە دەربەند گەورە
نازانین شەرحی حاڵی چ دەورە
ئایا ئەم پیاوە کوردستانییە؟
یاخو عیسەوی یا عیبرانییە[21]

٢١– دیوانی قانع شاعیری چەساوەکانی کوردستان، ل٢٣.



ئەمین زەکی بەگیش بەشیعر وەڵامی دەداتەوە و لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (ژین – ژمارە ٥٨٧ لە ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٣٩)[22] بڵاوی دەکاتەوە:

لە ڕۆژنامەی ژین لە سێی ڕەمەزان
هەشت شیعرم بینی زۆر شیرین و جوان
پێنج شیعری ئەوەل شایستەی شوکرە
سێ شیعری دواییش پرسینی فیکرە
ئەڵێن هەیکەلی دەربەندی گەورە
نازانین چییە و هینی چ دەورە
عولەمای ئاسار بۆ ئەم تیمسالە
ئەڵێن پاشماوەی چەن هەزار ساڵە
قەڕاڵی ئاکاد نارام سین ناوێک
چل و حەوت عەسرە هەستا بە تاوێک
بە شەڕ هاتە سەر لۆلۆ و گۆتوو
لە قەرەداغا داوا گەرم بوو
لە دوای شەڕ لۆلۆ گۆتوو ئەشکێنێ
مەلیک ساتوونی دەرئەپەڕێنێ

٢٢– لەم بارەوە (ڕەفیق حیلمی)یش ئاماژە بەم شیعرەی ئەمین زەکی دەکات و دەقەکەی بڵاو دەکاتەوە، بەڵام باس لە ناو و شوێنی شاعیری خاوەن پرسیارەکان ناکات، تەنها دەڵێت: (جارێک یەکێ لە شاعیرەکانی کورد، بەنەزم سوئالێکی تاریخی لێ کردووە. ئەمین زەکی بەگیش بەسەوقی سەلیقە جەوابەکەی بە نەزم داوە ئەوە و بەم ڕەنگە دەری خستووە کە موئەریخێکی شاعیرە...) بڕوانە: (شعر و ئەدەبیاتی کوردی، ڕەفیق حلمی، بر/١، چاپخانەی فێرکردنی باڵا، هەولێر ١٩٨٨، ل٣٦). بەڵام د. مارف خەزنەدار دەڵێت: (جارێکیان شێخ سەلامی شاعیر بەنامەیەکی شیعری چەند پرسیارێکی مێژوویی لە ئەمین زەکی دەکا و لە ڕۆژنامەی (ژین)ی سلێمانی بڵاوی دەکاتەوە. ئەویش بەشیعر وەرامی دەداتەوە و لەسەر لاپەڕەکانی کۆواری "گەلاویژ" بەشێخ سەلام و خوێندەوارانی دەگەیەنێ....) بڕوانە: (مێژووی ئەدەبی کوردی، بر/٥، د. مارف خەزنەدار ، ل٣٨٤).

باسی ئەو شەڕە و ئەو بگرە و بەردە
نووسراوە یەک یەک لەسەر ئەو بەردە
چەکی ئەو حەلە تیر و کەوانە
لە لای هەیکەلدا دیارە نیشانە
وەک دار تاشیان ئەو شاخە گەورە
کردیان بە تیمسال لە دەربەند گەورە
لە دوای سی عەسر ساسانی هاتوون
زۆر تیمسالیان بوو بەدەسەڵات بوون

عەبدوڕەحمان بەگی بابان (١٨٨٠–١٩٦٧) لە بارەی مێژووی مادی بچووکەوە داوا لە مێژوونووسان دەکات کە ئاوڕ لەم لایەنە گرنگە بدەنەوە و بەپێی زانیارییەکانی خۆی لەم بارەوە ئەم شیعرەی هۆنیوەتەوە:

تەورێزی خۆش و گەورە هەتا عەسری پێنجەمین
واتە و وشەی بە کوردییێ بوو ڕێک و دڵنشین

دواتر دەڵێت:

حەوتەم عەسر کە حوکمەتی ئیلخانی هاتە ناو
گۆڕاو دەرکرا گەلی کوردی لەیەک بڕاو
ئەم لاپەڕە لە مێژووی کوردا ڕەشە و غەشە
زانیاری کورد لە شۆڕشی ئەو دەورە بێ بەشە

لە کۆتاییدا کێشەکە بەم شێوەیە لێک دەداتەوە:

قەوم گەلی لە کۆمەڵی تردا توانەوەی
پێویست بە مێژوویەکە بۆ هاوخوێن و بۆ نەوەی[٢٣]

لە شیعرێکیدا بەناوونیشانی (قارەمانی کورد و خاکی کوردستان) باسی قۆناغەکانی مێژووی کورد دەکات کە بەم دێرە شیعرە دەست پێ دەکات:

---

٢٣- بەشێک لە دیوانی ئەوڕەحمان بەگی بابان، ئا: مەحموود ئەحمەد محەمەد، چاپخانەی زەمان، بەغدا ١٩٨٩، ل٧.



ئەم خاکە کە مێژووی گەلی کوردی لە دڵایە
تەقسیمە بە بەش هەر بەشێکی کەوتووەتە لایە

لە دوا دێرە شیعریشدا دەڵێت:

گەه فورس و گەهێ کورد بوو شاهی کیشوەری ئێران
شاهانی کەیان مادن و، کوردن شەهی ساسان[٢٤]

دیارە ئەوڕەحمان بەگی بابان شارەزاییەکی چاکی هەبووە لە مێژووی کورد و کوردستان و، لە چەند شیعرێکی دیکەشدا ڕووداوە مێژووییەکان دەگێڕێتەوە.

ناسیح حەیدەری (١٨٩٨- ١٩٨٦) مێژووی بنەماڵەی حەیدەرییان لە هەریر و ماوەران بەشیعر هۆنیوەتەوە کە لە (٢٩٩) دێرە شیعر پێک دێت و بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

بەعەونی خالیقی کەون حەیی ئەکبەر
دەکەم شەرح و بەیانی نەسلی حەیدەر

لە دوا دێرە شیعریشیدا کە چارەنووسی محەمەد پاشای میری سۆران تێدا دیار دەکات بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە:

ئاسنیان بەست بوو لە دوو پێیانی
هاوێشتیانە بەحرێ لە بۆ خنکانی[٢٥]

عەبدولخالق ئەسیری (١٨٩٥- ١٩٦٢) لە شیعرێکی (٢٠٢) دێرە شیعری جووت سەروادا زۆر بەڕوونی باسی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران دەکات و ڕووداوەکان و ناوی شوێن و کەسایەتییە بەشداربووەکان بەوردی تۆمار دەکات (بەشێوەیەک وێنەی شەڕەکە دەکێشێت، هەر دەڵێی خۆی لە نێوانیاندا بووە، یەکە یەکە ناویان دێنێت، دەوریان لەو شۆڕشەدا، ئازایەتییان، هەڵوێستیان و چۆنیەتیی لەنێوبردنیان پیشان دەدات)[٢٦].

---

٢٤- بەشێک لە دیوانی ئەوڕەحمان بەگی بابان، ل٩١- ٩٤.
٢٥- دیوانی ناسیح حەیدەری، ئا: شێروان حەیدەری، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ٢٠٠٠، ل٢٠٣-٢٣٠.
٢٦- دیوانی ئەسیری، ئا: کوردستان موکریانی، ل٢٥.

گوێ لە من کە بۆت بڵێم ئەی کوردی مەرد
وەقعەیی دڵسۆز، تا بتکاتە بەرد
تۆ گەلت مەزڵووم و سەرگەردان بووە
نیشتمانت سەر بەسەر وێران بووە

لەم هۆنینەوەیەدا کە وەکو تۆمارێکی پڕ وێنە و زانیاری باس لە یەکێک لە شۆڕشەکانی گەلەکەی دەکات و بەخەم و حەسرەتەوە دوا دێرەکانی بەم شێوەیە دەردەبڕێت:

دوو شەوی پێ چوو، ئەم هەڵبەستەم کە وت
عەیللەت و دەردم هەبوو، جوانم نەوت
ئەی (ئەسیری) خوێندەواری کوردی ئەمەی
زوو ڕەوان کا بۆ شەهیدان فاتیحەی[٢٧]

## سێیەم: لایەنی زانستی و خستنە ڕووی زانیارییەکان

لە بارەی بەدەرخستنی ڕاستییەکانەوە بۆ ئەوەی گەلی کورد ئاگاداری زانیارییە گرنگەکان ببێت، شاعیرانی کورد لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بایەخێکی زۆریان بەسنوور و جوگرافیای کوردستان داوە. دیارە مەسەلەی دابەشکردنی کوردستان و دەستنیشانکردنی سنووری دەوڵەتە نوێ دروستکراوەکانی ناوچەکە وای لە شاعیران کردووە کە بیر لەم مەسەلەیە بکەنەوە و بۆ خەڵکی کوردستانی ڕوون بکەنەوە کە ئەمە دژی ڕاستییە و لەگەڵ ئامانجە گەورەکانی کورد ناگونجێت، بۆ نموونە لەم شیعرەدا قانیع سنوورەکانی کوردستان دەستنیشان دەکات:

کوردستان بەهەشت ڕووی سەر زەمینە
پیشەی شێرانی خاوەن نگینە

دواتر دەگاتە ئەوەی کە مەبەستەکەی دەستنیشان بکات:

بەڵام سنووری بەبێ زیاد و کەم
بۆت بەیان ئەکەم بەبێ دەردو خەم

٢٧- دیوانی ئەسیری، ئا: د. کوردستان موکریانی، ل٧١- ٨٨.



بەپێی نووسینی جوگرافیاکان
تەرەفی غەربی بۆت ئەکەم بەیان
لە کێوی تووروس تا ئەسکەندەروون[٢٨]
هەتا بەحری ڕەش بەبێ چەند و چوون
تەرەفی شیمال هەر لە بەحری ڕەش
هەتا ئاردەهان بەبێ غەل و غەش

لە باسی سنوورەکاندا بەردەوام دەبێت تا دەگاتە تەرەفی باشوور:

لە کێوی ئەڵوەند تا جەبەل حەمرین
ئەهواز و ژەنگار، پارچەی نەسیبین
ئەمە جنووبە، چاکی بزانە
ناو ئەم سنوورە خاکی کوردانە[٢٩]

قانیع جگە لەوەی کە سنوورەکانی کوردستان دەستنیشان دەکات، لە شیعرێکی تردا نێو و پێگە و شوێنی هەندێک تیرە و بنەماڵەی کوردان زنجیربەند دەکات، ئەمەش نەخشەکێشانێکی ناوەوەی کوردستانە و، بەم شیعرە دەست پێ دەکات:

کوڕگەل، کوردستان هەر ئەو باخەیە
هەر ئەو کەژ و کێو، هەر ئەو شاخەیە

دواتر پێدا دێتە خوار و تیرە و بنەماڵەکان دەژمێرێت:

یەکێ وەک بابان، یا وەک ئەردەلان
وەکیلی میللەت، یانی کەریم خان
میری لوڕستان، بەگزادەی کەڵۆر
فازیلی کوردی، هەروەک دانەی دوڕ
سمکۆ و ساداتی نەهرییە و شەمزین
لە غیرەت ئەوان هەزار ئافەرین

٢٨- ئەم دەستەواژەیە لە شیعری ئەسیری وەرگیراو کە هەر بەنێوی سنوورە. بڕوانە دیوانی ئەسیری، ئا: کوردستان موکریانی، ل١٧٤.

٢٩- دیوانی قانع - شاعیری چەوساوەکانی کوردستان، ل٤٦٢- ٤٦٣.

هەرکی و کاڵەمۆ، مامش و زەرزا
موکری و دیبۆکری تا کوردی زازا
هۆزی گەوەرک و بەگزادەی بانە
خانانی سەقز لە ئەردەلانە

قانیع پتر لە هەشتا هۆز و بنەماڵەی دیکەی کوردان دەژمێرێت و ئینجا لە کۆتاییدا دەڵێت:

تیرە و ڕەگەزی کوردی کوردستان
ئەوەندە زۆرن نایەنە بەیان
من چیم نووسیوە هەزار یەک نابێ
تووڵی نادەمێ، ئیتر کۆتا بێ[٣٠]

هەر لە بارەی جوگرافیاوە مەلا خدری کوڕی ئەحمەد، ناسراو بەدەشتی (١٩٠٩-١٩٥٧) لە شیعرێکیدا بەنێوی (ژمارەی لیواکانی عیراق) دەڵێت:

ئەلمونتەفیک بەسرە عیمارە و دلێم
دیوانییە و کەربەلایە و حیللەیە بیلێم
بەغدادە لە ئەترافی کۆتایە و دیالەیە
کەرکوک و سلێمانیە و هەولێرە کە من لێم
تیعدادی لیوا، خاتیمە موسڵە دەشتی
فەرموو وەرە بۆ تەجرەبەیە مانیع مەبە لێم[٣١]

لە بارەی زانستەوە سەفوەت (١٩٠٧-١٩٦٣) داوا لە کورد دەکات کە ڕێگەی زانست بگرنە بەر و لە خودا دەپاڕێتەوە کە ئەم ڕێگایە بۆ کورد فەراهەم بکات:

لە کوردا ئەمڕۆ حەقیە زانستی
ئەگەر لێ بدا گەزافی هەستی

---

٣٠- دیوانی قانع، ل٤٣٩- ٤٤٢.

٣١- دیوانی دەشتی، شیکردنەوە و لێکدانەوەی: ئەحمەد دەشتی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر٢٠٠٣، ل١٦٥.



بە نووری عیلم، بە جەهدی تەواو
ڕووناکیی عیلم باش ئەکا بڵاو
بە واسیتەی ئەو نەخوێندەواران
زۆریان چوونەتە ڕیزی شاعیران
عیلمە واسیتەی ئیدراک و شعوور
عیلمە کە ئەیکا دەماخ پڕ لە نوور
سا خوا پڕ کەی دەماخی کوردان
لە عیلم و دانش حیکمەت و عیرفان[٣٢]

عەبدوڕەحمان بەگی بابانیش لە بارەی زانستەوە لە شیعرێکیدا دەڵێت:

بنوارە ڕیازی ئەکادیمیایی وەتەن
لایێ علوومی حیکمەتە، لایێ درووسی فەن[٣٣]

لە ڕێگەی ئەم جۆرە شیعرانەوە خوێندن لە قوتابخانە فەرمییەکاندا شیرین دەبوو و، شاعیرانیش دەستیان بەڕوونکردنەوەی زانیارییە نوێیەکانی ئەو سەردەمە کرد.

بەختیار زێوەر (١٩٠٨-١٩٥٢) کە باسی فڕۆکە دەکات وەکو داهێنانێکی نوێ وەسفی دەکات و شتی گرنگ ئەوەیە کە ئەم دێوە بەرهەمی زانستە و بەهۆی زانینەوە مرۆڤ دەتوانێت کاری گەورە ئەنجام بدات. ئەم شیعرە لە شیعرەکانی بەختیار زێوەر نموونەیەکی زیندووە کە گەلەکەی بۆ خوێندن و خۆپەروەردەکردن و بەدەستخستنی زانین هان دەدات[٣٤] تاکو لە ڕێڕەوی پێشکەوتنی جیهان دوا نەکەوێت، بۆیە لێرەدا وەکو بەڵگە تەنیا ئەم شیعرە دەستنیشان دەکەین:

---

٣٢- دیوانی سەفوەت - مەلا مستەفای حاجی مەلا ڕەسووڵی دێلیژە، ئا: د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، چاپخانەی (دار الحرية للطباعة)، بەغدا ١٩٨٤، ل١٠٣.

٣٣- بەشێک لە دیوانی ئەوڕەحمان بەگی بابان، ل٣٢.

٣٤- زانستپەروەری لە شیعرەکانی بەختیار زێوەردا، د. نەوزاد وەقاس سەعید، ط زانکۆ ژ٥/ س٣ نیسان١٩٩٩،ل٣٥.

فرۆکه

دێوێکه گیانی تیا نییه ئەکشێ بە چەشنی مار
بێ دەست و قاچ و خوێنە، بەبێ گۆشت و بێ دەمار
ناوجەرگی پڕ لە ئاگرە، هەردەم کە دێتە ئیش
خۆراکی ئاوە، بێ دەم و دان، بێ سمێڵ و ڕیش
هەرچەندە بێ پەڕە کە لەگەڵ کەوتە ئاسمان
شەش ڕۆژە ڕێگە زوو ئەبڕێ، ناگرێ وچان

دواتر شاعیر باس لە ڕۆڵی زانین دەکات کە بووەتە هۆی پێشکەوتنی میللەتان و بنەمای دروستکردنی فرۆکە و چەندین ئامێر و دەزگەی تر:

ئەم دێوە گەورە بەچکەی زانینە ئەی هەژار
زانینە دێو لە ئاسن ئەکا، باڵەکەی لە دار
زانینە گیان ئەخاتە لەشی دار و بەردەوە
زانینە زێڕ و زیو کە دەرێنێ لە هەردەوە
زانینە شاخی گەورە وەکوو لۆکە شڕ دەکا
زانینە جەرگی شەو کە بە ڕووناکی پڕ دەکا[٣٥]

لە بارەی زانستی زمانەوە، شاعیرانی کورد هەوڵیان داوە بەهۆی شیعرەوە بەشداری لە ڕێکخستنەوەی بنە ماو دەستوورەکانی زمان و ئەدەبدا بکەن، هونەری شیعری فێرکردنیش پانتاییەکی لەبار و کەشێکی گونجاوی بۆ ڕەخساند، بۆ نموونە سەید عەلیێ فندکی (١٨٩٢–١٩٦٧) لە شیعرێکی فێرکاریدا لاسایی ئەحمەدی خانی دەکاتەوە کە لە (نووبەهارا بچووکان)دا هەندێک لە دەریا شیعرییە باوەکانی ئەو سەردەمە تۆمار دەکات، (سەید عەلی)یش پێیەکانی دەریای (هەزەج)ی شیعری عەرووزی دەستنیشان دەکات و لەسەر ئەم سەلیقەیە کێشێکی شیعری کلاسیکی باو دەخاتە ڕوو، بۆچوونە فێرکارییەکانیشی تێیدا دادەڕێژێت کە پڕن لە ئامۆژگاری:

٣٥- دیوانی بەختیار زێوەر، کۆکردنەوەی مەحموود زێوەر، چاپخانەی زەمان، بەغدا ١٩٨٩،ل٢٢٣.



مفاعیلن مفاعیلن     مفاعیلن مفاعیلن
هەزەج سالم موسەمەن بی     چقا خوەش تێ د نەزمێدا
عەلی ڕابە حەتا کەنگی     تو غافل بی ب ڤێ ڕەنگێ
بشۆ قەلبی ژ ڤێ ژەنگید     هەرە ڕێ ڕاست د جەعدێدا[٣٦]

(شاکر فەتاح ١٩١٤–١٩٨٨)یش لاسایی (ئەحمەدی)ی شێخ مارفی نۆدی دەکاتەوە، کاتێک فەرهەنگۆکێکی فێرکاریی (ئینگلیزی – کوردی) بۆ منداڵانی کورد بەشیعر دادەنێت بۆ ئەوەی بەئاسانی و بەهۆی ئەزبەرکردنەوە فێری زمانی ئینگلیزی بن کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە وەکو زمانێکی جیهانی و پێویست لە نێو خەڵکی کوردستاندا بڵاو بووبووەوە، بەتایبەتی لە قوتابخانە فەرمییەکاندا، لەم بارەوە دانەری فەرهەنگۆکەکە دەڵێت: (مەبەستی ڕاستەقینەم ئەوە بوو، منداڵ بخەمە سەر هەوەسی کۆشش و هەوڵدان لە فێربوونی زبانەکەدا. حەزم کرد بەهۆی شتێکەوە، کە دڵی کێش بکاتە سەر ئەو کۆششە، نامیلکەکەم بڕازێنمەوە لەبەرئەمە نووسراوەکەم خستە شێوەی شیعرەوە، کە هیچ گومانی تیا نییە، منداڵ، بەبۆنەی ئەو ئاهەنگ و بەزم و ئاوازەوە کە لە شیعرەکاندا ئەیبینین، زووتر ئارەزووی فێربوون و لەبەرکردنی ئەو وشانە ئەکات و هەتا یەت زبانەکەی لا شیرین ئەبێت)[٣٧].

ئەم فەرهەنگۆکە جگە لە پێشەکییەکی کورت لە (١٦) بابەت پێک هاتووە، بۆ نموونە لە بابەتی یەکەمدا کە لە بارەی (RELIGION) (دین)ە بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

God بۆ خوایە ، Prophet پێغەمبەر
Angel فریشتە ، Majesty سەروەر

لە بابەتی دوازەدا کە لە بارەی (School– قوتابخانە)یە بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

School قوتابخانە ، Puple شاگرد–ە
Teacher مامۆستا ، Bridge بۆ (پرد) ە

٣٦- دیوانی سەید عەلیێ فندکی، ئا: سەلمان دلۆڤان، چ٢، وەشانێن نووبهار، ستەنبۆل،٢٠٠٠، ل١٢.
٣٧- سەرجەمی بەرهەمی شاکر فەتاح، بر/٢، ل ١٩.

لە دوا بابەتدا كە لە بارەی بۆ ناو و پیتەكانی ترە بەم كۆپلەیە بەكۆتا دێت:

Vainly بەخۆڕایی، Urgently بەخێرایی

Usually بەپێی ڕەوشت ،Entirely بەتەوایی[٣٨]

شیعری فێركردن زۆربەی زانستەكانی گرتووەتەوە. لە بارەی وەرزشەوە پیرەمێرد (١٨٦٧–١٩٥٠) چەندین شیعری فێركردنی بۆ منداڵ و گەورەش داناوە. بۆ نموونە لەم شیعرەی خوارەوەدا باس لە بەهێزبوونی ئافرەتێك دەكات كە بەهۆی وەرزشی بەردەوامەوە توانیویەتی گایەك هەڵبگرێت و بیباتە سەربان:

دیارە كـە ژن ئەوەندە هێـزی نابێ، چۆن ئەبێ
هێندەی كـە گایەك هەڵگرێ كەی هەڵمەتی ئەبێ
ئەو گایە گوێلكێك بوو لە پێشدا كە هەڵی ئەگرت
خـۆی ڕۆژ بەڕۆژ بەبردن و هێنانی فـێر ئەكـرد
هـەتا گـوێلك زل بووایە ژنە هێـزی زۆر ئەبوو
ڕاهاتنە بە كـوردی بەبونای (سـپـۆرت) ئەبوو[٣٩]

ئەحمەد نالبەند (١٨٩١– ١٩٦٤) لە بارەی كشتوكاڵ و ڕێنماییكردنی جووتیاران دەڵێت:

بهـارێ عەردی ڕەق ڕاكـە و بكولە
هەمی گركا ڤەكولە لێک حولی كە

تا دەگاتە وەرزی هاوین و لەو وەرزەشدا ئیش و كاری جووتیاران دەستنیشان دەكات:

لهـاڤـینێ بچـینە دەخل و دانی
ژ ڕەخ زەڤیا خو كەندالا مەحوی كە[٤٠]

شێخ نووری شێخ ساڵح لە شیعرێكیدا بەناوونیشانی (بەكوردی ناوی مانگەكان)

٣٨- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩.

٣٩- پیرەمێردی نەمر، نووسینی محەمەد ڕەسوول(هاوار)، ل٢٥٢– ٢٥٣.

٤٠- باغێ كوردا- سەرجەمێ دیوانا ئەحمەدی نالبەند، بر/١، كۆمكرن و توێژاندن تاها مایی، چاپخانا خەبات، دهۆك١٩٩٧ ل٤١٣.



ئەحمەد قەرەنی (١٢)

زانستییانە بەرانبەر هەر دوازدە مانگەكانی ساڵی زاینی مانگە كوردییەكان دەنووسێت و وەكو پێشنیاز دەیخاتە بەردەستی خوێنەران:

(نیسان) بەكوردی (شەستە بارانە)ە
ناوی (مایس)یش (بەختە باران)ە
(حوزەیران) ناوی، (باران بڕان)ە
***
ناوی (تەمموز)مان دانا (خەرمانان)
(ئاغستۆس)، (گڕە) گەرمای فراوان
(ئەیلوول)، (گەلاوێژ) فێنكی بەیان
ناوی (تشرین ئەوەل)، (مشتاخان)
(تشرینی دووەم)، (پەڵە) وەرد كێلان
ناوی (كانوونی یەك)، گەلاڕێزان
***
ناوی (كانوونی دووەم) (ڕێبەندان)ە
(شوبات)، (ڕەشەمێ) ناوێكی جوانە
مانگی (مارت)، (تارە) ئاخری زستان
***
زۆر تكا ئەكەم لە خوێندەواران
لە خاوەن بیر و تیپی زانایان
لەم ناوانە گەر چاتر ئەزانن
بیڵێن بە شەرتێ باش بێ لای هەمووان
لە جێگای ئەمان، ئەو پەسەند بكرێ
ئەوە ناوی بێ تا ئاخر زەمان
نەك من بە جۆرێ، ئەوی تر جۆرێ
ناویان بۆ دانێین بە كەیفی خۆمان[٤١]

٤١- دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح، بر ١، ب٢، ل٤١٧.

مەتەڵ هەڵهێنان شێوازێکی فێرکاری ترە لە شیعری ئەم قۆناغەدا دەبینرێت کە بۆ زاخاوی مێشک و کۆکردنەوەی زانیارییەکان بەسوودە، تۆفیق پیرەمێرد چەندین مەتەڵی بەشیعر هۆنیوەتەوە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەزانیارییەکانی نێو کتێبەکانی خوێندنی قوتابخانەکانەوە هەبووە، بۆ نموونە:

گردێکی بەرزە دیارە لێتەوە
لەگەڵ جیهانا ئەسوورێتەوە
تەنها دیوێکی پێنج چاوی تیایە
ئەو سەرچاوانە ئاویان لێک جیایە
دوانی، سوێر، دوان تاڵ، یەکێکیان شیرین
قوللەی (ایڤڵ)ە و ڕەسدی دووربین
ماکینەی هەواو خەڵووزی جوێیە
ئەو ئەسووتێنێ وەکو ڕادوێیە
گیانی لێ ڕواوە ئەوەندە سەختە
ئەیدروونەوە بە یەک دوو هەفتە(٤٢)

هەڵهێنانی ئەم مەتەڵە (کەللەی سەر)ە، جگە لەمە چەندین مەتەڵی دیکەش لە نێو دیوانی پیرەمێرددا دەبینرێن.

عەبدوڵلا زێوەر مەتەڵێکی کە پەیوەندیی بەوانەی جوگرافیاوە هەیە بەشیعر هۆنیوەتەوە:

کۆنە شارێکە لە جێیەکی دەشت
حورووفەکانی دووی کەمە لە هەشت
دووانی تەبیعەت داویە بە خەڵک
سیانی چشتێکە بۆ ڕووی ئەرز بە کەڵک
وەری گێڕیەوە پەڵەی ئەمێنێ
چشتێکی وایە عالەم ئەژێنێ

٤٢- پیرەمێردی نەمر، ل٤٤٣.



لە یەک تا پێنجی هێندە بەتامە
لێرە بەرەو خوار خۆراکی عامە
دووان و سیان و چوار دەردی بێ دەوا
سیانی دوایی خەڵک شەقییە لە دوا
یەکی سەرەتا و دووانی دواینە
بە دوو ڕوو لە ڕووی دایک شیرینە
چواری ئاخری حیساب گەرێکە
لە شازدە خانە خەبەر دەرێکە(٤٣)

هەڵهێنانی مەتەڵەکە شاری (خورماڵە)

## چوارەم: لایەنی پەروەردەی منداڵ

شیعر بەشێکی گرنگە لە سەرجەم ئەو بابەتە ئەدەبی و زانستییانەی کە بۆ ڕۆشنبیرکردنی منداڵ ئامادە دەکرێن و، لە پەروەردەکردنیدا بەکار دێن. ئەو شیعرانەی ئاراستەی منداڵیش دەکرێن جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ ئەو شیعرانەدا هەیە کە بۆ گەوران دەنووسرێن، چونکە دەبێت لە شیعری منداڵاندا ڕەچاوی قۆناغەکانی گەشەکردنی ئەندێشەیان بکرێت کە دەروونزانان بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێنی دەکەن(٤٤):

١- قۆناغی ئەندێشەی بەستراو بەژینگەوە، کە لە نێوان تەمەنی (٣-٥) ساڵیدایە، ئەندێشەی منداڵ لەم قۆناغەدا چالاکە، بەڵام لە چوارچێوەی ژینگەکەیدا سنووردارە و تەنیا درک بەکەرەستە هەستپێکراوەکان دەکات. منداڵ ناتوانێت بەدروستی بیر بکاتەوە و بۆچوونێکی ڕاستیش لە بارەی شتەکانی دەوروبەرییەوە

٤٣- سۆزی نیشتمان، دیوانی زێوەر، ل١٢٣.

٤٤- ثقافة الطفل، د. محمد عبدالرزاق إبراهيم ويح و آخرون، دار الفكر للنشر والتوزيع، عمان٢٠٠٤، ص١٦٠.

هەروەها/ أدب الأطفال فلسفته. فنونه. وسائطه، هادي نعمان الهيتي، دار الحرية للطباعة، بغداد١٩٧٧، ص١٨.

نییە، تەنانەت زۆر جار لەگەڵ بووکەشووشەکەی قسە دەکات و لەوانەیە لێی تووڕە ببێت.

٢- قۆناغی ئەندێشەی ئازاد، کە لە نێوان (٥-٨) ساڵیدایە، لەم قۆناغەدا لە سنووری ژینگە هەستپێکراوەکەی دەردەچێت و، حەز دەکات زانیاری لە بارەی شتە نائاساییەکان بەدەست بخات، گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغەش گەشەکردنی ویژدانە و حەزی دۆزینەوە و شیکردنەوەی وێنەکانە.

٣- قۆناغی منداڵێتی (٨-١٢) ساڵی. لەم قۆناغەدا منداڵ پتر بەدەوروبەرەکەی دەبەستێتەوە و گیانی کارامەیی لا دروست دەبێت، حەز لە ئازایەتی و جەربەزەیی دەکات.

٤- قۆناغی ئایدیالیستی کە (١٢-١٥) ساڵی دەگرێتەوە و، لە ڕووی سۆزەوە جێگیربوونێکی ڕێژەیی پێوە دیار دەبێت. لەم قۆناغە ناسک و فرە هەستیارەدا منداڵ حەزی لەو بابەتانەیە کە سۆز و جەربەزەیی تێدا تێکەڵ دەبن و لە دەوروبەر دوور دەکەونەوە و پتر لایەنی ڕۆمانسیەت و پۆلیسی و سێکسی بەخۆوە دەگرن[٤٥].

ئەو شیعرانەی لەم چوار قۆناغەی سەرەوەدا بۆ منداڵ دەنووسرێن بەچەند شێوەی جودا جودا دەردەبڕێن لەوانە: گۆرانی، سروود، ئۆپەرێت، شانۆگەری، گێڕانەوەی چیرۆک بەگۆرانی[٤٦]. هەر یەکێک لەمانەی سەرەوە تایبەتمەندیی خۆی هەیە و لە ڕووی هونەرییەوە دەچنە نێو جۆرەکانی شیعری (لیریکی، چیرۆکی، درامایی). لە بارەی قۆناغی یەکەمەوە (٣-٥) ساڵی ئەوە لەو تەمەنەدا پتر شیعری گۆرانی لەگەڵ ئاستی درک پێکردن و ئەندێشەی منداڵدا دەگونجێت و لە ئەدەبی کوردیدا ئەم جۆرە شیعرە زۆرن و دەکرێت بابەتێکی تایبەت لە نێو جۆری شیعری لیریکی (گۆرانی)دا بۆی تەرخان بکرێت، کە لێرەدا پەیوەندیی بەلێکۆڵینەوەکەمانەوە نییە، جگە لەو شیعرانەی کە وەکو گۆرانی و سروود بۆ منداڵان ئامادە دەکرێن چەند

٤٥- أدب الأطفال و أساليب تربيتهم و تعليمهم و تثقيفهم، د. عبدالفتاح أبو المعال، دار الشروق للنشر و التوزيع، عمان٢٠٠٥، ص٥٢.

٤٦- سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٩.



جۆرێکی تریش هەن کە ناوەڕۆکێکی فێرکارییان تێدایە و هەندێک زانیاریی نوێ بەمنداڵان دەدات، یانیش ڕاستییە زانستییەکانیان بۆ شی دەکاتەوە[٤٧]، ئەوانەش بەپێی پۆلێنکردنی جۆرەکانی شیعرەوە دەچنە نێو هونەری شیعری فێرکردنەوە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەلێکۆڵینەوەکەمانەوە هەیە.

ئەو شیعرانەی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بۆ منداڵ نووسراون، بەپێی تەمەن پۆلێن نەکراون، بەڵام زۆربەیان بۆ شاگرد و خوێندکارانی قوتابخانەکان دانراون و ئەوەی تێیاندا ڕەچاو کراوە، تەنیا ئەوەیە کە هەندێکیان بۆ ئەو منداڵانە ئاراستە کراون کە تازە دەستیان بەخوێندن کردووە و، هەندێکی تر بۆ تەمەنێکی گەورەترە کە چەند قۆناغێکی خوێندنیان بڕیوە، ئەمەش لە جۆر و ناوەڕۆکی بابەتەکانیاندا دیارە، بۆیە دەتوانین ئەو شیعرە فێرکارییانەی بۆ منداڵان لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا نووسراونەتەوە بکرێنە دوو بەش:

١- بەشی سادە و ساکار بۆ تازە پێگەیشتووەکان.

٢- بەشی ئاڵۆز و زەحمەت بۆ ئاستێکی بەرزتر.

بەشی یەکەم ئەو شیعرە سادە و ساکارانە دەگرێتەوە کە پتر لەگەڵ قۆناغی دووەمی تەمەن (٥-٨) ساڵیدا دەگونجێن و، ڕاستەوخۆ باس لە ڕاستکردنەوەی ڕەوشت و شیکردنەوەی زانیارییەکان دەکەن، بۆ نموونە:

تۆفیق پیرەمێرد (١٨٦٧-١٩٥٠) لە شیعرێکیدا منداڵان فێری ڕێکوپێکی دەکات و بەرنامەی ڕۆژێکی پڕ ئیش و بەرپرسیارێتیان بۆ ڕوون دەکاتەوە، بۆ ئەوەی ئاستێکی بەرزیان لە خوێندندا هەبێت بەتایبەتی کە ژمارەیەکی زۆر لە قوتابخانەکان لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان کراونەتەوە و، چوونە مەکتەب وەکو نەریتێکی نوێ هاتووەتە نێو کۆمەڵی کوردەواریدا بۆیە پێویست بوو ڕێنمایی بکرێن:

چەند خۆشە هەستانی دەمی بەیانی
بۆ ڕوحی ساف نوور ئەبارێ لە ئاسمانی
لە جێ هەستام جریوەی چۆلەکە هات
چاوم شت و جلم گۆڕی ڕۆژ هەڵات

٤٧- أدب الأطفال، حنان عبدالحميد العناني، ط٣، دار الفكر للنشر والتوزيع، عمان ١٩٩٦، ص٥١.

چام خواردەوە جانتام گرت بەدەستەوە
گەیمە مەکتەب چوومە سنفی دەرسەوە
شوکر چاک بوو بە دەرسما گەیشتم
چونکە زوو هەڵسابووم زوو تێ گەیشتم(٤٨)

هەر بۆ ئەم مەبەستە (عەبدوڵڵا زێوەر)یش لە شیعرێکیدا منداڵان فێری ڕەوشتێکی باش دەکات هەر لە کاتی هەڵسانەوە لە خەو تا چوونە قوتابخانە:

هەموو بەیانی – کە لە خەو هەستم
پاک ئەیشۆم چاو و ڕوومەت و دەستم
بەفر و با نەبێ سەریشم ئەشۆم
یەک دوو پارچە نان بە چاوە ئەخۆم
جلی شەونووستن لە خۆم لا ئەبەم
– بە جلی مەکتەب – بەدەن ڕێک ئەخەم

دواتر ئەو ڕەوشتەی کە دەبێت منداڵ لە ڕێگەی مەکتەبەوە بینوێنێ باس دەکات:

ئەمجا هەڵدەستم بۆ: چوونە – مەکتەب –
ئەڕۆم بە ڕێوە بە – حەیا و ئەدەب –
" دەفتەر و کتێب و قەڵەم " هەڵدەگرم
بە وردە، وردە ڕێی – مەکتەب – ئەگرم
لە ڕێگا لەگەڵ کەس هەرا ناکەم
بە بەردە " فڕکێ " خۆم ڕیسوا ناکەم

لە بەشی سێیەمی شیعرەکەدا باس لە ڕەفتاری منداڵ دەکات لە نێو مەکتەبدا، کە چۆن هەڵسوکەوت بکات بۆ ئەوەی بەباشترین شێوە دەوامەکەی بباتە سەر و سوود پتر لە خوێندن وەربگرێت:

ئەچمە ناو " مەکتەب " لەگەڵ ڕەفیقان
گۆرانی ئەڵێم، یاریش ئەکەم جوان

٤٨- پیرەمێردی نەمر، ل٣٤٦.



کە وەختی دەرس بوو ئەچمە "دەرس"خانە
لە لام خۆشترە لە سەد چایخانە(٤٩)

عەبدوڵلا زێوەر لە شیعرێکی دیکەشیدا منداڵانی تازە پێگەیشتوو و ئەوانەی لە سەرەتای خوێندندان فێری ژمارە دەکات:

یەک، دوو، سێ، چوار، ئاسانە * تۆ بیژمێرە و بیزانە
پێنج و شەش کوا گرانە؟ * ژمارەی زۆر ئاسانە
حەوت و هەشت و نۆ و دە * هەر کەس بیزانێ مەردە
کێ نایزانێ ژماردن * مەنعە لە یاری کردن
خۆ من فێربووم "حیساب"
ئەی گەورەی "عالی جەناب"(٥٠)

عەبدوڵلا گۆران لە شیعرێکیدا بەشێوەیەکی سادە و سەرنجڕاکێش باس لە چاندنی گەنم دەکات کە وەکو وانەیەکی کشتوکاڵی پێشکەش بەمنداڵان دەکات و لە نۆ هەنگاوی شیکاریدا لە عەمبارەوە وەکو تۆو دەردەهێنرێت و لە دوا هەنگاودا وەکو بەرهەم دەگەڕێتەوە عەمبار. شیعرەکەش بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

ناوی خوای لێ ئەهێنم
دەرکی عەمبار ئەشکێنم
بە بار گەنم دەردێنم
لەناو وەردا ئەیچێنم
وەک ئاڵتوون زەردە
دەنکە گەنم ...

دوای چاندنی گەنم پێویستە نیشان و هەڕامەت دژی چۆلەکە و دەرمانی تایبەت دژی کرم و مشک و... بەکار بهێنرێت بۆ ئەوەی تۆوەکە بپارێزێت:

پۆلە چۆلەکەی سەر چڵ
مشکی ناو کون! کرمی گڵ!

٤٩- سۆزی نیشتمان، بەشی یەکەم لە دیوانی زێوەر، ل٨٦- ٨٧.
٥٠- سۆزی نیشتمان، زێوەر، ل٩٠.

ورده مەلی سرک و سڵ!

تۆوم وەشاند پڕ بە دڵ !

ئەیگرێ خوا

هەر کەسێ بیخوا:

دەنکە گەنم ...

لە هەنگاوی سێیەمدا شاعیر باسی ئەوە دەکات کە چۆن ژیان دێتە بەر و دەڕوێت و، لە کۆپلەی چوارەمدا دەنکە گەنمەکە شین دەبێت و بەرز دەبێتەوە و لە کۆپلەی پێنجەمدا باس لە ڕێگەی پاراستنی کێڵگەکە دەکات لە گا و گوێرەکە و ئاژەڵی زیانبەخش و لە هەنگاوی شەشەمدا کە بەهار دێت گوڵ دەردەکات:

بەهارێ قەف دەر ئەکا..

گوڵ تا بەر سنگ سەر ئەکا..

قەلاس نووک نەشتەر ئەکا..

دڕک پاسی بەر ئەکا..

بە شنەی با

شەپۆل ئەدا:

دەنکە گەنم

لە هەنگاوی حەوتەمدا هەوڵی بەدوورخستنی سن و کوللە و تەرزە لە دەرامەتەکە دەدرێت و، لە هەنگاوی هەشتەمدا وەرزێر داسەکەی دەبات و دەروێنە دەست پێ دەکات تا دەگاتە خەرمان و لە دوا کۆپلەدا شاعیر دەڵێت:

هەر دەنکە بوو بە هەزار

سوپاس بۆ تۆ کردگار!

بەشی تۆو بەشی عەمار ..

بەشی دەست کورت و هەژار ..

هاتە بەرهەم



سوپاس ئەکەم ..

دەنکە گەنم ..[٥١]

نایفێ حەسۆ (تیرێژ) لە شیعرێکیدا بەناوونیشانێ (چار دەم) ژمارەی ڕۆژانی حەفتە و مانگ و ساڵ و دوایی ناوی مانگەکان و وەرزەکانی ساڵ پیشانی منداڵێک دەدات بەنێوی مزگێن:

ئەی مزگینۆ بخوینە

ڤا ڕێچکێن ل ژۆرێ

بۆ تو نەزان نەمینی

بچووکۆ دێ ب گۆرێ

هەمی ساڵ سێسەدوشێست

دگەل شەش ڕۆژ ب هەژمار

شەڤ ژ ڕۆژان تێن حەساب

ب سەعەتان بیست و چار

تا لە دواییدا..

بهارێ قاد هەشینە

هاڤینێ دنیا گەرمە

پایزێ پەلوەشینە

زڤستان سارو سورما[٥٢]

ئەمانەی سەرەوە هەندێک نموونە بوون لە شیعری فێرکردن بۆ قۆناغی دەستپێکی خوێندن، بەڵام بۆ ئاستێکی بەرزتریش چەندین بەرهەمی تری شیعری فێرکردن دەبینرێن کە بەپێی پۆلێنکردنی دەروونزانان (پێشتر ئاماژەمان پێ کرد) هەردوو قۆناغی سێیەم (٨-١٢) ساڵی و (١٢-١٥) ساڵی دەگرێتەوە، بۆ نموونە:

عەبدوڵلا زێوەر جوگرافیای عیراق بەناوچە و لیوا و سنوور و ئیدارە و ڕووبار و

---

٥١- سەرجەمی بەرهەمی گۆران، بر/١، ئا: محەمەدی مەلا کەریم، ل٤٢٧- ٤٢٩.

٥٢- خەلات، تیرێژ، ل١٩٥.

بازرگانی و ژمارەی دانیشتوانی لە ساڵی ١٩٣٢ بەشیعر بۆ منداڵانی قوتابخانە هۆنیوەتەوە کە لە سەرەتاکەیدا دەڵێت:

بە سێ "مەنتیقە" عێراق بەش کرا
"شیمال و وەسەت و جنووب" ناونرا
هەموو شارێکی پێی ئەڵێن (لیوا)
چواردە لیوایە بیزانە هەر وا

لە بارەی سنوورەکانییەوە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە دەست پێ دەکات:

سنووری "عیراق شەرقی ئێرانە"
"غەربی سووریە" هەر بیابانە
هەموو شیمال هی (تورکیایە)
(شیمال شەرقی ئێران) تیایە
(جنوبی خەلیج ئەمارەتی کوێت)
(سەحرای نەجدیشە مەعلووم) ببێ لێت!..

پاشان باسی ڕووبارە گەورەکانی دەکات:

نەهری ناو عیراق (دجلە و فوراتن)
ئەڵێی کەوسەر و ئاوی حەیاتن
خێر و نەفعیان ناکرێ ژمارە
دروست بڵێی قەترەی دینارە

لە دواییدا نفووسی عیراق لەو ساڵەدا (١٩٣٢ز) بەم ژمارەیە دەستنیشان دەکات:

چوار ملیۆن ئەبێ (نفووس عیراق)
ڕووی لە زیادی یە بە ئەمری خەللاق[٥٣]

شێخ عەبدولخالقی شێخ حوسێنی نەقشبەندی (ئەسیری) لە بارەی وانەیەکی بیرکارییەوە شیعرێکی هۆنیوەتەوە و لە چوار کۆپلەدا هەر چوار کرداری (کۆکردنەوە، لێ دەرکردن، دابەشکردن، لێکدان) شی دەکاتەوە:

٥٣- سۆزی نیشتمان، زێوەر، ل١٠٢- ١٠٤.



(ژمارەی) ی (کۆ) و (لێدان) و (فڕێدان)
لە لای ڕاستت دەسی پێ کە برا گیان
لە لای چەپ دەس بە (دابەش) کە براکە
لە بۆ (لێکدانەوە) دەستووری چاکە

فڕێ دان (طرح)
پتر تر بێ (لەوی دەرچوو) (لە دەرچوو)
لە گشتی ژوور و خوارا وا بکە توو
ژمارێکی سەروو کەمتر لە خواروو
لەوەی پێشی یەکێکی بێنە سەروو
بە پێشی خوارەوە قەرزی ئەداکە
حەقی وایە بەرانبەر چاکە، چاکە

لێکدان (ضرب)
لە خانەی یەک کە دەستت کردە لێدان
لەوێوە حاسلیش دەسکە بە دانان
لە لێدانی لە خانەی (دە)، براکە،
لەوێوە دەسکە حاسڵ نووسی چاکە
لە (سەد) یانە لەوی ژوورو زیاتر
سەری لێدان حاسڵ یەک بێ چاتر[٥٤]

شیعری فێرکردن تایبەت بەپەروەردەکردنی منداڵان لایەنێکی گرنگ لەم هونەرە شیعرییە لە ئەدەبی کوردیدا دەگرێتەوە و لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا گەیشتووەتە ئاستێکی بەرز، چونکە وەکو تەواوکارێکی پرۆگرامەکانی خوێندن لە قوتابخانەکاندا پەیڕەو دەکرا و، مامۆستایانی شاعیر توانییان ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە و بەزمانی کوردیی پەتی، چەندین شیعری شیکاری و ڕوونکردنەوەیی بۆ زاخاوی مێشک، پێشکەش بەمنداڵانی کورد بکەن.

٥٤- دیوانی ئەسیری، مستەفا عەسکەری کۆی کردووەتەوە و لەسەری نووسیوە، ل١٥٦- ١٥٧.

# ئەنجام و پێشنیاز

**١- ئەنجام:**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتینە چەند ئەنجامێک کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەستنیشان دەکرێن:

١– شیعری فێرکردن لە ناوەڕاستی سەدەی (٨ پ. ز) لەسەر دەستی شاعیری یۆنانی (هێزیۆد)ەوە پەیدا بووە و، ناوبراو بەلێهاتوویی خۆیەوە، توانیویەتی ڕێچکەیەکی شیعری فێرکاری دابمەزرێنێت. بەهەمان شێوە لە یەکێ لە قۆناغەکانی مێژووی ئەدەبی هەموو گەلاندا شیعری فێرکردن پەرە دەسێنێت. لە بارەی ئەدەبی کوردیشەوە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا شیعری فێرکردن گەیشتبووە لووتکەی گەشەکردن.

٢– دوای شیکردنەوەی بەرهەمەکانی هێزیۆد و هەڵسەنگاندنیان لە ڕووی هزری و هونەرییەوە و بەراوردکردنیان لەگەڵ بەرهەمە فێرکارییەکانی تردا، هەوڵ درا بنەماکانی ڕێچکە فێرکارییەکەی هێزیۆد لە (١٤) خاڵدا دەستنیشان بکرێت، بۆ ئەوەی وەکو پێوەرێک لە توێژینەوە و هەڵسەنگاندنی دەقە ئەدەبییەکاندا بەکار بهێنرێت.

٣– لە دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکاندا پشت بەتیۆرییەکانی (لاساییکردنەوە، دەربڕین، ئەفراندن، ڕەنگدانەوە) بەستراوە، بەڵام بۆ پۆلێنکردن پشت بەتیۆری جۆرەکانی ئەدەبی بەستراوە ، چونکە ئەم تیۆرە بۆ چوار جۆر پۆلێن دەکات (شیعری داستانی، شیعری لیریکی، شیعری درامی، شیعری فێرکردن). لەم ڕووەوە ئەو لێڵییەی لە بارەی چەمک و زاراوەی شیعری فێرکردنەوە هەبوو ڕوون کراوەتەوە و، هەبوونیشی وەکو جۆرێکی سەرەکیی شیعر سەلمێنرا.



٤– شیعری فێرکردن دوو پێکهاتەی هەیە: پێکهاتەی ژێرەوە کە زانیاری و زاراوە زانستییەکانن و، پێکهاتەی سەرەوە کە دەقێکی شیعرییە. پرۆسەی گواستنەوەکەش لە ڕێگەی ئەندێشەیەکی خوڵقێنەرەوە ئەنجام دەدرێت کە تێیدا زانیاری و زاراوە زانستییەکانی ژێرەوە بۆ وێنە شیعرییەکان و کاریگەرییە هەستییەکانی سەرەوە دەگوازرێتەوە.

٥– شیعری فێرکردن لە نێو بەهرە و خەمخۆری شاعیرێکی بیرمەندا دروست دەبێت و بۆ وەرگرێکی نەخوێندەوار یان نیمچە خوێندەوار ئاراستە دەکرێت، بۆیە لە لایەکەوە شاعیر ئامۆژگارییەکانی لە پێناو ڕاستکردنەوەی ڕەوشتی خەڵکەکە تەرخان دەکات و، لە لایەکی تریشەوە هەوڵی گەیاندنی زانیارییەکان دەدات بۆ ئەوەی ئاستی ڕۆشنبیرییان بەرز بکاتەوە.

٦– شیعر و نەزم دوو شتی جیاواز نین، بەڵکو نەزم کرداری هۆنینەوەیە و شیعریش بەرهەمی کردارەکەیە و، ئەگەر کرداری هۆنینەوەی شاعیرێک لە ڕووی ناوەڕۆک و شێوازەوە کەموکوڕی تێ کەوتبێت، ئەوە ناکرێت لە شیعر جودا بکرێتەوە، بەڵکو بەپێی پۆلێنکردنی شیعر جۆرەکەی دەستنیشان دەکرێت و بەپێی مەرجە ستانداردەکانی شیعر هەڵدەسەنگێنرێت کە لە ئاستێکی بەرزدایە یانیش نزم، ئەمەش حاڵەتێکی ئاساییە کە هەموو بەرهەمەکانی شاعیرێک لە ئاستێکی نزمدا بێت، یانیش شاعیر هەبێت هەندێک لە بەرهەمەکانی لە ئاستێکی باڵادا بن و هەندێکی تری نزم و یان زۆر نزم بن.

٧ – شاعیری فێرکار دەبێت دوو مەرجی سەرەکی تێدا هەبن: یەکەمیان، ڕۆشنبیرێکی سەردەمی خۆ بێت و، ڕۆشنبیرییەکەشی هەردوو لایەنی ئەدەبی و زانستی بگرێتەوە، کەواتە کارامەیی لە لایەنەکانی ئەدەبی و شارەزایی لە چەند زانستێکدا هەبێت. مەرجی دووەمیش دەبێت ئەو بەهرە و توانایەی تێدا هەبێت کە چەند لایەنێک لە وردەکارییەکانی زانستێک بۆ دەقێکی شیعری پاچڤە بکات و تا ڕادەیەک تایبەتمەندییە هونەرییەکانیشی بپارێزێت.

٨– بەپێی بنەما هزری و فەلسەفییەکانی خۆی، شاعیری فێرکار بەرهەمەکەی بەخاسیەتەکانی یەکێک لە ڕێبازە ئەدەبییەکان دەبەستێتەوە وەکو کلاسیزم،

رۆمانسیزم، ڕیالیزم.... بەڵام ئەو ڕێبازە ئەدەبییانەی پتر ڕێگە بۆ شیعری فێرکردن خۆش دەکەن ڕێبازی کلاسیزم و ڕیالیزمە، چونکە یەکەمیان هەمیشە هەوڵ دەدات سیستەمە باو و هەبووەکان بپارێزێت و، دووەمیان دەیەوێ بەشێک لە گۆڕانکارییە ڕیالیستەکان بێت.

٩– پەیوەندییەکی دیالێکتێکی لە نێوان شیعر و زانستدا هەیە، کە شیعری فێرکردن چەقی هاوسەنگیی ئەم پەیوەندییە ڕادەگرێت، بۆیە زۆربەی تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە شیعرە لەسەر خاڵی پێکگەیشتنی ئەدەب و زانست کۆ دەبنەوە، ئەمەش هۆی سەرەکییە کە لە قۆناغی پێش پۆلێنکردنی زانست و ئەدەب لە کەلتووری هەر میللەتێکدا شیعری فێرکردن گەشە دەکات و، لەگەڵ زیادبوونی ڕێژەی خوێندەواری و بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری خەڵکەکە و پۆلێنکردنی پسپۆڕییەکان شیعری فێرکردنیش کز دەبێت و پەراوێز دەکرێت.

١٠ – لە نێو گەشەکردنی شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دیاردەی شاعیری مامۆستا پەیدا بووبوو، ئەمەش پێچەوانەی ئەو حاڵەتانەی پێشتر بووە کە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا هەبوونە، کە هەمیشە شاعیران لەگەڵ پیشەی مامۆستایەتییەکەیاندا شیعریان هۆنیوەتەوە، یانیش تەنیا شاعیر بوونە و پەیوەندییان بەمامۆستایەتییەوە نەبووە.

١١– هەموو ئەو شیعرانەی بۆ منداڵ دەنووسرێن، شیعری فێرکردن نین، بەڵکو هەندێکیان شیعری گۆرانی و سروود یانیش شیعری درامایی و چیرۆکن و، دەبێت وەکو دەقە شیعرییەکان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، کە بەپێی بنەما هزری و هونەرییەکان دەکرێنە چوار جۆر و لە نێو ئەو جۆرانەشدا شیعری فێرکردن پێگە و تایبەتمەندییەکانی خۆی هەیە، ئەم بابەتەش یەکەم جارە لە ئەدەبی کوردیدا باس دەکرێت و لەم نامەیەدا ڕوون کراوەتەوە.

١٢– لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا شیعری فێرکردن پانتاییەکی فراوان لە ئەدەبی کوردیدا دەگرێتەوە و پێویستە پۆلێن بکرێت، بۆیە هەوڵ درا هەموو مەبەستەکانی لە نێو چوار لایەنی سەرەکی کۆ بکرێنەوە کە ئەمانەن: (لایەنی ڕەوشتی، لایەنی مێژوویی، لایەنی زانستی و خستنە ڕووی زانیارییەکان، لایەنی پەروەردەی منداڵ).



**٢- پێشنیاز:**

لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم نامەیەدا، تێبینیی کێشەیەک کرا کە زمانی کوردی لە بارەی وشەی فەرهەنگییەوە دەوڵەمەندە، بەڵام لە پرۆسەی گۆڕینی واتا و ڕێکخستنەوەی زاراوەکاندا لاواز و لە ئاستێکی پێویستدا نییە، بەبێ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش بنەماکانی هیچ زانستێک ناچەسپێت و یەکێتیی هزریش لە هیچ پسپۆڕییەکدا دروست نابێت، بۆ نموونە لە بواری ئەدەب و بەتایبەتی لە شیعردا ئەم وشانە گوایە زاراوەن و بۆ زاراوەی خودی شیعر بەکار دێن: (هۆنراو، هەڵبەست، نەزم، هۆزان.... ) جگە لە چەند زاراوەیەکی دیکەی بیانی کە بەپێی ئاست و شارەزاییی نووسەرەکان بەکار دێن.. بۆیە پێشنیاز دەکەم کە مەڵبەندە زانستییەکان ئاوڕ لەم مەسەلەیە بدەنەوە و کارەکە شایستەی دواخستن نییە.

# سەرچاوەکان

## یەکەم: بەزمانی کوردی

### أ – کتێب


١– ئەحمەد تاقانە، تۆفیق فکرەت و شاعیرە نوێخوازەکانی کورد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر١٠٠٢.

٢– ئەحمەد قەرەنی، کانی، پرتایەکێ، چاپخانەی ئەسعەد، بەغدا ١٩٨٤.

٣– ئەرەستۆ، هونەری شیعر، وەرگێڕانی لە ئینگلیزی و پێشەکی و پەڕاوێزی عەزیز گەردی، چاپخانەی گەنج، سلێمانی ٢٠٠٤.

٤– ئازاد عەبدولعەزیز مزوری، جەلادەت و شعر – لێکۆڵینەکە شرۆڤەکارییە، چاپخانا حەجی هاشم، هەولێر ٢٠٠٦.

٥– تەحسین ئیبراهیم دۆسکی و موحسن ئیبراهیم دۆسکی، مەلایێ باتەیی – ژیان و بەرهەم، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ، هەولێر٢٠٠٥.

٦– جەلیلی جەلیل (دکتۆر)، ڕاپەرینی کوردەکانی ساڵی١٨٨٠، وەرگێر لە ڕووسییەوە د. کاوس قەفتان، چاپخانەی " الزمان "، بەغدا ١٩٨٧.

٧– چیا مازی، فەرهەنگا گۆتنێن پێشیان، وەشانێن ئەلما، چ١، ستەنبۆل ٢٠٠٥. (بەرێنووسی لاتینی)

٨– حەمەکەریم هەورامی، ئەدەبی منداڵانی کورد – لێکۆڵینەوە – مێژووی سەرهەڵدان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٥.

٩– خالید شارەزووری نەقشبەندی، عەقیدەی ئیمان – عەقیدەی کوردی لوببەلعەقایید، ئاشناکردن و لێکۆڵینەوەی کەمال ڕەئووف محەمەد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٤.

١٠– خەلیل جوندی ڕەشۆ، پەرن ژ ئەدەبی دینێ ئێزدیان، بەرگی یەکەم، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ، هەولێر ٢٠٠٤.

١١– خەلیل جوندی ڕەشۆ، پەرن ژ ئەدەبی دینێ ئێزدیان، بەرگی دووەم، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ، هەولێر ٢٠٠٤.

١٢– مەلا خدری ڕواری و مەلا عەبدوڵلا موفتی، ڕۆڵە بزانی و خوا یارت بو، انتشارات کردستان، سنندج ١٣٧٧.

١٣– ڕەفیق حیلمی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، چاپخانەی فێرکردنی باڵا، هەولێر ١٩٨٨.

١٤– ڕەفیق ساڵح، سێ ڕۆژنامەی ڕۆژگاری شێخی نەمر (١٩٢٣ – ١٩٢٤)، چاپخانەی بەدرخان، سلێمانی ٢٠٠١.

١٥– ڕەفیق ساڵح، ڕۆژنامەی ژیان، چوارەم بەرگ (ئامادەکردن)، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٥.





١٦– سدیق ساڵح، سەرجەمی بەرهەمی عەبدولعەزیز یامولکی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٥.

١٧– س. ن. سۆکۆلۆف، زمانی ئاڤێستا، وەرگێڕان و لێدوان و بەراوردکردنی لەگەڵ زمانی کوردیی ئەمڕۆدا محەمەد ئەمین هەورامانی، چاپخانەی (دار الحرية للطباعة)، بەغدا ١٩٨٨.

١٨– شاکر فەتاح، (سەرجەمی بەرهەمی)، بەرگی دووەم، کۆکردنەوە و ڕێکخستنی ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر ٢٠٠٤.

١٩– شەرەفخانی بدلیسی،شەرەفنامە، هەژار کردوویە بەکوردی، چاپخانەی نعمان، نەجەف١٩٧٢.

٢٠– شوکریە ڕەسووڵ (دکتۆر)، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، چاپخانەی فێرکردنی باڵا، هەولێر ١٩٨٩.

٢١– عەبدولڕەحمان قاسملوو (دکتور)، کوردستان و کورد – لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و ئابووری، وەرگێڕانی عەبدوڵلا حەسەن زادە، چ٢، چاپخانەی منارە، هەولێر ٢٠٠٦.

٢٢– سەید عەبدولڕەحیمی مەولەوی، عەقیدەی مرضية، شەرح و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی موددەریس، چاپخانەی (الخلود)، بەغدا ١٩٨٨.

٢٣– عەلائەدین سەجادی، مێژووی ڕاپەرینی کورد، چ٢، چاپخانەی ئێران، سنندج ١٩٩٦.

٢٤– عەلی تەتەر، بزاڤا سیاسی ل کوردستانێ، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ، هەولێر ٢٠٠٢.

٢٥– عەلی فەتاح دزەیی، نەوبەهاری خانی و ئەحمەدی، شێخ مارفی نۆدێ، لێکۆڵینەوە و بەراوردکردن، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر ١٩٨٥.

٢٦– فەرهاد پیربال، گۆڤاری کوردستان ١٩١٨ – ١٩٢٠ ئەستەمبوڵ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر ١٩٩٨.

٢٧– فەرهاد پیرباڵ، عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٢.

٢٨– فەرهاد پیرباڵ (دکتۆر)، ڕێبازە ئەدەبییەکان، بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس، چ١، هەولێر ٢٠٠٤.

٢٩– فەرهاد پیرباڵ، شیعری نوێی کوردی ١٨٩٨ – ١٩٥٨، چاپ و بڵاوکردنەوەی دەزگای کوردستان، هەولێر ٢٠٠٥.

٣٠– فازل مەجید مەحموود (دکتۆر)، شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٤.

٣١– کامل حەسەن عەزیز بەسیر، زاراوەی کوردی – لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی ١٩٧٩.

٣٢– کامل حەسەن عەزیز بەسیر، ڕەخنەسازی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا ١٩٨٣.

٣٣– کامل حەسەن عەزیز بەسیر، وێژەی کوردی و ڕەخنەسازی، چاپخانەی (دار الجاحظ)، بەغدا ١٩٩٠.

٣٤– کەمال مەزهەر ئەحمەد (دکتۆر)، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٨.

٣٥- کوردستان موکریانی (دکتۆر)، ڕووناکی یەکەمین گۆڤاری کوردی شاری هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠١.
٣٦- لێژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاری کوردستان، زاراوەی ئەدەبی - کوردی - عەرەبی - ئینگلیزی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٦.
٣٧- مارف خەزنەدار (دکتۆر)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠١.
٣٨- مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٥.
٣٩- مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی شەشەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٦.
٤٠- مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٦.
٤١- مەحموود زامدار، (کوردستان)ی دایک (ئامادەکردن و پێشەکی)، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر ١٩٩٨.
٤٢- هۆراس، هونەری شیعر، حەمید عەزیز کردوویە بەکوردی، چاپخانەی (الزمان)، بەغدا ١٩٧٩.
٤٣- هیمداد حوسێن (دکتۆر)، ڕۆژنامەنووسیی کوردی سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان (١٩٤٣- ١٩٤٧)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٢.

## ب - دیوانە شیعر

٤٤- ئەحمەدی خانی، نووبهار، خرڤەکرن و ل دوی چون و تویژاندنا صادق بهاءالدین ئامێدی، چاپا یەکێ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٩.
٤٥- ئەحمەدی خانی، مەم و زین، بەرهەڤکرنا تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ، هەولێر ٢٠٠٥.
٤٦- ئەحمەد موختار جاف، ئامادەکردنی د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، چاپخانەی (الادیب)، بەغدا ١٩٨٦.
٤٧- ئەحمەدی نالبەند، باغێ کوردا، بر/١، کۆمکرن و تویژاندن تاها مایی، چاپخانا خەبات، دهۆک ١٩٩٧.
٤٨- ئەحمەدی نالبەند، باغێ کوردا، بر/٢، کۆمکرن و تویژاندن تاها مایی، چاپخانا خەبات، دهۆک ١٩٩٨.
٤٩- ئەحمەدی نالبەند، باغێ کوردا، بر/٣، کۆمکرن و تویژاندن تاها مایی، چاپخانا خەبات، دهۆک ١٩٩٨.
٥٠- ئەحمەدی نالبەند، باغێ کوردا، بر/٥، کۆمکرن و تویژاندن تاها مایی، چاپخانا خەبات، دهۆک ١٩٩٨.



٥١- ئەسعەد مەحوی، چاپخانەی ڕاپەرین، سلێمانی ١٩٧٠.
٥٢- ئەسیری، بر/١، مستەفا عەسکەری کۆی کردووەتەوە و لەسەری نووسیوە، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا ١٩٨٧.
٥٣- ئەسیری، ئا: د. کوردستان موکریانی و پێداچوونەوەی ئەحمەد تاقانە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٦.
٥٤- ئەوڕەحمان بەگی بابان، ئامادەکردنی مەحموود ئەحمەد محەمەد، چاپخانەی (الزمان)، بەغدا ١٩٨٩.
٥٥- بەختیار زێوەر، کۆکردنەوەی مەحموود زێوەر، چاپخانەی (الزمان)، بەغدا ١٩٨٩.
٥٦- بێخود، کۆکردنەوە و لەسەر نووسینی محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی (سلمان الاعظمي)، بەغدا ١٩٧٠.
٥٧- بێکەس، محەمەدی مەلا کەریم ڕێکی خستووە و سەرەتای بۆ نووسیوە و سەرپەرشتیی لە چاپدانی کردووە، چ٢، چاپخانەی (الادیب)، بەغدا ١٩٨٠.
٥٨- بێکەس، ئومێد ئاشنا ڕێکی خستووەتەوە و لێی زیاد کردووە و پاشکۆی بۆ داناوە، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٥.
٥٩- پیرەمێردی نەمر، نووسینی محەمەد ڕەسووڵ (هاوار)، چاپخانەی (العاني)، بەغدا ١٩٧٠.
٦٠- تیرێژ، خەلات، - دیوانا یەکەم، ڤەشانێن نیشتمان، ستۆکهۆڵم ١٩٩١. (بەڕێنووسی لاتینی)
٦١- جەگەرخوین، ئاگر و پرووسک،چ٤، وەشانخانا ئاڤەستا، ستەمبوڵ٢٠٠٣. (بە ڕێنووسی لاتینی)
٦٢- جەگەرخوین، سەورا ئازادی، وەشانێن ئاڤەستا، چ٣، ستەنبوڵ ٢٠٠٣. (بە ڕێنووسی لاتینی)
٦٣- جەگەرخوین، شەرەفناما مەنزووم، ئامادەکرنا دلاوەر زەنگی، وەشانا ئاڤەستا، ستەمبوڵ ٢٠٠٤. (بە ڕێنووسی لاتینی)
٦٤- حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی سەردار حەمید میران وکەریم مستەفا شارەزا، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، بەغدا ١٩٨٦.
٦٥- خادیم، حاجی میرزا عەبدوڵڵا کۆیی، بر/١، جەمال محەمەد محەمەد ئەمین ئامادە و ساغی کردووەتەوە، چاپخانەی (دار الحریة للطباعة)، بەغدا ١٩٨٠.
٦٦- دڵدار - شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، نووسینی عەبدولخالق عەلائەدین، چاپخانەی (دار آفاق عربیة للصحافة والنشر)، بەغدا ١٩٨٥.
٦٧- دەشتی، شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئەحمەد دەشتی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر ٢٠٠٣.
٦٨- زێوەر، سۆزی نیشتمان، چاپخانەی مەعارف، بەغدا ١٩٥٨.
٦٩- زێوەر، ئا: مەحموود زێوەر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٣.
٧٠- سەلام، لە بڵاوکراوەکانی نامەخانەی گەلاوێژ - سلێمانی، چاپخانەی تەمەدون، بەغدا ١٩٥٨.
٧١- ساڵح یوسفی، تویژاندنا عەبدولسەلام عەلی،چ١، ١٩٩١.

٧٢- سەید عەلیێ فندکی، ئامادەکرنا سەلمان دلۆڤان، چ٢، وەشانێن نووبهار، ستەنبولّ ٢٠٠٠.

٧٣- سەفوەت – مەلا مستەفای حاجی مەلا ڕەسوولّی دێلیژە، ئا: د. عیزەدین مستەفا ڕەسوولّ، چاپخانەی (دار الحرية للطباعة)، بەغدا ١٩٨٩.

٧٤- عەبدوڕەحمان شەرەفکەندی (هەژار)، بۆ کوردستان، چ٦، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی هەژار، سنه ١٣٨٥.

٧٥- فانی، بر/١، کۆکردنەوە و لەسەر نووسینی محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی (سلمان الاعظمي)، بەغدا ١٩٧٠.

٧٦- فەقێ تەیران، تویژاندنا سەعید دێرەشی، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ، هەولێر ٢٠٠٥.

٧٧- قانع، شاعیری چەوساوەکانی کوردستان، کۆکردنەوەی بورهان قانع، چ٢، چاپخانەی دالاهۆ، تەهران ١٣٨٥.

٧٨- گۆران، بر/١، ئا: محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا ١٩٨٠.

٧٩- مەزلووم – سەید ئەحمەدی شێخ محەمەدی بەنا بەرزنجی، ئامادەکردن و پێداچوونەوە و پێشەکی ئومێد کاکەڕەش، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی ٢٠٠٥.

٨٠- مفتی پێنجوێنی مەلا عەبدوڵلای تووتنچی، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا و عەبدولکەریم مفتی، چاپخانەی (الشركة العراقية للطباعة والنشر)، بەغدا سالّ؟

٨١- مەلایێ جزیری، بەرهەڤکرنا تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ ، هەولێر ٢٠٠٥.

٨٢- مەلایی گەورە – مەلا محەمەدی کۆیی، نووسینی مومتاز حەیدەری، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر ١٩٧٥.

٨٣- مەولەوی، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لەسەر نووسین مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، انتشارات کردستان، سنندج ١٣٧٨.

٨٤- میهری، بژاردن و ئامادەکردنی عەزیز گەردی، چاپخانەی ڕاپەرین، سلێمانی ١٩٧٧.

٨٥- ناسیح حەیدەری، ئا: شێروان حەیدەری، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ٢٠٠٠.

٨٦- شێخ نووری شێخ سالّح، بر/١، بەشی یەکەم، ئازاد عەبدولواحید کۆی کردووەتەوە و ساغی کردووەتەوە و لەسەری نووسیوە، چاپخانەی (الجاحظ)، بەغدا ١٩٨٥.

٨٧- شێخ نووری شێخ سالّح، بر/١، بەشی دووەم، ئازاد عەبدولواحید کۆی کردووەتەوە و ساغی کردووەتەوە و لەسەری نووسیوە، چاپخانەی (الجاحظ)، بەغدا ١٩٨٩.

### ج – گۆڤار و ڕۆژنامە

٨٨- ئیبراهیم ئەحمەد حوسێن، لە نێوان مەولوودنامە عەرەبی و کوردییەکاندا – لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە، گۆڤاری زانکۆ، ژ٥، سالّی سێیەم، هەولێر نیسان ١٩٩٩.

٨٩- حوسێن حوزنی، ڕاستە کەی، گ. ڕووناکی، ژ١١، هەولێر ١٦ مایس ١٩٣٦.



٩٠- ع. ڕەحمی، سەلایا پاشیوی، گۆڤاری ژین، ژ٦، ئەستەمبوولّ ٢٥ی کانوونی یەکەم ١٣٣٤ بەرانبەر ١٩١٨.

٩١- عەلائەدین سەجادی، هۆنراوە و پەخشان، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بر/١ – بەشی یەکەم، بەغدا ١٩٧٣ .

٩٢- فازلّ موخلّیس عەشیر مللی، خوەندن و خەبات، گۆڤاری ڕۆژی کورد، ژ١، ئەستەمبولّ، ٦حوزەیران ١٩١٣.

٩٣- قەدری جان، وەختی نییە، گۆڤاری گەلاوێژ ژ ٩-١٠ ، سالّی ١٩٤٧.

٩٤- محەمەد عەلی قەرەداغی، جەنگنامەی خالید، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق – دەستەی کورد، بر/٧، بەغدا ١٩٨٠.

٩٥- نەوزاد وەقاس سەعید (دکتۆر)، زانستپەروەری لە شیعرەکانی بەختیار زێوەردا، گۆڤاری زانکۆ، ژ٥، سالّ٣، هەولێر، نیسان ١٩٩٩.

٩٦- سەعید زەرگەیی، تەبریکنامە، ڕۆژنامەی کوردستان، ژ٦، سالّ١ مەهاباد، ٢١ ژانویە ١٩٤٦.

٩٧- سیاپۆش، شاعیرەکانمان، ڕۆژنامەی ژیان ژ٣٣٦ سلێمانی، ١ی ئەیلوولی١٩٣٢.

٩٨- نووری شێخ سالّح، ئەدەبیاتی کوردی، ڕۆژنامەی ژیان ژ٢٧ سلێمانی ١٩٢٦/٨/٥ .

٩٩- نووری، ئەدەبی، ڕ. پێشکەوتن، ژ١٠ سلێمانی، س١، ١ جولای١٩٢٠.

### تێزی ئەکادیمی

١٠٠- ئیدریس عەبدوڵلا، قۆناغی پێش ڕۆمانسییەت لە ئەدەبی کوردیدا، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین ٢٠٠٥. (نامەی ماجستێر)

١٠١- کامیران محەمەد نەبی، جێگەی ئەحمەدی نالبەند لە شیعری نوێی کوردیدا، کۆلێژی ئاداب، ١٩٩٩. (نامەی ماجستێر)

١٠٢- نەوزەت ئەحمەد عوسمان، ڕوونبێژی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین ١٩٩١. (نامەی ماجستێر)

## دووەم: بەزمانی عەرەبی

### أ- کتێب

١٠٣- ابن قيم الجوزية، اعلام الموقعين عن رب العالمين، تحقيق محمد المعتصم بالله البغدادي، دار الكتاب العربي، بيروت، ٢٠٠٦.

١٠٤- أرشيبالد مكليش، الشعر والتجربة، ت: سلمى الخضراء الجيوسي، منشورات دار اليقظة العربية، بيروت ١٩٦٣.

١٠٥- إحسان عباس (دكتور)، فن الشعر، دار الشروق للنشر والتوزيع، ط٤، عمان ١٩٨٧ .

١٠٦- أدوارد جرانفيل براون، تأريخ الأدب في إيران من الفردوسي الى السعدي، ت: د. ابراهيم

أمين الشواربي، مكتبة الثقافة الدينية، ط١، القاهرة ٢٠٠٤ .
١٠٧- أحمد أمين وزكي نجيب محمود، قصة الأدب في العالم، مطبعة لجنة التأليف والترجمة والنشر، القاهرة ١٩٤٣ .
١٠٨- أحمد عتمان (دكتور)، الشعر الأغريقي تراثاً انسانياً وعالمياً، مطابع الرسالة، الكويت ١٩٨٤.
١٠٩- ت. س. أليوت، في الشعر والشعراء، ط١، ت: دار كنعان للدراسات والنشر، دمشق ١٩٩١ .
١١٠- تيرى ايغلتون، نظرية الأدب، ت: ثائر ديب، منشورات وزارة الثقافة، دمشق ١٩٩٥.
١١١- جبور عبدالنور (دكتور)، المعجم الأدبي، ط١، دار العلم للملايين، بيروت ١٩٧٩ .
١١٢- جلن بير، الرومانس، ت: د. عبدالواحد لؤلؤة، دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٨٠.
١١٣- حسين مروة، دراسات نقدية في ضوء المنهج الواقعي، مؤسسة الأبحاث العربية، ط٣، بيروت ١٩٨٦.
١١٤- الحكومة العراقية - وزارة المعارف، التقرير السنوي عن سير المعارف لسنة ١٩٤٧ - ١٩٤٨ .
١١٥- حبيب محمد كريم، تأريخ الحزب الديمقراطي الكردستاني - العراق - في محطات رئيسية ١٩٤٦-١٩٩٣، مطبعة خبات، دهوك ١٩٩٨ .
١١٦- حنان عبدالحميد العناني، أدب الأطفال، ط٣، دار الفكر للنشر والتوزيع، عمان ١٩٩٦ .
١١٧- ديمين كرانت، الواقعية، ت: عبدالواحد لؤلؤة، دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٨٠ .
١١٨- ر. ل. بريت، التصور والخيال، بحث منشور في موسوعة المصطلح النقدي، المجلد الثاني، ت: د. عبدالواحد لؤلؤة، ط١، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، د. س .
١١٩- رشاد رشدي، نظرة الدراما من أرسطو الى الآن، دار هلا للنشر والتوزيع، الجيزة ٢٠٠٠ .
١٢٠- رينيه ويليك و اوستن وارين، نظرية الأدب، ت: محي الدين صبحي، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت ١٩٨٧ .
١٢١- الأب. سي. فينسان، نظرية الأنواع الأدبية، ت: د. حسن عون، المجلد الأول، الناشر منشأة معارف بالأسكندرية ١٩٧٨ .
١٢٢- سالم أحمد الحمداني (دكتور)، مذاهب الأدب الغربي ومظاهرها في الأدب العربي الحديث، مطبعة التعليم العالي في الموصل ١٩٨٩ .
١٢٣- شوقي ضيف (دكتور)، التطور والتجديد قي الشعر الأموي، ط٢، دار المعارف بمصر، القاهرة ١٩٥٩ .
١٢٤- شوقي ضيف (دكتور)، دراسات في الشعر العربي المعاصر، ط٤، مطابع دار المعارف بمصر، القاهرة ١٩٦٩.
١٢٥- شوقي ضيف، تأريخ الأدب العربي في العصر العباسي الثاني، ط٢، دار المعارف، القاهرة ١٩٧٥ .
١٢٦- شكري عزيز ماضي (دكتور)، في نظرية الأدب، ط١، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت ٢٠٠٥ .

١٢٧- شفيق يوسف البقاعي (دكتور)، نظرية الأدب، منشورات جامعة السابع من ابريل، ط١،بنغازي ١٤٢٥
١٢٨- صالح مهدي الشريدة، المذهب الكلاسيكي وأثره في الشعر الأنكليزي، مطبعة الزهراء، بغداد ١٩٥٢ .
١٢٩- طه حسين (دكتور)، حديث الأربعاء، ج٢، مطابع دار المعارف بمصر، القاهرة ١٩٧٤ .
١٣٠- عزت أحمد راجح (دكتور)، أصول علم النفس، مطبعة أشبيلية، بغداد، د. س .
١٣١- عبدالكريم اليافي (دكتور)، دراسات فنية في الأدب العربي، مكتبة لبنان ناشرون، السنة ؟ .
١٣٢- عمر فروخ (دكتور)، تأريخ الأدب العربي، ج١، ط٥، دار العلم للملايين، بيروت ١٩٨٤ .
١٣٣- عباس العزاوي، تأريخ الأدب العربي في العراق، ط١،دار الشؤون الثقافية، بغداد ٢٠٠١.
١٣٤- عبداللطيف بندر اوغلو، قصائد مختارة من الشعر التركي المعاصر، مراجعة وتقديم د. ابراهيم الداقوقي، منشورات وزارة الثقافة، مطابع الرسالة، بغداد ١٩٧٨
١٣٥- عبداللطيف بندر اوغلو، اشارات اولية في الشعر التركي، منشورات دار الجاحظ للنشر، دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٨٣ .
١٣٦- عبدالرحمن ياغي (دكتور)، جولات في النقد الأدبي، ط١، مطبعة السفير، عمان ٢٠٠٥ .
١٣٧- عزالدين مصطفى رسول (دكتور)، احمدي خاني شاعراً و مفكراً و فيلسوفاً و متصوفاً، مطبعة الحوادث، بغداد ١٩٧٩.
١٣٨- عزالدين اسماعيل، الأدب وفنونه، دار الفكر العربي، مطبعة السعادة، ط٦، القاهرة ١٩٧٦.
١٣٩- عبدالله العلياوي (دكتور)، كُردستان في عهد الدولة العثمانية من سنة (١٨٥١-١٩١٤)، السليمانية ٢٠٠٠.
١٤٠- عبدالرزاق الهلالي، تأريخ التعليم في العراق في العهد الاحتلال البريطاني ١٩١٤ - ١٩٢١، مطبعة المعارف، بغداد ١٩٧٥.
١٤١- عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨، دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٨٩.
١٤٢- عبدالفتاح أبو المعال (دكتور)، أدب الأطفال وأساليب تربيتهم وتعليمهم وتثقيفهم، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان ٢٠٠٥ .
١٤٣- علي جواد الطاهر (دكتور)، مقدمة في النقد الادبي، ط٢، مطبعة سلمى الفنية الحديثة، بيروت ١٩٨٣.
١٤٤- علي الحديدي (دكتور)، الأدب وبناء الأنسان، مطبعة دار الكتب بيروت ١٩٧٣ .
١٤٥- علي الشابي (دكتور)، الأدب الفارسي في العصر الغزنوي، دار النشر تونس، المطبعة الرسمية التونسية للجمهورية التونسية، ١٩٥٥ .
١٤٦- علي درويش (دكتور)، دراسات في الأدب الفرنسي، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة ١٩٧٣ .

١٤٧- فاضل حسين (دكتور)، مشكلة الموصل، ط٣، مطبعة أشبيلية، بغداد ١٩٧٧ .
١٤٨- كارل بروكلمان، تأريخ الأدب العربي، ج١، ت: د. عبدالحليم النجار، ط٢، دار المعارف بمصر، القاهرة ١٩٦٨.
١٤٩- ليليان . ر . فرست، الرومانتيكية، ت: عدنان خالد، منشورات المركز الثقافي الأجتماعي - جامعة الموصل، بغداد ١٩٧٨.
١٥٠- ليليان . ر . فرست، الرومانسية، موسوعة المصطلح النقدي، ت: د. عبدالواحد لؤلؤة، المجلد الأول، دار الرشيد للنشر، بغداد ١٩٨٢ .
١٥١- لاسل آبر كرمبى، قواعد النقد الأدبي، ت: د. محمد عوض محمد، ط٣، مطبعة لجنة التأليف والنشر والترجمة، القاهرة ١٩٥٤ .
١٥٢- مجدي وهبة، معجم مصطلحات الأدب، أنكليزي - فرنسي - عربي، مكتبة لبنان، بيروت ١٩٧٤
١٥٣- محمد مندور (دكتور)، الأدب وفنونه، ط٤، مطابع المنطقة الصناعية الرابعة، القاهرة ٢٠٠٦.
١٥٤- محمد مندور، الأدب ومذاهبه، مطبعة نهضة مصر، القاهرة ب. ت.
١٥٥- ماكس بايم، العلم والشعر، ت: د. جابر عصفور، مقال منشور في كتاب (الخيال، الأسلوب، الحداثة) ط١، القاهرة ٢٠٠٠ ,
١٥٦- محمد السعيد عبدالمؤمن، الظواهر الأدبية في العصر الصفوي، الناشر مكتبة أنجلو المصرية، القاهرة ١٩٧٨.
١٥٧- محمد زغلول سلام (الدكتور)، تأريخ النقد الأدبي والبلاغة، ج٢،منشأة المعارف،الاسكندرية ٢٠٠٠.
١٥٨- محمد غنيمي هلال، الرومانتيكية، ط٦، دار العودة، بيروت ١٩٨١ .
١٥٩- محمد عبدالرزاق ابراهيم ويح (دكتور) وآخرون، ثقافة الطفل، دار الفكر للنشر والتوزيع، عمان ٢٠٠٤ .
١٦٠- مكارنكو، قصيدة تربوية، دار رادوغا، موسكو ١٩٨٥ .
١٦١- م. س. لازاريف، المسألة الكردية ١٨٩١-١٩١٧، ترجمة أكبر أحمد، مركز كوردستان للدراسات الأستراتيجية، السليمانية ٢٠٠١ .
١٦٢- ناصر الحاني (دكتور)، المصطلح في الأدب الغربي، منشورات دار المكتبة العصرية، صيدا-بيروت ١٩٦٨. ١٥٩- نبيل راغب(دكتور)، فنون الأدب العالمي، الشركة المصرية للنشر، لونجمان، ب. ت.
١٦٣- نهاد التكرلي، أتجاهات النقد الأدبي الفرنسي المعاصر، دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٧٩ .
١٦٤- نجوى صابر، النقد الأخلاقي أصوله وتطبيقاته، دار العلوم العربية، ط١، بيروت ١٩٩٠ .
١٦٥- نازك الملائكة، الشعر في حياتي، مقال منشور في كتاب نظرية الشعر - القسم الثاني، تحرير وتقديم محمد كامل الخطيب، دمشق ١٩٩٦ .
١٦٦- هادي نعمان الهيتي، أدب الأطفال فلسفته . فنونه . وسائطه، دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٧٧ .



ب - گۆڤار

١٦٧- صالح آدم بيلو (دكتور)، حول الشعر التعليمي -١-، مجلة الجامعة الاسلامية في المدينة المنورة، العدد ٥٢ (شوال، ذوالقعدة، ذوالحجة) ١٤٠١ هج .
١٦٨- عبدالفتاح علي يحيى (دكتور)، سالنامات الموصل العثمانية مصدراً لدراسة تأريخ السليمانية، مجلد جامعة دهوك، العدد٢، تشرين الثاني ٢٠٠٠ .
١٦٩- محمد زكي العشماوي (دكتور)، نظرية الخيال عند كولردج، مجلة عالم الفكر وزارة الاعلام - الكويت، المجلد الثاني، العدد٢ (يوليو، اغسطس، سبتمبر) ١٩٧١.
١٧٠- يوسف عزالدين (دكتور)، الحياة الفكرية في بغداد (١٧٤٩ - ١٨٣١)، مجلة المجمع العلمي العراقي، العدد ٣١ - ٢ نيسان ١٩٨٠ .

## سێیەم: بەزمانی فارسی

١٧١- اسعاد عبدالهادي قنديل، فنون شعر فارسي، ترجمه: فاطمة سوهانفكر، موسسة علمي، انديشة جوان، تهران ١٣٦٥.
١٧٢- اسماعيل حاكمی (دكتر)، رودكی و منوچهری، چاپ ١٠، چاپخانه نگارش، قم ١٣٨٣ .
١٧٣- نصرالله امامی (دكتر)، كسايی مروزی و شعر و زندگی او، چاپ اول، تهران ١٣٧٤.
١٧٤- نظام گنجوی، مخزن الاسرار، تصحيح و حواشی حسن وحيد دستگردی، به كوشش دكتر سعيد حميديان، انتشارات نشر قطره، چاپ٤، تهران ١٣٧٩ .
١٧٥- متفكران يونان، تئودور كمپرتس، ت: محمد حسن لطفی، شركت سهامی انتشارات خوارزمی، چاپخانه نوبهار، تهران ١٣٧٥، ص ١٣٥٦......

## بەزمانی ئینگلیزی

176- A.S. Hornby, Oxford Advanced Learner's Dictionary of Current English, 2003.
177- J.A Cuddon, A Dictionary of Literary Terms, Penguin Books , 1997.
178- Julie Scott Meisami and Paul Struey ,Encyclopedia of Arabic, literature, Vo.1, London1999.
179- Kathleen Morner, NTC's Dictionary of literary terms,New York 1998.
180- Abrams, A Glossary of Literary Terms, 1999.
181- H. M
182- S.H. Steinberg Cassell, Cassel's Encyclopedia of literature, London 1953.
183- William Harmon ,A Handbook to Literature, New Jersey 2003.

لە ئینتەرنێتەوە

١٨٤- نازك الملائكة، لمحات من سيرة حياتي وثقافتي، مقال منشور في:
www.koolpages.com/almalaike/life.html.
185- Didactic poetry , Encyclopedia Britanica , 1911, Vo.8 . S. 176- V:
www.onlineencyclopedia.

## ليستى ناوى كەسان


### ئـ
ئاراتووس 37, 41
ئارامۆس داروين 45
ئارمسترۆنگ 45
ئارى 99
ئەبان بن عەبدولحەميد ئەللاحيقى 54
ئەبو تاليب كەليم 50
ئەبو رەيحان بيرونى 47
ئەحمەد ئەلنەحەوى 30
ئەحمەد شێخ محەمەد بەرزنجى 163
ئەحمەد فەوزى 105
ئەحمەد مەدحەت ئەفەندى 52
ئەحمەد موختار جاف 109
ئەحمەد يەسەوى 52
ئەحمەدى خانى 10, 12, 29, 86
ئەخنەس بن شەهاب 53
ئەخۆل 105
ئەدگار ئالان پۆ 73
ئەديب ئەحمەد كوڕى محەمەد يۆغيناكى 51
ئەرەگۆ 47
ئەردەشير 54
ئەرستۆ 26, 36, 57, 60, 67, 69, 77
ئەرستۆڤانيس 39
ئەسعەد مەحوى 99, 159
ئەسيرى (عەبدولخاليق) 94, 109, 110, 112, 170, 187
ئەفلاتوون 44, 57, 68
ئەليۆت (ت. س) 25, 73, 78
ئەمپيدوكليس 37, 58
ئەنوشێروان 54
ئەوحەدى 27, 49
ئيبراهيم ئەحمەد 14, 114
ئيبن دورەيد 54
ئيبن سينا 51
ئيبن مالك 27, 34
ئومەيە بن ئەبى لسەڵت 53
ئۆڤيديۆس 41
ئزرا پاوەند 73

### ب
بابە تاهيرى هەمەدانى 108
بەغرا خان حەسەن 51
بەكر بەگى ئەرزى 90
بەختيار زێوەر 174
بەهائەدين محەمەد عاملى 50
بێخود 100
بێكەس (فايەق) 99, 103, 110, 111, 159, 162
بوالۆ (نيكۆلا) 45, 69, 159
بۆدلێر (شارل) 9
برادلى (ئا. س) 73
بلاز پاسكال 68
برۆنتير 78
بهارڤى 48

### پ
پانيديس 42





پۆپ (ئەلكساندەر) 44, 59
پيرەمێرد (تۆفيق) 96, 107, 110, 153, 177, 179, 182
پيرميكائيل 122

### ت
تۆماس ئارنست هيۆم 73
تۆماس هۆبز 44
تيرێژ (نايفێ حەسۆ) 110, 158, 159, 162, 186

### ج
جاهيد 100
جەگەرخوين 33, 110, 153, 156, 159, 165
جەلادەت عالى بەدرخان 106, 153
جەميل سدقى زەهاوى 55
جۆن كرورانسۆم 73
جۆن لۆك 44

### ح
حاجى قادرى كۆيى 11, 12, 92
حەمەكەريم هەورامى 17
حەمدى 105
حوسێن حوزنى 13, 95, 106

### خ
خەليلى سعێرتى 13
خدرى روارى (مەلا) 88

### د
داڤنشى (ليۆناردۆ) 68
دەشتى (مەلا خدرى كوڕى ئەحمەد) 173
دەوڵەت خانم 166
درايدن 59
دلدار (يوونس رەئووف) 110, 164
ديليل 46

### ر
ڕاسين 46
ڕەجائى زادە ئەكرەم 52
ڕەفيق حيلمى 14, 107, 114
ڕوئبە 54
ڕودەكى 49
ڕۆچەر 46
ڕۆستەم بەگى كوڕى حوسێن بەگ 33
ڕۆستەمى زاڵ 33
ڕۆلان بارت 64

### ز
زوهێر بن ئەبى سەلما 53
زيا پاشا 52
زێوەر (عەبدوڵڵا) 94, 105, 110, 153, 163, 179, 183, 186
زيۆس 41

### ژ
ژۆهان هێردەر 71

### س
سائيب تەبريزى 50
ساڵح يوسفى 104
سامى پاشا زادە سزائى 52
سان لامبير 46
سەعديى شيرازى 27, 34, 49
سەعيد زەرگەيى 96
سەفوەت 173
سەلام 99

سەمیع بەرزنجی (شێخ) 87
سەنائی 49
سەید عەلی فندکی 175

### ش

شاکر فەتاح 103, 176
شناسی 52
شوکریە ڕەسووڵ (دکتۆر) 16, 25
شوکری فەزلی 106

### ع

عبدالرحیم افندی 13
عەبدولحەق حامید 52
عەبدولڕەحمان بەگی بابان 98, 169, 174
عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری 94, 106
عەبدوڵڵا بەگی میسباح دیوان (ئەدەب) 13
عەبدوڵڵا موفتی (مەلا) 88
عەجاج 54
عەلائەدین سەجادی 14
عەلی بەگ (دومبلی) 165
عەلی بنو ئەلجەهم 54
عەلی کەمال باپیر 107
عودەی بنو زەید 53
عوسمان سەبری 99

### ف

فانی 103
فەقێ تەیران 89
فەیزی دکنی 50
فۆنتان 47

### ڤ

ڤالمیکی 48
ڤرجیل 27, 33, 34, 37, 43
ڤیکتۆر هۆگۆ 47

### ق

قاچاغی موراد 103
قازی محەمەد 105, 160
قانیع 159, 167, 171
قەدری جان 108
قلیج بەگ 165

### ک

کالیداسا 48
کامیران عالی بەدرخان 107, 153
کامیلی ئیمامی 98
کانت 71
کەسایی مروزی 49
کولێردج (سموئێل تیلور) 72
کروچێ (بندتو) 73, 78
کونفۆشیۆس 37

### گ

گمپرتس (تئودور) 42
گوتە (جۆهان ڤۆن) 68
گوتسهۆڵد لسنگ 71
گۆران (عەبدوڵڵا) 31, 34, 184

### ل

لافۆنتین 32, 46
لامونیۆ 47
لۆکریس 27, 32, 34, 37, 43
لیۆناردۆ سالڤیاتی 61

### م

مارفی نۆدێ (شێخ) 16, 27, 34, 87, 159



ماکارنکۆ (ئەنتۆن سیمیۆنۆڤیچ) 64
مەعرووف ڕەسافی 55
مەلا محەمەدی پالۆ 110
مەلا محەمەدی کۆیی 110, 124, 153, 161
مەلایی باتەیی 89
مەلایی جزیری 10
مەولەوی (سەید عەبدولڕەحیم) 87, 89
محەمەدئەمین زەکی بەگ 167
مستەفا بەگی ساحێبقڕان 12
مستەفا پاشا یامولکی 104, 107
مستەفا شەوقی 103
موفتی پێنجوینی (مەلا عەبدوڵڵا) 110, 153, 155, 159
مۆلییر 46

### ن

نازک ئەلمەلائیکە 30
ناسیح حەیدەری 170
نالبەند (ئەحمەد) 110, 130, 177
نامیق کەمال 52
نەزیری نیشاپوری 50
نیزامی گەنجەوی 27, 28, 34, 49
نووری شێخ سالح (شێخ) 14, 95, 99, 105, 177

### و

وەحشی بافقی 50
وردزوۆرس 72

### هـ

هەژار موکریانی 105, 157, 159
هیزیۆد 5, 27, 32, 34, 38, 39, 112, 135, 189
هیرۆدۆتس 26
هیگل 71, 78
هۆراس 43, 46, 58, 60, 69, 159
هۆمیرۆس 42, 58
هێمن موکریانی 105

### ی

یوسف خاس حاجیب بلاساغونی 51
یوسف کوڕی ئەحمەد ئەتابەک 166

# پێڕست


پێشەکی ..... 5

دەروازە ..... 9

بەشی یەکەم – چەمک و سەرەتا و تایبەتمەندییەکانی شیعری فێرکردن ..... 19

باسی یەکەم: چەمک و تایبەتمەندییەکانی شیعری فێرکردن ..... 21

چەمکی شیعری فێرکردن ..... 24

لە ڕووی زمانەوە ..... 27

لە ڕووی مەبەستەوە ..... 28

لە ڕووی ئەرکەوە ..... 29

لە ڕووی تایبەتمەندییە هونەرییەکانەوە ..... 32

باسی دووەم: سەرەتایەکی مێژوویی شیعری فێرکردن و پێگەی لە ئەدەبی گەلاندا ..... 35

باسی سێیەم: شیعری فێرکردن لە نێوان ئەدەب و زانستدا ..... 57

یەکەم: لە ڕێگەی میتۆدی مێژووییەوە ..... 60

دووەم: لە ڕێگەی میتۆدی شیکارییەوە ..... 67

بەشی دووەم – بارودۆخی کوردستان و هۆکارەکانی گەشەکردنی شیعری فێرکردن لە... ..... 81

باسی یەکەم: باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیریی کوردستان ..... 83

یەکەم: لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە ..... 83

دووەم: لە ڕووی ڕۆشنبیری و کەلەپووری فێرکارییەوە ..... 86

باسی دووەم: هۆکارەکانی گەشەکردنی شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا ..... 93

یەکەم: کاریگەری ئەدەبی ڕۆژئاوایی ..... 93

دووەم: خوێندنی فەرمی ..... 94

سێیەم: دامەزراندنی چاپخانە ..... 95

چوارەم: پێکهێنانی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری و ڕێکخراوە سیاسییەکان ..... 96

پێنجەم: سەرهەڵدانی بزاڤی ڕۆژنامەنووسیی کوردی ..... 97

باسی سێیەم: پەیدابوونی دیاردەی شاعیرە فێرکارەکان ..... 108

١– شاعیری فێرکار ئەسیری ..... 112





٢– شاعیری فێرکار ئەحمەدی نالبەند ..... 130

بەشی سێیەم – لایەنەکانی شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا ..... 154

یەکەم: لایەنی ڕەوشتی ..... 155

دووەم: لایەنی مێژوویی ..... 165

سێیەم: لایەنی زانستی و خستنە ڕووی زانیارییەکان ..... 171

چوارەم: لایەنی پەروەردەی منداڵ ..... 180

ئەنجام و پێشنیاز ..... 189